# گزینگ

١٤

گۆڤـــــاریکی وەرزانەی فـەرهـەنگـی ـ ئەدەبـــی یە

زستانی ـ ١٩٩٧(١٣٧٥)

- ❑ «ئەمن سیاسەتزانم نەک سیاسەتمەدار»
- ❑ مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(بەشی ٦)
- ❑ مەم و زین ی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوایەتی کوردیدا
- ❑ هەڵەی مێژوویی یان... چاوخشاندنێک بە هێندێک لە بابەتەکانی ژمارە ١٣ی گزینگدا
- ❑ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد وکۆمەڵەی هیوا
- ❑ با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە
- ❑ بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی
- ❑ گزینگ ی ژمارە١٣ نامۆ لە ناوەرۆکی
- ❑ وەفایی و سابڵاغی سەردەمی ئەو
- ❑ کارێکی سەرکەوتوو، پێداچوونەوەی کتێبی «سمکۆ...»
- ❑ «مونتزارتی شێعر» ویسلاوا شیمبۆرسکا
- ❑ شێعر، چیرۆک، هەواڵی فەرهەنگی و ئەدەبی و...





## که دڵ دەمرێ...

کاتێ دڵم...
لە ناو ژان و ئازارا مرد
کەس نەیزانی
کەس لە پرسەی دڵی منا
فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم،
لاشەی بێ دڵی منیان برد
لە بەرامبەر دەعبای مەرگا،
هەڵیانپەڕاند.

**ژیلا حوسێنی**

◆ بەداخ وکەسەرێکی زۆرەوە، لەلایەن دۆستانی بەڕێزمان لە کوردستانەوە، ئاگادار کراین کە **ژیلا حوسێنی** شاعیری کورد، بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل لە مانگی ڕەزبەری ئەوساڵدا(١٩٩٦/١٣٧٥)، کۆچی دوایی کرد. لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا، ژینا نوسودی منداڵە خوشەویستەکەی ژیلاش، پەپوولە ئاسا لە نێو باوەشی گەرمی دایکیدا هەڵدەپڕووزێ و بۆ هەمیشە خەودەیباتەوە...

ژیلا حوسێنی نووسەر و شاعیری هەست ناسک و وشە ڕنگینی کورد، لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی(١٩٦٤ز) لە بنەماڵەیێکی بە فەرهەنگ و خوێندەوار لە شاری سەقز لە دایک بووە و دوای ئەوەیکە دیپلۆم وەردەگرێ، ماوەیێک دەبێتە کارمەندی ڕادیۆ و بەشی «نامەی گوێگرەکان» بەڕێوەدەبا و هەر لەو ماوەیەشدایە کە لەگەڵ جیهانی شێعر و ئەدەبی کوردیدا ئاشنا دەبێ.

ژیلا حوسێنی یەکێک لەوکەسانە بوو کە لە ڕەوتی شێعر وشاعیریدا، داهاتوویێکی زۆر ڕوونی بۆ بەدی دەکرا و بەتایبەت لە نێو شاعیرانی ژندا، ئەستێرەیێکی هەڵکەوتوو بوو. بەداخەوە ڕەشەبای لەناکاوی مەرگ، زۆر زوو ئەو گۆڵەی لە نێو گوڵزاری شێعر و ئەدەبی کوردیدا پەڕپەڕ کرد... یادیان بە خێر و گڵکۆکەیان پڕ لە گوڵ و نەسرین بێ...

**گزینگ**

## خەمی گرانی لە دەست دانی کاکە نەبی قادری!

کانیی ڕوونم دی بە لێشاوی بەهار شلوێ نەبوو
بەفری گەورەم دی چیای گرت و بە تاوێ بوە قەددەم
ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەڕەف
عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕیسوایی و نەدەم

«هێمن»

◆ هەواڵی کۆچەکەی کاکە نەبی ئەگەرچی قورسەکێکی گیانپڕووکێن و پڕ تاسەیە، ماڵئاواییە بێ وادەکەشی هەرچەند بە سەر دڵی خۆشەویستانییەوە گرانبارێکە و قەت بە قەڵەم نایە، بەڵام یادەکەی بۆ هەمووومان چرایەکی بە شۆقە و هەتا بمێنێ ئەو چرایەش لە دڵی تاریکانی ئەنگوستەچاوی دوورەنوێنی ڕێگاکەماندا شەوق و شەبەق دەداتەوە. ژیانەکەی کاکە نەبی ڕاستە کورت و کەم دەوام بوو، تەمەنەکەشی ڕاستە لە جەنگە و هەرەتی بەر و بەرهەمداندا لە بەر چاوی سەرمان هەڵگیرا، بەڵام بە هەموو درەنگ هاتن و کۆچکردنەکەشی، کاکە نەبی قەسیدە شێعرێک بوو بە جەوهەری دڵی خەڵکەکەی نووسرابوو. بە هەنگاوێکی ئازایانە و بە ئاوات و ئارەزوویەکی تاسەدارانەوە بەرەو ئازادی چوو؛ چوو کە پێی بگا وگوڵی سەربەستی بخاتە کۆشی خەیاڵی دڵەکەیەوە. ژیانە کورتەکەی کاکە نەبی و مەرگە توند و بەتاوەکەی دوو لاپەڕەی ڕۆمانێکی کورتن و بۆ گەلەکەمان وەک یەک بەکارن. لە ڕێبازە پیرۆزەکەی بیر و باوەڕدا، کاکە نەبی بەبێ نووچدان هات، کەم ژیا و زۆر هات، زۆرهات وکەم ژیا. هات و چوو. زۆرهات وکەم ژیا، بەڵام ژیانە کەمەکەی و مەرگە توند و بەتاوەکەی، ژیان و مەرگی قارەمانێک بوون.

**کوردان ـ ١٩٩٦/١٢/٤**

◆ مەرگ و ژیان ئاواڵدووانەی سروشتن و مەرگ درێژەدەری ژیانە... هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی مامۆستا و شۆڕشگێڕی کورد، کاک **نەبی قادری** لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/٤لە وڵاتی دانمارک، ناسۆرێکی دیکە بوو لە ناخی غەریبیماندا. یادی زیندووی لە دڵی یارانیدا، ئاواڵی سەفەری دوور بێ و گڵکۆیەکەی پڕ لە نوور...

**گزینگ**

# گزینگ ـ ژماره ١٤

زستانی ـ ١٣٧٥(١٩٩٧)

## ناوەرۆک


| بابەت / نووسەر / وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|
| سالی ٩٧ و چەند قسەیێک ........................ هێرش | ٤ |
| ئەمن سیاسەتزانم نەک سیاسەتمەدار، وتووێژ لەگەڵ ئینگا براندێل... هاشم | ٥ |
| یەکیتیا ئازادیا ژنێن کوردستان ............ باڤێ جەنگوی | ٩ |
| مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(بەشی ٦).......... «ژیلا.ف»و«تەیفور» | ١٠ |
| مەم و زینی ئەحمەدی خانی و... ..... مارتین براونێسن .... حەسەنی قازی | ١٥ |
| هەڵەی مێژوویی یان... چاوخشاندنێک بە... ژمارە ١٣ی گزینگدا، ع. کەریمی | ٢٣ |
| کۆنفرانسێک لە سەر زمانی کوردی ـ ئاڵمان ......... | ٢٩ |
| کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی هیوا(بەشی٢) ...... د. عەبدوڵلا مەردوخ | ٣٠ |
| با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە(بەشی٢) ... مەحمود مەلا عززەت | ٣٥ |
| بەسەرهاتی مستەفای قازی ...... ئەمیری حەسەنپوور و حەسەنی قازی | ٤١ |
| گزینگی ژمارە ١٣ نامۆ لە ناوەرۆکی ....... کەریم حیسامی | ٤٧ |
| کورد لە کۆنفرانسی MESA دا .................. | ٥١ |
| وەفایی و سابلاغی سەردەمی ئەو ........ ئەحمەد شەریفی ......... | ٥٢ |
| کارێکی سەرکوتوو، پێداچوونەوەی کتێبی «سمکۆ...»........ ئەنوەر سوڵتانی | ٥٥ |
| شێعر: حەمە شوان شەریف، پشکۆ نەجمەددین، لارزۆ ڕەواندوزی، | ٥٩ |
| شێعر: حەمەسەعید حەسەن، هێدی .......... | ٦١ |
| چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند ڕەشید فەیزنەژاد ..... گۆشان سەرکۆ | ٦٢ |
| من یەخسیرەکەی دەستی دێوم ........... کوردان | ٦٤ |
| کورتە چیرۆک: چاوەڕێ ............ ع. دیاکۆ | ٦٩ |
| کۆپی(جام)ی عودەی ........................ سەمەدی مەلا ئەحمەد | ٧٢ |
| موتزارتی شێعر، ویسلاوا شیمبۆرسکا ..................... هێرش | ٧٦ |
| فەرەجی سەرکوهی هەروا بێسەر و شوێنە، دەربازبوونی یاشار کەمال ......... | ٧٧ |
| ڕاگەیاندن(تراستی سۆن بۆ کوردستان، کۆنگرەی زانایانی کورد: ئەحمەد شەریفی | ٧٨ |



**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

**س .ج . هێرش**



**ناوونیشان:**

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

**ژمارەی فاکس:**

Fax: +44 - 650 - 94029

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


• .گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.

• .گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک نێوی لەسەر نەبێ، نۆباڵی وەملی گزینگە.

**O ساڵی تازەی مەسیحی(٩٧) لە هەموو لایێک پیرۆز بێO**


ISSN 1104 - 3473

چاپی سوێد: ژانوییە(یانواری)ی ١٩٩٧

# سالی ٩٧ و چەند قسەیێک

بەر لەوەی چەند قسەیێک لەگەڵ نازیزان، لایەنگران و خوێنەرەوانی «گزینگ» بێنمەگۆڕێ، حەزدەکم پیرۆزباییێکی گەرم و گوڕ بە بۆنەی سالی تازەی مەسیحییەوە، ئاراستەی هەموو لایێک بکەم و پڕ بەدڵ خێر و خۆشی و بەختەوەرییان بۆ بە ئاوت بخوازم... هەروەها، جێی خۆیەتی سپاسی تەواوی ئەو کەسانەش بکەم چ بە نووسین و ڕادەربڕین و ڕێنوێنی دان، چ بە خوێندنەوە و کڕین و ئابوونەدان، ئەو هیوایەیان زیادتر گەشە پێداوە کە گۆڤارەکە، چالاکی خۆی درێژە پێبدا و ئەم سالەش وەک سالەکانی ڕابردوو تێپەر بکات و لە خزمەت فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواریدا بە ئاوات بگات...

گەرچی زۆرجار گوتراوە و دەگوترێ «هەر ئەوسال خۆزگەم بە پار...»، هیوادارم وا نەبێ و سالی ٩٧، بۆ ئێمەی کورد، سالی لێک نزیکبوونەوە و ئاشتی نەتەوەیی بێ، نەک سالی کێشە و دووبەرەکی و ئێرەیی.

هەر وەک لە ژمارە یەکەمی گزینگ دا، بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕاگەیێندرابوو کە «مەبەستی سەرەکی لە دەرچوون و بلاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە، وەرێخستن و وەگەرهێنانی ڕەوڕەوەی ئامال خەباتێکی فەرهەنگی و ئەدەبی و ڕۆشنگەریی یە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی نووسەران و قەلەم بەدەستانی کورد، بتوانرێ لایەنە نادیار و شارەوەکانی مێژوویی و کۆمەلایەتی ڕوون بێتەوە و جۆرە هاوسانییێکی لۆژیکی لە تەک ڕەوتی شۆڕشە کۆمەلایەتییەکان بە دی بێت»، دەکرێ بە گوێرەی ئەو ژمارانەی کە بلاوکراونەوە، ئەوە دووپات بکەینەوە کە گزینگ بە گوێرەی بوار و باری ڕەخساو و هەلومەرجی لەبەرچاوگیراو، لە پێناو ڕێبازی سەرەکی خۆیدا، بە پشتیوانی یارانی پشت ئەستوور بووە و، لە هەر چەشنە لادانێک بە دوور و لەو بارەوە ڕووسوور. دیارە ئێمە نە لەگەڵ ئەوەین کە بە شووتی وەبن هەنگلدان لە خۆبایی و دلخۆش بین و، نە لەگەڵ ئەوەشین کە بە تەوس و تانە لێدان نائاسایی و دلڕەش ... هەرچەند پیاو هەق بلێ تا ئێستە لە یەکدوو جاری دەگمەن نەبێ، شێوەی تەوس و تانە بەکار نەهاتووە و ئەوەش بۆیە لێرەدا باسکرا کە لایەنی ڕوون کردنەوە و یەکرەنگی هەبێ، نەک مۆڕبوونە و جوابە جەنگی. ڕەنگە لێرە و لەوێ بیستراب‌ێ و بە گوێمان هەلێنرابێ کە «گزینگ»، خۆی لە باسی ڕووداوەکانی ئەوڕۆیی دەدزێتەوە و لە باتی ئەوەیکە لە سیلەی سەکۆی سیاسەتی سەردەمدا سەرگەرمی سەودا و چاوچاوێن بێ؛ زیادتر لە پێچ و پەنای مێژووی ڕابردوودا خەریکی ساوەساو و باوباوێنە. بۆ نموونە، کاتێک ژمارە ١٣ی گزینگ ( وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرنووسەری میوان د. ئەمیری حەسەنپوور و هەموو نووسەرانی بەشداربوو)، وەک ژمارەیەکی تایبەت بە یادی **پەنجاسالەی کۆماری کوردستان**، چاپ و بلاوکرایەوە؛ برایێکی ئازیز... دوای ئەوەیکە گۆڤارەکەی بە دەست دەگا و چاوێکیش بە بابەتەکانیدا دەخشێنێ، خەتێکی چەمۆڵە بە سەر نادرێسەکەی خۆیدا دێنێ و ئەو ڕستەیەی خوارەوە لە سەر پاکەتەکە دەنەخشێنێ و بە ڕێی دەکاتەوە:

«Nej tack!

حازر نیم لەوە زیاتر مێشکم بە کای کۆن پڕکەم.

هی دووو»

ئەوەی ڕاستی بێ، مێژووی ڕاستەقینەی ئێمەی کورد بە تایبەت لە باری کۆمەلایەتی و سیاسییەوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ڕا دەست پێدەکا، هێشتا نە بەتەواوی لێکدراوەتەوە و نە بە شێوەی ڕێکوپێکیش کۆکراوەتەوە، بۆیە لێرەدا پێویستە بەوبرایەمان و بە تەواوی لایەنگرانی ئەو مەبەستە ڕابگەیێندرێ کە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی هەر نەتەوەیێک هێلێکی پەچەلپێچە کە لە ڕابردوودا بەرەو ئێستە و داهاتوو دەکێشرێ و، بە ڕوونکردنە و لێکدانەوەی نوختەی لاواز و پڕڕەنگی سەرجەمی ئەو هێلەیە کە گەلالەی کاری دوارۆژ دادەڕێژرێ و ئامانجی بەختەوەری و بەختیاری نەتەوەیی دەپێکرێ. جا ئەگەر ڕابردوو باسکردن، بە لانی عیبرەت و تێخوێندنەوەی کاری داهاتوو، کای کۆن بە باکردن بێ، ئەوا بە خۆشحالییەوە دەلێین کە ئێمە ئەو کایەی بە بادەکەین، بەلام بەلێنی دەدەین کە کاوکۆتەکەی بە سەر و سەکوتی ئەو برایەماندا نەکەین، بە مەرجێک بەری بایەکەمان لێ نەگرێ.

هەلبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە گزینگ لە ناتەوای بێبەری نەبووە و نییە، بەتایبەت لە باری تەرح و تێکنیک و ڕازاندنەوەوە بۆشاییەکی بەرچاوی تێدا هەست پێدەکرێ و ئەوەش ڕەنگە بە مەرحەمەتی ئەو هونەرمەندانەی کە دەستی هاوکاری درێژ دەکەن، چارەسەر بکرێ.

ڕەچاوکردنی ڕێنووسێکی هاودستیش بۆ گۆڤارێکی فەرهەنگی و ئەدەبی مەسەلەیێکی گرینگە و لەوبارەشەوە پێی لێ دەنێین کە کەم و کوڕی بە دی دەکرێ. ڕاستە گزینگ بەرەو ڕێنووسێکی یکدەست هەنگاو دەنێ، بەلام جیاوازی سەلیقە و بۆچوونی هێندێک لە نووسەران و وەرگێڕان کۆسپێکی گەورەن لە ئاست ئەم کارەدا، کە هیوادارین بە نووسین و ڕادەربڕین و ڕەخنەی دروست و کارساز، ئەو ئاواتەش بێتە دی. بە کورتی، دیسان دووپاتی دەکەینەوە کە دەرگای گزینگ بۆ هەر چەشنە پێشنیارێکی چاکخوازانە ئاوالەیە ودەستی ڕەزامەندی لە حاند هیچ جۆرە تێبینییێکی دلسۆزانە ناگێڕێتەوە.

لە کۆتاییدا ناچارین وەک بیرخەرەوەش بێ، لە کۆمەلێک لەو خوێنەرەوانەی کە لە ولاتانی دەرەوەی سوێد (جگە لە کوردستان) دەژین و «گزینگ»یان پێگەیشتووە، داوا بکەین کە ئابوونمانی وەپاشکەوتووی خۆیان ڕەوانە بکەن... لانیکەم گرانی هەقی پۆست لەبەرچاو بگرن و ئەو داوایەش بە خۆیان نەگرن.

هێرش

دوکتور ئینگا براندێل(Inga Brandell)، لە ساڵی ١٩٨٤ـەوە مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانستگای ئوپسالا. من خۆم لە ماوەی پتر لە دوو ساڵی ڕابوردوودا وەک خوێندکار لە وانەکانی دەرسیی ئەودا بەشداربووم و نامەی بەکالیورس(BA) و ماستیری خۆمم لە ژێر چاودێری ئەودا نووسیوە. لە کاتی دەستپێکردنی پرسیارەکاندا هەستم کرد خۆێنەرەوانی ئەم وتووێژەش دەبێ ئینگای بناسن، هەربۆیەش لێم ئەپرسی کێیە و چی کردووە و لای خۆم وام بیردەکردەوە هەرئەبێ کوردەکانی دانیشتووی سوێدیش زۆرجاران ،ئینگا،یان لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن بینیوە کەوابوو دەبێ بیناسن. دوای تەوابوونی وتووێژەکەمان، داوام لێکرد و پێمگوت پێویستە هێندێک زانیاری لە سەر ئێوە بدەم بە خوێنەروانی گزینگ. دوای ئەوەیکە لە سەر مانای گزینگ هێندێکمان قسەکرد، بە هێمنی گوتی: گزینگ ئەوەیە چمان گوتووە و باسەکەمان چەند سەرنجراکێش و بە کەڵک دەبێ.

ئەم وتووێژە، لە ٢٦ی ئاوریلی ١٩٩٦، لە ئەنستیتووی سیاسەتی زانستگای ئوپسالا بە زمانی سوێدی بەڕێوەچووە و پاشان کراوەتە کوردی. هاشم

وتووێژێک لەگەڵ:

# ئینگا براندێل

# «ئەمن سیاسەتزانم نەک سیاسەتمەدار»

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هاشم

● زانستی سیاسەت چییە؟

ـ لە ڕاستیدا ئەم دوو تێرمە ( تێرمی سوێدی و ئینگلیزی بۆ زانستی سیاسەت) تا ڕادەیەک لێک جیاوازن. کاتێک بە سوێدی دەڵێین statsvetenskap مەبەست ئەو زانستەیە کە لە سەر دەوڵەت دەدوێت و دەوڵەتیش ئەو ئۆرگانەیە کە بڕیاردەرە وەک پارلمان و خودی لێژنە یان کابینەی دەوڵەت. هەروەها هەموو ئەو دێپارتمان وشوێنانەی کە بەڕێوەبەر و هەڵسووڕێنەری کاروباری دەوڵەتن وەکوو پۆلیس، دایرەی پەنابەر و بیانییەکان، دایرەی قوتابخانەکان و... لە زۆر زمانی دیکەدا بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بە ئەم زانستە دەگوترێ زانستی سیاسی -political science و لێرەدا پتر مەبەست ئەو زانستەیە کە باسی چۆنیێتی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی دەکات و جگە لەمەش باسی بزووتنەوەی سیاسیش دەکات، جا ئەم بڕیار و بزووتنەوەیە چ لە ناوەوەی دەوڵەتدا بێت و چ لە دەرەوەی دەوڵەتدا. بە کورتی زانستی سیاسەت زانستێکە تەرخانی سیاسەتە، بەتایبەتی سیاسەتی ڕێکخراوەیی و سیاسەتی ئەنستیتووگەل و ئەو جێگایانەی بڕیاری سیاسی دەدەن بۆ ولاتێک، خەڵکێک یان حیزبێک.

● پێوەندیی نێوان زانستی سیاسەت و زانستەکانی تر بۆنموونە کۆمەڵناسی و زانستی ئابووری و فەلسەفە و... چۆنە؟

ـ بە گشتی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی هەگبە و هەنبانەیەکی هاوبەشی تیۆرییان هەیە. هەر زانستێکی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی پێداویستی و داواکاریی خۆی لایەنێک و تۆوێک لەم هەنبانەیە جەخت دەکاتەوە. زانستی سیاسەت لە هەنگاوی یەکەمدا سەرنج دەداتە سەر مەسەلەی دەسەلات. مەسەلەی دەسەلات لە زانستی کۆمەڵناسی و لە ئابووریشدا دەخرێتە ژێرباس، بەلام لە کۆمەڵناسیدا دەسەلات لە نێو مرۆڤ و تاکەکەسدا، یان دەسەلات لە نێوان خێزاندا و لە زانستی ئابووریشدا دەسەلات لە نێوان ڕێبەرایەتی فابریکە و کرێکاران و کاربەدەستان لە ئارادایە. هەڵبەت دەسەلات لە زانستی کۆمەڵناسی و ئابووریدا دەسەلاتێکی غەیری ڕەسمییە و ئەوە لە زانستی سیاسەت دایە کە دەسەلاتی ڕەسمی دێتە کایەوە و سەرچاوەی دەسەلات(خودا، خەڵک یان هەر شتێکی دیکە) و دەسەلاتدار (تاکەکەس یان دەستە) بە وردی دەستنیشان دەکرێ. جا هەر بۆیە تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت کاراکتەرێکی جیاواز لە هی زانستەکانی تر بە خۆیانەوە دەگرن. بەلام سەرەڕای ئەو جیاوازییە پێوەندی و هاوکاری لە نێوان زانستەکانی کۆمەلایەتیدا بە فراوانی دەبینرێ. تیۆرییەکانی زانستی ئابووری بە لێکدانەوەی میکانیزمی هەڵسوکەوت و چالاکیی مرۆڤ لە بواری ئابووریدا سەرچاوەیەکی پڕ متمانەن بۆ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە پێوەندیی لەگەڵ یەکتر و ساغکردنەوەی مەسەلەی دەسەلاتدا.

● بە لەبەرچاوگرتنی تیۆرییەکانی جۆراوجۆر لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بە گشتی ولە زانستی سیاسەتدا بەتایبەتی، زانکۆکانی ئورووپا و ئەمریکا هەرکام شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی تیۆری و باسی سیاسەتدا. ئێوە ئەختێک باسی پرنسیپەکانی زانستگای خۆتان واتە زانستگای ئوپسالامان بۆ بکەن.

ـ یەکێ لە تیۆرییە سەرەکییەکان کە لە زانکۆی ئێمەدا کاری لە سەر دەکرێ تیۆری بڕیاردانی ڕاسیۆناڵە و هەر لەم پێوەندییەدا تیۆریی یاری (گەمە ـ spel) ماوەیەکی زۆر لە ئارادا بووە. بە پێی ئەم تیۆرییانە تاکەکەس یان ڕێکخراوەگەل هەوڵی دامرکاندن و وەدیهێنانی پێداویستی و هۆگریی خۆیان دەدەن، بەلام بە هۆی ئەوەیکە لە سیاسەتدا تاکەکەس قەت ناتوانێ بە تەنیایی بڕیار بدات و بەڵکوو هەمیشە پێی لایەنی تر دێنە ئاراوە، مرۆڤ پرۆسێسی یاری(گەمە) لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا بە ڕوونی تێدەپەڕێنێ و بیری ئەوە دەکاتەوە کە کام ستراتێژی لەوانی تر بە کەڵکتر و سەرکەوتووترن، بەمجۆرە بۆ لێکدانەوەی بە وردە ڕیشاڵی ئەم پرۆسێسە هەوڵ دەدات. لەو ساڵانەی دواییدا هێندێک نەریتی تر بۆ نموونە هێرمێنیوتیک [زانستی لێکدانەوە و شیکردنەوە] hermeneutic هاتووەتە ئاراوە. هەوڵی سەرەکی ئەم نەریت(تradیسیۆن)ە ئەمەیە کە ✍

ڕەوتی ڕووداوەکان لێکداتەوە و لێیان تێبگات. لە تیۆری یاری(گەمە) دا مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ ڕووداو و کارەساتەکان پێشبینی بکات و بڵێ کە لە ئاکامی سیاسەتێکی تایبەتیدا و بە دوای هەڵوێستێکی سیاسیدا چ ڕوودەدات. بەپێچەوانە هێرمێنیۆتیک دژایەتی سیاسی، ڕەوتی سیاسی و پێوەندییەکانی دەسەڵات مانا دەکاتەوە و زۆر حەزی لێ نییە هەوڵی پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی داهاتوو بدات. بەڵکوو تێگەیشتن لە چۆنێتی ڕووداوەکان بە لایەوە گرینگترە. جگە لە نەریتیهێرمێنیۆتیک، لایەنێکی تری تیۆریک، دیسان لە نێو ئێمەدا باو بووە کە بە تیۆری(normativ)دەناسرێ. بەگوێرەی ئەم تیۆرییانە ئەرکی فەلسەفەی سیاسی تەنیا وەسفی چۆنێتی کارکردی سیاسەت و تیۆریکەلی سیاسەت نییە، بەڵکوو هەوڵدەدات ئەوە لێکبداتەوە کە کام سیستمی سیاسی، سیستمێکی ڕاست و دروست و دادپەروەر و بەرابەریخوازە و هەر لەم پێوەندییەدا مەسەلەی مافی هاوولاتیی و سەروەریی گەل و شتی لەم چەشنە پڕڕەنگ دەبنەوە.

**● ئەگەر بەراوردێکی سەرپێیی لەو ئەدەبیاتەی کە لە بریتانیا لە مەڕ فەلسەفە و زانستی سیاسی دەرس دەدرێتەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە لە سوێد دا بۆنموونە لە زانستگای ئوپسالا باوە، بکەین جیاوازییەکی بەر چاو لە ئارادایە. من لە لیستەی کتێبەکانی دەرسی ئەم دوو وڵاتەدا بە زەحمەت دوو کتێبی وێکچوو دەبینم. لێرە لە سەر کلاسیکەکان وەک مارکس و ماکس وێبێر و مەسەلەی دەوڵەتی مودێرن زۆر کار دەکرێ و لەوێ بیروڕاگەلی کەسانێک وەک: دێریدا، فۆکۆ، نیچە و تیۆرییەکانی پۆستمۆدێرنی زیاتر دەخوێندرێن، ئەم جیاوازییە بەرچاوانە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

ـ زانستی سیاسەت لە سکاندیناڤیا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کارتێکەری و تاوی زانستی ئەمریکا دایە، دروست بە شێوەی نەریتی زانستی سیاسی لە ئەمریکا دەیهەوێ بنەماکانی خۆی لە سەر پرنسیپەکانی پێشبینی کردنی ڕووداوەکان سەقامگیر بکات. لە بریتانیا زانستی سیاسەت پتر هەڵوێستێکی مێژووگر و پراگماتیستی هەبووە. لەو ساڵانەی دواییدا بیروبڕواگەلی پۆستمۆدێرنی و کەسانێکی وەک نیچە و دێریدا پڕیشکی خۆیان هاویشتووەتە ئەمریکاش و لەوێوە بەرەو سوێدیش هاتوون و دێن و لەم ساڵانەی ڕابوردوودا چەند نامەی دوکتورا لە سوێد لە سەر بنەما فکرییەکانی پۆستمۆدێرنی نووسراون. بە گوێرەی ئەم تیۆرییانە، مەسەلەی دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی ڕەخنەگرانەدا هەڵدەسەنگێندرێت واتە دەسەڵات تەنیا لە پێوەندیی و شکڵی بڕیاری پارلمان و حکومەت و ئەنستیتووەکاندا نابینرێت، بەڵکوو زیاترسەرنج دەدرێتە سەر وتاردان(retoric)و ئەو شتانەی سیاسەتمەداران دەیڵێن و دەیکەن بۆ ئەوەی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئەم تیۆرییە ڕەخنەگرانە هێندێک چەمکی مێژوویی لێکدەدەنەوە و بۆ نموونە ئەوەیکە چۆن سەروەری و سەربەستی لە مێژوودا سەقامگیر بوون و ناوەرۆکی ئەم چەمکانە چین؟ هەوڵی ئەم تیۆرییە پۆستمۆدێرنانە ڕمانی ستروکتوری ئەم چەمکانە و دۆزینەوەی ڕیشەی ئەوانە.

**● پێوەندیی سیاسەتزانان و سیاسەتمەداران چییە؟**

ـ زانستی سیاسەت دسیپلینێکی کۆن و لەمێژینەیە، بۆ نموونە لە ئوپسالا لە سەدەی حەڤدەهەمدا پیاوێکی دەوڵەمەندی نەجیبزادە بە نێوی(یەهان شێتتێ) بە بەخشینی خانووبەرە و پارەیەکی زۆر، بوو بەیارمەتیدەر و هۆی دامەزراندنی سوننەتی پەرەسەندنی زانستی سیاسەت لە سوێددا. لەو سەردەمەدا ئەرکی زانستی سیاسەت بارهێنانی کوڕە نەجیبزادەکان بوولە باری خیتابە و دیپلۆماسیدا و ئامادەکردنیان بۆ کارکردن لە دەرباری شادا. ئەم سوننەتە ئێستاش بە شێوەیەک هەر درێژەی هەیە و خوێندکارانی زانستی سیاسەت زیاتر دەچنە ناو کاروباری دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دیپلۆماسی لە بواری جۆراوجۆر و ئەنستیتووگەلی جیوازی سیاسیدا. دەکرێ بڵێین کاربەدەستان و پێرسۆناڵی سیاسەت بەگشتی بارهێندراوی زانستی سیاسەتن. ئەوەش بڵێم کە زانستی سیاسەت لە خۆیدا شتێکی پراتیک نییە و زانای سیاسی سیاسەتمەدار نییە، بەڵکوو لێکدانەوەی هەلومەرج و بنەما و چوارچێوەی سیاسەت بە ئەرکی خۆی دەزانێ. لە ئەرکەکانی تری زانستی سیاسەت دەتوانین ئاماژە بەم دوو ئەرکە بکەین: ١) هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی سیاسەت و هەڵوێستی سیاسەتمەداران ٢) بەڕێوەبردنی پڕۆژەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بابەتانەی کە زۆرجار لە لایەن دەوڵەتەوە بە سیاسەتزانان دەسپێردرێت.

**● ئینگا، با لە سوێد و سیاسەتی سوێدی و تیۆریکەلی جۆراوجۆرەوە بچینە سەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ئێوە خۆتان ماوەیەکی زۆر کارتان لە سەر کردووە. ئێستا دەمەوێ دەروازەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەم پرسیارە بکەمەوە و بڵێم گرینگترین گیروگرفتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە هەلومەرجی ئێستا دا چییە؟**

ـ گەورەترین و گرینگترین شت کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و لە دەورەگەلی جیاوازدا بووتە هۆی ئاژاوە و تەنگ وچەڵەمەی بۆ ئەم ناوچەیە پێکهێناوە، هەڵکەوتی جوگرافیایی یە. ئیمکانیات و دەوڵەمەندیی ئابووری و بەتایبەت نەوت هەر بەو ڕادەیە بووتە هۆی گیروگرفتی سیاسی و شەڕ. هۆکارەکانی ئابووریی گرینگبوونی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەر لە دۆزینەوەی چاڵاوەکانی نەوتیش هەر لە ئارادا بوون. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەک شارێیەکی تیجاری لە کۆنەوە بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ڕا کە تیجارەتی جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمدا پەرە دەستێنێ، ناوچەکانی تری لێک گرێ داوە. ئەم هەلومەرج و هەڵکەوتەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێی زۆر دەسەڵات و قازانجی تر دێنێتە ئاراوە. دژایەتیی بەرژەوەندیی سیاسی و ستراتیژیی زۆر هێزی لاوەکی، ئەم هەلومەرجە ئاڵۆزتر دەکات و دەیکاتە ناوەندێک بۆ حیساب پاککردنی نێونەتەوەیی. بە کورتی هەڵکەوتی جوگرافیایی و ئیمکانیاتی ئابووری ماکە و هۆی گیروگرفتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستن.

**● ئەگەر بمانەوێ گیروگرفتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەستنیشان بکەین، کامە گیروگرفت لە سەرووی هەمووان دایە، ئایا ئەوە مەسەلەی فەلەستینە کە هێشتا لە ناوەندی ڕووداوەکان دایە یان گیر وگرفتی بەردەم پرۆسێسی دێمۆکراسییە کە سەرنج ڕادەکێشن...؟**

ـ دەتهەوێ ئاماژە بۆ مەسەلەی کورد بکەی...!

**● لە ڕاستیدا بەڵێ... جێگا و پلەی مەسەلەی کورد لە نێو مەسەلەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چۆن دەبینی؟**

ـ مرۆڤ تا ڕادەیەک دەتوانێ مەسەلەی فەلەستین و مەسەلەی کورد وەک دوو مەسەلەی سەرەکی و گیروگرفتێکی بنەڕەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ناوببات. تا ئەو ڕۆژەی کە دیمەنی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەمجۆرە دەمێنێتەوە و ڕێژیمە توتالیتێرەکان حوکمی بە سەردا دەکەن ئەم دوو گرێیە

هەر بەردەوامن و بەبێ چارەسەریی ئەم گرێیانە، ئەو ناوچەیە ڕووی ئاشتی وهێمنی بە خۆیەوە نابینێ، بەڵام ئایا ئەمن دەتوانم بڵێم گەورەترین گیروگرفتی بەردەم پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی کورد یان فەلەستینە؟ ئەمە بڕیارێکی ئاسان نییە. بە ڕای من گیروگرفتی هەرە گرینگتر و لە ئاراداتر مەسەلەی دێمۆکراسییە. پرسیار ئەمەیە: مەسەلەی کورد و فەلەستین چۆن چارەسەر دەکرێن، ئەگەر ئەم وڵاتانە دێمۆکراتیزە نەکردرێن؟

**• مەبەستت ئەمەیە کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردیش بەستراوەتەوە بە دێمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتانە؟**

ـ هەڵبەت، بەڵام لە بیرت بێ ئەمن باسی سەردەمی ئێستا دەکەم و دەڵێم ئەگەر ڕێژیمەکانی ناوچە هەر لە سەر ڕەوتی ئێستا بڕۆن. بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە دەورە و بەستێنی جۆراوجۆردا دەکرێ مرۆڤ جۆری تر بیر بکاتەوە، بۆ نموونە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەلومەرجی ئێستا وەک کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی ئەم سەدەیە. بەر لە بەدیهاتن و سەقامگیربوونی ئەم دەوڵەتانە لە ناوچەدا، مرۆڤ دەیتوانی بە شێوەیەکی تر بیر لە چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەت وکێشانی سنوورەکان بکاتەوە و بەم پێیە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیتوانی بە جۆرێکی تر کێشراباوە.

**• خوربوونەوە لە ئامانجی ناسیۆنالیزم بە گشتی و ناسیۆنالیزمی کورد بەتایبەتی نیشان دەدات کە ئەم جووڵانەوەیە ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە و لە کردەوەشدا دەبینین سەرەڕای هەموو سەرکوتکردن و داپڵۆسینێک هەر بەردەوام بووە. جا ئەگەر بێتوو بڵێین بە بێ دێمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین، ئاسۆیەک بۆ چارەسەریی مەسەلەکە نییە و کوردەکان دەبێ دەست لە سەر دەست دانێن و چاوەڕوانی دێمۆکراسی بۆ نموونە لە تورکیا یان لە عێراق بن بەڵکوو ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە. لێرەدا ئامانجی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و وەدەستهێنانی هەوێتی کوردی دەچێتە ژێرپرسیار، واتە لە مەسەلەیەکی نەتەوەیی و خەبات بۆ سازکردنی نەتەوەیەکی جیاواز لە هی فارس و تورک و عەرەب، دەبێتە مەبەستێکی دێمۆکراتی خوازی لە چوارچێوەی هەوێتی نەتەوەکانی تردا وەک ئێرانی و تورک وعەرەب...**

ـ ئەمن پێموایە خەبات بۆ مافی بڕیاری چارەنووس دەتوانێ فۆرمی خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێمۆکراسی بە خۆیەوە بگرێ. زۆر لە پێداویستییەکانی خەباتی نەتەوەیی بۆ سەربەستی لە دێمۆکراسیدا هەن: ڕێز لێنانی ژیان، مافی خاوەنێتی مڵک ومال، ئازادی بیر وبەیان و ڕێکخراوە، مافی کولتووری لە بنیاتەکانی دێمۆکراسین و بە وەدیهاتنی ئەوانە مرۆڤ زۆر لە سەربەخۆیی و سەربەستی نزیک دەبێتەوە.

جا لەوانەیە وەک تۆ دەڵێی دژایەتییەک لە نێوان ئەم دوو شێوە خەباتەدا ببیندرێت، بەڵام ئەوە لەباری سیاسییەوە پێویستە. چونکە لایەنێک قەت ناتوانێ بە تەنێ ببێتە هۆی گۆڕانکاریی سیاسی. بەڵکوو زۆر لایەنی تر لە ئارادا هەن و لە سیاسەتدا پێی هۆکار و بکەری جیاواز دێنە گۆڕێ. بۆنموونە بڕوانە خواستی فەلەستینییەکان، ئەوان لە سەرەتادا دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینییان وەک ئامانج دەستنیشان کردبوو، بەڵام ئێستا ناتوانین بڵێین ئەوان بە ڕاستی بەو ئامانجە گەیشتوون. ئێستا ناوچەیەکی چکۆلە لە ژێر دەسەلاتی خودی فەلەستینییەکان بەڕێوە دەچێ و تەنانەت پارلمانی فەلەستینیش هەڵبژێردراوە. لەناکاو دەبینی مەسەلەی دێمۆکراسی دێتە ئاراوە و گیروگرفتی ئابووری و دێمۆکراسی لە پلەی یەکەمدا ڕادەوەستن.

**• باشە، ئەگەر ناسیۆنالیزمی سیاسی، سازکردنی نەتەوەیەکی بە هەوێتی جیاوازەوە ئامانج نەبێ، چۆن دەکرێ مرۆڤ ئومێدەوار بێت کە دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی وەک بەردی بناغەی وەدیهاتنی مافی بڕیاری چارەنووس. لەوانەیە تۆ لە وڵاتێکی دێمۆکراتدا بتوانی هێندێک مافی کولتووری و دێمۆکراتیک وەدەستبێنی بەڵام خۆ نابی بە خاوەنی هەوێتی کوردی لە بەرانبەر هەوێتی بۆ نموونە تورکیدا.**

ـ تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر کوردەکان، لە دوو وڵاتی تورکیا وئێران هەوڵێکی سیستماتیک و بەردەوام دەگۆڕێدا بووە کە بکردرێن بە تورک و ئێرانی. جا بۆیە ئەو مەترسییەی تۆ ئاماژەی پێدەکەی تاڕادەیەکی زۆر هەیە، یانی مەسەلەی تواندنەوەی هەوێتی کوردی وەک ئاکامێک لە سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە حاشای لێناکرێ. بۆنموونە ئەم سیاسەتە لە سەر فەلەستینییەکان بەڕێوە نەچووە. یانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک سیاسەت ئامانجی لە ناوبردنی زمانی فەلەستینییەکانی نەبووە و تواندنەوەی ئەوانی لە نێو هەوێتی یەهودیدا ڕەچاونەکردووە. دەتوانم بڵێم سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژی، هەوڵدان بۆ پاراستنی هەوێتی کوردی لە لایەن کوردەکانەوە دەکاتە پێداویستییەک. لە هەمان کاتدا شتێکت لەبیر بێ کە لە دونیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا پاراستنی هەوێتی نەتەوەیی نەبەستراوەتەوە بە هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی؛ وەک بەمجۆرەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم دا دەبیندرا. لە دونیای ئەمڕۆدا خەڵک وگرووپی زۆر هەن بێ ئەوەیکە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ خاوەنی هەوێتی تایبەتی خۆیانن. چەند میلیۆن فەلەستینی کە لە ئەمریکا دەژین و چەند میلیۆن چینی کە لە شوێنگەلی جیاوازی دونیادا بڵاوبوونەوە، هەموو هەوێتی خۆیان هەیە.

**• بەڵام وەک قەوم، نەک وەک نەتەوە. ئەوانەی دەیڵێی وایە بەڵام لە باری سیاسی ـ حقوقییەوە هیچکامیان مافی نەتەوەییان نییە، واتە قەوارەی سیاسی ـ حقوقی دەتوانێ دەستەبەری هەبوونی مافی نەتەوەیی بێ. لە لایەکی ترەوە، بە هەبوونی دەوڵەتی چین(تەنانەت دوو وڵاتی چین) و چەند وڵاتی عەرەبی، پاڵپشتێکی بە هێز هەیە بۆ پاراستنی هەوێتی فەلەستینی وەک عەرەب و چینی وەک چینی، بەڵام بۆ کوردان مەسەلە بەم جۆرە نییە.**

ـ وایە... چینی وفەلەستینی لە زۆر بارانەوە لە کوردان جیاوازن. من دەمهەوێ بڵێم سەردەمی ئێستا بە گوێرەی پێوەندیی بەربڵاوی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر وئامرازی پێشکەوتووی پێوەندی کردن، زۆر هۆگەلی ڕەخساندووە بۆ پاراستنی هەوێتی قەومی، بێ هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**• ئێنگا، با پرسیارەکە بڕێک بەرفراوانتر بکەم. ئێوە ئیمکانی سەرکەوتنی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە دونیای ئەمڕۆدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەگشتی چۆن دەبینی؟**

ـ سەرەڕای ئەوەیکە لە دونیای ئەمڕۆدا هەلومەرجی زۆر گونجاو، بۆ پاراستن و ڕێزلێنان لە مافی هاووڵاتێتی و دێمۆکراتیکی مرۆڤ و گرووپی جیاواز ڕەخساوە و دەڕەخسێ؛ سازکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی نوێ دیاردەیەکی زۆر زەحمەتە. لە سیستمی نێونەتەوەیی دونیای ئەمڕۆدا، هێزە سەرەکییەکانی نێونەتەوەیی گوشارێکی زۆریان هەیە لە سەر پاراستنی

سیستمی جێکەوتووی دەوڵەتی و وڵاتانی مەوجود. هەوڵی کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە دەوڵەت و وڵاتانی خاوەن خاک و سنوور( تریتۆریاڵ)ی مەوجود، دەستیان لێنەدرێت. بەڵام کاتێک ئیمپراتورییەکی مەزن هەرەس دێنێ، کاتێک شەڕێکی گەورە دەقەومێ یان کاتێک قەیرانی هەمەلایەنە ئیمپراتوورییەک یا وڵاتێکی گەورە دادەگرێ؛ ئەودەم هەلومەرجی لەبار بۆ سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی تازە دەرەخسێت.

● وەک کاتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوریی عوسمانی، هابسبۆری وسۆڤێتـ..

ـ بەڵێ، جا بۆیە غەیری مەسەلەی فەلەستین و ئەو هەنگاوانەی لەم دواییانەدا بۆ سەربەخۆیی ئەوان هەڵێندراونەوە، تۆ ناتوانی قامک بۆ حالەتێک ڕادێری و سازکردنی دەوڵەتێک لە هەلومەرجێکی ئاساییدا ببینی. مەسەلەی فەلەستین سەرەڕای ئەوە لە زۆر بارانەوە تایبەتییە، دیسان ئاکامی شەڕی کەنداو بوو کە پاڵی بە پرۆسێسی چارەسەرکردنەوە نا. جا بۆیە دەڵێم بۆ دەست تێوەردانی سنوورەکانی ئەمڕۆ دەبێ قەیرانێکی بنەڕەتی بێتەپێش، دەنا گۆڕانی ئەم سنوورانە ئاوا ئاسان نییە.

● تازە پێموایە هەر ئەم قەیران و هەڵکەوتانە بە تەنێ بەس نەبن، خودی بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیستیش دەبێ توانایی و لێهاتوویی قۆستنەوەی هەلومەرجی ئەوهایان هەبێ، وانییە؟

ـ بێگومان! تۆ بڕوانە هەلومەرجی کوردستانی عێراق و ئەو هەلەی بۆیان ڕەخسا. ڕاستییەکەی هەلومەرجەکە ئەوەندە لەبار بوو کە عەقڵیەتێکی سیاسی وشیار دەیتوانی زۆری کەڵک لێوەرگرێ، بەڵام بە کردەوە بینرا کە کوردەکان هێشتا نەبوونە خاوەنی ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەم بوارەدا. ئەزموونی بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیستی نیشان دەدات کە دەبێ ئەوان لە هەر بارێکەوە ئامادەیی قۆستنەوەی هەلومەرجی لەباریان هەبێت. فەلەستینییەکان لەباری دیپلۆماسییەوە ئەم تواناییەیان نیشان داوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەلجەزایر، ٥ساڵ بەر لە سەرکەوتنی لە دژی فرانسەدا، دەوڵەتی کاتیی خۆی دامەزراندبوو و لە ئاستی جیهانییەوە سەلماندبووی کە دەتوانێ ببێتە دەوڵەت.

● لە قسەکانی ئێوەڕا وا دەردەکەوێت چارەسەریی زۆرێک لە گرێیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەم نێوەدا مەسەلەی مافی نەتەوەیی، بەستراوەتەوە بە مەسەلەی دێمۆکراسی لەو ناوچەیەدا. ئێوە ئیمکانی دێمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتانە چۆن دەبینن؟

ـ من هەر وەک تۆ دەڵێی، چارەسەریی نەتەوەیی و ئینسانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە سەرکەوتنی دێمۆکراسی لەم وڵاتانەدا گرێدەدەم ئەویش لەبەر ئەوەیکە دوو شت بۆ سەرهەڵدان و وەدیهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ پێویستە: ١) قەیرانێکی هەمەلایەنە لە ناوچەدا کە ئەوەش بە دەست لایەنێک، حیزبێک یان وڵاتێک بەتەنێ وەدێنایە، بەڵکوو ئەنجامی کارتێکەریی زۆر فاکتۆر و گەلێک لایەنی ترە، ٢) هەبوونی ڕێبەرانێکی لێهاتوو و بەتوانا بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاودا. ئەم دوو شتە نیشان دەدەن سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسراوەتەوە بە زۆر فاکتۆر کە زۆربەیان لە کۆنترۆڵی مرۆڤ دانین وناکرێ یەکلایەنی پلانی بۆ دارێژرێ. بەڵام خەبات بۆ دێمۆکراسی و مافی تاکەکەس و هاووڵاتی خەباتێکی بەردەوام و ڕۆژانەیە. ئەم خەباتە دۆڕانی تێدا نییە و خەباتێکی بەنرخ و پێویستە. جا ئەوەیکە ئایا ئاکامی ئەو خەباتە لە درێژخایەندا مەسەلەی بڕیاری مافی چارەنووس شەل دەکات یان نا، شتێکی دیکەیە و دەبێ زەمان نیشانی بدات.

● ئەدی ئیمکانی دێمۆکراتیزەکردنی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست؟

ـ دەبێ بڵێم پرۆسێسی دێمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتانە لە ڕاستیدا دەستی پێکردووە. سەرەڕای زۆر گیروگرفتی بەردەم دێمۆکراسی لەم وڵاتانەدا مرۆڤ هێندێک نیشانە دەبینێت کە دەتوانێ پێیان دڵخۆش بێت. ئەم ڕاستییە کە لە هێندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەڵبژاردن بە بەراورد لە گەڵ پێشوودا، بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێت. ئەگەرچی ڕەخنە لەو هەڵبژاردنانە دەگیرێت و لە ڕاستیشدا لە زۆر بارەوە جێی ڕەخنەن، بەڵام دێمۆکراسی پرۆسێسێکی درێژخایەن و پێچەڵپێچە. دەگوترێ کە دەستدرێژی بۆ سەر مافی مرۆڤ لەم وڵاتانەدا لە جاران خراپترە؛ بە بڕوای من، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە. لە هەلومەرجی ئێستادا دەستدرێژی بۆ سەر مافی مرۆڤ بەنیسبەتی بیست سی ساڵ لەمەوبەر، پتر لە قاودەدرێت و سەرنجی بیروڕای جیهانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. لە ڕابوردوودا سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی خەڵک بە نهێنی دەکرا و بەڵام ئێستا ئیتر زۆر شت ناشاردرێتەوە و تاوانەکان بە ئاسانی لە ئاست بیروڕای جیهانیدا ئاشکرا دەبن. لە لایەکی دیکەوە، خودی دەستدرێژی لە داواکارییەکانی گرووپە جیاوازەکانی خەڵک، نیشاندەری بوون و وەڕێکەوتنی (ئۆپۆزیسیۆن)بەرهەڵستکارە، شتێک کە لە ڕابوردوودا لەم وڵاتانەدا هەر بیری لێنەدەکراوە یانی بۆنموونە لە چل و پەنجاکاندا، بەرهەڵستکار یان بە تەواوی سەرکوت دەکرا و لەبەین دەبرا، یان ئەوەیکە لە کردەوەدا هیچ هێز وتواناییەکی نەدەما.

● بەهەرحاڵ، ئەگەر بۆچوونی ئێوە لە واقیعدا بەتاقی بکەینەوە و بۆ نموونە چاو لە چەند وڵاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکەین، من هیچ گەشبینییەک لەو چەشنەی ئێوە نابینم. بڕوانە ئێران و عێراق، ئۆپۆزیسیۆن لە ناوەوەی ئەم دوو وڵاتەدا بە هیچ کلوجێک جێی نابێتەوە. هەرچەند لە تورکیا لە سەرەتای پەنجاکانەوە هەڵبژاردن و هەبوونی بەرهەڵستکار باوبووە، بەڵام ئەوەیکە لە ئاست مافی مرۆڤ و بەتایبەتی مافی کوردان بیندراوە دەبێ سەد خۆزگە بە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یاوز بخوازین. لەم ماوەیەدا چەند کودەتا (ئینقلاب)ی نیزامی ڕووی داوە، ئێستاش کەمالیزم وەک ئیدیۆلۆژییەکی حکومەتیی، بیر وباوەڕی دژ بە خۆی سەرکوت دەکات، بەکورتی تورکیا بۆ کوردان شتێک نییە غەیری دۆزەخی جاران.. ئێوە ڕاتان چییە؟

ـ من لەگەڵ هەموو قسەکانی تۆدا هەم، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم شتانە دەڵێم کە ئەمن نیشانەگەلێک لە دەستپێکردنی پرۆسێسی دێمۆکراسی دەبینم. هەر ئەوەیکە لە ڕێبەرایەتی حکومەتەکانی تورکیادا، کەسانێک پەیدا بوون و هەبوونی کوردان دەسەلمێنن، ئەوە هەنگاوێک بەرەو پێشەوەیە. لە ئەلجەزایریش هەر ئەم ڕەوتە دەبینرێ. جاران هەبوونی بەربەرەکان حاشای لێدەکرا، بەڵام ئێستا دانیان پێدادێنن. لە ناوحیزبەکانی تورکیادا هێندێک قسەکەر داکۆکی لە مافی کولتووری و دێمۆکراتیک دەکەن. دەبینی ئەوانە هەرچەند بچووکیش بن، هەرکام دەروازەیەکن لە دێمۆکراسی. ئەمە ڕەوتێکە دەبێ کاری بۆ بکردرێ و پەرەی پێبدرێ.

● دیسان بگەڕێینەوە سەر پێوەندیی خەبات بۆ مافی بڕیاری چارەنووس ✍

و دێموکراسی. لە ناو زۆربەی پارتەکوردییەکاندا بەتایبەتی لە ئێران وعێراقدا دەگوترێ کە گۆڕانی سنوورەکان شتێکی دژوارە و هەر بۆیە دروشمی دێموکراسی و جۆرێک لە خودموختاری بۆ کوردان لەم وڵاتانەدا پەرەنگ دەبێتەوە. ئێوە لە پێشدا ئاماژەتان بەم پێوەندییە کرد، بەڵام دیسان دەمەهەوێ بە شێوەیەکی کۆنکرێت بۆچوونی ئێوە لە سەر شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بزانم.

ـ من لە سەرەتای قسەکانمدا جیاوازیی نێوان سیاسەتزان وسیاسەتمەدارم لێکدایەوە و بۆخۆشت دەزانی ئەمن سیاسەتزانم نەک سیاسەتمەدار. ئەوەیکە کوردەکان دەبێ چبکەن و لە ململانێی نێوان دەوڵەتانی ناوچەدا، چ سیاسەتێک ڕەچاوکەن؛ کاری سیاسەتمەدارانە نەک کاری من. ئەمن تەنیا لەباری تیۆریکی و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنم. دەبێ بڵێم کە مافی بڕیاری چارەنووس تەنیا لە ئاستی نەتەوەییدا نییەو مرۆڤ وەک تاکەکەسیش دەبێ ئەو مافەی هەبێ، شتێک کە لە ئیدیۆلۆژیی لیبرالیدا زۆر جەخت دەکرێتەوە. ئازادییش دوو چەشنی سەلبیnegativ و ئیجابیpositiv هەیە کە دەبێ مرۆڤ خاوەنی هەردووکیان بێت. ئالترناتیوی دیکەش بۆ چارەسەریی مافی گرووپگەلی کولتووری و ئایینی هەیە، ئەویش شێوەی( consocitionalism) یان خود دابەشکردنی دەسەڵاتە کە ئالترناتیویکی ناسراوە.

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم کرد خەبات بۆ مافی بڕیاری چارەنووس و خەبات بۆ دێموکراسی نەتەنیا دوو شتی لێک دوور نین بەڵکوو تێکەڵاوییەکی نزیکیان هەیە. گەلانی بێدەوڵەت لە دونیای ئەمڕۆدا کەم نین. دەگوترێ کە کوردەکان لەباری نفوسەوە یەک لە گەورەترین ئەو گەلانەن کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین. کوردەکان ماوەیەکی درێژە بۆ ئەم ئامانجە خەبات دەکەن، تەنانەت دەسەڵاتە گەورەکانی دونیاش تاڕادەیەک دانیان بەم مافەدا هێناوە(پەیمانی سێڤەر). من پێموایە ژمارەی زۆری نەتەوە بێدەوڵەتەکان و دژواریی گۆڕانی نەخشەی جیهان جێ بۆ ڕێگاچارەیەکی دیکە دەهێڵێتەوە کە تێیدا بە شێوەیەک مافی تاکەکەس و گرووپ دابین کرێ و بپارێزرێ. دیارە پێویست نییە ئەم ڕێگاچارەیە حەتمەن دەوڵەتی نەتەوەیی بێ. جا بۆیە نابێ بڵێین یان هەموو شتێک(دەوڵەتی نەتەوەیی) یان هیچ شتێک(بێبەری بوون لە هەموو مافێک). ئالترناتیڤی دیکەش هەن مرۆڤ بیریان لێبکاتەوە.

سەبارەت بە شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد دەتوانم چەند شتی گشتی بڵێم. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم بە گشتی و ناسیۆنالیزمی کورد بەتایبەتی هێزێکی سیاسیی گرینگ و بەرچاوە. ناسیۆنالیزم هەم دەتوانێ بۆ بەدیهێنانی ئازادیی نەتەوەیەک کەڵکی لێوەربگیرێ و هەمیش دەتوانێ وەک هێزێک دژی نەتەوەیەکی دیکە بەکاربێت. جا بۆیە قسەکردن لە سەر ناسیۆنالیزم وەک فۆرمولێکی گشتی هەڵەیە. هەر بزووتنەوەیەکەی ناسیۆنالیستی دەبێ لە چوارچێوەی ئامانج و کردەوەی خۆیدا هەڵسەنگێندرێ. من تا ئەو جێیەی لە ناسیۆنالیزمی کورد حالیم بە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە گەشبینم و پێموایە داهاتوویەکی هەیە، ئەمە بەم مانایە نییە کە بە زوویەکی زوو ناسیۆنالیزمی کورد بە ئامانجی خۆی دەگات. هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەلومەرجێکی نادیارە. لە ناوچەدا مەسەلەی هاوسەنگی(بالانس)ی دەسەڵات و هێز لێکترازاوە، لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی سیاسەت و بالانسی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی زۆر نزیک لەگەڵ سیاسەتی نێونەتەوەیی و و دەسەڵاتە گەورەکانی دونیادا تێکەڵاوی هەیە. ئێستا حیسابێکی زۆر لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی لە سەر هەلومەرجی ئێران وعێراق دەکرێ. ئەم دوو وڵاتە هەم خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئابووریین و هەمیش لەباری ستراتیژییەوە گرینگییەکی تایبەتییان هەیە. هەروەک گوتم هەلومەرجی ئەم دوو وڵاتەش نادیارە و ناوچەکەش لەباری بالانسی هێزەوە تووشی ئەزمە و قەیران بووە. لە داهاتوودا مەسەلەی بەدیهاتنی بالانسی دەسەڵات چۆن چارەسەر دەکرێ، بێگومان پێی کوردان دێتە ناوەوە. ئەوەیکە کوردەکان چەندە دەتوانن لە پرۆسێسی ئەم ململانێیەدا قازانجی خۆیان بپارێزن تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی پێگەیشوویی، لێهاتوویی و توانایی ئەوان. مرۆڤ دەبێ هیوادار بێ کوردەکان ئەزموونی پێویست لە ڕابوردووی خۆیان وەرگرن و بە ئامادەییەکی زۆرتر بەرەوپیری ڕووداوەکان بچن.

● ئینگا، tack!

ـ tack själv!

******

# یەکێتیا ئازادیا ژنێن کوردستانێ(YAJK) د کونفرانسا یەکێتیا ژنێن فێمینیسمێن FEMINIS ناڤنەتەویدا.

**ئامادەکرنا: باڤێ جەنگوی ـ سوێد**

لە روژا ٨-١١-١٩٩٦ ساعەت چواری پاش نیڤرۆ کونفرانسا یەکێتیا ژنێن FEMINIS ناڤنەتەوی لە باژێرێ GOTENBORG دەست پێکر بە بەشداربوونا ٧٠ ژنێن نوێنەر لە زوربەی وولاتێن جهانێ. یەکێتیا ئازادیا ژنێن کوردستانێ(YAJK) بە هەیئەتەک خورت بەشداری کونفرانسێ بوون و بە گوتنا خو ئالوزی و ئاستەنگێن ژنا کورد پێشکەشی کونفرانسێ کرن و هەروەسا ڕولێ ژنا کورد د شورشا کوردستانێدا خستێ بەرچاڤ و ژ کونفرانسێ خواستێ کو پشتگیریا ژنا کورد دژی وێ زولم و زۆرداریا کو بە درێژیا دیروکێ لسەر وان دهێتە مەشاندن بکەن. گوتن و شلوڤەیێن ژنێن کورد لسەر رەوشا ژنێن کورد د کونفرانسێ دا ژ بو بەشدارا پڕ بال کێش بوو و بو ئەگەرا دروست بوونا گەلەک پەیوەندیێن تازە بەتایبەت یەکێتیا ژنان بو ئاشتییێلە STOKHOLM ژ هەیئەتا ژنێن کورد خواستێ کو پروژەکا هاوبەش سەر ژنا کورد چێبکەن.

بباوریا یەک ژ بەشدارابوونێن کورد ئەوە کو پێویستە ژنا کورد بە باوەریەک فرە بەشداری گشت کوم جڤینێن هەرێمی و ناڤنەتەوی لسەر ژنان دهێتە دارخستێ ببن و کێشەیا ژنا کورد کو ئەیا جودایە ژ ئازادیا کورد و کوردستانێ ببەنە د ناڤ جڤاکا ناڤنەتەویدا و هەروەسا گوتن زور زەحمەتە کو ئەم کێشەیا ژنا کورد بەدەینە ناساندن بو ژنا ئورووپا، لێ بە هەر رەنگەکی ببت پێویستە ئەم کار و خەباتێ بو بکەین. د کونفرانسێدا پروژەک هاتە پێشکەش کرن کو رەوشا ژنێن IRLAND وBOSNI و ISRAIL د شەردا لێکولینەوەیەکێ ئامادە بکەن، هەیئەتا ژنێن کورد زور پێکول کر کو رەوشا ژنێن کورد ژی د ڤێ پروژێدا جی بگرید بە لێ ئەهاتە پەژراندن لێ سوزدان د پروژەیێن پێشەروژیدا رەوشا ژنا کورد ژی بێتە بەرچاڤ گرتن. روژا ١٠-١١-٩٦ کونفرانس بە هیڤیا پێشەروژەکا گەش بو هەمی ژنێن جهانێ هاتە داوین. ■

# مافی ژن له کۆمەڵی کوردەواریدا

باسێکی مێژوویی له سەر مافی ژن له کوردستاندا

لێکۆڵینەوە و نووسینی: ،ژیلا.ف، و ،تەیفور،

## ⑥ هێرشی عەرەب

### ژن و یاسای ئیسلام

بێ گومان پاش ئایینی زەردەشت، ئایینی ئیسلام زۆرترین دەوری له پێکهێنانی کولتوور و داب و نەریتی کوردەواریدا گێڕاوه و نزیک به هەزار و چوارسەد ساڵه که کۆمەڵی کوردەواری به یاساکانی ئەم ئایینه بەڕێوه دەچێ و بیر و بۆچوونی گشتی خەڵک به پێی شەریعەتەکانی ئەم ئایینه قەوارەی گرتووه. بۆ ئەوەی بزانین له چ بار و دۆخێکدا و به چ شێوەیەک کوردان ئەم ئایینەیان هەڵبژارد ـ یا خۆ بەسەریاندا سەپا ـ پێویسته زۆر به کورتی چاوێک به هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا بخشێنین.

ئەو مەڵبەندەی که ئەوڕۆ پێی دەگوترێ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەودەم له نێوان دوو ئیمپراتوری هەره گەورەی ڕۆم و ئێراندا دابەش کرابوو. شەڕ و کێشەی نێوان ئەم دوو زلهێزه به تایبەت له سەدەی شەشەم (دەورەی ساسانییەکان)دا، هەر دوویانی ماندوو و پەرپوت کردبوو و باری باج و خەرجی شەڕ، پشتی خەڵکی شکاندبوو. به تایبەت ئەوانەی که خۆیان به داگیرکراوی ئەوان دەزانی و لەو کێشه و هەرایەدا مافی ڕاستەوخۆیان نەبوو (وەکوو میسر و دیمەشق و ئەرمەنی و تورکەکانی باکووری خوراسان) ناڕەزامەندییان گەیشتبووه ئەوپەڕی خۆی و خەڵک له بیانوویەک دەگەڕان که باری زوڵمی دەسەڵاتدارەکانیان بەسەر خۆیانەوه لابەن. له ڕۆم دا جووڵانەوەی مەسیحی هاته کایەوه و چونکه له سەرەتادا پاڵی به کۆیلەکانەوەدا پەرەی ئەستاند و هێزی گرت، تا ئەو ڕادەیه که ڕۆم بوو به دوو بەشەوه و ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزانس) له سەدەی چوارەمی زایینی دا ئەم ئایینەی به ڕەسمی هەڵبژارد و ئیمپراتور "قسطنطنین" بۆ خۆی بوو به مەسیحی،(ساڵی ٣١٢ زایینی) ئەم گۆڕانه بوو به هۆی زیندوو بوونەوه و دەرمانی هێندێ له ناتەباییەکان و بەرگری له ڕوخانی ئیمپراتوری. که نه تەنیا توانی ماوەی دوو سەده بەرەنگاری ئێران بکاتەوه بەڵکوو له بەرانبەری هێزی تازه پشووی عەرەبانیش دا هەتا هاتنی سەلجووقیەکان، خۆی ڕاگرت .

بەڵام ئێران لەو قەیرانه ڕزگاری نەهات، گەرچی جووڵانەوەکانی مانی(٢١٥ -٢٧٦ زایینی) و مەزدەک( کوژراو ٥٢٩ زایینی) که وڵاتیان هەژاند، سەرکوت کران بەڵام داری کۆنی ئیمپراتوری به شکۆی ساسانی به هۆی پرتوکاوی قرژڵەکەیەوه له بەرانبەر لەشکری پێخواسی عەرەبدا به چۆکدا هات. ناتەبایی ناوخۆی ساسانی ئەوەنده بەرچاو بوو که "ئبن حارثه (مثنی)" نامەیێکی بۆ عومەر خەلیفەی دووەم نووسی و لەوێ دا گوتی "ئێران تووشی بێ سەرەبەرەیی بووه و ئامادەیه که داگیر بکرێ".[1]

خەڵک که هیوایان بەوه نەمابوو خۆیان بتوانن کارێک بکەن به یارینەدان به فەرمانڕەواکانی خۆیان به کردەوه یارمەتی سوپای عەرەبیان دەدا. له لایێکی ترەوه به وتەی "جورجی زەیدان" «ئەوه سروشتی ئینسانه که هیوای به داهاتووی نادیار زیاتره له ئێستای دیار و دڵی به سیمای نەدیتراو زیاتر خۆشه هەتا دیمەنی نزیک و دیتراو به تایبەت ئەگەر له نێوان ئێستا و داهاتوودا جیاوازییەکی بەرچاویش ببینی»[2]

ئەم جیاوازییه ئەو دروشمانه بوون که عەرەبان دەیاندا. (یەکسانی و برادەری و ...) دواتر مێژوو نیشانی دا که ئەم دروشمانه ناوەرۆکیان چۆن بووه. بەڵام لەو سەردەمەدا تەنانەت ـ بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن ـ جزیەیان له خەڵک نەدەستاند.

### موسوڵمان بوونی کوردان

شەڕی عەرەب و ئێران له ساڵی ١٢ی هیجری (٦٣٣ ز ) ەوه دەست پێدەکا که به شەڕی زنجیر بەناو بانگه و لەلایەن عەرەبانەوه خالد بن وەلید فەرماندەی سوپا بووه، ئەم شەڕه له ناوچەی "یەمەن"ی ئێستادا ڕووی داوه. شەڕی قادسییه له ساڵی ١٤ هیجری (٦٣٦ ز ) دا دەبێته هۆی گرتنی مەداین (تیسفون) پاتەختی ساسانییەکان له لایەن عەرەبانەوه به سەرکردەیی "سەعد بن وقاص" . "یەزدگردی سێهەم" پادشای ئێران هەڵات، بەڵام ئاخر شکانی ئێرانییەکان له شەڕی نەهاوەند بوو. ساڵی ٢١ هیجری (٦٤٢ ز) دوای ئەم شەڕه بوو که به ماوەی ده ساڵ سوپای عەرەب هەموو خاکی ئێران و هەروەها ناوچەکورد نشینەکانی داگیرکرد. دیاره له هەموو جێگایەکیش لەگەڵ بەرەنگاری ناوچەیی خەڵک بەرەوڕوو دەبوو. ئەو بەشەی که دەگەڕێتەوه سەر باسەکەی ئێمه یانێ ناوچەکورد نشینەکان، "مەردوخ" له مێژووەکەیدا داگیرکردنی بەشێک له ناوچەکورد نشینەکان بەم شێوه دەگێڕێتەوه.

«... له ساڵی (١٨)ی هیجریدا سوپای عەرەب به ئەمری خەلیفەی دووەم، به سەرۆکایەتی ئیمام حەسەن [له هیچ مێژوویێکی دیکەدا که ئێمه چاومان پێ کەوتبێ ئێوی ئیمام حەسەن وەک فەرماندەی سوپا نەهاتووه] و "عەبدوڵلا ئیبنی عومەر" و "ئەبی عوبەیده "(انصاری) و چەند کەسی دیکه له سەردارەکانی ئیسلام. بەرەو ئێران وەڕێ کەوتن. له عێراقی عەرەبەوه تێپەڕین و له دەوری کرماشان دا، ئیمام حەسەن و "(خذیفه) یەمانی" و" (قثم) ئیبنی عەباس عەبدوالموتەلێب" به سوپاییێکی چەند هەزار کەسییەوه بۆ داگیرکردنی "هەمەدان و ڕەی و مازندەران) قۆڵیان لێ هەڵماڵی.

عەبدوڵلا ئیبنی عومەر و ئەبی عوبەیدەی ئەنساری ش به پێنج هەزار

سوارەوە بەرەو "شارەزوور" وەڕێ کەوتن. شەوانە لە چۆمی سیروان دەپەڕنەوە و بەیانی لە گەڵ سوپای کورداندا کە بۆ بەرەنگاری ئامادە ببوو، بەرەڕوو دەبن. لە هێرشی یەکەمدا ئەبی عوبەیدەی ئەنساری دەکوژرێ. لە هێرشی دووەم و سووەمدا ـ شەڕ سێ ڕۆژ بەردەوام بووە ـ لەشکری ئیسلام سەر دەکەوێ، کێو و دەشت لە خوێنی کوردان ڕەنگین دەبێ و شارۆچکە و دێیەکان کاول دەبن و ئاگردانەکان [مەبەست ئاگردانی پاراستانەکانی زەردەشتییە] دەکوژێننەوە. ژنان وکچان یەخسیر دەکرێن و ماڵ و ماڵات بە دەسکەوت دەبردرێ. باقیەکەیان ئیمان دێنن و ڕزگاریان دەبێ.[ ؟!]

تەرمی ئەبی عوبەیدە لە داوێنی کێوێک لە نزیک [شاری] سەردەشت (شارەزوور) دا نێژراوە کە ئێستا بەو ناوچە دەڵێن "ئەبا عوبەیدە".

عەبدوڵڵەی عومەر، چەند مانگ لەو ناوچە ڕادەوەستێ هەتا لە جێگای ئاگردانەکان مزگەوت ساز بکا و حوکمی ئیسلام لەو ناوچانە دابین بکا. پاشان بەرەو پاوە وەڕێ دەکەوێ، ئەو شوێنەش قەڵاچۆ دەکا و تەواوی ژنان و کچان و منداڵان دەبنە دەسکەوتی سوپای ئیسلام. لەوێ سەرداری سوپای ئیسلام (عبدوللە بن عومەر) مزگەوتێکی گەورە بنیاتدەنێ و یەکێک لە کوڕەکانی (محاذ بن جبل) لەگەڵ کۆمەڵێک لە عەرەبان لەوێ دادەنێ. کوڕی "محاذ" لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆی، ژن و کچانی کوژراوەکان داگیر دەکەن و منداڵیان لێیان دەبێ کە ئێستا خەڵکی پاوە و دەوروبەر بنەوانی خۆیان دەبەنەوە سەر "معاذ بن جبل" و عەرەبەکانی هاوڕێی ئەو.

عەبدوڵڵەی عومەر لە ماوەیێکی کورت دا هەموو کوردستانی داگیرکرد و هەموو ئاگردانەکان و پاراستانەکانی وێران کرد و لە جێی وان مزگەوتی کردەوە و حوکمی ئیسلامی دامەزراند.»[٣]

دوایە مەردوخ باسی ئەوە دەکا کە چۆن کوردان بە ڕواڵەت ئیسلامیان هێنابوو، بەڵام لە دەروونی دا هەر لەسەر باوەڕی ئایینی کۆن بوون.

« ... گەرچی کوردان لە لەبەر ئاڵوگۆڕی دینی تووشی شەڕی ماڵوێرانکەر و بەرە لە نێوبەر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئایینی خۆیان زۆر بە دڵ بووە، لە دڵەوە ئەو خۆشەویستییەیان هەر ڕاگرتووە.

شەڕەکانی سەردەمی خەڵیفەکانی عەباسی ش هەموو شەڕی ئایینی بوون. لەوانە شەڕی خوێناویساڵەکانی (٣٠٧) و (٣٢٤) ی هیجری کە لە باکووری کوردستان ڕووی داوە هەموو بۆ پاراستنی ئایین بووە.

«خەڵکی هەورامان گەرچی بە ڕواڵەت ببوون بە موسوڵمان و نوێژ و ڕۆژگ و دابی ئیسلامی یان بەجێ دێنا بەڵام هەتا ساڵی (٨٤٢)ی هیجری هەر لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون. کاتێک مەولانا "گوشایش" ... دەستی بە تالیمی قورئان و بڕوای ئیسلام لە هەوراماندا کردووە، سەرەڕای ئەوە کە هەشت سەدە و نیو لە دەسەڵاتی ئیسلام تێپەڕیووە، ئەوساش نەیانویستووە بیر و باوەڕی ئیسلام قەبوڵ بکەن و لە پەند و تالیمەکانی "پیر شاریار" کە لە بنەوانی مەغەکان و باوەگەورەی مۆبەدەکانی ئەو ناوچە بووە لادەن. ئێستاش گوتەیەک هەیە کە خەڵکی هەورامان لە ڕیش سپی و زاناکانیان دەپرسن "قورئان کۆنترە یا پەندەکانی پیر شاریار؟"

ڕیش سپی و زانایان وڵام دەدەنەوە: "پەندەکانی پیر شاریار کۆنترە، قورئان دوێنێ "گوشایشە کوێر هێناویەتی"».[٤]

ئەم بابەتە لە لایەن مێژوو نووسانی دیکەشەوە ددانی پێدا نراوە.

«تەنانەت لە سەدەی چوارەمی هیجری (دەی میلادی) دا لە جیبال (ڕۆژئاوای باکووری ئێران)زەردشتی دەدیترا. "موتەهەر مۆقەدەسی" مێژوو نووسی سەدەی چوارەم دەڵێ کە لە بەشی "ماسبدان" (ڕۆژ ئاوای ئێران ـ کوردستانی ئێستا ) کۆمەڵێکی زۆر لە خوڕەم دینییەکان (پێڕەوانی مەزدەک، فیرقەیەک لە زەردەشتی لە سەدەی ددوەم تا چوارەمی هیجری ڕاپەرینێکیان ساز کردبوو) هەبوون.»[٥]

ئەم خۆ ڕاگرییەی کوردان [گەرچی تەنیا کوردان وا نەبوون] لە بەرانبەر ئایینی ئیسلام دا لە هەموو خەڵکی دیکەی ئەم مەڵبەندە بەرچاوترە. جورجی زەیدان پاش باسکردنی حکوومەتە کوردییەکان بە تایبەت "ئەیوبییەکان" (٥٦٤ - ٦٤٨هـ)دەڵێ: «... هەر نەتەوەیەک کە زووتر بوو بە موسوڵمان زووتریش حکوومەتی خۆی ساز کرد. بەم شێوە کە دوای عەرەبان، لە پێشدا فارسەکان بوون بە موسوڵمان و گەیشتنە حکوومەت پاشان تورکان و لە ئاخر هەمووانەوە کوردان»[٦] دیارە کوردانیش وەک هەموو ئەوانی دیکە، لەبەر ئازاد بوون لە ژێر جزیە و باجی جۆر بە جۆر کە لە غەیرە موسوڵمانانیان دەستاند و هەروەها لەبەر ئەوەی کە وەک خەڵکی ئاسایییان چاو لێ بکرێ و بە سپڵۆت دانەندرێن و لە کۆمەڵدا ڕێگایان بدرێ، چوونە ڕیزی موسوڵمانانەوە، دیتمان کە ئایینی زەردەشتی بۆ خۆی ژنانی گەیاندبووە ئەو پەڕی نزمییەوە. بەڵام قەڵاچۆ کردنی خەڵک لە سەرەتای هێرشی عەرەباندا، وای لێکردن کە تا چەند سەدە ئەو بێزارییە لە دەسەڵاتی عەربان هەر بەردەوام بمێنێ.

کە وابوو داگیرکردنی خاکی کوردان پاش تێکشکانی ئێران لە شەڕی نەهاوەند بەرەبەرە تەواو کراوە، بەڵام موسوڵمان بوونی زۆربەی کوردان هەتا پێنج سەدە دوایە درێژەی کێشاوە. بەشێک هەر لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە (هەر چەند زۆر کات ئایینەکەیان بە نهێنی ڕاگرتبوو)، بەشێکی زۆر کەمیش کە لە ژێر دەسەڵاتی بیزانس دا بوون و پێشتر ببوون بە مەسیحی ئایینەکەی خۆیان کەم و زۆر ڕاگرت. مەردوخ دەڵێ «... خەڵکی بەشی باشووری کوردستان [ ؟] ماوەیەک بت پەرست بوون. [ئەمە دەبێ ئایینی میترائیسم بووبێ] پاشان لە ئاخرەکانی سەدەی پێنجەمی زایینی چوونە سەر ڕێبازی مەسیحی. بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە سەر ئایینی زەردەشتی. (بڕوانە تاریخ کلیسای قدیم، لاپەڕە ٣٠٠).»[٧]

ئەم خۆڕاگرییەی کوردان لە بەرانبەر ئایینی تازەدا ـ لە باسەکەی ئێمەدا ـ دەتوانێ لەبەر ئەوە بووبێ کە هاتنی دەسەڵاتدارانی تازە و ئایینی تازە نیزامی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە کە عەشیرەتییێکی زۆر توند بووە، تێکدەدا و لە باتی سەرۆک و موبد، پێشنوێژ و کتێبی ئایینی دادەنا و پیاوانی ئەو کۆمەڵە دەترسان کە دەسەڵاتیان کەم بێتەوە. ئەگەر دوو یاسای زەردەشتی و ئیسلام لەپاڵ یەک دانێین و بەرانبەرکێیان بکەین دەبینین کە لە سەرەتادا تاڕادەیەک هەر وا بووە، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە نە پێشتر و نە پاشتر، ئەوە ژنان نەبوون کە چۆنیەتی ژیان و ئایینیان هەڵبژاردووە و بڕیاریان لەسەر مێژوو داوە.

هەرچۆنێک بێ لەو کاتەوە یاسای ئیسلام و دەسەڵاتی حاکمە موسوڵمانەکانی عەرەب بەسەر کورد دا زاڵ بووە هەتا هاتنی مەغولەکان، کە ئەوانیش دواتر خۆیان بوون بە موسوڵمان و یاسای ئیسلامیان هەڵبژارد؛ دوای ئەوە هەتا ئەوڕۆ هەرکەس دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا بووبی، هەر بە پێ ئایین و شەریعەتی ئیسلام حوکمی کردووە.

چونکە هەرکام لە شەریعەتەکان زانا و بلیمەت و تایبەتکاری خۆیان هەیە و سەرچاوەکانیان بەدەستەوەیە، ئێمە باسەکەمان بەگشتی (ئەو شتانەی کە لە هەمواندا وەک یەکە) دەبەینە پێشەوە و تەنیا باسی یاسا گشتییەکان دەکەین و هەوڵ دەدەین چۆنیەتی جێ بە جێ بوونی ئەو یاسایانە بخەینە بەرچاو.

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە و لە بەرانبەر یاسای ئیسلام دا، مرۆڤ پێش ئەوەی لە چ چین و توێژ و ڕەنگ و ڕەگەزێک بێ، لە سێ دەستەدا دابەش

دەبن.

١- ئەوانەی کە بە موشریک (پێڕەوی ئایینی چەند خودایی یا خۆ بت پەرستی) دەناسرێن.

٢- ئەوانەی کە بە پێڕەوی پێغەمبەرانی مورسەل (زیاترجوو، مەسیحی و دواتر زەردەشتیش، بە پێی تەفسیری ئایەی ١٦، سورەی حەج ) دەناسرێن.

٣- موسوڵمانان.

لە هەر سێ بەشەکەدا ژن وەکوو پیاو چاوی لێ ناکرێ و باسی ئێمە زیاتر چۆنیەتی ژیانی ژنان و مافیان لەم سێ بەشەی ناوبراودا دەگرێتەوە.

## ١) ژنانی کۆیلە (کەنیز)

### ١/١ : بەدەست هێنانی کەنیز

ئەو خەڵکەی کە ئیمانیان نەهێنابا و لەگەڵ سوپای ئیسلامدا شەڕیان کردبا ـ ئەگەر شکابان ـ پیاویان یا دەکوژران یا دەبوون بە دیل و کۆیلە و ژنانیان دەبوون بە کەنیز.

دەزانین، بەشێکی زۆر لە تیجارەت و بازرگانی عەرەبان لەو سەردەمەدا کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بووە و کۆیلەداری لای ئەوان (وەکوو کۆمەڵەکانی دەوروبەریان) شتێکی زۆر ئاسایی بووە. سەرچاوەی بەدەست هێنانی کۆیلەش پێش هەموو شتێک شەڕ و داگیر کردن بووە. دوایە کڕین و فرۆشتن و سێهەم منداڵی کۆیلەکان (ــ لەم نووسراوەدا کە باسی "کۆیلە" کرا یانێ ژن و پیاو وەک یەک، بەڵام ئەگەر نێوی کەنیز برا ئەوە تایبەت بە ژنانە).

«... عەرەبەکانی پێش ئیسلام دیلی شەڕیان دەکردە کۆیلە، یا خۆ لە حەبەشە و دەوروبەری عەرەبستان دا کۆیلەیان دەکڕی و لە بازارەکانی دیکەدا دیانفرۆشتنەوە. قورەیش کاریان بازرگانی کۆیلە بوو. "عەبدوڵلا جدعان تەمیمی" لە کۆیلە فرۆشەکانی بەناوبانگی قورەیش بوو کە لە شەڕی فجار دا ئامر لەشکر بوو.»[٨]

لە ئیسلامی تازە هاتووی ئەوکاتەدا کۆیلەداری و خوڵام و کەنیز ڕاگرتن زۆر ئاسایی بووە و وەکوو مافێکی ڕەوا چاوی لێ کراوە و دەسکەوتی هەرە گرینگی غەزا بووە. غەزا یەکێک لە ئەرکەکانی بنەرەتی ئیسلامە، تەنانەت دژی خزمی هەرە نزیک ئەگەر موسوڵمان نەبێ. (بڕوانە سورەتی الاحزاب ئایەتی ٢٦، ٢٧؛ البقرە ئایەتی ١٩٠، ١٩١، ١٩٣، ٢١٦، ٢٤٤؛ النساء، ئایەتی ٧٤، ٨٤، الانفال ٣٩، ٤١، ٦٧، ٦٩؛ التوبە، ئایەتی ٥، ١٤، ٢٣، ٢٤، ٢٨، ٢٩، ٧٣، ١٢٣ و...).

«ئیبنی هوشام دەڵێ "پاش ئەوەی تایفەی جووی "بنو قریظە" بەخسیر کران پێغەمبەر چارەنووسیانی دایە دەست یەکێک لە دوژمنە بریندارەکانیان بە نێوی "سەعدی ئیبنی میعاذ" دوایە ئەم مێژوو نووسە دەڵێ: «سەعد گوتی فتوا دەدەم پیاوەکانیان بکوژن و منداڵ و ژنەکانیان بە کۆیلەتی بەرن...»

ئیبنی ئیسحەق لەم بارەوە دەڵێ: « پێغەمبەری خودا گوتی ئەتۆ سەبارەت بەمانە حوکمت کردووە... ئەوجا بۆ خۆی فەرمانی دا هەموویان لە زیندان کردن و لە مەدینەدا خەندەقیان هەڵقەند و هێنایانن لەسەر خەندەقەکە سەریان بڕین. ژمارەیان نزیک بە حەوسەد کەس گوتراوە. ئیبنی ئەسحەق لە درێژەدا دەڵێ پێغەمبەر فەرمووی ئەوانەی کە گەیشتوونە تەمەنی بلۆق بیانکوژن، پاشان دارایی و ژن و منداڵەکانیانی بە نێو موسوڵماناندا دابەش کرد.»[٩]

ئەم یاسایە بە کردەوە، بوو بە یەکێک لە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ پەرە ئەستاندنی لەشکری عەرەب.

«کۆیلەکانی پێش ئیسلام بەکڕین و فرۆشتن دەست دەکەوتن، بەڵام کۆیلەی کاتی ئیسلام بە هۆی دیل گرتن. هەر ئەوەندەی موسوڵمانان (عەرەبان) بەسەر سوپایێکدا سەردەکەوتن، شارێکیان دەگرت، ژنان و پیاوان و منداڵانی ئەوێیان بە دیل دەگرت، جار وا بوو لە شەڕێکدا دەیان هەزار دیل دەسکەوت دەبوو، ملی دیلەکانیان بە گوریس پێکەوە دەبەست و لە نێو خۆیاندا دابەشیان دەکردن، جار دەبوو سوارێکی عەرەب سەد پیاو و سەد ژنی دیلی وەبەر دەکەوت و لە چەند شەڕدا نزیک بە هەزار دیلی دەست دەکەوت. دیارە ئەمیر و سەردارەکان زیاتریان وەبەر دەکەوت بۆ وێنە عوسمان (خەلیفەی سوەم) هەزار دیلی هەبوو. زۆرتر وا بوو کە دیلەکانیان بەر لە بەشکردن دەفرۆشت. دیلێک بە سەد دینار یا هەزار دینار، یا پتر یا کەمتر. وا دەبوو کە ئەم فرۆشتنە چەند مانگی دەخایاند... لە شەڕی "عەموریە"دا دیل هێندە زۆر بوو کە پێنج پێنج و دە دە دەیانفرۆشتن. لە شەڕی "ئەرک" (ئەندەلس)دا لە بەر زۆری دەسکەوت نرخی دیلێک گەیشتە یەک درهەم و شمشێرێک بە نیو درهەم.

موسا ئیبنی نسیر، کاتێک لە شەڕی ئەندەلس هاتەوە سی هەزار کچی لە گەورە زادەکانی "گۆت" لەگەڵ خۆی هێنا بوو.[١٠]

لە دەورەی فاتمییەکاندا کاتێک کەشتییەکانی شەڕ بە دیلەوە دەگەڕانەوە وا باو بوو لە پێشدا دەورێک بە نێو قاهیرەدا دەیانگێڕان و پاشان دەیانبردنە جێگایەک بەناو مەناخ و ئەوانەی کە بەکار نەدەهاتن سەریان دەبڕین و لە بیرێکیان دەخستن کە لەنێو کەلاوەکانی قاهیرەدا بوو، پاشان پیاوەکانیان ڕادەگرت بۆ کار و فرۆش، ژن و منداڵەکانیانیش بە نێو خەڵیفە و ئەعیان و ئەشراف دا دابەش دەکرد. منداڵەکانیان دەدا بە مامۆستایان هەتا فێری خوێندن و نووسین و شەڕ و شتی دیکەیان بکەن، ئەمانە پێیان دەگوترا "تورابی" و لەسەر کار و بار دایان دەنان.

«زوبەیر لە هەواڵانی (صحابە) پێغەمبەر، پاش مردن هەزار ئەسپ و هەزار کەنیزی بە جێهێشت.[١١]

« بەشێک لە دارایی "یەعقوب ئیبنی کەلس" سەرۆک وەزیری فاتمییەکانی میسر ... ٨٠٠ کەنیزی حەرەمی (بۆ لەگەڵ ڕابواردنی خۆی) هەبوو، هەروەها ٤٠٠٠ خوڵام و خوڵام بەچە (کوڕی ژێر چوارده ساڵ کە لەگەڵی ڕادەبوێران)، جگە لە خوڵام و کەنیزی زۆر کە وەکوو کارەکەر و نۆکەر کاریان دەکرد و پێیان دەگوترا تایفەی وەزیری.»[١٢]

«موسوڵمانان (عەرەبان) کە ژمارەی خۆیان لە بەرانبەر دوژمندا کەم دەدیت جگە لە ژنەکانی جارانیان لەگەڵ ژنانی قبتی و ڕۆمی و ئێرانی کە دەکەوتە چنگیان، دەنووستن بۆ ئەوەی منداڵیان زۆر بێ. دەستڕۆیشتوویی بوو بە هۆی زیاد بوونی بەرە، بۆ وێنە "موغیرت ئیبنی شەعبە" جگە لە چوار ژنی مارەکراو ٧٦ کەنیزی هەبوو، یا مەهلەب سێسەد منداڵی هەبوو و هەر بەم چەشنە...»[١٣]

### ١/٢: چۆنیەتی ژیان

«کەنیزەک ـ جاریە ـ ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلام بە دیل و تاڵانی دەست کەوتوون و گیراون، ئەو ژنانە چ بە مێرد بن و مێردەکەیان لە ژیاندا مابێ،چ کوژرابێ جیاوازی نییە بۆ کڕین و فرۆشتن و لەگەڵ ڕابواردنیان... ئەوانەی بە دیل و تاڵانی دەگیرێن گرێی مارەییان لادەچێ»[سورەی النساء، ئایەتی ٢٤] چونکە بوونەتە دیل و دیلیش مافی هیچ شتێکی نییە »[١٤]

«... کەنیزان ئەو ژن و کچانە بوون کە لە شەڕەکاندا بە دەست موسوڵمانان یەخسیر ببوون، ئەمانە دەبوونە کەنیزی موسوڵمانان، گەرچی کچی پادشا و ئەعیان و ئەشراف بووبان. موسوڵمانان وەکوو زێرکڕدراو ڕایان دەگرتن، لەگەڵیان ڕادەبوێران، یا دەیانکردنە کارەکەر و یا وەکوو کوتاڵی بێ گیان دەیانفرۆشتن. کاتێک موسوڵمانان لەگەڵ ژیانی دەوڵەمەندی ئاشنا بوون، کەنیزیان وەکوو خشڵ و زێڕ بە یەکتر دەدا بەدیاری و هەر کەس دەیەویست لە لای گەورە پیاوێک ببێتە خاوەن ڕێز، کەنیزێکی تالیم دەدا بەو هونەرەی کە ئەو خاوەن دەسەڵاتە پێی خۆش بوو و ئەو جار کەنیزەکەی بە دیاری بۆ دەبرد. ئەگەر زانیبای کە گەورە پیاوەکە حەزی لە جوانییە کەنیزێکی جوانی دەکڕی و بۆی دەنارد. ئەگەر زانیبایان ساز و ئاوازی پێ خۆشە کەنیزێکی سازژەن و گۆرانی بێژیان دەدایە...

ئەگەر منداڵە کەنیزێک کە لای خاوەنەکەی ڕێزی هەبوو منداڵی هەبووا و گەیشتبایە دەسەڵاتێک ئەوە دایکی دەبوە خاوەن جێگا و خاوەن ئیختیار. وەکوو ئەو خەلیفانەی عەباسییەکان کە دایکیان کەنیز بوو...

جار وابوو ژنان بۆ خۆیان کەنیزیان پێشکەش بە مێردەکانیان دەکرد. زوبەیدە ژنی هاروون، بۆ ئەوەی مەیلی کەنیزێکی تر لە هاروون دوور کاتەوە، دە کەنیزی پێشکەش کرد، کە هەموو سازژەن و زۆر جوان بوون. یەکێک لەوانە "مەراجل" دایکی مەئموون، یەکیان "ماریە" دایکی موعتسیم و یەکی تریان "فادرە" دایکی سالح کوڕەکانی هاروونەڕەشیدن.

... ماوەیێکی پێ نەدەچوو کە بارەگای خەلیفە و کاربەدەستان پڕ دەبوو لە کەنیز و خولام بەچە. کە ڕاگرتنی کەنیزان بەم شێوە بوو بە باو، کۆیلە فرۆشان لە دوورترین شارەکانی دنیاوە کەنیزی ورد و درشتیان دێنا و بە پێی ئەو تایبەتییانە کە هەیان بوو بە نرخی گران دەیانفرۆشتن و بۆ ئەوەی بە گرانتریان بفرۆشن فێری هونەریان دەکردن. هێندێک فێری ساز و ئاواز و هێندێک ڕوومەت گرتن و بڕێکیش بۆ دایانی منداڵان. کەنیزی واش هەبوون کە زبان فێر دەبوون، قورئانیان لەبەر دەکرد و فێری شێعر و کاری سیاسی دەبوون ئەم کەنیزانە لە هەموو ڕەنگ و ڕەگەزێکیان تێدا بوو. نرخیان بە پێی جوانی و کار دیاری دەکرا و دیارە ئەوەی کە بۆ ڕابواردن دیاری دەکرا نرخی لەگەڵ ئەوەی کە بۆ کارەکەری دادەنرا، جیاواز بوو.[١٥]

«لە سەرەتادا ئەو منداڵانەی کە لە کەنیزان دەبوون، بە پەست دەژمێردران (ئەمەی هۆی شۆڤێنیزمی عەرەبی بووە) بەڵام دواتر کە پیاوی بەناو بانگ وەک عەلی ئیبنی حوسەین، قاسم ئیبنی موحەممەد و سالم ئیبنی عەبدوڵلا لە دایکی غەیرە عەرەب پەیدا بوون ئەو ڕوانگە تا ڕادەیەک شکا... سەرەڕای ئەوەش ئومەوییەکان هەتا ئاخریش منداڵی کەنیزیان بە وەلیعەهد دانەدەنا و پێیان وابوو کە دەسەڵاتدارییەکەیان تێکدەچێ، ئاخریشی هەر وای لێهات، چونکە ئاخر خەلیفەی ئومەوی "مەروان ئیبنی موحەممەد" کوڕی کەنیزێکی کورد بوو.»[١٦]

« یەزید ئیبنی عەبدولمەلیک (١٠١-١٠٥ھ ق) لەگەڵ کەنیزێک بە نێوی "حەبابە" دەژیا و هەموو کاری دەسەڵاتدارییەکەی بە دەست ئەو بوو و لە ڕاستیدا حەبابە ببوو بە فەرمانڕەوای هەموو ئیمپراتوری ئیسلام و هەرکەسێکی ویستبا لەسەر کاری دادەنا و هەر کەسی پێ خۆش نەبا لای دەبرد...»[١٧]

«کۆیلە فرۆشی زیاتر لە هەر جێگایەک لە بەغدا برەوی هەبوو. جوانترین و هونەرمەندترین کەنیزیان بۆ ئەوێ دەبرد، لەوێ پارە زۆر بوو و بە نرخی باش دەکڕدران. نرخی کەنیزێکی جوان و لەبار بە تایبەت ئەگەر هونەرێکیشی هەبا هەتا چەند هەزار دینار دەڕۆیشت. ژنانی خەلیفەکان لە ڕاگرتنی کەنیزدا پێشبڕکێیان پێکەوە دەکرد و ئەمە ببوو بە جۆرێک خۆ پیشاندان. جلی یەکڕەنگیان لەبەر دەکردن و لە دەقیان دەدان. خاوەن دەسەڵاتانی دیکەش چاویان لە ئەوان دەکرد. زۆر جاریش کەنیزیان تالیم دەدا کە لە بارەگای خەلیفە و پادشاکاندا جاسووسی (سیخوڕی) بکەن و دەیانکردنە داردەستی مەبەستەکانی خۆیان»[١٨]

«مەسعوودی دەڵێ: لە خەلافەتی "متەوەکلی عەباسی" دا چوار هەزار کەنیز دەژیان و متەوەکل لەگەڵ هەموویان دەنووست. لە خەلافەتی هاروون دا دوو هەزار کەنیز دەژیان کە سێسەدیان تەنیا سازیان لێدەدا وگۆرانییان دەگوت. دەوڵەتەکانی دیکەی ژێردەستیش چاویان لە ئەوان بڕیبوو و فاتمییەکان لە هەموو زیاتر، بۆ وێنە لە خەلافەتی الحاکم بامرالله دا دە هەزار کەنیز و خولام هەبوون و خاتوونی وڵات بۆ خۆی هەشت هەزار کەنیزی لە خزمەتدا بوو کە ١٥٠٠یان کچ بوون، کاتێک سەلاحەدین کۆشکی فاتمییەکانی گرت دوازدە هەزار ژن لەو کۆشکەدا بوون کە جگە لە خەلیفە و کوڕەکانی پیاوێکی دیکەیان نەبوو.»[١٩]

## ١/٣: نرخی کەنیزان

«نرخی کەنیز لە چەند دینارەوە هەتا چەند هەزار دینار دەگەیشت. بۆ وێنە هاروون کەنیزێکی بە سەد هەزار دینار و یەکی دیکەی بە ٣٦٠٠٠ دینار کڕی شەوێک لەگەڵیان نووست و دوایە بەخشینی بە "فەزڵ".

ئەمین کوڕی هاروون بۆ کەنیزێک بە بارستایی کەنیزەکە زێڕی بژارد کە بە گریان دەکاتە یک میلیۆن دینار کە ئەمە زۆرترین نرخێکە کە هەتا ئێستا لە کتێباندا هاتووە.»[٢٠]

## ١/٤ : مافی کەنیز

کەنیز مافی چییە؟ بێ گومان کەنیزیش کۆیلەیە و کۆیلە هیچ مافێکی بەسەر ژیان و لەش و گیانی خۆیەوە نییە و هەموو شتێکی بە پێی ئارەزووی خاوەنەکەیەتی. وەکوو دەڵێن ئاژەڵێکی قسەکەرە، جا کچی پادشای ڕۆم بووبێ بە دیل گیرابێ، یا خۆ کچە جووتیرێک.

«حوکمی دیل لە ئیسلام دا ئاوایە: خاوەن (سەبارەت بە دیلی شەڕ فەرماندەری سوپا یا خەلیفە) ١- دیلەکە بکوژێ، ٢- دیلەکە بکا بە عەبد [کۆیلە]ی خۆی ٣- بە پارە یا بێ پارە ئازادی بکا. ئەگەر دیلێک لە کاتی یەخسیریدا بووبا بە موسوڵمان حوکمی کوشتنی لەسەر لا دەبرا، بەڵام دوو حوکمەکەی دیکە دەمایەوە. ئەگەر کەسێک کۆیلەییێکی ئازاد کردبا ئەو کۆیلە دەبوو بە "مەولا" (- کۆ: مەوالی) [ئەندامی بنەماڵەی خاوەنەکەی ـ بێ مافی میرات ئەمە ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە پەنایان بۆ موسوڵمانان دێنا و لە میراتی خۆیان چاوپۆشیان دەکرد. مەولا لە کۆیلە سەرتر و لە ئازاد کەمتر بوو. بۆ وێنە نەدەکرا بی فرۆشی، بەڵام نەیدەتوانی ژنی ئازاد بێنێ ـ ئەگەر مەولایەک مێردی بە عەشیرەیەکی دیکە کردبا دەبوو بە مەولا ئەوان زەکاتی نیوەی ئازاد بوو و "حەد"ی شی نیوەی ئازادێک بوو، بۆ وێنە پێغەمبەر مەولایەکی حەبەشی و یەکی ئێرانی و یەک قبتی و یەک یۆنانی هەبوو بەڵام دواتر بە پێی ئایەی ٥٧ سورەی مائدە جوو و مەسیحی لەم یاسا چوونە دەرێ و مەولا کردنیان نەهی کرا.»[٢١]

ـ لە باتی دانەوەی قەرز ناکرێ موسوڵمانێک بکرێ بە کۆیلە، بەڵام ئەهلی "زەمە" ئەگەر جزیە نەدەن دەکرێ.

ـ منداڵی موسوڵمان ناکرێ وەکوو کۆیلە بفرۆشرێ.

ـ کۆیلە مافی خاوەندارێتی نییە و هەر شتێکی هەبێ هی خاوەنەکەیەتی.

ـ دەکرێ کۆیلە بە مزەکاری بدرێ (مزەکە بۆ خاوەنەکەیەتی) بەڵام ناکرێ بە لەشفرۆشی (فاحشەگەری) بدرێ.

ـ دەکرێ کۆیلە لە باتی قەرز یا بدرێ یا دانرێتە گرێو.

ـ کوشتنی کۆیلە بە دەست خاوەنەکەی تۆڵەی نییە ـ تەنیا ئەگەر بێ تاوان بووبێ دەبێ کەفارەیەک بدرێ.

ـ دەکرێ کۆیلە بنەماڵە بۆ خۆی دروست بکا، بەڵام هەر کات خاوەنەکەی بڕیاری دابا دەیتوانی لێکیان جوێ بکاتەوە و هەر یەکەیان بە لایەکدا بفرۆشێ.

ـ منداڵی کەنیز هەتا ئەو کاتە نیازی بە دایک هەیە دەکرێ لە لای دایکی بمێنێتەوە.

ـ خاوەنی کەنیز هەر کات ئارەزووی هەبێ هەر کەنیزێکی بوێ دەتوانێ لەگەڵی ڕابوێرێ، تەنیا ئەوەندەیە ئەگەر تازە کڕدرابێ دەبێ ماوەی نێوان دوو پۆن ڕاوەستێ کە نەکا منداڵی لە یەکی دیکە هەبووبێ.

ـ کۆیلە دەیتوانی بە پێی پەیمانێک خۆی بکڕێتەوە، ئەم جۆرە کۆیلە نەدەفرۆشرا و ئەگەر کەنیز بایە منداڵی خاوەنەکەی نەیدەتوانی بە زۆر لەگەڵی ڕابوێرێ.

ـ کەنیزێک کە لە خاوەنەکەی منداڵی بوایە و منداڵەکە مابا (بەو شەرتە خاوەنەکەی منداڵەکەی بە هی خۆی زانیبا) پاش مردنی خاوەنەکەی، ئەو کەنیزە خۆ بە خۆ ئازاد دەبوو. منداڵەکەش وەکوو مرۆڤی ئازاد دەهاتە دنیا و مافی وەک منداڵەکانی دیکە بوو.

ـ ئەگەر خاوەنی کەنیزێک چەند کەس با (بە شەریکی کڕدرا با) لەگەڵ ڕابواردنی تەنیا بە یەک کەس دەگەیشت ئەویش بە پێی ڕەزامەندی ئەوانی دیکە.

ـ ئازاد کردنی کۆیلە کارێکی باش و خودا پەسندانە بووە.

ـ کۆیلەی ئازادکراو کە دەبوو بە "مەولا" ئەگەر ویستبای کچەکەی بە مێرد بدا دەبوو ڕای خاوەنەکەی خۆی وەرگرێ.

ـ موسوڵمان نەدەکرا بە کۆیلە ـ گەرچی دواتر "غەز و سەلجوقی و تاتار" سەرەڕای ئەوە کە خۆشیان موسوڵمان بوون، کەچی موسوڵمانی لەشەڕ دا گیراویان بە کۆیلەتی دەبرد. ٢٢

ـ خاوەنی کەنیز دەتوانێ لەگەڵ کەنیزەکەی ڕابوێرێ، بەڵام نیکاحی شەرعی جایز نییە. ئەگەر بیەوێ بیکا بە ژنی خۆی دەبێ لە پێشدا ئازادی بکا. ٢٣

ئەو کەنیزانەی کە مەسیحی یا جوو یا زەردەشتی بوون، لە ماڵی موسوڵمانان دا بە ئازادی ڕەسم و یاسای ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبرد و دەیانتوانی خاچ و وێنەی پیرۆزەکانی خۆیان هەڵگرن. ئەحەد ئیبنی سەدەقە دەڵێ ڕۆژی جێژنی شەعانین (یەکشەمۆی بەر لە جێژنی پاک) لە لای ماموون بووم بیست کەنیزی مەسیحی خاچ لە گەردن و زونار بە کەمەر بەستراو جێژنی خۆیان بەڕێوە دەبرد. ٢٤

ئەم یاسایانە شتێکی تایبەتی نین و لە ڕۆم و ئێرانی کەوناراش دا لەم شێوە نزیک بوون. دیارە بە پێی ئایەی ٤١ سورەی النساء حوکم دراوە کە لەگەڵ کۆیلە بە بەزەیی بن و ئازاریان نەدەن.

کەنیزداری لە ئیسلامدا گەرچی وەکوو یاسا هەر ماوە بەڵام هەر وا کە دەزانین ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ هەموو کاتێک یاسای خۆی دەسەپێنێ، بۆیە ئەم یاسایە جگە لە هێندێ شوێنی دواکەوتووی شێخ نشینەکاندا نەبێ کە هێشتا قەرەواش (کەنیزی ڕەش بۆ خزمەتکاری ناوماڵ) ڕادەگرن، دەوری نەماوە و بە کردەوە لە نێو چووە.

درێژەی هەیە

**سەرچاوەکان**


١) *تاریخ تمدن*، ویل دورانت ، گروه مترجمین بەرگی ٤ ، ل ١٨٦ .

٢) *تاریخ تمدن اسلام*، جرجی زیدان، علی جواهر کلام، انتشارات امیر کبیر، ل ٤٩.

٣) *تاریخ کردستان و توابع*، شیخ محمد مردوخ کردستانی، انتشارات غریقی، سنندج، ل ١٢٢، ١٢٣.

٤) سەرچاوەی پێشوو ل١٢٣، ١٢٤.

٥) *اسلام در ایران*، ایلیا پاولویچ پتروشفسکی، کریم کشاورز، انتشارات پیام، ل ٤٦.

٦) *تاریخ تمدن اسلام*... بەرگی ٤ ل ٨٢٥ .

٧) *تاریخ کردستان و توابع*... ل ١٢١ .

٨) *تاریخ تمدن اسلام*... ل٦٦٥.

٩) تاریخ اجتماعی ایران، مرتضی راوندی، انتشارات امیر کبیر، بەرگی ٢ ، ل ٣٦.

١٠) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٨٨٤.

١١) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٦٢.

١٢) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٣٦٦.

١٣) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٦٨٣-٦٨٤ .

١٤) *ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا* ، عبدالخالق مەعروف، ل ٤٣ .

١٥) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٨٨٩- ٨٩٠.

١٦) *تاریخ تمدن اسلام*... ل٨٠١، ٨٠٢.

١٧) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٦٧.

١٨) *تاریخ تمدن اسلام*... ل٨٩١.

١٩) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٩٨٦ -٩٨٧.

٢٠) *تاریخ تمدن اسلام*... ل ٩٨٧.

٢١) *تاریخ تمدن اسلام*...ل ٦٨٤.

٢٢) *اسلام در ایران*...ل ١٩٨-٢٠٣.

٢٣) *اسلام در ایران*... ل ١٨٦.

٢٤) *اسلام در ایران*... ل ٢٠٣.


## ئاگاداری

هەموو ڕۆژێکی هەینی کاتژمێری ١٩-٢٠ تەلەڤیزیۆنی کوردان، بۆ ماوەی یەک سەعات، بەرنامەی کوردی لە öppna kanalen نیشان دەدا و تەنیا شاری ستۆکهۆڵم وەری دەگرێ. بەرنامەکان لە بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، هونەری، وێژەیی، و زانستی پێکدێن. لەگەڵ ئەوەشدا بە گۆرانی و ئاوازی کوردی دەڕازێتەوە و چالاکییە هونەری و وێژەییەکانیش بڵاودەکاتەوە.

**تەلەڤیزیۆنی کوردان**

## داوای لێبوردن لە خوێنەرەوان

لە نووسراوەکەی مندا (حاکمییەت و دەسەڵاتی سیاسی لە کۆماری کوردستاندا، گزینگ، ژمارە ١٣، ئۆکتۆبری ١٩٩٦) تاریخی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە هەڵە نووسراوە. سپاسی بەڕێز کاک عەلی کەریمی دەکەم بۆ ئاماژە کردن بەم هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشە بەو و بە هەموو خوێنەرەوان ڕابگەیێنم کە ئەو کەمایەسییە چ ئاڵوگۆڕێک لە لێکدانەوە و بۆچوونی من سەبارەت بە نەخشی حیزب لە کۆماردا پێکناهێنێ.

**عەبباسی وەلی، نۆڤامبری ١٩٩٦**

# مەم و زین ی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوایەتی کوردیدا

**Ehmadi Xani´s Mem u Zin and its role in the emergence of Kurish national awareness**

مارتین ڤان براوئیسن

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

**ئەم نووسینەی براوئیسن دەقی وتارێکە لە سمیناری ستۆکهۆڵم(شەمۆ ٢٧ی مای ١٩٩٥) پێشکێش کراوە. نووسەر دواتر بە باسەکەدا هاتووەتەوە و چەند خاڵی لێ زیاد کردووە.(وەرگێڕ)**

کاتێک کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد لە منیان گێڕاوە لەم سمینارەدا قسە بکەم، کە بە بۆنەی پیرۆزکردنی سێ سەدەی[نووسرانی]مەم و زینی ئەحمەدی خانی بەستراوە، ئەمن هەم هەستم بە شانازی کرد و هەمیش بە خۆمدا شکامەوە. ئەوە ڕاستە ئەمن لە سەر مێژوو و کۆمەڵناسی کوردان کتێب و وتارم نووسیوە و لە نووسینەکانمدا تەنانەت جارێک یان دوو جار چەند دێڕێکم لە ئەحمەدی خانی بە شاهید هێناوەتەوە، بەڵام ئەوە ئەمن ناکا بە پسپۆڕێک لە سەر ئەم بابەتە. سوێد ئەم شوێنەی ئەو سمینارەی لێ بەستراوە، ماڵ و وارگەی چەندین ڕووناکبیری کوردە کە یارمەتی جیدییان کردووە بۆ[ناساندن] و لێکۆڵینەوە لە سەر خانی، بەر لە هەموان **محەممەد ئەمین بۆزئەرسلان**[١]، **محەممەد عەلی**[٢] و **فەرهاد شاکەلی**[٣] و لەم دواییانەشدا **مەحمەد ئوزوون**[٤] و **موراد جوان**[٥]. ئەمن بە نابەدڵییەوە ئەم وتارەی خۆمتان پێشکێش دەکەم لە شوێنێکدا کە ئێوە دەتوانن گوێ لەو خەڵکە زۆر ئاگادارترەش بگرن. بۆ زۆربەی ئەو[شتانەی] ئەمن لە سەر ئەحمەدی خانی دەزانم خۆم بە قەرزداری ئەو کەسانە دەزانم کە باسم کردن و ڕەنگە نیوەی بەشدارانی ئەم سمینارە زۆر زیادتر لە من سەبارەت بە مەم و زین و ئەحمەدی خانی بزانن.

جا بۆیە تەنانەت هەوڵیش نادەم بۆ ئەوەی زانیاریی تازە لە سەر ئەو شوێنەوارە کلاسیکییەی کوردی و نووسەرەکەی پێشکێش بکەم، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لە هێندێک لە زانیارییە پێزانراوەکان دەڕوانم. دەبێ پێشاوپێش ئاگادارتان کەم کە هێندێک لەو بیرانەی ئەمن دەیخەمەبەر زەینی ئێوە لەوانەیە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئێوە و هەروەها تێڕوانین و بۆچوونی ئەو نووسەرانەی کە هەر ئێستا باس کران ناکۆک بن ویەکنەگرنەوە. ئەمن چبڕ ئیدعای ئەوە ناکەم زانیارییەکی باشتر یان قووڵترم لەو بارەیەوە هەیە ـ بەڵام بەوپەڕی خۆبەکەمگرتنەوە بیروڕاکانی خۆم دەهێنمە گۆڕێ وەکوو ڕوانگەیەکی دیکە بۆ تێڕوانین لەم بابەتە.

**داخودا خانی ناسیۆنالیستێکی کورد بوو و داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکرد؟**

هەڵبەت، سەبەبی باش هەن، بۆ ئەوەی، ئەحمەدی خانی بە باوکەگەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ ـ و لە خوارەوە ئەمن نیشان دەدەم کارەکانی، بەتایبەتی مەم و زین چ دەورێکی گرینگی لە قۆناخە ناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا گێڕاوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو[قسەیە] دەدا کە خانی بۆخۆی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد نێودێر بکرێ. ئەمن لەو بڕوایەدا نیم، و پێشم وایە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بە یەک دوو دێڕی بە نێوبانگی نێو مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە و بڵێین خانی بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردووەتەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئەحمەدی خانی وشیارییەکی زۆری سەبارەت بە هەوێتی کوردی خۆی هەبوو و شانازی پێوەدەکرد، و ئەوەش ڕاستە کە ئەو چالاکی ئەدەبیی خۆی بە خزمەتێک بە کوردان دادەنا. لە سەدەکانی پێشتر لەو. شاعیران وزانایانی کورد بە گشتی[بیروڕای]خۆیان بە فارسی یان عەرەبی دەردەبڕی.

شەرەفنامە، کە نزیکەی سەدەیەک بەر لە مەم وزین تەواو بوو، بەفارسی داندرا، تەنانەت پێش لەویش، ئیدریسی بدلیسی نووسراوەکانی خۆی سەبارەت بە مێژووی عوسمانی بە فارسی نووسیوە. ڕەنگە نووسین بە کوردی قەت بە مێشکی ئەو نووسەرانەدا ڕانەبردبێ، [ئەو سەروبەندی] فارسی نەک وەک زمانی هەرە دەوڵەمەند بۆ دەربڕینی ئەدەبی داندرا، بەڵکوو زمانێکیش بوو کە خوێنەرەوە و گوێگری هێزەکی بەربڵاویشی دەستەبەر دەکرد چونکوو زۆر خەڵکی خوێندەوار لە ئیمپراتووری عوسمانی دا دەیانتوانی ئەو زمانە بخوێننەوە، هەروەها لە هیندوستان و ئێرانیش. ئەحمەدی خانی دەبێ لەوە ئاگادار بووبێ کە بڕیاردانی بۆ بەکوردی نووسین لە جیات ئەوەی بە فارسی بنووسێ مانای ئەوە بوو کە قەت خوێنەرەوە وبیستەری ئەوەندە زۆر نابێ و خوێنەرەوەکانی هەر کوردەکان دەبن و ئەو قەت نێوبانگی سەرمەشقی گەورەی خۆی، واتە نیزامیی گەنجەیی وەدەست

ناهێنێ. خانی بە ئانقەستە زمانی کوردی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پلەی فەرهەنگی کوردی لە چاوی دراوسێییەکانی کوردەکاندا بەرەوژوور بەرێ. بە قسەی خۆی:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حسێبن

خانی یەکەم شاعیر نەبوو شێعری کلاسیکی بە کوردی بنووسێ، ئەو بۆخۆی باسی شاعیرانی پێش خۆی وەک فەقێی تەیران، عەلی حەریری و مەلای جزیری دەکا، بەڵام واوێدەچێ کە زۆر شاعیری دیکەش هەبووبن کە ئێستا لە بیرچوونەتەوە چونکوو نووسراوەکانیان نەپارێزراون. گەڕیدەی بەنێوبانگی تورک ئەولیای چەڵەبی لە کاتی سەردانی خۆی لە عەمادیە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٦٠دا باسی ئەوە دەکا کە لە دیوەخانی میری ئەوێدا بە دەرزن شاعیری هەڵکەوتوو هەبوون، کە شێعری زۆر دڵگریان بە زمانی کوردی دەنووسی. ئەولیا قەسیدەیەکی دەوڵەمەندی یەک لەو شاعیرانە ڕەمەزان ئەفەندی دەگێڕێتەوە و نیشان دەدا لەو سەروبەندیدا چالاکییەکی ئەدەبی کوردیی زیندوو و بەمرخ هەبووە.[٦]

چ شتێک بووە هۆی گوڵکردن و بوژانەوەی ئەدەبی کوردی لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەمدا؟ چ وڵامێکی ساکار بەو پرسیارە نادرێتەوە، بەڵام ئەمن وای بۆ دەچم ئەوە ڕەنگە بە وردی لە بەر زاڵبوون و سەردەستی عوسمانی بووبێ کە خانی سکالای لێدەکرد و پێوەی دەناڵاند. ئێمە دەبینین لە ئەستەمبووڵ لە سەدەی ١٦هەم بەملایەوە وردەوردە زمانی تورکی عوسمانی وەکوو زمانی دەرباری و دەربڕینی زانایانە جێی فارسی دەگرێتەوە. ئەو نموونەیە ڕەنگە هانی شاعیرە کوردەکانی وەک مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی دابێ کە شێوەیەکی ئەدەبی زمانی خۆشیان پەرەپێبدەن. لەوەش گرینگتر، یەکەم سەدەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی سەردەمی بەرێژە هێور و بەسباتی لەتەک خۆیدا هێنا. بنەماڵە فەرمانڕەواکوردەکان کە خۆیان کردبووە ژێردەستەی عوسمانییەکان ئۆتۆنۆمی، هێمنی و خۆشبژێتییان هەبوو و ئەوەش هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندن کە ببنە پشتیوان و هاندەری هونەر و زانست. میرەکان و حاکمە عوسمانییەکان (بەگلەربەگەکان و سنجاقبەگەکانیش) یارمەتی حوجرە و مەدرەسەکانیان دەدا کە تێیاندا پیاوی گەنجی کورد زانستی ئایینی و ئەدەبییان دەخوێند. دیوەخان و حوجرەی مزگەوتان شوێنی ئەوتۆ بوون کە تێیاندا هونەر و بەتایبەتی ئەدەبییات ڕێزیان لێ دەنرا، هەڵبەت دیارە شاعیرە کوردەکانی ئەو سەروبەندی سەر بە یەک لەو شوێنانە، یان هەردووکیان بوون.

ئەوە ئێمە دەگەیێنێتە گۆیا ناسیۆنالیزمی خانی. هێندێک بڕگەی دیباچە(سەرەتا)ی مەم و زین بێسێودوو زرینگەی نوێباوبوونی لێوەدێ، وەک ئەوەی بڵێی ئەو[قسانە] لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی بەرایی سەدەی بیستەمەوە کرابن تا ئەوەی کە قسەی سێ سەدە لەوەپێشتر بن. وەک ئەوە وایە کە بڵێی خانی داوای دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی کورد دەکا. لەڕاستیدا، ئەمن بۆخۆم بۆ ماوەیەک پێمڕابوو ئەوانە لەلایەن نووسەرەوەیەکەوە زۆر دواتر لە نووسراوەکەی خانی ترینجێندراون، چونکوو ئەوان لەبەر گوێی من زۆر تازە بوون. بەڵام ئەو وشانە لەو چاپە زانستییە وا لەلایەن م. ب. ڕۆدێنکۆ M. B. Rudenko وەشرا بڵاوکراوەتەوە هەن، کە لە ڕووی نۆ دەستنووسی جۆربەجۆرەوە ساخکراوەتەوە، کە ئەوی هەرە کۆنیان لە ساڵانی ١٧٣١-١٧٣٢دا نووسراوەتەوە واتە زۆر پێش لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.[٧]

گەر دی هەبووا مە پادشاهەک
..............................
غالب نەدەبوو لە سەر مە ئەو روم

وە دیسان:

گەر دی هەبووا مە ئیتیفاقەک
ڤێک را بکرا مە ئینقیادێک
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
حەمیان ژ مەرا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین ودەولەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

«ئەگەر تەنێ یەکێتیمان هەبایە و سەرمان وەبەر یەکتری هێنابا، ئەو دەمی گشت عوسمانییەکان و عەرەبەکان و ئێرانییەکان دەبوونە خزمەتکاری ئێمە، لە ئایین و سیاسەت دا بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتین[٨] و زانست و ژیریمان بەرهەم دەهێنا.»

وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ کە ئەو قسانە وەک سکاڵای کوردێک بخوێنێتەوە کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی چ دەوڵەتی نییە لە کاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان و فارسەکان هەیانە. لەم جورە تێخوێندنەوەیە دوو گیروگرفت ڕاست دەبنەوە. بە پێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندی ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەمی خەڵک بە گشتی خۆیان بە گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد، بەو شێوەیەی کە خەڵک لەم ڕۆژگارەدا دەیکەن. ڕۆم ، عەرەب و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکی خاوەن دەوڵەت(بە دەوڵەت)نین. ڕۆم لە بناوانەوە ئیمپراتوری ڕۆم بوو و دواتر بەشی ڕۆژهەڵاتی واتە بیزانتیۆم، پاشان ئەم نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکارکرا، دەوڵەتەکانی سەلجووقی و عوسمانی و ئێستا جارجار بۆ نێودێرکردنی کۆماری تورکیا بەکاردەهێنرێ ـ بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێرکردنی تورکی ئاسایی دەکارنەکراوە.[٩] زاراوەی عەجەم لە لایەن عەرەبەکانەوە دەکاردەکرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بە زمانی جوێ لە عەرەبی دەدوان، و لە زمانی تورکی عوسمانی دا تایبەتی بۆ نێودێرکردنی هەموو جورە ئێرانییەک دەکاردەکرا و لەوانە تورکی ـ ئاخێوەرانیش. عەرەب و کورد(یان کرمانج، خانی هەردووکیان بەکاردەهێنێ) دەوڵەت نین بەڵکوو گرووپی ئینسانین، بەڵام ئەمن لەوە بەگومانم کە داخودا مەبەستی خانی بەوردی لە نێوهێنانی هەمان گەل بووە کە لەم ڕۆژگارەدا ئێمە وەک نەتەوەی کوردی باس دەکەین. هەروەک ئەمن لە جێگەی دیکەشدا نووسیومە، زاراوەی کورد لەو زەمانیدا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێرکردنی عەشیرەتەکوردەکان و بەشێک لە دەستەی سەردەستی ئاریستۆکراتی شارنشین بەکارهاتبێ، بەڵام نەک بۆ جووتێرانی ـ نا ـ عەشیرەتی.[١٠]

گیروگرفتی دووهەم دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان: ئەودەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لە ئاسیا و نە لە ئورووپا. چ دەوڵەتی تورکی، عەرەبی یان فارسی لە گۆڕێدا نەبوو، وە چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی کە هەبوون لە سەر بنچینەی هەوێتی ئایینی یان پێناوداری و وەفاداری سەبارەت بە بنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون، وەک سلسلەی عوسمانی و سەفەوی،

کە هەردووکیان تورک زمان بوون بەڵام هیچکامیان هەوڵی نەدەدا بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندی ئێتنیکی تورکی. ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون، و ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە ئەو پادشایەکی کوردی بە ئاوات خواستووە و دەوڵەتەکەی ئەو بە هیچ کلوجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە بەڵکوو دەوڵەتێکی فرەئێتنیکی دیکەی لەبەرچاو بووە، کە تێیدا "ڕۆم و عەرەب وعەجەم تەمامی، حەمیان ژ مە را دکر غولامی".

ئەگەر لە ناسیۆنالیزم، مەبەستمان ئەوە بێ وەک ئێرنێست گێلنر دەڵێ «ئەو پرینسیپە سیاسییەی کە تێیدا دەبێ یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوایەتی لەگەڵ یەکتریدا جووربێنەوە و تەبابن»[11] ئەو دەمی خانی نابێ بە ناسیۆنالیست دابندرێ. ئەو بە دووبەرەکی کوردان پەشێو بوو و پێوەی دەناڵاند و لەوە بێزاربوو ئەوان دەنێو خۆیاندا ناتەبان، و بەچاو خانییەوە ئەو دووبەرەکی و بێ ئیتیفاقییە ببووە هۆی ئەوەی ئەوان وەک ژێردەستەی دەوڵەتە دراوسێیەکانیان بژین، ئەگەر ئەوان لە نێو یەکتریدا یەک بایەن، لەوانەبوو بۆخۆیان زاڵ بووبان.

**ئەحمەدی خانی بۆ کێی دەنووسی، کێ شوێنەواری وی دەخوێندەوە؟**

مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە سەر بنچینەی ئەفسانەی بەنێوبانگی گەلیی بە نێوی مەمی ئالان(کە جارجار بە مەم و زین یش هەڵدەدرێ) هۆندراوەتەوە، بەڵام جیاوازییەکی زۆری لەگەڵی هەیە چ لە شێوە وچ لە ناوەرۆکدا. خانی ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ماکی چیرۆکەکەدا کردووە، و چێن لەسەر چێن واتای ڕەمزی لەم داستانە زیاد کردووە، بە بیری عارفانە و لە سروشت بەدەر و بیروڕای خۆی لەمەڕ سیاسەت ڕازاندوویەتەوە و دەوڵەمەندی کردووە، و لە هەوای شێوەی هۆنراوەی مەسنەوی فارسی نووسیویەتەوە. ئەوکارە ئەوفکرە دەهێنێتەگۆڕێ کە ئەو بە دەرەجەی یەکەم داستانەکەی بۆ ئەو کەسانە بەرهەم هێناوە کە هەر ئەوانەی نەبوون کە گوێیان لە بەیت و باوی حیکایەتخوان و بەیتبێژی تەقلیدی گرتووە، ئەو حیکایەتخوانانەی کە مەمی ئالانیان لە پشتێکەوە بۆ پشتێکی دی بەدیاری هێشتبووەوە، مەبەستی وی گوێگرانێکی زۆر هەڵکەوتووتر بوون، کە لە وزەیاندا بووبێ ئاستە زیادتر ڕەمزی و لە سروشت بەدەرەکەی شوێنەوارەکەی تێبگەن و ئاگایان لە شێوەکانی ئەدەبی فارسی بووبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەچاوی ڕێزەوە لە دەستکەوتی خانی بڕوانن و قەدری بزانن. ئەو ئاڵقەیەی گوێگران و خوێنەرەوان دەبێ زۆر بەرتەنگ بووبێ، و لەوانەیە هەر لە دیوەخانی ئیمارەتەکان و لە حوجرە و مەدرەسە باشترەکاندا هەبووبن.

ژمارەی دەستنووسەکانی مەم و زین کە لە کۆکراوەی گەورەی دەستنووساندا هەن تەواو بەرتەنگ و بەسنوورن. هەروەک باسکرا، ڕۆدێنکۆ نۆ دەستنووسی جیاوازی دۆزییەوە و بەکاری هێنان(سێ لەوان سەر بە کۆکراوەی ئالێکساندر ژابان). لە ڕۆژئاوا تەنێ چەند دەستنووسی کەم هەن*. زەحمەتە تەخمین بکرێ کە بەر لە دەرکەوتنی یەکەم چاپی مەم و زین لە کۆمەڵگەی کورددا چەند دەستنووسی ئەو شوێنەوارە هەبووە. بەڵام ئەمن پێموانییە ئەوانە لە چەند سەدێک زیادتر بووبن. ئەگەر ئێمە وای دانێین کە هەر دەستنووسەی لەلایەن بیست کەس ڕا خوێندرابێتەوە، سەرجەمی ئەو کەسانەی کە ئەو دەمی مەم وزینیان خوێندبێتەوە لە چەند هەزار کەسی تێناپەڕێنێ. ڕەنگە ئەو تەخمینەش بە زیادەوە داندرابێ.[12] ئەوە تەنێ دوای هاتنی چاپ بوو کە هەلی ئەوە ڕەخسا خەڵک بەکۆمەڵ خانی بخوێننەوە.

خوێنەرەوەی خانی بە پێزانینەوە لە بڵیمەتی ئەدەبی وی چێژیان وەردەگرت بەڵام ئێمە هەر بە گریمانەوە دەتوانین بڵێین داخودا ئەوان هەر هەمان پەیامی سیاسی یان لە شوێنەوارەکەیدا دەخوێندەوە وەک ئەوەی کە وەچەکانی دواتر کردیان. مەلا مەحموودی بایەزیدی کە لە ساڵانی ١٨٥٠دا لە سەر داوای کونسوولی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم، ئالێکساندر ژابا، بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوەیەکی کورتی لە سەر ئەدەبی کوردی نووسی، مەم وزین هەر بە «داستانێکی دڵداری»دادەنێ(کتێبەکی عاشق مەعشووقان). مەلا مەحموود بە کارامەیی ئەدەبیی خانی هەڵدەڵێ و دەڵێ خانی شاعیری هەرە بەنێوبانگ و هەرە خۆشەویست و هەڵکەوتووی کوردە ــ بەڵام مەلا مەحموود هیچ باسی لایەنە باشەکانی نا ـ ئەدەبیی خانی ناکا.[13]

**بیروڕاکانی خانی بەر بەخواروو بڵابوونەوە: حاجی قادری کۆیی**

ڕەنگە یەکەم کەسی کە پەیامی ناسیۆنالیستی لە مەم وزین دا ناسیبێتەوە نووسەری لای خوارووی کوردستان حاجی قادری کۆیی(١٨١٧-١٨٩٧)بێ. هەروەک ئێمە لە خوارەوە دەبینین، حاجی قادری کۆیی کەسایەتییەکی کلیلی بوو کە شوێنێکی گەورەی کردە سەر وشیاریی نەتەوایەتی کورد چ لە سەروو و چ خوارووی کوردستان. ئەو لە سەروبەندی فەقێیایەتی خۆیدا لە حوجرەی مزگەوتەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستانداخوێندی.[14] ئەو لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی گەورە لە کوردستاندا دەژیا، ئەو گەنج بوو کاتێک ئاخر میرنشینی کورد لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە هەڵوەشێندرا. دەبێ ئەو بە تەجرەبەی شەخسی ئاگاداریی سەبارەت بە ئاخر فەرمانڕەوای گەورەی سۆران، میر محەمەدی بەنێوبانگی ڕەواندز(کە بە میرەکوێرە ناسراوە، ١٨١٤-١٨٣٥)هەبووبێ. دەنگوباس سەبارەت بە دەستەڵات و عەدالەتی بەدرخان بەگی جزیری، کە لە ساڵانی ١٨٤٠دا تەقریبەن خۆی لە حکوومەتی عوسمانی ڕزگار کرد و جۆرە سەربەخۆییەکی هەبوو و بەشێکی گەورە لە کوردستانی خستەبن دەستەڵاتی خۆی، ئەوەش دەبێ شوێنێکی گەورەی لە سەر حاجی قادر کردبێ. تێکشکانی یەکجارەکی ئەو ئاخر میرە مەزنە کوردە و ئەو هەرکەس هەرکەس و ناهێمنییەی کە بەدوای ئەو سەروبەندەدا هات، کە تێیدا واوێدەچوو عەشیرەتەکان لە کێشە وهەرای بەردەوامدا بن لەگەڵ یەکتریدا، هەوێنی ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و گەورەکردنەوە و ئاوات خواستنێکی خەفەتبۆ خواردنی ڕابردووی دەرەبەگییان لە مێشکی حاجی قادردا سازکرد.[15]

لە سەردەمی دواتری ژیانیدا، حاجی چووە ئەستەمبووڵ و لەوێ پێوەندی لەگەڵ بنەماڵە هەڵکەوتووە کوردەکاندا پەیداکرد،. لەبەر ئەوەی ئەو کاتی نیتر مەلایەکی تەواو خوێندەوار و ئەدیبێکی گەورەبوو، بنەماڵەی بەدرخان کردیان بە مامۆستای منداڵەکان. حاجی قادر کە بۆخۆی پێشینەیەکی نەدارانەی هەبوو، وێدەچێ شانازی بەوەکردبێ کە خزمەتی ئەو بنەماڵە نەجیبزادەیە بکا. لایەنی ناسیۆنالیستیی شێعرەکانی ڕەنگە زیادتر لە بەر هەستان و دانیشتن و تێکەڵاوی لەگەڵ بەدرخانییەکان بووبێ، لەلایەکی

* تێبینی وەرگێڕ: مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم لە وتارێک لە گۆڤاری ڕەنگین دا باسی دوو دەستنووسی مەم وزین دەکا کە لە «دەستنووسخانەی دیوانیی دەوڵەتی عێراقدا(دار مخطوطات صدام) لە بەغدا هەن و دەنووسێ فتوکۆپی ئەو نوسخانەی ئەمساڵ ناردووە بۆ محەممەد ئەمین بۆزئەرسلان. (محەممەدی مەلا کەریم: لە پێشوازیی بیرەوەری سێسەدساڵەی مەم وزینی خانیدا ــ بۆزئەرسلان گیانێکی تازەی کردەوە بە بەری ئەم شاکارەی ئەدەبی کورددا ــ گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٨٠، ١٥ی حزیران ١٩٩٥، چاپی‌بەغدا)ل٦و٧.

دیکەوە، واوێدەچێ کە وەچە گەنجترەکانی بەدرخانییەکان کەوتبنە بەر نفوزی ناسیۆنالیزمی حاجی قادر. بە پێی قسەی قەناتی کوردییڤ، حاجی قادر یەکەمجار لە ڕێگەی بەدرخانییەکانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شوێنەوارەکانی خانی پەیدا کرد.[١٦] تەئسیری خانی بە ئاشکرایی بە شێعرەکانی حاجی قادرەوە دیارە و لە ڕاستیدا بۆ ئەدەبی سۆرانی حاجی قادر بوو بە ئەوەی کە ئەحمەدی خانی بۆ ئەدەبی کرمانجی بوو. جێنشینێکی کە وەچەکانی دواتری ناسیۆنالیستەکان هەمیشە بۆ ئیلهام وەرگرتن و پشتگەرمی ڕووی لێدەنێن و شێعرەکانی بە شاهید دەگرن بۆ ئەوەی هەستی ناسیۆنالیستی خۆیانی پێدەرببڕن. بۆ حاجی قادریش، هەروەک خانی، نووسین بە زمانی کوردی هەڵبژاردنێکی سیاسی بوو، ئەو دەڵێ بە بێ ڕێزگرتن لە زمانی کوردی، نەتەوەی کورد لە باری سیاسییەوە نییە چونکوو ئەگەر ئاوابێ کۆمەڵگەی کورد چ شتێکی سەبارەت بە ڕابردووی خۆی لە بیر نابێ:

کتێب و دەفتەر وتەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر وپادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو ونیشانی[١٧]

کۆیی ڕابردووی بە ئاوات دەخواست و ئاوڕی لە چاخی زێڕینی میرنشینەکان لە مێژووی کورددا دەداوە:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیظی شەریعەت بوون
سەییدی قەوم وشێخی میللەت بوون
سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان
مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان
هەرکە فەوتان ڕیای ئەولن دەرکەوت
سەیری چون بوونە پوش وئاگر و نەوت
یەکێ لەم لاوە ڕوودەکاتە عەجەم
دوو لە ئەو لاوە دەبنە دوژمنی هەم
........................................

کوا والی یی سەنەندوج، بەگزادەیی ڕەواندوز
کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان
کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد وسەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵک ومیللەت، صاحێبی جەیش وعیرفان
[١٨]........................................

بە ڕوونی دەردەکەوێ دوای ئەوەی حاجی قادری کۆیی مەم زینی خوێندووەتەوە ئەو شێعرەی نووسیوە، و ئینسان نفوزی ئەحمەدی خانی تێدا هەست پێدەکا: هەر هەمان گازندە وبناشت سەبارەت بە کێشە و دووبەرەکی نەپساوەی عەشیرەتەکوردەکان، هەر هەمان ئارەزووی فەرمانڕەوایەکی کورد. هەر جیاوازییەک لە ئارادایە: ئەحمەدی خانی لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو **پادشا** کوردەی ئەو بە ئاواتی دەخواست، کە بتوانێ هەموو عەشیرەتەکان یەکخا، قەت لە ڕابردوودا هەبووبێ؛ بەڵام واوێدەچێ حاجی قادر لەو بڕوایەدا بووبێ کە میرە کوێرە و بەدرخان بەگ ئەو جورە **پادشایە بووبن** (ئەگەرچی ئەو بە نێو نێویان ناهێنێ). لەکاتێکدا دەکرێ مەم وزین وەکوو ڕەخنەیەک لە کۆمەڵگەی دەرەبەگی بخوێندرێتەوە ـ هەرچۆنێک بێ، میری جزیرێ، دەورێکی زاڵمانەی تێدا هەبوو ـ وتەکانی حاجی قادر هەر پڕە لە پەسن و پێداهەڵگوتنی میرەکوردەکان. ئەمن دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەیە کە لە کەیسی ئەحمەدی خانیدا قسە لە ناسیۆنالیزم بکەم، بەڵام بە حاجی قادری کۆیی بێ ئەملاوئەولا ئێمە شاهیدی هاتن ودەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئیدەئالی دەبین. گۆیا کۆیی مەم زین ی بە «کتێبی نەتەوەی ئێمە» (کتێبا میللەتێ مە) دادەنا هەروەک لە خوارەوە دەبینین لە سەروبەندی جوربەجور و گرینگی پێشوەچوونی بزووتنەوەی کورددا مەم وزین دەورێکی گەورەی گێڕاوە وەکوو ڕەمزێکی نەتەوایەتی.

### مەم و زین بە چاپکراوی

دەرکەوتنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، **کوردستان**، یەک لەو سەروبەندە گرینگانە بوو. **میقداد میدحەت بەدرخان**، کە یەکەم ژمارەکانی کوردستان ی لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپ کرد، یەک لەو منداڵانەی بەدرخانی بووە کە کۆیی دەرسی پێگووتن. میدحەت بەدرخان لە ژمارەی٢ی **کوردستان** ەوە و لە ژمارەکانی دواتریدا دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی بەشێک لە مەم و زین بۆ ئەوەی نیشان بدا کە دەکرێ بەکوردیش شوێنەواری هەتا بڵێی پڕ ناوەرۆکی ئەدەبی بنووسرێ. ئەو نووسی: «ئەمن بەشێک لەو کارەم وەرگێڕاوە و بۆ عولەمای تورک وعەرەبم خوێندووەتەوە»، « و ئەوان گشتیان لەو بڕوایەدا بوون کە قەت شتێکی لەو بابەتەیان نەدیتووە کە لەم کتێبە باڵاتر بێ»![١٩] سەرنجڕاکێشە لێی خوردببینەوە کە ئەو دەستنووسەی مەم وزین کە میقداد میدحەت بەکاری هێنا ئی حاجی قادری کۆیی بوو. وەک ڕێزلێنان و بیرەوەری حاجی قادر، لە ژمارە ٣ی **کوردستان دا** میقداد میدحەت ئەو شێعرە سۆرانییەی کە حاجی قادر بە دەستی خۆی لە سەر ئاخر لاپەڕەی دەستنووسەکەی نووسیوە بڵاوکردەوە. کۆیی لەو شێعرەدا خۆی بەتەنیا کەسێک دادەنێ کە بە تەنیشت خانییەوە بناخەی شێعری کوردی داناوە.[٢٠] ئەو ئیدعایە، ئاشکرایە گەورەکردنەوەی تێدایە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ئەو دەورێکی بنەڕەتی هەبووە لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی شوێنەوارەکەی خانیدا. داخودا ئەگەر میقداد میدحەت شاگردی کۆیی نەبووبایە مەم و زین لە کوردستاندا بڵاودەکرایەوە؟

میقداد میدحەت لە **کوردستان**دا ڕایگەیاند کە مەبەستی وایە هەموو دەقی **مەم وزین** وەکوو کتێب بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەو قەت ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوت. یەکەم چاپی تەواوی مەم وزین دەکەوێتە دەورەی دواتری بزووتنەوەی کورد، ساڵانی دوای هەڵوەشانی ئیمپراتوری عوسمانی لە شەڕی یەکەمی دنیاگردا، ئەو سەروبەندەی کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕێی تێدەچوو دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ. دوای تەقەوەستان و ئاگربەسی ساڵی ١٩١٨ و داگیرکرانی ئەستەمبووڵ بەدەست بریتانیاییەکان و فەڕانسەییەکان، ئاریستۆکرات و ڕووناکبیرە کوردەکان کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی، **کوردستان تەعالی جەمعییەتی** یان دامەزراند. ئەو کۆمەڵەیە چەند لک وکۆمەڵەی لەمەڕ خۆی و پێوەلکاوی هەبوو، یەک لەوان **کورد تەعمیمی مەعاریف وە نەشرییات جەمعییەتی** بوو، کە بەسەر کاری پەروەردە و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی ڕادەگەیشت. یەکەم کتێبی کە لە لایەن ئەو کۆمەڵەیەوە بڵاوکرایەوە، لە ساڵی ١٩١٩، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو. لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا کتێبێکی بوو کە لە لایەن

کتمنج ڕا بلاوکرایەوە. و بلاوکردنەوەی مەم وزین ڕەنگە چالاکی هەرە گرینگی ئەو کۆمەڵەیە بووبێ.[٢١] بەگشتی وازاندراوە کە زۆربەی نوسخەکانی ئەو کتێبە دواتر سووتێبراین بەلام بەلانی کەمەوە چەند دانەیەکی ساخ دەرچوو و مایەوە[٢٢] و لەبەر ئەو نوسخانەوە زۆر دەستنوس هەڵگیرانەوە. ڕەنگە تەنیا دوای ئەو چاپە بووبێ کە **مەم و زین** بە ڕاستی لە سەرانسەری سەرووی کوردستاندا ناسرابێ و نێو بانگی بلاوبووبێتەوە.

لەو پێوەندییەدا بەجێیە بەتایبەتی باسی یەک لە ئەندامانی **کورد تەعمیمی مەعاریف و نەشرییات جەمعییەتی** بکرێ، ئەگەر هەر لە بەر ئەوەش بێ کە ئەو دواتر بوو بە یەک لە بیرەوەرە هەرە ڕەسەن و بەدەستەلاتەکانی ئیسلامی تورکیا لە سەدەی بیستەمدا. **سەعیدی نوورسی** لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ئەستەمبووڵدا نوێنەرایەتی نەریتی مەدرەسە و حوجرەی مزگەوتانی دەکرد. ئەو پیاوێکی خوێندەوار و زانا، بیر ئاواڵە و بە تابوشت بوو و زۆر بەتەنگ پەروەردەکردن و بارهێنانی کوردە هاوکوفەکانییەوە بوو، هەر لە بەرایی ساڵی ١٩٠٩دا ئەو لە ئەستەمبووڵ خوێندنگەیەکی بۆ منداڵی کورد دامەزراندبوو. ئەو کتێبەی لە سەر بیۆگرافی وی نووسراوە، باسی پێوەندی زۆر زووی ئەو بە [بیروڕای]ئەحمەدی خانییەوە دەکا. سەعید نوورسی دوای ئەوەیکە لە مەدرەسە جۆربەجۆرەکانی بدلیس و وان خوێندی، سێ مانگیشی لە مەدرەسەیەک لە بایەزید دەربازکرد، ئەو شارەی کە لە نزیک وێ خانی نێژراوە. نوورسی لە ماوەی ئەو سێ مانگەیدا کە لە بایەزید بوو، زۆربەی کاتی خۆی، بە ڕۆژ وشەو، بەدیار گۆڕی ئەحمەدی خانییەوە بەسەربرد. خەڵکی ناوچە کە ئەوەیان چاوپێکەوت ئەو بڕوایەیان تێدا پێکهات کە ڕوحی خانی لە قالبی سەعیددا خۆی دەردەخا (**«ئەحمەد هانی حەزرەتلەرنن فەیزنە مەزهەر ئۆڵدو!»**)[٢٣] زۆر دواتر سەعید نوورسی هێشتا ئەو چاخەی بە قۆناخی هەرە گرینگی خوێندن و پەروەردەی خۆی دادەنا. ڕەنگە ئەو زۆر دواتریش کە بە ڕەسمی پێوەندی خۆی لە تەک بزووتنەوەی کورد بڕی هێشتاش بە توندی پێوەندی بە بیروڕای خانییەوە هەر پاراستبووبێ.[٢٤]

دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان، **کوردستان تەعالی جەمعییەتی** ناچاربووچالاکییەکانی ڕابگرێ. دوای ساڵی ١٩٢٢ئێمە چیتر سەبارەت بەو کۆمەڵەیە نابیستین.[٢٥] بەدرخانییەکان، کە زۆر بە ئاشکرایی بە دژی کەمالییەکان هەڵوێستیان گرتبوو، ولاتیان بەجێهێشت و زۆر لەوانەی کە لە ولاتدا مانەوە لەگەڵ دەستەلاتدارانی کەمالی دەکێشە کەوتن. سەید عەبدولقادر دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە سێدارە درا، سەعید نوورسی زۆربەی ژیانی لە دوورخستنەوە و تاراوگەی نێو خۆییدا ڕابوارد. لە ساڵی ١٩٢٧، جەلادەت و کامران بەدرخان لەگەڵ چەند ڕووناکبیری دیکەدا، کە ئەودەمی لە سووریا دەژیان کۆمەڵەیەکی نوێی کوردی بە نێوی خۆیبوونیان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٣٢ برایانی بەدرخان دستیان کرد بە بلاوکردنەوەی گۆڤاری گرینگی **هاوار**، یەکەم بەرهەمی جیدی بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەبی کرمانجی. **هاوار** بناخەی ستانداردی کرمانجیی نووسینی دانا، هەم بە شێوەی داهێنانی ئەلفوبێتکەی لاتینی وهەم شێوەی زاراوەی جزیری کە نووسراوەکانی هاوار بەو نووسراون بوون بە ستانداردی ئەدەبی کرمانجی.

جا ئەوە بە هیچ جور سەیر نییە کە **هاوار**یش سەرنجی دابێتە سەر ئەحمەدی خانی. لە ژمارەی ٣٣ی ئەو گۆڤارەدا(١ی ئۆکتۆبری ١٩٤١)، جەلادەت بەگ کە بە نازناوی هێرکۆل ئازیزان دەینووسی، نووسراوەیەکی بە نێوی «کلاسیکێن مە»بلاوکردەوە، کە تێیدا سەرنجێکی تەواوی دایە سەر خانی و مەم و زین. لەو وتارەدا ئەو، خانی لەگەڵ ڕۆمی بەراورد دەکا کە سەبارەت بە وی مەلای جامی گوتوویە«لەوانەیە ئەو پێغەمبەر نەبێ، بەلام ئەو کتێبێکی (پیرۆزی) نووسیوە» (نە پێغەمبەرە، لێ کتێبا وی هەیە)، سەبارەت بە خانی جەلادەت بەگ دەڵێ، شتێکی باشتر دەکرێ بگوترێ: «ئەو نەک هەر کتێبێکی نووسی، بەڵکوو ئەو پێغەمبەریشە، پێغەمبەری بیر وباوەڕی نەتەوایەتی ئێمە، پێغەمبەری ئایینی ڕەگەزیی ئێمە» **(بەلێ خانی ژی خودان کتێبە، لێ خانی پێغەمبەرە ژی. پێغەمبەرێ دیانەتا مە ئا میللی، پێغەمبەرێ ئۆلا مەئا نژادین)**. تەنێ بەشێکی کورت لە مەم وزین لە **هاوار**دا بلاوکراوە، بەلام چەند ساڵ دواتر چاپکراوەیەکی چاپی ئەستەمبووڵ لە حەڵەب چاپ کرا(١٩٤٧).

کۆماری مهاباد یەک لە چەند ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردە کە تێیدا مەم وزین ی خانی چ دەوری نەگێڕا. بەلام ئەوە **هەژار**ی شاعیر بوو، کە لە زەمانی کۆماردا چالاک بوو و دوای ڕووخانی کۆمار لە عێراق دامەزرا، کە دواتر لە خواروو و ڕۆژهەلاتی کوردستان خانی ناساند و نێوبانگی بلاوکردەوە.[٢٦] وەرگێڕاوی سۆرانی هەژار لە ساڵی ١٩٦٠لە بەغدا چاپ بوو. ئەوە تەئریخێکی گرینگ بوو، چونکوو لە تەک لەدایکبوونی بزووتنەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە عێراق یەک دەگرێتەوە، دوای ڕووخاندنی حکوومەتی پادشایەتی بە دەستی عەبدولکەریم قاسم. چەند کەس باسی ئەو شوێنە قووڵەیان بۆ کردووم کە خوێندنەوەی وەرگێڕاوکەی هەژار لە شوێنەوارەکەی خانی لێی کردوون.

سەرهەڵهێنانەوەی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا لە ساڵانی ١٩٦٠دا ئەویش بە بلاوبوونەوەی وەرگێڕاوی مەم وزین نیشانە دەکرێ. مەحمەد ئەمین بۆزئەرسلان بە کوردی و بە تیپی لاتینی لە ساڵی ١٩٦٨، لەگەڵ وەرگێڕانی تورکی بلاوی کردەوە. ئەوە یەکەم کتێب نەبوو کە لەوان ساڵاندا لە تورکیا بلاودەبووەوە، بەلام بێ سێ ودوو کتێبی هەرەگرینگی کوردی بوو، و تەئسیرێکی زۆری کرد. ئەودەمی لە چەند کوردێک زیادتر نەبوون کە بتوانن لە کوردی ئاستەمی خانی تێبگەن و ڕەنگە لە بەر وەرگێڕانی تورکی بۆزئەرسلان بووبێ کە ئەو چاپە لە هەموو چاپە پێشووترەکان زیادتر کەوتە بەر دەست خوێنەرەوەیەکی زۆرترەوە.

ئەگەرچی بۆزئەرسلان بڕگە سیاییە هەرە ئاسکەکانی دەرهاوشتبوو، بەلام سەرەڕای ئەوەش کتێبەکە پاوان کرا و دەستەلاتداران هەر نوسخەیەکی کەوتبا بەردەستیان لە نێویان دەبرد. ئەو کەسانەی کە نوسخەیەکیان وەگیر کەوتبوو شاردیانەوە و زۆر کەسیش لە ترسی دەستدرێژی عەسکەری دوای مارسی ١٩٧١ کتێبەکەیان لە نێو برد.[٢٧]

ئەمن دەنکێکم لەو چاپە دەگمەنە هەیە کە دۆستێک لە ساڵی ١٩٧٦ بە دیاری دایمێ. ئەو نوسخەیە ئەوەندە خوێندراوەتەوە شڕبووە، خەڵک بەیەکەوە و بە کۆمەڵ خوێندوویانەتەوە، وە بڕگە هەرە جوانەکانیان بە دەنگی بەرز خوێندووەتەوە. ئەو بڕگانەی کە بۆزئەرسلان ناچار ببوو دەریان باوێژێ زۆری بەکارامەیی بە دەست لە کتێبەکە زیادکراون، هەم بە کوردی وهەم بە تورکی، مرۆڤ بە هاسانی بۆی دەرەکەوێ کە ئەو لاپەڕانە زۆر زیادتر لە لاپەڕەکانی دیکە خوێندراونەتەوە. لە ترسی دەستەلاتداران، خاوەنی پێشووی ئەو کتێبە، بەرگەکەی لێکردبووەوە و تەنانەت بۆ ماوەیەک لە زەویدا شاردبوویەوە، جا بۆیە هێندێک لە پەڕەکان بڕش لێی داون و سەدەمەیان پێگەیوە و پەڵەیان تێکەوتووە، وە ئەو چرێشەی لاپەڕەکانی بەیەکەوە چەسپ کردووە لەبەریەک ڕەویوەتەوە. ئەمن ئەو کتێبە سەدەمە پێگەیوەم وەک زێڕی خەزێنە پێ وایە، بۆ من ئەوە بەڵگەیەکی مێژووییە، ڕەمزێکە بۆ چارەنووسی فەرهەنگی کوردی. دووساڵ لەمەوبەر ئەو کتێبە ئەوەندەی دیکەش نرخی زیادتر بوو بۆ من، چونکوو ئەو دۆستەی

ئەو کتێبەی بە دیاری دابوومێ و ئەمن لەگەڵ وی بەشێک لە دەقەکەم خوێندبووەوە، واتە حوسێن دەنیز لە جەیلان پینار بە دەست «ئینسانکوژی نەناسراو»کوژرا. حوسێن کەسێکی نارام و بە دوور لە زەبر وزەنگ بوو، زیادتر حەزی لە فەرهەنگ دەکرد تا سیاسەت. قاتڵەکانی دەبێ بە دووی ئەوەدا بووبن کە نەک هەر کوردێک لە نێو بەرن کە لە ناوچەی خۆیدا هەڵکەوتوو و ناسراو بوو بەڵکوو بیر ورِا و ئاواتەکانیشی بکوژن ــ ئەو بیرورِا و ئاواتانەی کە حوسێن لە خانیدا بە دی کردبوو.[٢٨]

## خانی ونەتەوەی کورد

داخودا لە سەروبەندی خانیدا نەتەوەی کورد هەبوو؟ ئەمن پێم و انییە، بەڵام لەوانەیە بیرورِا جیاواز بن. لە نێو مێژوونووسە ئورووپاییەکانیشدا ئێمە بیروبۆچوونی زۆر جیاواز سەبارەت بە سەرهەڵهێنان و دەرکەوتنی یەکەم نەتەوەکانی ئورووپایی دەبینین. هێندێک لە مێژوونووسە کۆنترەکان، بۆ نموونە مارک بلوخ(Marc Bloch) ئیدعایان کرد کە فەرِانسەیی و ئاڵمانییەکان تا ساڵی ١١٠٠بیوون بە نەتەوە، لە کاتێکدا مێژوونووسی دیکە، وەکوو: یوهان هویزینگا(Johan Huizinga) لەو برِوایەدا بوون کە ئەوە تا بەر لە سەدەی ١٤هەم روویندا. مێژوونووسێکی زۆر تازەتر، ئۆژێن وێبر(Eugene Weber)، نیشانی داوە کە تەنانەت تا ساڵی ١٩٠٠یش فەرِانسەییەکان هێشتا یەک نەتەوە نەبوون. زۆر لە وەرزێرە فەرِانسەییەکان ئەودەمی خۆیان بە فەرِانسەیی دانەدەنا، بەڵکوو خۆیان بە لادێ یان هەرێمەکانی خۆیانەوە دەبەستەوە و پێناسەدەکرد. تەنێ بە رێگەی خوێندنی بەکۆمەڵ، خزمەتی گشتی سەربازی و بڵاوکراوەی رادیۆیی سەرانسەرییەوە بوو، واتە بە رێگەی هەوڵ وتێکۆشانی زۆری دەوڵەت، کە وەرزێران لە نێو نەتەوەدا جێیان کرایەوە و وەخۆکران.[٢٩]

هێندێک لە نووسەرانی نوێباو کە لە سەر بابەتی ناسیۆنالیزمیان نووسیوە، بەتایبەتی ئاندرسۆن(anderson) و گێلنێر(Gellner)، پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی نەتەوە مودێرنەکان بەرێژە دیاردەی تازەن. گێلنێر ئەوە بە دەستپێکردنی سەنعاتی بوون و کۆچکردن لە لادێ بۆ شارەکان دەبەستێتەوە، ئاندرسۆن پەیدابوونی کتێب چاپکردن و ئەوەی کە ئەو پێی دەڵێ «سەرمایەداری چاپ» بە[دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم] دادەنێ.[٣٠] بۆ هەردووکیان، ئەوە شکانی لەمپەری تەقلیدی نێوان جڤاتی لادێ و ناوچەییەکانە کە ناسیۆنالیزم دەلوێنێ.

بەر لە داهاتنی چاپی کتێب، ئاندرسۆن دەڵێ، تەنێ گرووپێکی پچووکی سەردەست دەیتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێ، وە لە ئورووپا ئەوان بە زمانی نێونەتەوایەتیی رووناکبیری، واتە لاتین پێوەندییان بەیەکەوە دەکرد. لە هەر کتێبێکی کە دەنووسرا، تەنێ چەند نوسخەیەک دروست دەکرا. تێکنیکی چاپکردن لەپرِ هەلی ئەوەی رەخساند هەرچەند نوسخەیەکی کە بکرێ بفرۆشرێ لە کتێبێک بەرهەم بێ. لەبەر ئەوەی کە خەڵکێکی زیادتر هەبوون کە ئاڵمانی یان فەرِانسەییان لەبری لاتین دەزانی، چاپکاران دەستیان کرد بە چاپی کتێب بەم زمانانە بۆ ئەوەی دەستیان وە خوێنەرەوەی بەربڵاوتر رابگا (وکتێبی زیادتر بفرۆشن). گرینگی لاتین لە کورتیی دا، پێوەندی بە نووسین ئیتر چیدیکە ئیمتیاز وقۆرغی دەستەیەکی هەتابڵێی پچووکی خوێندوو و ئێلیتی نێونەتەوایەتی نەبوو، بەڵکوو لە جیاتیان زۆر توێژی زیادتری کۆمەڵگەی بە خۆیەوە خەریک کرد، بەڵام ئەوە تا ئەو جێگەیە بوو کە ئەوان بتوانن لە عەینی زمانی پێنووسین تێبگەن. لە نێو خەڵکدا ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی عەینی کتێب بخوێننەوە و دواتر رۆژنامە یان گۆڤار، ئەو وشیارییە پەیدا بوو کە ئەوان شتێکی هاوبەشیان بەیەکەو هەیە کە ئەوان لە خوێنەرەوەکانی زمانەکانی دیکە جوێ دەکاتەوە و ئەوەی کە ئەوان جورە جڤاتێکی نوێ واتە نەتەوەیەکیان لێ پێکدێ. (ئاندرسۆن باسی «جڤاتە بەبیرداهاتووەکان» دەکا چونکە ئەوان وەک جڤات هەر لە زەینی خەڵکدا هەن، جڤاتی ئەوتۆ کە تێیدا زۆربەی خەڵک یەکتری دەناسن، ئەندامانی نەتەوەکان تەنێ چەند ئەندامێکی دیکە دەناسن و دەبێ لە باقی دانیشتووان وەک یەک لە خۆیان بیر بکەنەوە). سەرهەڵهێنان ودەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەرِاست هەر هەمان رێچکەی نموونەی ئورووپای نەپێوا، بەڵام نووسراوەکەی ئاندرسۆن کارێکی وا دەکا تێبگەین کە چاپ و چاپکردن لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردیشدا چ دەورێکی گرینگی گێرِاوە.

چەندێک لە مێژوونووسان پێیان لە سەر ئەوە داگرتووە کە تەنێ کاتێک بەکەڵکە باسی نەتەوە وناسیۆنالیزم بکرێ کە چینە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کەم تا زۆر لە یەکدی یەکانگیر بووبن و کەوتبنە پاڵ یەک. وشیارییەکی «نەتەوایەتی» لەوانەیە لە پێشدا لای چینە سەرووترەکانی کۆمەڵگەیەکدا پەیدا بێ، بەڵام تا ئەوکاتە کە توێژی مامناوەنجی و خوارووی کۆمەڵەکە خۆیان لەو وشیارییەدا بە بەشدار نەزانن، مانایەکی ئەوتۆی نییە کە باسی ئەو خەڵکە وەک «نەتەوە»یەک بکرێ. لە دەستپێکی ئەم سەدەیەدا، گرووپێکی پچووکی ناسیۆنالیستی کورد هەبوون، زۆربەی ئەوان ئەندامی بنەماڵە ئاریستۆکراتەکان بوون کە لە ئەستەمبووڵ و تەنانەت دەرەوەی وڵات خوێندبوویان و کەوتبوونە بەر تەئسیری بیرو برِوای ئورووپایی. وەک یەک لە وان، قەدری جەمیل پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ، لە ماوەی شەرِدا ئەوان هەوڵیاندا لە نێو سەرۆک عەشیرەتە کوردەکاندا پشتیوانی بۆ ئاواتە ناسیۆنالیستییەکانیان پەیدا کەن، بەڵام چاوی رەشیان کاڵ بووەوە چونکوو بیری نەتەوەیەکی کورد چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو، چ دەگا بە رەش ورووتی عەشیرەتی ووەرزێران.[٣١] بەهەڵکەوت، قەدری بەگ و برادەرانی، هەر بە فکریشیاندا رانەبرابوو کە لەگەڵ وەرزێران بدوێن، و ئەمن بۆخۆم گومان لەوە دەکەم کە ئەوان خۆشیان وەرزێرانیان بە کورد دانابێ. لەو هەلومەرجیدا، چ مانای نییە کوردەکان لەو سەروبەندی وەک نەتەوەیەک نێودێر بکرێن. لە جێگەی دیکەدا ئەمن هەوڵی ئەوەم داوە نیشان بدەم کە چلۆن دواتر کوردەکان وردەوردە پێگەیشتن و بوون بە نەتەوە بەتایبەتی بە وەخۆکردن و ددان پێداهێنانی وەرزێران وەک کورد.[٣٢]

ئەگەر ئێمە چەندین سەدە بگەرِێینەوە دواوە، دەکرێ بپرسین ئەحمەدی خانی ئەو دەمەی باسی «کورد» و «کرمانج»دەکا بیری لە چی و لە کێ کردووەتەوە، و داخودا خانی وەک نەتەوەیەک بیری لەوان کردووەتەوە. ئەمن لەو باوەرِەدا نیم کە ئەو، ئەونێوانەی هەر بەم مانایەی کە ئێستا لێیان دەخوێندرێتەوە بەکارهێنابێ. ئەمن تەقریبەن لێم سووره کە ئەو وەرزێرانی نا ـ عەشیرەتی بەکورد دانەناوە. و هەر وەک پێشتر گوترا، ئەو زاراوە سیاسییانەی خانی بەکاری هێناون، وەکوو«میلەل» (کۆی وشەی «میللەت»)ئەودەمی مانایەکی دیکەی هەبووە لەچاو مانای ئێستای. بە لێکدانەوەی نێو و زاراوان لە مەم وزین دا بەوجۆرەی کە ئەوان هەمیشە ئەو مانایانەیان هەبووبێ کە ئەمرۆ هەیانە رەنگە ئێمە بە خراپ لەو قسانە بگەین کە مەبەستی راستەقینەی خانی بووە. لە لایەکی دیکەوە لە ئەدەبی دەوڵەمەندا ئەوە بە میرات ماوەتەوە کە هەر وەچەی خوێنەرەوان بتوانن مانا و واتای نوێی تێدا بدۆزنەوە، مانا و واتای ئەوتۆ کە نووسەری شوێنەوارەکە بۆخۆی لەوانەیە هەر هەستیشی پێنەکردبێ.

### ئەنجام

ئەغلەب ئەوە خراوەتە بەرچاو کە نەتەوان ناسیۆنالیزم ناخوڵقێنن، بەڵکوو بەپێچەوانە ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکا. ئەگەر ئێستا کوردەکان نەتەوەیەکن، ئەوە یەک لە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە. ئەمن لە سەرەوە باسی ئەوەم کرد کە لەڕاستیدا ئەحمەدی خانی ناسیۆنالیست نەبوو، بەلانی کەمەوە بە مانای مودێرنی ئەو زاراوەیە. لە سەرێکی دیکەوە، ئەمن هەوڵمدا نیشان بدەم کە شوێنەواری ئەحمەدی خانی، بەتایبەتی مەم وزین، لە هەموو قۆناخەکانی پێشوەچوونی بزووتنەوەی کورددا، دەوری گێڕاوە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە دەکرێ ئەو بە دروستی بە «باوکی ناسیۆنالیزمی کورد»نێودێر بکرێ. وەچە دواترە ناسیۆنالیستەکان لە وزەیان دابووە بیرەکانی خۆیان لە کارەکەی ئەحمەدی خانی دا بدۆزنەوە. ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە هەر جارەی کە تێکۆشانێکی تازە بۆ چاپ کردن و بلاوکردنەوەبەکوردی دەست پێدەکا، بلاوکەرەوە و ئیدیتۆران باسی مەم وزین دەهێننەگۆڕێ. کەوابوو، ناڕاستەوخۆ خانی یارمەتییەکی زۆری کردووە بە لە دایکبوونەوەی کوردی وەکوو زمانێکی زیندووی پێنووسین.

دەوڵەتی تورکیش، بەشێوەی خۆی یارمەتی کردووە بە لە دایکبوونەوە و بووژانەوەی ئەدەبی کرمانجی. بە ڕێگەی قەدەخەکردنی چاپی بۆزئەرسلانی مەم و زین، دەوڵەت ئەو شوێنەوارەی کرد بە ڕەمزێکی زۆر گەورەتری فەرهەنگی کورد. دوای کودەتا (ئینقیلاب)ی ١٢ی سێپتامبری ١٩٨٠، سەرکوتکردنی دەربڕینی فەرهەنگی کورد لە تورکیا زۆر لە ڕووناکبیرە کوردەکانی کردە پەنابەری سیاسی، کە داوای داڵدە و پەنای سیاسییان لە وڵاتانی وەک ئاڵمان و بەتایبەتی سوێد کرد. لێرە ئەوان هەلومەرجێکیان بەدی کرد کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندن بە کوردی بنووسن و بلاوبکەنەوە. خەڵکی ئەوتۆی کە ئەوکاتەی لە تورکیا بوون هەر بە تورکییان نووسیبوو، وردە وردە دەستیان کرد بە کوردی نووسین. لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا، کرمانجی بە خۆدا هاتووە و بووە بە زمانێکی پێنووسینی مودێرن و لەو ماوەیەدا چۆنییەتی نووسین و نێوەرۆکی ئاڵوگۆڕی باشی بەسەردا هاتووە و باشتر بووە.

ئێستا بەشێوەی بەردەوام و بێپسانەوە ئەدەبی کرمانجی هەر لە هەڵدان دایە و ژمارەی ئەو خەڵکەی بە کرمانجی دەخوێننەوە زیادی کردووە. ئەوە گرینگە کە کاتێک ئەمساڵ محەممەد ئەمین بۆزئەرسلان چاپێکی نوێی مەم وزین ی بلاوکردەوە، جێگەی وەرگێڕاوی تورکی چاپەکانی پێشووی داوە بە وەرگێڕانی مەم وزین بۆ سەر کرمانجی سەردەم! ڕەنگە هیچ کامێک لەو هەموو کارانە نەکرابان ئەگەر گشت نووسەرە کوردەکان لە تورکیا مابانەوە و نەهاتبانە دەرەوە. وەک زۆر جار ڕوودەدا، سەرکوتکردنی دەوڵەتی، یارمەتی کردووە بە بەهێزکردنی ئەوەی دەیەوێ لە نێوی بەرێ، لەم کەیسەدا واتە فەرهەنگی کورد.

جا بۆیە، کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد، کە ئەو بیرهێنانەوە و پیرۆزکردنەی یادی ئەحمەدی خانی و مەم وزین ڕێکخستووە، شیاوی پیرۆزبایی لێکردنە. ئەوان ئەو کارەیان درێژە پێداوە کە خانی دەستی پێکرد. خوڵقاندن و بە دەورداهاتنی فەرهەنگ، لە درێژخایەندا، لە زۆربەی شێوەکانی دیکەی چالاکیی سیاسی زۆر کاریگەرترە. ئەگەر بکرێ ئەحمەدی خانی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ، تەواو بەجێیە کە کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێدیش بە میراتگری حەلاڵزادەی وی دابندرێ. ■

**ژێرنووس:**

١) ئەحمەدی خانی، مەم وزین. وەرگێڕانی تورکی: م. ئـ. بۆزئەرسلان(ئەستەمبووڵ: بنکەی چاپەمەنی گوین ١٩٦٨، چاپی دووهەم ١٩٧٥).

Ehmedî Xanî, *Mem û Zîn*. Türkçesi:M. E Bozar- . slan(Istanbul: Gün Yayinlari, 1968;).

بۆزئەرسلان هەروەها یەکەم کەس بوو کە پێشنیاری پیرۆزکردنی تایبەتی مەم وزین ی لە ساڵی ١٩٩٥ هێناگۆڕێ و هەوڵیدا یونیسکۆUMESCO بە ڕەسمی خۆی بەم کارەوە خەریک بکا. خزمەتی دیکەی ئەو، بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەحمەدی خانی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێ.

٢) **محەممەد عەلی** *(باوەڕنامە سەبارەت بە سۆفییایەتی لە مەم و زین دا)* [بە زمانی عەرەبی ـ وەرگێڕ]. ئەمن پێمخۆشە سپاسی مالمیسانژ بکەم کە ئەو تێزەی پێشان دام.

٣) **فەرهاد شاکەلی**، *ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم وزینی ئەحمەدی خانیدا*(سوێد ١٩٨٣، چاپی تازە بروکسێل: ئەنیستیتووی کورد ١٩٩٣).

Ferhad Shakely, *Kurdish Nationalism in Mem u Zin of Ehmed-i Xani*(Sweden, 1983; New edition Brussels: Koerdisch Institut, 1993).

٤) **محەممەد ئوزوون**، *دەستپێکی ئەدەبیاتی کوردی*(ئانکارا: بنکەی چاپەمەنی بەیبوون، ١٩٩٢).

Mehmed Uzun, *Destpêka edebiyata Kurdî*(Ankara: Wesanên Beybûn, 1992)

٥) **موراد جولن**، *"دەوری ئەحمەدی خانی و کورد پەروەری وی"*، **گۆڤاری چرا**، ژمارەی ٢(حوزەیرانی ١٩٩٥)، ل ١٣-٢٩.

Murad Ciwan, "*Dewra Ahmedê Xanî u Kurdeweriya wî*", Çira hejmar 2(Heziran 1995), 13-29

٦) یاداشتەکانی ئەولیای چەڵەبی لەمەڕ عەمادییە و خوارووی کوردستان لە نوسخە چاپکراوەکانی سەیاحەتنامەدا نین بەڵام لە دەستنووسە هەرە کۆنەکان لە بەرگی چوارەم دا لە کتێبخانەی تۆپقاپی Topkapiدا دەبیندرێنەوە. ئێستا ئەمن خەریکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی چاپێکی ئەو یادداشتانەم.

٧) بڕوانە ئەحمەدی خانی، مەم وزین، دەقی ڕەخنە گرانە، وەرگێڕان، پێشەکی، پێرستی ناو وشوێن **مارگریتا باریسۆڤنا ڕۆدێنکۆ**(مۆسکۆ: ناووک ١٩٦٣) لاپەڕەی ١٣-١٦.

Mem i Zin. Kriticesky tekst,perevod, predislovie i ukazateli M. B. Rudenko(Moskva: NAUK, 1962), p. 13-16

٨) لە بەکارهێنانی مودێرن دا، دەوڵەت وشەی هەرە باوە بۆ مانای state، بەڵام مانای ماکی دەوڵەت زۆر لێڵ بوو. زاراوەی دین ودەوڵەت مەبەست ئایین و دەوڵەتێکی تایبەتی نییە بەڵکوو موورادیفی یەکترین، وەکوو زاراوەی هاوشوباری **دین و دونیا**، کاروباری ڕوحانی و دونیایی.

٩) زاراوەی ناسراوی **ڕۆمی ڕەش** دەوڵەتی عوسمانی (یان تورک)یش دەگرێتەوە، بەتایبەتی بەشی عەسکەرییان. ئەوان بە **ڕەش** هەڵدەدرێن چونکە چاکەتی سەربازانی عوسمانی لە ئاخر وئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەش بوو (ئەمن سپاسی ناجی کوتلای دەکەم بۆ ئەو زانیارییە).

١٠) **مارتین ڤان برۆینەسن**، *کۆمەڵگەی کورد، ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران*، لە کتێبی "کوردەکان: **تێڕوانینێکی هاوچەرخ** دا کە لەلایەن فیلیپ ک. کرەیەنبرووک و ستێفان سپێرل ڕا سەرپەرستی چاپی کراوە و لەلایەن (بنکەی ڕاتلێج لە لەندەن لە ساڵی ١٩٩٢ دا بلاوکراوەتەوە لاپەڕەی ٣٣-٦٧.

بۆ وەرگێڕانی کوردی ئەو نووسراوەیە بڕوانە گۆڤاری گزینگ، ژمارە٣، مارسی ١٩٩٤، ل ٦-٢٣.

Martin Van Bruinessen,"*Kurdish society, ethnicety, nationalism and refugee problems*" in: Philip G. Kreyenbroek & stefan Sperl(eds), The Kurds: a contemporary overview(London: Routledge, 1992), pp. 33-67

١١) **ئێرنێست گێلنێر**، *نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم* (ئاکسفۆرد: بنکەی چاپەمەنی بازیل بلاکوێل،١٩٨٣)لاپەڕەی ١٠.

Ernest Gellner, *Nations and nationalism* (Oxford: Basil Blackwell, 1983), p. 1

١٢) دوای وتارەکەم لە سمینارەکەدا، یەک لە بەشداران هاتە لام و پێی ڕاگەیاندم کە ئەو لەگەڵ ئەو خاڵەدا نییە. ئەو تەعلیقە گرینگەی دا کە هەر لە دیاربەکر لە نێو خێزانی ئەواندا چەندین دەستنووس هەبوون و تەنانەت دراوسێیەکانیشی دەستنووسیان لا هەبووە، ✍

# ،هەڵەی مێژوویی یان... چاوخشاندنێک بە هێندێک لە بابەتەکانی ژمارە ١٣ی گزینگدا،

نووسینی: عەلی کەریمی

ژمارە ١٣ی گۆڤاری گزینگ بە حەق یەکێک لە دەوڵەمەندترین ژمارەکانە کە زۆربەی بابەتەکانی عیلمی و زانستییانەن، بۆیە بە دڵ پێم خۆشە پیرۆزبایییەکی گەرم لە کاک هێرش و هەروەتر زۆر بە تایبەتی رێز و حورمەتی خۆم پێشکێش بە سەرنووسەری میوان کاک ئەمیری حەسەنپوور بکەم.

هەروەک گۆڤاری گزینگ و کاک ئەمیر هەستیان بەوە کردووە کە نرخێکی تایبەتی بدەن بە کۆماری کوردستان و یادی ٥٠ساڵەی بەوە بکەنەوە و ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کەن و حەول بدرێ هەرچی زۆرتر لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ، پێموایە لە سەر شانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و خوێندەواری کوردە کە ئەو تەجرەبە و هەستان و شکانانەی شۆرشەکانی گەلی کورد و بە تایبەت کۆماری کوردستان بە چاوێکی ورد ودەقیق بروانن. مێژوو خوێندنەوە و ئاگاداری لە مێژوو بۆیەگرینگە کە مرۆڤ بگاتە ڕاستییەکان و لە سەر ڕاستییەکان، لێکدانەوە و تەحلیل بکا و لە رووی لێکدانەوە و تەحلیل بگاتە هەڵە و چەوتییەکان و لە هەڵە و چەوتییەکانیش دەرس وەرگرێ و لە داهاتوودا دەکاریان بێنێ.

ڕەنگە زۆر خوێنەرەوەی هۆگر بە مێژووی کوردیش هەستیان پێکردبێ، منیش پێموایە لە گێرانەوەی ڕووداوەکانی پێش ودوای شەڕی عالەمیی دووهەم لە ناوچەی مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستا چ لە رووی نەزانین وە یان بە ئانقەست هەم لە لایەن مێژوونووسانی خۆیی و هەم بێگانە و بەتایبەت نووسراوەکانی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک نووسراوەکانی دوکتور عبدالرحمانی قاسملو *کوردستان و کورد*" و "*چل ساڵ خەبات و...*" لە سەر کۆمەڵەی ژ.ک، یا زۆر کەم نووسراوە یان ڕاستییەکان بە تەواوی نەنووسراون.

هەڵبەت ئەوە زۆر جێگای سەرسوڕمان نییە کە بۆ وای لێهاتووە، بە ڕای من ئەوەی کە تا ئێستا حیزبی سیاسی لە کوردستان خۆی بە خاوەنی هەموو شتێکی گەلی کورد داناوە و پێی وایە هەموو کەلێن و قوژبنێکی مێژووی کورد دەبێ لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتیدا بێ، هۆی سەرەکی ئەوەیە کە کتێبخانەی مێژوو و لێکۆڵینەوەی گەلی کورد زۆر دەوڵەمەند نەبێت!

لە سەر ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی عالەمیی دووهەم و کۆماری کوردستان بە داخەوە پاش ٥٠ ساڵ، ئەوە چەند ساڵێکە ئەویش بە هۆی ئاوارە بوونی بەشێکی زۆر لە رووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات، شت دوور لە بۆچوونی حیزبەکان و بە شێوەیەکی زانستی و ڕاستیانە دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە، بۆیە هیوا دارم بەرهەمی وەک ژمارە ١٣ی گۆڤاری گزینگ ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیاد بوون بێت.

بە ڕای من ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی عالەمیی دووهەم لە ناوچەی مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بوو بەهۆی ڕاگەیاندنی یەکەمین جەمهووری کوردستان، زۆر لەوە زیادتر جێگای لێکۆڵینەوە و دراسەن و دەبێ لە کاتی وردبوونەوە و پێداچوونەوە لە شۆرشەکانی گەلی کورد نرخێکی تایبەتی پێبدرێ، بۆ؟

١) لەو سەردەمەدایە کە یەکەمین رێکخراوی ناسیۆنالیستی بە شێوەی ڕێکوپێکی ڕێکخراوەیی(خاوەن گۆڤار، مەرامنامە، ئەندام وەرگرتن و شانەبەندی و...) لەو بەشەی کوردستان لە دایک دەبێ و پێ دەخاتە نێو کۆری خەبات و تێکۆشان.

٢) وەک ئەوەڵجار و ئاخرجار تا ئێستا، ئەو ڕێکخراوەیە بە شێوەیێکی زۆر ئاشکرا و روون باسی ستراتێژی گەلی کورد وداوای یەکگرتنی هەموو پارچەکانی کوردستان لە نووسراوەکانی خۆیدا دەکا و حەول دەدا ئەو ڕاستییە بخاتەڕوو کە شۆرش وخەباتی کورد بۆ چییە؟!(گۆڤاری نیشتمان ژمارەکانی١-٩)

٣) بۆ یەکەمین جار لە شۆرشی گەلی کورد کۆمەڵەیژ.ک باسی شۆرشی بە بێ چەک و بە شێوەی ئاشتی و سیاسی دەکا و هانی خەڵک دەدا کە بەرەو شارستانییەتی و ڕۆشنبیری بڕۆن. (گوڤاری نیشتمان ژمارە ١ "ئامانجی ئێمە")

٤) کۆمەڵەیژ.ک بۆ یەکەمین جار لە شۆرشی گەلی کورددا دەیەوێ سەرکردایەتی شێخ ومەلا و ئاغا وەلاېنێ وگەلی کورد رزگار بکا لە ڕابەریی عەشیرەتی و خێڵەکی و بەرژەوەندی تایفەیی.

٥) بۆ یەکەمین جار کۆمەڵەیژ.ک حەول دەدا کە خۆی بە هیچ هێز و وڵاتێکی دەرەوە نەبەستێتەوە، نیشتمان لە لایەک باسی شۆرشە مەزنەکەی سۆڤیەت و لێنین و لە لایەکی دیکەوە باسی دێمۆکراسی بریتانیای کەبیر دەکا و هەم بۆ پێوەندی لە گەڵ ڕێکخراوی سیاسیی کوردی بەشی عێراق، نەک حکوومەتی عێراق! حەول دەدا و هەم بۆ نیزیکی لە گەل خەباتکارانی کوردی تورکیا نەک حکوومەتی تورکی!

٦) کۆماری کوردستان توانی لە ماوەی عومری کەمی خۆیدا جێگای تایبەتی لە ناو لاپەرەکانی مێژووی جیهانیدا بکاتەوە و تارادەیەکی یەکجار زۆر گەلی کورد بە دونیا بناسێنێ و ئێستاش دوای ٥٠ ساڵ هەر کات باسی کورد و گەلی کورد لە ناو ولاتانی دەرەوە و میدیا دەکرێ بە بێ شک باسی جەمهووری کوردستان دێتە پێش.

٧) کۆماری کوردستان توانی بۆ یەکەمین جار حکوومەتی جەمهووری رابگەیەنێ و ئالای کوردستان هەڵ بکا.

٨) کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١مانگ عومری خۆیدا توانی زۆر هەنگاوی بە کەڵک باوێژێ لە سەر رێککردنی ریزەکانی خەڵک و گەشە پێدانی چاپەمەنی، زمان و ئەدەبیاتی کوردی و زۆر شتی تر، کە زۆر جاران لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرەوەرانی کورد و بێگانە باسی کراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەمن ماوەی ٧-٨ ساڵە لە سەر ژیان و بەسەر هاتی یەکێک لە دامەزرێنەران و بە قسەی زۆریک لەو کەسانەی لە سەر کۆمەڵەیژ.ک موتالا و لێکۆڵینەوەیان کردووە و بە مۆرەی سەرەکی و سکرتێری کۆمەڵەیان داناوە، یانی عەبدولرەحمانی زەبیحی خەریکی بەڵگە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەم. هەڵبەت لە سەرەتاوە تەنیا مەبەستم ئەوە بوو، بزانم مامۆستازەبیحی لە کوێ و بۆ چی و چۆن تێدا چوو و چیان بە سەر هێنا، بۆ ئەو مەبەستە توشی زۆر شت هاتم و یەک بە دوای یەکدا کەل و پۆی لێبۆوە و هەتا بە خۆمدا هاتمەوە بۆم دەرکەوت ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و بەو شێوە سادەیە نەبوو کە لە سەرەتاوە بیرم لێکردبۆوە.

بە هاندانی چەند برادەرێک کە ئاگاداری کارەکەی من بوون، هاتمە سەر ئەو باوەڕە لە سەر هەموو ژیان و کەسایەتی مامۆستا زەبیحی پرۆژەکەم درێژە پێبدەم. دەتوانم بڵێم تا ئێستا کۆمەڵێک زانیاریی بە کەڵک و نوێم ئامادە کردووە و هەر بەر دەوامم لە سەر دەرخستنی ڕاستییەکان، بەڵام چون مەبەستم تەنیا وتەنیا ئەوەیە تا دەتوانم شتی بە کەڵک و ڕاستییەکان بێنمە سەر کاغەز و نووسینەکان بێ بەڵگەو بە ئەهوەنتە نەبن، نیشەکەم زۆر بە لاوازی دەچێتە پێش، هەڵبەت کۆمەڵێک هۆی سەرەکی هەن تا ئێستا نەیان هێشتووە ئەو جورەی کە دەبووو، بچێتە پێش.

یەک لە وان ئەوەیە لە سەرەتاوە چەند کەسێکم لە لای خۆم دیاری کرد، وتووێژیان لە گەڵدا بکەم، بە هۆی وەزعی کوردستان و شێواوی ولات زۆری کێشا تا ئەو کەسانەم دەست کەوت. هەبوون کە نەیاندەویست جارێ لە سەر ئەو بابەتە قسە بکەن وخۆیان دەپاراست! یان یەک لە ولاتێک و ئەوی تر لەولاتێکی دی بوو.

دووهەم دەست ڕانەگەیشتن بە زۆر بەڵگە و سەرچاوە و شوێنی ڕووداوەکان، واتە سابلاغ.

ئەوە یەکەمین و ڕەنگە ئاخرین کاریشم بێت لە سەر ئەو جورە لێکۆڵینەوانە، چون بەڕاستی لە خۆم ڕانابینم خۆ لە قەرەی کارێکی وابدەم. ئەوەش کە لە سەر ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا زەبیحی قۆڵم لێ هەڵکرد لە پێشدا تەنیا بە ئەرکی بنەماڵەییم زانی و ئاگادار کردنی دایکم لە چلۆنێتی تێدا چوونی کاکی و پاشان کە کۆمەڵێک مەعلوومات کۆبۆوە، بە هاندانی ئەو چەند برادەرە درێژەم بەو پرۆژەیە داوە.

لە سەر ژیانی مامۆستا زەبیحی زۆر زوو بەوە گەیشتم کە ناکرێ باسی ئەو بکرێ و بە سەر کۆمەڵەی ژ.ک دا وەک ئەوانی تر تووشی بازدان و خۆ بواردن بم، دەتوانم بڵێم هۆیەکی سەرەکی کە تا ئێستا نەیهێشتووە ئەو شتانەی ئامادەم کردوون بیخەمە بەر چاوی خوێنەرەوەی خۆشەویست، کۆمەڵەیژ.ک بووە. هەڵبەت لەو چەند دێرەدا ناگونجی هەرچی کردوومە و ئامادە کراوە بیخەمە بەرچاو، لە ڕاستیدا هەر نەمدەویست هیچ شتێکی بنووسم هەتا هەموو بەرهەمەکە ئامادە دەبێت، بەڵام گۆڤاری ژمارە ١٣ی گزینگم کە خوێندەوە هان درام ئەو چەند دێرە هەر بنووسم تا بەڵکوو بتوانم عەجالەتەن ئاماژە بە چەند بابەتێک بکەم کە پێموایە هەڵەن و هەتا بازاری ئەو باسە گەرمە خوێنەرەوەی هێژا چاوێک بەو هەڵانەدا بخشێنێ و ئەوەی پێیوایە ناڕاستە، ڕاستی کاتەوە.

لە سەر هەموو نووسراوەکانی مێژوویی و لێکۆڵینەوەیی یەکێک لەو شتانەی کە نووسەر دەبێ لە سەری ورد ودەقیق بێت تاریخ وشوێنە.

دەبێ بڵێم بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێک هۆ ئەو شتە لە ناو کوردەواریدا زۆر بایەخی پێنەدراوە، یەکێک لەو هۆیانە ئەوەیە زۆر لە مێژ نییە ئامار وسجیل و... بوونە باو لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا. بۆ نمونە زۆر جار لە دایکم بیستووە کە دەگێڕێتەوە کاتێ ڕەزا شا ئیدارەی ئامار و سجیلی دانا و فەرمانی دا هەمووو ئێرانییەک دەبێ بچێ و ناونووسی بکا، ئەو گەورە بووە و وەبیری دێ کە چوون و سجیلیان بۆ وەرگرتووە، تەنانەت باسی ئەوە دەکا کە کاکی بە چ مەبەستێک شۆرەتی زەبیحی بۆ خۆی هەڵبژاردوە(مەبەستی قوربانی بوون لە ڕێگای نیشتماندا بووە).

هۆیەکی تر ئەوەیە کە تا ئەو ئاخریانەش شورشگێر و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد کاتی ئەوەیان نەبووە کە هەمووو ڕۆژێک لە قوژبنی ڕۆژ ژمێرێکی باخەڵیدا ڕووداوەکانی ڕۆژ بنووسن و ڕۆژەکان و بەسەرهاتەکان بهێننە سەر کاغەز. بە کورتی دەتوانم بڵێم دووربوونی کۆمەڵی کوردەواری لە شارستانییەتی و حەولی دوژمنانی کورد بۆ هێشتنەوەی کورد لە دواکەوتووییدا بۆتە هۆی نرخ نەدان بە ڕۆژ و سەعات و شوێنی ڕووداوەکان.

یەکێک لە وشتانەی کە لە نووسراوەی زۆریک لە نووسەران لە سەر کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان و حیزبی دێمۆکرات وەبەر چاو دێ، ئەوەیە کە ڕووداوەکان وەک حیکایەت دەگێڕنەوە و تاریخ و ڕۆژەکان بە کەیفی خۆیان تێکەڵ دەکەن و بە تایبەت بوونی دوو شێوە تاریخی کۆچیی و زایینی و وەرگێرانی ئەوە بە وی تر بۆتە هۆی شێواندنی زۆر ڕاستی!

بۆ نمونە زۆر جار لە زۆر نووسەر ئەو جورە حیکایەتانەمان بیستووە کە:

"...کۆمەڵەی ژ.ک لە ساڵی... دروست بوو... کۆمەڵە دەیزانی چیتر ناتوانێ بەو شیوەیە پێشەنگی گەلی کورد بکا و... کۆمەڵە خۆی کرد بە حیزبی دێمۆکرات و... گەلی کورد پێویستی بە حیزبی سیاسی بوو... ئەوە بوو کە کۆمەڵە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ ناوی خۆی کرد بە حیزبی دێمۆکرات و... یان دەگوترێ کە کۆمەڵەی ژ.ک هەستی بەوە کرد کە پێویستی بە کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد هەیە و داوایان لێ کرد بێتە ئەندامی کۆمەڵە... پاش تەواو بوونی شەڕی عالەمیی قازی محەمەد وچەند کەسێکی ناسراو دەعوت کران بۆ باکۆ..."

وەک دەزانن کەس بایەخێکی ئەوتۆی بەوە نەداوە لە چ ڕۆژێکدا قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵە، سەفەری دووهەمی هەیئەتی کوردان بۆ باکۆ لە گەڵ دروست بوونی حیزبی دێمۆکرات چەند ڕۆژی فەرقە، وە یان ٢٥ی گەلاوێژ کە هەموو ساڵێک لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جێژنی بۆ دەگیرێ ودەڵێن لەو ڕۆژەدا حیزب دروست کراوە، لە کوێوە هاتووە؟! گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی یەکەمیدا کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (دیسامبری ١٩٤٥) بڵاوکراوەتەوە دەنووسێ:

"لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر(آبان)١٣٢٤ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە مهاباد داندرا و بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە لە روژی ٢ی ٨ی ١٣٢٤دا هەوەڵ کۆنگرەی خۆی ..."

ئەگەر دەڵێن، ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی لە دایکبوونی کۆمەڵەیە و حیزبیش

دریژەپێدەری کۆمەڵەیە، چۆنە لە چێژنەکان و نووسراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران باسی کۆمەڵە هەر ناکرێ؟!

جێگای پرسیارە حدکا رۆژی هەوەڵی مانگی خەزەڵوەری هەموو ساڵێک وەک چی ناو دەبا؟!

لە ژمارە ١٣ی گۆڤاری گزینگدا، نووسینە بە نرخەکەی کاک عەبباسی وەلی تام وچێژی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ خۆشی دەزانێ کە زۆربەی باسە تازەکانی و نووسینەکانی بە دروست و واقعی دەزانم وچەند لە گەڵ ئەو بۆچوونەم کە کۆمەڵەی ژ.ک بە ئاڵا هەڵگری ناسیۆنالیزمی کورد دادەنێ. دەشزانم هەموو بۆچوونەکانی کاک عەبباس و لێکۆڵینەوەکانی دوور لە هەر چەشنە حیزبایەتێک وە یان شێواندنێکە و ئەو تەنیا و تەنیا باسێکی تئۆریک وزانستی دەخاتەبەرچاو ومەبەستی کردنەوەی بابەتەکانە لە ناو کۆڕ وکۆمەڵی روناکبیری کورددا. ئەگەر لە ناو نووسینەکانیدا هەڵەیەکیش لە گێرانەوەی رووداوەکان هەبێ، بێشک لای من ئەوە نییە کە بە ئانقەست ویستبێتی وای لێ بکا.

یەکێک لەو شتانەی وەبەر چاوم کەوت و پێموایە زۆر گرینگە لە نووسراوەکەی کاک عەبباس دا ئەوەیە کە دەنوسێ:

"کۆمار کە لە [٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی] ٢٢ی ژانڤییەی١٩٤٦ دا پێکهات، بەرهەمی هەمان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە ببووە هۆی دامەزرانی پێکهێنەرەکەی واتە حدک، نزیکەی ١٨ مانگ زووتر. لە ڕاستیدا، حدک بناخەی ڕێکخراوەیی کۆماری لە ماوەی تەمەنی کورتیدا پێکدەهێنا." (گزینگ ژمارە ١٣. ل٣٤)

خۆ ئەگەر ئەو بۆچوونەی کاک عەبباس ڕاست بێت دەبێ بڵێم هەموو ریسەکەی من کە لە سەر مامۆستا زەبیحی و کۆمەڵەیژ.ک تا ئێستا ئامادەم کردووە دەبێتەوە خوری و دەبێ خۆشحال بم کە بڵاونەکراوەتەوە، چون زۆر چەوت دەردەچێ!

خوێنەرەوەی بەڕێز، سەرنج بدە کە هێنانەوەی رۆژ و مانگ و ساڵ تا چ رادەیێک لە باسی مێژوویيدا گرینگی تایبەتی هەیە و تەنانەت تۆمار کردنی تاریخی غەڵەت تووشی بۆچوونی غەڵەتیشمان دەکا!

لێرە دا مەبەستم ئەوەیە عەرزی کاک عەبباس بکەم ئایا ئەو ١٨ مانگە نەبووەتە هۆی ئەوەی، حدک بە بناخەی ڕێکخراوەیی کۆمار دابنێ؟!

ئایا ئەگەر ئەو ١٨ مانگە ببێتە تەنیا ٣ مانگ، دیسان پێیوایە کە ڕێکخراوەیێکی ٣ مانگی دەتوانێ ئەو ئەرکە گەورەی بە جێ بێنێ و ببێتە بناخە بۆ کۆمار؟

ئایا بەڕاستی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە ببووە هۆی دامەزرانی پێکهێنەرەکەی واتە حدک؟!

ئەمن دەمەوێ بە ئیجازە وەرگرتن لە کاک عەبباس بڵێم کە ناتۆانم لە گەڵ ئەو بۆچوونەی بم، بۆ؟!

١) حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ١٨ مانگ پێش کۆمار پێک نەهات و٣ مانگ پێش کۆمار داندرا!

وەک لە سەرەوە باس کرا گۆڤاری کوردستان رۆژی ١٣٢٤/٨/١ی بۆ دانانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تۆمار کردووە، لە کەسیش شاراوە نییە کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤/١١/٢ ئێعلان کراوە،کە وابوو رێک دەبێتە سێ مانگ!

٢)چوونی قازی محەمەد و پیاوماقوڵانی ناوچە بۆ باکۆ و وتووێژیان لە گەڵ باقرۆف و گوشاری ئەو بۆ دروست کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پێموایە لە کەس شاراوە نییە کە دوای تەواو بوونی شەڕی عالەمیی ولە مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٢٤دا بوو. ڕەنگە ئێستاش پیاوە کۆنەکانی سابلاغ ئەگەر مابن، بتوانن باسی ئەوەمان بۆ بکەن ،کە چۆن حەوتوویەک دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد لە باکۆ، تۆمارێکی چەند میتریان لە قوماش بە ناو شاردا گەڕاندووە و بۆ دروست کردنی حیزبی دێمۆکرات ئیمزایان کۆ کردۆتەوە.

خۆ ئەگەر مرۆڤ بتوانێ و خۆێ بگەڕینێتەوە سەر هەلومەرجی ئەو سەردەمی سابلاغ (نەبوونی هیچ یاسا و حکوومەتێک، خۆ خەریککردنی خەڵکانی هەڵسوڕاو وسیاسی بە گیروگرفتەکانی رۆژانە و سەعات بەسەعاتی خەڵک بە تایبەت خودی شەخسی قازی محەمەد و...) دەتوانین زۆر بە سادەیی بەوە بگەین کە ئەوان نەیان توانیوە لە ماوەیەکی کەمتر لە ٣ مانگ بپرژێنە سەر دروستکردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕێکخراوەیی. هەر ئەوەندە کە حیزبی دێمۆکراتیان بە بەشداری پیاوماقوڵ و ئاغا و شێخ و سەرۆک عەشیرەتەکان دروست کردووە و ئێعلانیان کردووە (بڕوانە یەکەمین بەیاننامەی حدک و ژمارە ١ی گۆڤاری کوردستان).

تا ئێستا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت کە دوای هاتنەوەی قازی محەمەد و دەستەی کورد لە باکۆ، حدک دروست کراوە و تا ویستوویانە تەشریفاتی پێکهاتنی کۆبونەوەیەکی گەورە پێک بهێنن و دەعوەتی پیاوە گەورەکان و سەرۆک عەشایر بکەن، سێ مانگ تێپەر بووە و رۆژی دامەزراندنی کۆمار یانی ٢ی رێبەندان هاتووە.

بەو بۆ چوونە بۆمان دەردەکەوێ کە حدک لەو ماوە کورتە سێ مانگییەدا نەیتوانیوە بناخەی ڕێکخراوەیی وسیاسی وەک حیزبێک بۆ کۆمار پێکبێنێت. تەنیا شتێک کە چەند رۆژ پێش ئێعلانی کۆمار کراوە، دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامەی کوردستان بووە، کە سەرنجی کاک عەبباس بۆ بابەتەکانی ئەو چەند ژمارانەی کوردستان رادەکیشم کە زۆرتر ئەو بۆچوونە جەخت دەکاتەوە کە ئەوە ڕێکخراوەیەکی ڕێکوپێک بە مانای تەواوی وشە(بیر وباوەری یەکگرتو، دیسیپلینی ڕێکخراوەیی، ئەندام و ئەندامەتی،شانەبەندی و...) نەبووە.

ئەمن دەمەوێ لە باسکردنی ئەو شتانەی سەرەوە ئەوە بڵێم کە لە مابەینی کۆمەڵەیژ.ک و پێکهاتنی کۆماری کوردستان ناتوانم هیچ رۆڵێک بۆ حدک ببینمەوە! یانی بە زمانێکی زۆر سادە ئەگەر بمانەوێ لە سەر قۆناغە سەرەکییەکانی کوردستانی رۆژ هەڵات لە سەردەمی شەڕی عالەمیی دووهەمدا بدوێین، دوو شت زێاتر نییە:یەکەم)کۆمەڵەی ژ.ک پێکهاتووە؛ دووهەم)کۆماری کوردستان ڕاگەیاندراوە، جا پاشان دەتوانین لە سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قسەبکەین!

ئەوەی کە لە چ رۆژ و مانگ و سەعاتێکدا کۆمەڵەی ژ.ک تێکچووە، چۆنیان کۆبونەوە لە سەر کردووە، چۆنیان کۆنگرەی نائاسایی بۆ بەستووە، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی یان سەرۆکی کۆمەڵەی لە سەر بووبێ، ئەمن نە لە هیچ نووسراوەیەکم دا دیوە، نە لە کەسم بیستووە! بەڵام ئەگەر دیسان سەرنج بدەینە ئەو چەند بەڵگە و سەنەدانەی کە بە دەستەوەن و لە تاریخ و رۆژی ئەو رووداوانە ورد بینەوە ڕەنگە بەشتی تر بگەین.

ژ.ک چۆن تێکچووە:

١)هەروەک دەزانین ئاخرین ژمارەی گۆڤاری نیشتمان ٧و٨و٩ لە بەهاری ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) بەیەکجار بڵاو بووەتەوە و ئێستا بەدەستەوەن.

٢)ڕەنگە هەموو لە سەر ئەوە لە گەڵم بن کە ئەقشی مرۆڤێک لە شۆڕش و بەڕێوەبەری حیزب و وڵاتێکدا تا چ رادەیەک دەتوانێ گرینگ و ئەساسی بێ(گاندی لە هیند، ماندێلا لە ئەفریقای جنووبی...) بە تایبەت لەوڵاتانی

وەک وڵاتی ئێمە، ئێستاش کە ئێستایە هەموو دەبینین کە ڕابەرێک تا چ پلەیەک دەسەڵاتی بە سەر وڵات و خەڵکی خۆیدا هەیە، هەروەتر لە ناو ئەحزابیشدا هەموو ئاگادارن کە ئەقشی سکرتێر و ڕابەر تا چ ڕادەیەکە. ئەگەر مرۆڤ خۆی بگەڕێنێتەوە ٥٠ ساڵ پێش ئێستای کوردستان، بۆی دەردەکەوێ کە ئەقشی ڕابەر لە ئێستاش گرینگتر بووە.

لە وەیکە لە ناو کۆمەڵەی ژ.ک دا، عەبدولڕەحمانی زەبیحی مۆرەی سەرەکی و کارگێڕ بووە، زۆریک لە نووسەران ئاماژەیان پێکردووە و تەنانەت لە زۆر جێگا وەک ڕابەر و سکرتێری کۆمەڵە ناویان بردووە، زۆر کەسی ئاگاداریش دەزانن کە زەبیحی بەڕێوەبەری زۆربەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی کۆمەڵەبووە و خودی کاک عەبباسیش لە نووسراوەکەی ژمارە ١٣ی گزینگدا وەک "سەرۆکی زانای کۆمەڵەی ژ.ک" ناوی دەبا.

ئەوانەی لە کۆمەڵەی ژ.ک تارادەیەک ئاگادارن باش دەزانن کە گۆڤاری نیشتمان لە سەر ئەرکی زەبیحی لە تەوریز بە ئەهێنی لە چاپخانەی دۆستێکی ئەرمەنی خۆی چاپ دەکرا و زۆربەی بابەتەکان خۆی ئامادەی دەکرد، بە تایبەت مەتڵەبە سەرەکییەکان و ئەوانەی پێوەندییان بە سیاسەت و بیروباوەری کۆمەڵەوە هەبوو.

خۆ ئەگەر لە سەر ئەو نووسراوانەی کە تا ئێستا لە سەر کۆمەڵە و ئەقشی زەبیحی لە ناو کۆمەڵەدا نووسراون حێساب نەکەین، ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگای ٥٥ساڵ لەوەی پێشی شاری سابڵاغ ئاگادارن، چاک دەزانن کە مرۆڤی وەک زەبیحی لە باری سەواد و کوردی زانین و قسە کردن بە زبانەکانی بێگانە و پێوەندی لە گەڵ نیشتمانپەروەرانی پارچەکانی تری کوردستان، یان زۆر کەم بوون یان وەک ئەو نەبوون. لەوەشڕا ئەگەر بڕوانین هەر بەوە دەگەین کە زەبیحی ئەگەر بە ئێویش سەرۆکی کۆمەڵە نەبووبێ و کۆمەڵە سەرۆکی دیاری نەکردبێ، بە کردەوە زەبیحی دمڕاست و هەمەکارەی کۆمەڵە بووە و هەمووش بە دڵ و گیان قەبوڵیان بووە. ئەگەر خوێنەرەوەی خۆشەویست لە سەر ئەو دو خاڵەی سەرەوە لە گەڵم بێ پێموایە ئەوجار دەتوانین بگەینە ئەتیجە کە چۆن کۆمەڵەیژ.ک تێکچووە:

لە پاش دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان ژمارە ٧.٨و٩ لە ئاخری بەهاری ساڵی ١٣٢٣دا، زەبیحی لە گەڵ هاوڕێکانی:دڵشادی ڕەسوڵی و قاسمی قادری لە ورمێ بە دەستی حکوومەتی ئێران دەگیرێ.

م.آذر یەکێک لە ئەندامانی هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی ژ.ک، خاوەنی نووسراوە لە گۆڤاری نیشتماندا و دۆستێکی ٣٠-٤٠ ساڵەی سەردەمی زەبیحی کە بە خۆشییەوە ماوە و بە **محەممەدی شاپەسند** ناسراوە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سەر کتێبەکەی ئەوشیروان ئەمین "حکوومەتی کوردستان" نووسراوەیەکی بڵاوکردەوە، کە بەشێکی دەخەمە بەر سەرنجی ئێوەی ئازیز:

"لە بەهاری ١٩٤٨ من و غەنی بلوریان گەیشتینە عێراق لە دێی سیتەکی شارباژێر لە گەڵ عبدالرحمن زەبیحی یەکترمان گرتەوە، لە سیتەک بڕیار درا درێژە بدرێ بە چاپی (نیشتمان). بۆ ئەم کارە دروست کردنی مەکینەیەکی دەستی چاپ بە من ئەسپێردرا و پەیدا کردنی پێویستیەکانی تر بە زەبیحی...من بە یارمەتی شێخ حوسێنی ئاسنگەر لە سلێمانی مەکینەکەم دروست کرد وتوانیمان لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی تری نیشتمان چاپ بکەین، من لەو ژمارەیەدا نووسینێکم هەیە بە ئیمزای (ئازاد) ئەگەرچی لە پێشدا بە ناوی (ئازەر) و (م.ش ئازەر) دەمنووسی"
( کوردستانی نوێ، یەکشەممە ١٩٩٤/٤/٢٢، ژمارە ١١٩).

لە جێگایەکی تر دا دەنووسێ:

"... دوای (٧و٨و٩)نیازمان وابوو (نیشتمان) لە (مهاباد) چاپ بکەین، مەکینەیەکی نیوفولسکاب و هێندێک حەرفمان دەست کەوت و گوێستمانەوە بۆ مهاباد، پێش ئەوەی دەست بکەین بە چاپی ژمارەیەکی نوێ زەبیحی بەسەردا گیرا، پێم خۆش نەبوو چاپخانەکە بێ ئیش بمێنێتەوە، بەدەرفەتم زانی گۆڤارێک بە ناوی (ئاوات) چاپ و بڵاو بکەمەوە، ناوەرۆکی (ئاوات)بریتی بوو لە پارچە پەخشانێکی ڕەمزی بە ناوی (برای دوورم)سەبارەت بە گیرانی زەبیحی..."

هەر لەو ڕۆژنامەیەدا کاک محەممەد شاپەسند دەنووسێ:

"گیرانی زەبیحی و هاوڕێکانی :

بە پێچەوانەی نووسینی سەرلشکر زەنگەنە، زەبیحی و هاوڕێکانی کاتی گەڕانەوەیان لە پەیمانی سێ سنوور گیران" (خاطراتی از ماموریت های من در آذربایجان از شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥).

بە گرتنی زەبیحی و هاوڕێکانی، قاسم قادری و دڵشادی ڕەسوڵی کە هەردووک لە تێکۆشەرانی ڕەدەی یەکی کۆمەڵە و لە باشترین نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان ولە بەرەی هێزی هەڵسووڕی جەوانی کۆمەڵە بوون، دەتوانین بڵێین کۆمەڵە وەک بنەماڵەیەک بێ سەرپەرشت و هەتیودەبێ و تەنانەت بۆیان ناکرێ تاقە ژمارەیەکی گۆڤاری نیشتمان کە تا ئەوسەردەم زۆر بە ڕێکوپێکی و یەک بە دوای یەکدا دەرچووبوو، بڵاوکەنەوە!

کاتێک زەبیحی و هاوڕێکانی دەگیرێن، یانی هاوینی ساڵی ١٣٢٣ کۆمەڵە لە هەرەتی گەشەکردن و ڕێکوپێکی خۆی دابووە، هەر بە مانگێک ـ دومانگ، ژمارەیەکی لە نیشتمان دەر کردووە و هیچ باس لە ئاڵۆزی و هاتن و نەهاتنی قازی محەممەد بۆ ناو کۆمەڵە و دووبەرەکی و ئەو جورە شتانە نەبووە، بۆ زانیاری زیادتر، تکایە بڕوانە ژمارەکانی ٧و٨و٩ی گۆڤاری نیشتمان کە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێ، کۆمەڵە لە تروپکی گەشانەوەدا بووە.

لە هاوینی ساڵی ١٣٢٣ دەتوانین بڵێین کۆمەڵە لە زۆر مەشاکیل و ناکامڵی، خۆی ڕزگار کردبوو، بۆ نموونە مەسەلەی هەڵبژاردنی ناوەندی و نووسینی "بژی سەرۆک" (مەبەست "ڕەفیق حیلمی"سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا) لە هەوەڵ لاپەرەی ژمارەکانی پێشوودا و زۆر شتی تر وەک کۆمۆنیست بوون و سەر بە ئینگلیز بوون و...

مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو سەردەم کە زەبیحی و هاوڕێکانی گیران، کۆمەڵەی ژ.ک لە هەموو ژیانی ڕێکخراوەیی خۆیدا ڕێکوپێکتر و بێ موشکلیەتر بوو.

بە پێچەوانەی نووسینەکەی سەرلشکر زەنگەنە، زەبیحی بۆ هیچ مەئموورییەتێک لە لایەن قازی محەممەدەوە بۆ لای ڕووسەکان نەچووبوو، بەڵگەش ئەوەیە کاتێک زەبیحی گیراوە، یانی پاش دەرکردنی نیشتمانی (٩.٨.٧) لە باری ڕێکخراوەیی وکۆمەڵەیەوە، قازی محەممەد نە سەرۆک بوو نە لە کۆمەڵەدا بەو جورە دەستی ڕۆیوە کە مەئموورییەت بدا بە یەکەم شەخسی کۆمەڵە کە بچێت بۆ لای ڕووسەکان، ئەگەر بمانەوێ قوڵتریشی لێ بکۆڵینەوە ئەو پرسیارانە دێنە پێش:

١) پێوەندی بە ڕووسەکانەوە بۆ بە ڕێگای ورمێ دا؟ خۆ کونسوولی گەورەتری ڕووس لە تەورێز دەبوو و ڕابیتی نیزیکتریشیان لە گەڵ کوردان لە میاندواو دادەنیشت و ڕێگای تەورێز بە هۆی مەسەلەی ئازەربایجان بۆ کوردەکان گەلێک ئەمینتر بوو!

٢) تو بڵێی لە حکوومەتی ئەو سەردەمی ئێران کە هەموو وڵاتەکەی لە لایەن ڕووس و ئینگلیز بە چاو تروکانێک داگیر کرابوو، تەنانەت ئەوەندە بێدەسەڵات بوو کە گوێی شایەکەیان گرت و ڕەوانەی جەهەندەمیان کرد، بۆ قازی محەممەد ئەوەندە موشکیلە بووبێ ئەو "ئامە گرینگانە"ی کە زەنگەنە

باسیان دەکا، بنێرێتە لای ڕووسەکان؟!(هەموو باش دەزانین کە ئەو سەردەم قازی محەمەد وکوردەکان بۆ پێوەندی لە گەڵ ڕووسەکان نە تەنیا هیچ موشکیلەیان نەبووە، بەڵکوو ٣-٤ ساڵ پێش ئەو تاریخەی زەنگەنە، قازی محەمەد وسی کەسی تر لە کوردەکان بە ئاشکرا سەردانی سۆڤێتیان کرد و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کاربەدەستانی ڕووسی لە هاتووچوی مهابادا بوون).

٣) وەک سەرلەشکر زەنگەنە دەنووسێ، دەبێ چەندین نامە لە زەبیحی گیرابێ،کە قازی محەمەد بۆ ڕووسەکانی نووسیوە وکاتی خۆی ئێران کەڵکی لەو نامانە لە شکایەت کردن لە لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتووە، ئەگەر ئەوە وابێت چونکە ئەو نامانە بە قازانجی ئێرانن، دەبوو بە هەزاران نوسخەی بە دەست خەڵکەوە بایە، یان هیچ نەبایە نوسخەیەکی وەدەست سەر لەشکر زەنگەنە کەوتبایە کە لە کتێبەکەیدا چاپی کردبایە و ئەوەندە "متاسف" نەبوایە! یان لە مەحکەمەی قازی یەکاندا بە دوای بەڵگە بە دژی قازی محەمەد دا ئەگەرابان، لەو بەڵگە بەنرخە بۆ کەڵکیان وەرنەگرت؟! ئەدی چۆنە تا ئێستا بە دەیان بەڵگە و نامە لە سەر کۆمار وکوردستان وەدەست خەڵک کەوتووە، بەڵام ئەو نامانە کە بە قسەی زەنگەنە هەر ئەو سەردەم بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان کونسوولی ئینگلیزو ئەمریکا ناردراون، بۆ لە هیچ شوێنێک دیار نین؟!

سەرەڕای ئەوانەش، ئەوکەسانەی ئەوسەردەم لە جەریانات دابوون و ئێستا وتووێژم لە گەڵیاندا کردووە، لە بیریانە و لە زەبیحیان بیستووە کە ئەو لە سەر ئەوە محاکەمە کراوە کە کۆمەڵێک لە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان و جانتایەک ئاڵای کوردستان کە کۆمەڵەی ژ.ک دروستی کردبوو، پێ بووە.

لە تاران، زەبیحی زیادتر لە سەر ئەوە دێن و دەبەن کە بۆچی ئاڵای کوردستانی پێ بووە و ئاڵای ئێران بۆچی سەرەونەخوون بۆتەوە؟ زەبیحی لە دیفاعیاتی خۆیدا دەڵێ:ئەوە ئاڵای ئێرانە و هیچ جورم نییە... دەڵێن ئەوە ئاڵای ئێران نییە. زەبیحی ئاماژە بە قانوونی ئەساسی ئێران دەکا، کە تێیدا نووسراوە ئاڵای ئێران سێ ڕەنگی سەوز و سپی وسوورە و ئەو ئاڵایانەش کە بە من بوون ئەو سێ ڕەنگەن. ئەوان بە سەریدا دەگوڕێن کە ئاڵای ئێران، ڕەنگی سەوزی لە سەرەوە وسپی لە ناوەڕاست و سوورەکەی لە خوارەوەیە، زەبیحی دەڵێ لە هیچ کوێی قانوونی ئەساسیدا باسی ئەوە نەکراوە کە ڕەنگەکان چۆن ڕیز دەکرێن!

ئەو چیرۆکەم بۆیە هێناوە کە بۆمان روون بێتەوە ئەگەر بە قسەی کاک محمدی شاەپەسەندیش بروا نەکەین کە زەبیحی لە گەڕانەوەی پەیمانی سێ سنور دا گیراوە، دەبێ قەناعەت بێنین کە زەبیحی بۆ ئیشی کۆمەڵە و پێوەندی لە گەڵ کوردەکانی باکوور چۆتە ورمێ.

مەک داوڵێش لە کتێبە ئینگلیزەکەی خۆیدا کە لەو ئاخریانەدا بڵاو بۆتەوە، ناوی زەبیحی دەبا کە لە گەڕانەوەی پەیمانی سێ سنوردا لە ورمێ گیراوە.

تا ئێستا بەوە گەیشتووین و شکمان لەوە دا نەماوە کە زەبیحی و هاوڕێکانی (سێ کەڵەپیاوی کۆمەڵە) بە دوای دەرکردنی نیشتمانی(٧و٨و٩)دا دەگیرێن.

لە سەر ڕۆژ و سەعاتی گرتنی زەبیحی هیچ بەڵگەیەکی سەرڕاست کە بکرێ پشتی پێ ببەستین بە دەستەوە نییە، جگە لەوەی کاک محمدی شاەپەسەند باسی کردووە. ئەوەی کە زەنگەنە نووسیویەتی لە ئابانی ساڵی ١٣٢٤ دا بە هیچ کلووجێک ناتوانێ ڕاست بێت، بەڵام لە سەر ئازاد بوونی زەبیحی بەڵگەی قائیم هەیە، ئەویش ڕۆژنامەی کوردستانە.

زەبیحی لە فوریەی ساڵی ١٩٤٦(ڕێبەندانی ١٣٢٤) ئازاد بووە و هەژار شاعێری میللی لە ڕۆژنامەی کوردستان شیعری بە سەردا هەڵدەڵێ (بۆهاتنەوەی زەبیحی و دڵشاد ،کوردستان ژ. ٢٦ س .یەکەم، دووشەمو ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بەرامبەر بە ١٨ی مارسی ١٩٤٦).

بنەماڵەی زەبیحی ماون و دەتوانن باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە زەبیحی نیزیک بە ساڵێک لە زیندان بووە، هەروەتر ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٤. ساڵی یەکەم، لە ژێر عینوانی " مزگینی!!"باسی زیاتر لە ٨ مانگ دەکا.

بە هەر جورێک حیسابی بکەین تاریخەکەی زەنگەنە (خەزەڵوەری١٣٢٤) ناتوانێ ڕاست بێت و زانیارییەکانی کاک محمد شاەپەسەند زۆرتر وەڕاست دەچن. لەوەش زێاتر ئەگەر تاریخی زەنگەنە ڕاست بێ، بۆچی لە جوەزەردانی ١٣٢٣ کە ئاخر ژمارەی نیشتمان دەرچووە تا ڕۆژی گرتنی زەبیحی، بە قسەی زەنگەنە (ئابانی١٣٢٤) کە دەبێتە ١٠ مانگ هیچ ژمارەیەک لە نیشتمان دەرنەچووە؟!

جێگای سەرنجە کە کۆمەڵە بتوانێ لە ساڵێکدا ٩ ژمارە دەرکا بەڵام لە ١٠ مانگدا تاقە ژمارەیەک نەداتە دەر!(بروانە تاریخی ژمارەکانی نیشتمان ١تا ٩)).

ئەوە هیچ شک ناهێڵێتەوە کە بە دوای دەرکردنی نیشتمانی (٧و٨و٩) دا مۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لە کایەدا نەماون و لە زیندان بوون!

کاتێکیش کە دێنەوە زۆر شت ڕوویداوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دروست کراوە و جێژنی ئیستقلال گیراوە و تەنانەت ٢١ ژمارە لە کوردستان دەرچووە و...

جێگای داخە کە زۆرێک لە نووسەران لە نووسراوەکانیاندا باسی ئەقشی زەبیحی لە دامەزراندنی کۆماردا دەکەن و زۆر کەس بە نێوی وەزیر، ئەندامی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات،یان وەک نوێنەری قازی محەمەد چووە بۆ لای ڕووس و ئینگلیزەکان و... ناوی دەبەن، نازانم کاتێک مرۆڤێک لە زیندان دا بێت چۆن ئەو هەمووە ئیشەی پێدەکرێ؟!

ڕەنگە زۆرکەس لە خەڵکی ساباڵاغ لە بیریان مابێ یان لەو پیرانەی کە ماون باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جەماعەتێک لە خەڵکی ساباڵاغ وەک خۆ پێشاندان دەچنە پێش دەرگای ماڵی پێشەوا و داوای ئازاد کردنی زەبیحی و هاوڕێکانی دەکەن وناڕەزایی دەردەبڕن کە بۆچی تا ئێستا هیچ حەولێک بۆ ئازاد کردنی ئەو مرۆڤانە نەدراوە؟! تەنانەت باسی ئەوەشمان بۆ دەکەن کە بە دوای ئەو خۆ پێشاندانە، پێشەوا داوا لە ڕووسەکان دەکا کە حەولێک بدەن بۆ ئازادکردنیی زەبیحی و هاوڕێکانی و گوشاری ڕووسەکان بوو لە سەر حکوومەتی ئێران کە ئەوان ئازاد کران.

پێموایە ئێستا تا ڕادەیەک لێمان روون بۆوە کە چۆن کۆمەڵەی ژ.ک تێکچوو! زەبیحی، کۆمەڵە و شاری ساباڵاغی چۆن بە جێ هێشتووە بەرەو زیندان،کە هاتۆتەوە بەسەر چیدا کەوتووە؟ جەمهووری ڕاگەیێندراوە و ڕەئیس جەمهوور دیاری کراوە، وەزیر و وەزارتخانە لە گۆڕێدان، لەشکری کوردستان ئامادە کراوە، چاپخانە لە ڕووس ڕا هاتووە ، ئاغاوەت وشێخ و مەلا لە وەزارەت و ڕێبەری کورددا دەست بەکارن و...

ئەگەر مرۆڤ بۆ لەحزەیەک خۆی بخاتە ناو قالبی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژ.ک و بگەڕێتەوە سەر دۆخی ئەو سەردەمەی ساباڵاغ و کوردستان، جگە لە تەسلیم بوون و مل ڕاکێشان بۆ واقعەکان لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ.ک وە ، هیچ ڕێگایەکی تر نابینێتەوە؛ جا

کۆمەڵێک لە ئەندامان لە رووی دڵسوزییەوە تا توانیویانە لە رەدەکانی خوارەوەی بەر و دەستگای جەمهووری، لە سەر ئەو بۆچوونە کە «تازە دەڵێی چی، وای لێهات، با حەولێک بدەین بەڵکوو لەوە خراپتر نەبێ و...» وەک مەلا قادری مودەریسی لە چاپخانە، زەبیحی لە هەڵاتێن و، دڵشاد لە جبهەکان و... کاریان کردووە و کۆمەڵێکیش وازیان لە سیاسەت هێناوە و هەتا مردوون باسی هیچ حیزب و رێکخراوێکیان نەکردووە!

ئەمن لە سەر دامەزرێنەرانی کۆمەڵە تا رادەیەک شتم خوێندووەتەوە و وەدوای کەوتووم، ئەوەی ڕاست بێت لەو چەند لیستەی کە تا ئێستا لە لایەن زۆر نووسەرەوە بڵاو بۆتەوە، زۆرتر بروام بەو لیستەی خۆارەوە هەیە کە لە لایەن زەبیحی یەوە بڵاوکراوەتەوە. (الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكرديه فى نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨ -الدكتور عبد الستار طاهر شريف):

١)حوسێن فروهەر٢)عەبدولرەحمان زەبیحی ٣)عەبدولرەحمان ئیمامی ٤)عەبدولقادر مودەریسی ٥)نەجمەدین تەوحیدی ٦) محەمەد نانەوازادە ٧) عەلی مەحموودی ٨) محەمەد ئەسحابی ٩)عەبدولرەحمان کەیانی ١٠) سەدیق حەیدەری ١١) قاسم قادری.

بەدوای تێکچوونی کۆمار و داگیرکردنەوەی وڵات بە دەست جەللادانی پەهلەوی، هەموو ئەو کەسانەی سەرەوە و تەنانەت ئەوانی تریش کە ناویان وەک دامەزرێنەر یان کۆمیتەی ناوەندی هاتووە(وەک: رەحمان حەلەوی،مەلا عەبدولا داودی، ئەحمەد عیلمی، محەمەد یاهو...) جگە لە محەمەدی نانەوازادە کە لە سەردەمی کۆمار لە حادیسەی فڕۆکەدا شەهید بوو، ئەوانی تر هەموو مابوون، بەڵام تاقە نەفەرێکیشیان قەت لە ژیانی خۆیاندا نەبوون بە ئەندامی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران"!

جا نووسەرانی بەرێز و خۆشەویست! کە پێتان وایە حیزبی دێمۆکرات درێژەدەری کۆمەڵەیژ.ک بوو، یان کۆمەڵە خۆی کرد بە حیزبی دێمۆکرات... ئەوە چ نێو گۆرینێکە، کە تەنانەت یەک دانەش لە بەرێوەبەران و کۆمیتەی ناوەندی ئەو رێکخراوەیە لە حیزبی تازەدا جێگای نابێتەوە و نابیندرێن؟!

ئەوە چ ئاڵوگۆرێکە کە بە بێ هیچ کۆبونەوەیەک و بە بێ هیچ بریارێک لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو رێکخراوەیە و بەو شێوەیە خۆی دەکا بە حیزبی دێمۆکرات، ئایا ئەوە زۆرتر لە کودەتا ناچێ کە بە بێ پرسی مەسئولان و رێبەرانی ئەو رێکخراوە و لە غیابی ئەواندا، تەشکیلاتێک بگۆڕی و بیکەی بە شتێکی تر و لە کەرەسەو ئەندامان و شانەکانی بۆ رێکخراوی تازە کەڵک وەربگری؟!

بە کورتی و بە سادەیی ئەمن دەڵێم لە ماوەی هەتیو بوونی کۆمەڵەی ژ.ک و سەغیر بوونیدا، ژ.ک کوژرا و ناشترا (با دڵی زۆر کەسیشم لە خۆ کردبێ)!

جا ئەوە بە دەستی کورد کرا، یان بەدەستی سۆڤیەت و بێگانە دەیهێڵینەوە بۆ باسە ئەسڵییەکەمان ، کە هیوا دارم هەرچی زووتر لە "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرحمانی زەبیحی" دا بیخەمە بەر چاوی ئێوەی هێژا.

مامۆستا جەمال نەبەزیش و کاک محەمەد شاپەسەندیش باسی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ١٠ دەکەن، خۆشم لە گەران و هاتووچووی کوردستانی خوارو و چاو پێکەوتن لە گەڵ مرۆڤی شارەزا و نیزیک لە زەبیحی، بیستوومە کە ژمارە ١٠ی نیشتمان لە سیتەک لە ماڵی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی نەمر، لە لایەن زەبیحی وچەند کەسێکی تر دەرچووە و بە چەند نوسخەیەک بڵاوکراوەتەوە. یانی پاش ئاوارە بوونی زەبیحی و تێکچوونی کۆمار ئەو ئیشە کراوە، خۆ ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ، هەر بەوە دەگەین کە ئەندامانی کۆمەڵەیژ.ک پاش کۆماریش ملیان بۆ حیزبی دێمۆکرات رانەکێشاوە و حەولیان بۆ زیندووکردنەوەی ژ.ک داوە.

ئەگەر کۆمەڵەی ژ.ک خۆی بریاری دابێ، ببێتە حیزبی دێمۆکرات، ئەمن باوەر ناکەم مرۆڤێکی وەک زەبیحی لە باری حیزبایەتی و ئوسولی رێکخراوەیی، ئەوەندە ناشارەزا بوو بێت کە گوێ نەداتە بریاری کۆمەڵە و بچێ لە جیاتی "کوردستان" ئورگانی حدک، **نیشتمان ئورگانی کۆمەڵەی ژ.ک** چاپ و بڵاو کاتەوە!

ئەگەر کۆمەڵەی ژ.ک خۆی بریاری خۆ کردن بە حدک ی داوە؟ ئەدی بۆچی پاش تێکچوونی کۆمار و چوونی کەسانی وەک زەبیحی، سەدیق حەیدەری، دڵشاد رەسولی، محەمەد شاپەسەند و... بۆ کوردستانی خوارو، هیچ حەولێکیان نەدا وەک حدک درێژە بە حەیاتی حیزب بدەن.

جا کاک عەبباس گیان! ئەمن دەزانم مەوزوعی ئەسڵی باسەکانی تو زۆر لەوە گرینگتر و ئەساسیترن، ئەو بۆچوونەی تۆش لە ژمارە ١٣ی گزینگدا، لە سەر حدک و کۆمار، پێوەندییەکی وا قووڵی لە گەڵ باسەکان و تێزەکانی تودا نییە، هەر وەک لە نیزیکیشەوە ئەو باسانەمان بە یەکەوە کردووە، ئەمن نەتەنیا هیچ دژایەتییێکم لە گەڵ باسە عیلمی و زانستییەکانی تۆ نییە و بە پێچەوانە زۆریشی کێف پێدەکەم؛ بەڵام ئەوەی کە ویستم لەو چەند دێرەدا بیخەمە بەر چاو، زۆرتر بۆ ڕاستییەکانی مێژوو بوو. ئەمن پێم زوڵمە رۆڵێکی ئاوا بدرێ بە حدک لە پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان!

ئەگەر شتێک کرابێ، ئەگەر خەڵک هاندرابێ، ئەگەر روحی برایەتی و یەکێتی لە ناو رێزەکانی خەڵکی شاری سابڵاغ و دەوروبەر وەدیهاتبێ، ئەگەر سیاسەتی دروست لە بەرانبەر عەشایر و ئاغاوەتی کوردستان بە کار هاتبێ، ئەگەر خەڵک بۆ کوردایەتی هاندرابێ، ئەگەر کاری سیاسی و رێکخراوەیی فێری رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی ناوچە کرابێ، ئەگەر تیاتر و شانۆ دروست کرابێ، ئەگەر نەقشی ژن باس کرابێ، ئەگەر نووسین و ئەدەبیاتی کورد گەشەی پێدرابێ، ئەگەر ستراتیژی گەلی کورد باس کرابێ و... هەمووی لە کۆمەڵەیژ.ک دەزانم نەک لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.

دەبێ لێرەدا داوا لە کاک دوکتور گوڵمورادی بکەم کە چاوێکی وردتر بە نووسراوەکەی خۆی لە گزینگ دا بخشێنێتەوە و بە جۆرێک ئەو هەڵە زەقانەی خۆی ڕاست کاتەوە!

ئێمە چاوەروانی تایبەتیمان لە ئی وەک کاک دوکتور گوڵمورادی هەیە، کە وەک خوێندن و عومر لە سەردانان، بۆ ئەم جورە لێکوڵێنەوانە کاتی خۆیان تەرخان دەکەن. بە ڕای من مرۆڤێکی ساکار و نەخوێندەواری وەک من ئەگەر لە شوێنێکی وا هەڵەیەکیش بکا رەنگە زۆری لە سەر نەکەوێت، بەڵام کەسێک کە تێزی دوکتوراکەی لە سەر "ساڵێک حکوومەتی خودموختاری کوردستان(ناسراو بە جمهووری مهاباد)" دەنووسێ و ساڵانی ساڵ دەرسی بۆ خوێندووە و لێکوڵینەوەی لە سەر کردووە ،دەبێ لە سەری قورس بوەستێ کە تەنانەت چاوێک لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمی کۆمار ناکا و رۆژی ١٦ی ئوتی١٩٤٥ بە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دادەنێ! یان بە بێ هیچ بەڵگەیەک بۆ یەکەمین جار دەنووسێ: ٢٢ کەس لە رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد کۆمەڵەی ژ.ک یان دامەزراند!

ئێمە لەو چەند سەرچاوانەی کە تا ئێستا لە بەر دەستدان، ٨کەس و ١٢ کەس و... مان بیستووە و لە١٤کەسمان زیاتر نەبیستبوو، چۆنە کاک دوکتور دەیانکا بە ٢٢ کەس و هیچ ئاماژەیەک بۆ سەرچاوەکەی خۆی ناکا؟!

هەروەک لە سەرەوە باسکرا کە بە نووسینی"گۆڤاری کوردستان

بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ژمارە ١، ساڵی ١"

حیزب لە هەوەڵی ئابانی ١٣٢٤(٢٢ی ئۆکتوبری ١٩٤٥)دامەزراوە، هەمووش باش دەزانین و بە نووسینی خودی نووسراوەکانی ئەو سەردەم کە حدک دوای سەفەری دووهەمی قازی محەمەد و نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ دامەزرا، بەڵام کاک دوکتور بە پێچەوانە باسی دەکا!

کاک دوکتور گوڵموورادی دەنووسێ:

"هەڵبەت ئێمەی کورد لەوەدا شکمان نییەکە نەمر قازی محەمەد زۆر جاران لە "نەتەوە و وڵاتی سەربەخۆی کورد" لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا دواوە، بەڵام ئەوەش باش دەزانین کە مەبەستی ئەو سەربەخۆیی لە ئاست دیکتاتۆریی بووە نەک ئەوەی ئارچی رۆزڤێڵت بۆ مەبەستی خۆی لێکی دەداوە."

لێرەدا مەجبورم وەبیر کاک دوکتور بێنمەوە کە کاکە گیان! قازی محەمەد ٥٠ سال لە وەی پێش شەهید کراوە و نەماوە! پیاو بە خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕانە وادەزانێ کە هەر ئێستا قازی محەمەد لە مەحکەمە، محاکمە دەکرێ و کاک گوڵموورادی لە خۆشەویستییەکی زۆر کە بۆ قازی محەمەدی هەیە، دەیەوێ بە هەر جورێک کە دەکرێ قسەکانی پێشەوا تەفسیر بکا و بڵێ کە قازی مەبەستی "خۆای نەخۆاستە" سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، تا بەڵکوو لە ئێعدام رزگاری کا!

جا کاکە گیان! ئەمن پێموایە ئەگەر پێشەوا مابا لە سەردەمی ئێستادا، تەفسیری «دوژمنی» (ئارچی رۆزڤێڵت)ی پێخۆشتر دەبوو لە نی ئێوە! دەنا نەدەبوو بەو پێشەوا قازی محەمەدە کە هەیە!

ئەو دیفاعەی ئێوە زۆرتر وەک بۆچوونەکانی رێبەرانی ئێستای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەچێت کە یەک بە دوای یەک دا سوێند دەخۆن کە "از هر ایرانی،ایرانیتریم"[لە هەر ئێرانییەک ئێرانی ترین]!

ئەمن لە گەڵ ئەوەی کە هیوادارم رۆژ بە رۆژ دوکتور و شارەزای وەک ئێوە لە ناو کورددا ڕوو لە زیادبوون بێ و دەزانم کورد کڵۆڵی دەستی نەخوێندنە، دیسان وەبیرتان دێنمەوە کە زۆر حەیفە رووناکبیر و باسەوادی وەک ئێوە خۆی تووشی داوی تەسکی حیزبایەتی ئەڕۆی کورد بکا و خۆی بە تەعەسوبی حیزبایەتی ببستێتەوە و پێی وابێ کە :

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران رێرەوی رێبازی جمهووری کوردستان و ئاڵاهەڵگری بیروڕای نەمر قازی محەمەدە"

ئەمن پێموایە دیفاع و تەوسیفی وا لە قازی محەمەد نەکرێ باشترە، چونکە ئەگەر مابا و دیبای کە ئەو رێڕەوانەی کە ئێوە باسیان دەکەن، چۆن بیر دەکەنەوە و چۆن بە ساڵانی ساڵ لە ناو کوردستاندا لە گەڵ بیری جیاواز لە خۆیان و تەنانەت لە گەڵ هاوخەباتیانی چەند ساڵەی خۆیان شەڕی براکوژییان کردووە و لە سەر بیری تەسکی حیزبایەتی بە سەدان پێشمەرگە و رۆڵەی کورد کوژراون و چۆن شاعیرە میللی و نازدارەکەی پێشەوا، واتە (هێمن) بە جاشی میللی نێو دەبەن و... زۆر تووڕە دەبوو! ■

## ڕوونکردنەوە

ئەو شەش بەڵگەنامەیەی وا لە ژمارە ١٣ی«گزینگ» (ل ٢٩و ٣٠)دا، بڵاوبوونەوە، ژمارەکانیان لە گەڵدا چاپ نەکرابوو. لەگەڵ داوای لێبووردن، وا ژمارەکانیان ڕادەگەیێنین:

بەڵگەنامەی ژمارە ١) Fo. 371/31416

بەڵگەنامەی ژمارە ٢) Fo. 371/45446

بەڵگەنامەی ژمارە ٣) Fo. 371/52667

بەڵگەنامەی ژمارە ٤) Fo. 371/52668

بەڵگەنامەی ژمارە ٥) Fo. 371/52702

بەڵگەنامەی ژمارە ٦) Fo. 371/52702

# کۆنفرانسێک لە سەر زمانی کوردی

لە رۆژانی شەممۆ و یەکشەممۆ دا (١٢و١٣ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦)، لە شاری موولهایم (Mülheim an der Ruhr) ی ئاڵمان کۆنفرانسێک لە لایەن "رێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤ لە کوردستان(IMK)" و "ئاکادێمی ئێڤانگێلی موولهایم" ، بە سەرۆکایەتی «سەرتاج بوجاک» و «دوکتور ڤۆڵف دیتێر یوست» بەڕێوەچوو. میوانەکانی ئەو کۆنفرانسە و سەرباسەکانیان بریتی بوون لە:

**شەممۆ، ١٢ی ئۆکتۆبر**

* بنەماکانی هاووڵاتێتی تورکیا و سیاسەتی زمان
- جەعفەر بالجی، مامۆستا، لە برێمێن

* زمانی کوردی و زاراوەکانی وەک کەرەسەی چەوساندنەوە
- دوکتور لەتیف هەڤرێست، ڤییەن

* زمانکوژی (Linguizid) لە رێگای شێوەکانی بارهێنان و مافەکانی مرۆڤ لە باری زمانەوە لە چوارچێوەی مافی گەلان دا ـ روانگەیەکی کۆمەڵناسی
- پرۆفسۆر دوکتور ئەمیری حەسەنپوور، زانستگەی تۆرۆنتۆ، کانادا

* دەرسی زمانی زگماکی بۆ کوردان ـ هەنگاوە موسبەتەکان لە ئاڵمان و سوئێد
- پرۆفسۆر ئانتیە کاترین مێنک، زانستگەی برێمێن
- سڤێنیا فالک، زانستگەی گیسێن

* کۆڕی ئاخاوتن دەگەڵ وتاردەرەکان.

**یەکشەممۆ، ١٣ی ئۆکتۆبر**

* "... هەموو کەس زمانی زگماکی لێ دەبیستێ"
- دوکتور ڤۆڵف دیتێر یوست

* سیاسەتی زمان و مافی مرۆڤ ـ ستانداردەکانی ئورووپایی و وڵاتی تورکیا
- سەرتاج بوجاک

* مافی مرۆڤ لەباری زمانەوە ـ روانگەکانی کوردیی
- سەنەم کلێف، بەرپرسی سەرکردایەتی W E G ، فرانکفۆرت/ماین
- جەعفەر بالجی
- رەزا باران، ئەندامی یەکێتی ٩٠/ سەوزەکان، بێرلین

---

○ نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و زانست ـ ی مەڵبەندی N R W یش بانگهێشتن کرابوو.

○ لەو کۆنفرانسە دا "دوکتور میشێل لیزێنبێرگ" لە زانستگەی ئامستردام و "دوکتور گوڵمراد مرادی" لە زانستگەی هادێلبێرگ بەشدار بوون.

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد
# و
# کۆمەڵەی هیوا

نووسینی: د. عەبدوڵلا مەردوخ

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

جا با بینەوە سەر باسەکەمان. یەک لە دامەرزێنەرانی (ژ.ک) سەبارەت بە دامەزراندنی (ژ.ک) دەنووسێ: چەند کەسێک لە کوردەکانی کوردستانی عێراق لە دوای شەهریوەری ١٣٢٠ بۆ دامەزراندنی حیزبی هیوا لە مەهاباد هاتنە ئەم شارە. چەند مووچە خور و خوێندەواریان بانگ کرد و داوایان لێ کردن کۆمەڵەیەک دابمەزرێنن کە لقێک بێ لە حیزبی هیوا. ئەم پێشنیارە وەرنەگیرا لە بەر ئەوە کەس ئامادە نەبوو لەگەڵ حیزبێک هاوکاری بکا کە سەری بە هەندەرانەوە بەسترابێ.[31]

بە سەرنجێکی ورد لە بەرنامە و پێڕۆ و پرۆگرامی دوو کومەڵەی هیوا و (ژ.ک) بە باشی دەردەکەوێ کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، لقێک بووە لە کۆمەڵەی هیوا، جا لە ترسی زەبر و زۆری ئینگلیس کە ئەوسا ژاندارمی هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بوو و لەم کاتەشدا باشووری ئێرانی بە تەواوی داگیر کردبوو و دەسەلاتدارانی حکوومەتی ناوەندی ئێران و عێراق کە گوێڕایەڵی ئینگلیس بوون و هیزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت ئەوانیش باکووری ئێرانیان گرتبوو و لە ناوچەی موکریانیشدا هەر خۆیان حیساب بوون و بەهێزنەبوون و یەکپارچەنەبوونی کۆمەڵەی هیوا و(ژ.ک) و ئامادە نەبوونی بیر و رای گشتی جەماوەری کوردی ئیران، لقی هیوا لە کوردستانی ئێران دا بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد خەریک چالاکی بوو و ئەمە نهێنییەک بوو و دەبوو ئاشکرا نەکرێ. گەلێک بەڵگەی باوەڕ پێکراو لە دەست دان کە ئەم بۆچوونە بسەلمێنن. لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری نیشتمان و ڕۆژنەژمێری ساڵی٤٣ ــ ١٩٤٤ تایبەتی کۆمەڵەی (ژ.ک) دا وەک دروشمێک نووسراوە « بژی سەرۆک و کورد و کوردستان وهیوا» (سەرۆک ڕەفیق حیلمی سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا بووە) هەر ئەم دروشمە لە سەرەوەی ئامیلکەی دیاری کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ لاوەکانی کوردیشدا بەرچاو دەکەوێ. یا هەمدیسان لە سەرەتای ڕۆژنەژمێری ناوبراودا، بە بۆنەی ساڵی تازەوە، پیرۆزبایی کراوە لە هەموو ئەندامانی (ژ.ک) و هیوا.

لەم شێعرانەی مەلا مارفی کۆکەییشدا زۆر باش یەکبوونی هیوا و (ژ.ک) دەردەکەوێ:

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسدێکی سینە ساف  
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژێ و کاف  
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ  
ئەی مودیری ئیتتیحاد و ئەی مەداری ئیئتلاف [32]

هەروەها شانۆگەری دایکی نیشتمان، کە کۆمەڵەی (ژ.ک)ی لە شار و گوندەکانی موکریان دا بەناوبانگ کرد، لە لایەن کۆمەڵەی هیواوە نووسرا بوو و بۆ (ژ. ک)یان نارد.[33] کۆمەڵەی (ژ.ک) لە کوردستانی ئێران و حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراقدا نوێنەری یەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی بوون کە لە پێناوی رزگاری کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەیی دا تێدەکۆشان. هەر دوو رێکخراوەکە هەموو هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازەکانی هەر دوو بەشەکەی کوردستانیان لە ژێر ئالاکەیاندا کۆکردبووەوە.

جا ئەم وتەی مەلا «قادر مودەڕیسی»یە کە دەڵێ «ئێمە ئامادە نەبووین لەگەڵ حیزبێک هاوکاری بکەین کە سەری بە هەندەرانەوە بەسترابێ» دەبێ قسەیەکی تازە بێ و ناشێ لەو سەر و بەندەدا بۆچوونێکی وا هەبووبێ و لە لایەکی ترەوە لە گەڵ داوخوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵەشدا یەک ناگرێتەوە. لەبەر ئەوە (ژ.ک) داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد و هاواری بژی هیوای هەڵدەبڕی، ئیتر چۆن یەک لە بەشە هەرە گرێنگەکانی کوردستان و حیزبی هیوا کە بە تەواو قەوەتییەوە خەریک هەڵسووڕان و دامەزراندنی (ژ.ک) بوو دەبێ بە هەندەران؟

کۆمەڵەی (ژ.ک) کە نوێنەری هەستی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانە و دێمۆکراتیکی گەلی کورد بوو، لە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی بەرانبەر ١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زاینی بە چەشنێکی ڕەسمی بە هاندان و بەشداری سێ ئەندامی ناوبراوی هیوا و ئەم کەسانە پێکهات: عەبدولڕەحمان زەبیحی (ع. بیژەن)، عەبدولڕەحمانی ئێلخانی زادە[موهتەدی](مەلا و خاوەن موڵک) لە ناو کۆمەڵەدا بە برای ڕاست و پاشان بە مرۆ ناودەبرا، مەحەمەد نانەوازادە (ئەرتەشی جاران و پاشان بەزاز)، مەلا قادر مودەڕیسی (مامۆستا و پاشان کارمەند)، حوسێن فرووهەر(ح. زیڕینگەران)، عەبدولڕەحمان ئیمامی (کوڕی ئیمام جومعەی مەهاباد و پاشان کارمەند)، قاسم قادری قازی (مامۆستا)، مەلا عەبدوڵلا داوودی [مەلای حەجۆ] (دووکاندار)، مەحەمەد یاهو(کارمەند)، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان کیانی(بەزاز)، مەحەمەد شاپەسەندی، مەحەمەد ئەسحابی (مامۆستا)، نەجمەدین تەوحیدی (کارمەند)، حامید مازووچی، عەلی مەحموودی (مامۆستا) و مەحەمەد سەلیمی، محەمەد سەعیدی حافدی( لە کرماشان قازی بوو)، سەید تاهیری هاشمی( لە کرماشان مەلا بوو)، نافیع مەزهەر(کارمەند لە سەقز) و عەبدولقادر دەباغی(سیامەک) ئەمانە دامەزرێنەر و ئەندامانی

کـەرتی دووەمی (ژ.ک)بوون. چوار دەسـتـە دەیان توانی ببنە ئەندامی (ژ.ک) بەڵام هەرگـیـز نەیاندەتوانی بە پلەی سـەرۆکی (ژ.ک) بگەن. ئەم چوار دەستە بریتی بوون لە ئاغا و شێخ و مەلا و سەید. [34]

لە کۆمەڵەی (ژ.ک) یشدا هەبوونی دوو باڵی ناوبراو لە کۆمەڵەی هیوا دا بەدی دەکرێ. بەڵام لە بەر دیسیپلینی حیزبی و ئاگادار نەبوون لە ڕەوتی کارەساتەکە لە ناو کۆمەڵەی هیوا دا و بار و دۆخی ناوچەکە و باری گشتی ئێـران، نهـێنییـەکـاری، کـێشـە و دووبەرەکـییـەکـە لە ناو (ژ.ک)دا نەگـەیشـتـبـووە رادەی تەقـینەوە. بۆیە دەبینین لایەنی ئینگلیس خوازی (ژ.ک)، ئینگلیس بە نەجیب و مروڤ خۆشەویست و پارێزەری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروەرێنەر و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی دەزانێ. هەروەها لە نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵە دا نووسیان « زۆرجاران (بریتانیا) وەکوو ئێستا لە سەر حەقی نەتەوەیەکی بچووک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زل و بێدادگـەر و سـتـەمکار بووە. خـۆی لە پێناو ئاسـوودەیی مـەردم ناوە بە تایبـەتی تیـشکی ئەم هەتاوە داویە لە کـوردی بێـچـارە و چارەڕەش و سـتـەمـدیتـوو. حکوومـەتی بریتـانیـا هەر جارە بە چەشنێک بووەتە هۆی پێشکەوتنی گـەلی دووا کـەوتوو و مـەزلوومی کورد. بەڕاستی پێـویسـتی خزمایەتی خۆی لە گەڵ ئێمە بەجێ گەیاندووە». [35] تاقمی ناسیۆنالیستی کـۆمەڵەی هیـوا و (ژ.ک) واتە باڵـی راست، هەر لەبەر ئەوە باڵـیۆزخـانەی ئینگلیس بۆ سـوود و بەژەوەندی خـۆی گـۆڤـاری «دەنگی گـیـتی تازە»ی دەردەکـرد و لە یافـا ئێسـتگەی ڕادیۆی کوردی کـردبووەوە، ئینگلیـسیـان کـردبووە دۆسـتی هەرە دڵسـۆزی کـورد و دەیان گـوت « بژی ئاڵاهەڵگری ئازادی گیتی، بریتانیای مەزن».

بەرەی لایەنگری سـۆڤـیـەتیش شـۆڕشی مـەزنی ئۆکـتـوبری بە خـوێنەران دەناسـاند و بە لنینی دا هەڵدەگـوت. [36] تەنانەت پاش دەرکـردنی یەکـەم ژمـارەی نیـشـتـمـان هێندێ کـەس (ژ.ک) بە لایەنگری بیـر و باوەڕی کومـونیـسم دەزانن. بیژەن لە وەڵامی ئەواندا نووسی « ئێـمە کـومـونیـست نین، ئەگـەر کـومـونیـسـتـیش بین جـێگای هیچ ئێـعـتـرازێک بۆ خـەڵک نییە» [37] هەر ئەم تاقـمـە لە بەیاننامـەی ژمـارە ۳۱۲ی ڕۆژی دوویەمی خەزەڵوەری ۱۳۲۳ هەتاویدا، لە سەر داوخوازی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە نووسی « کۆمەڵەی (ژ.ک) حکوومەتی یەکیەتی سۆڤیەت ئاگادار دەکا نۆ میلیون نەتەوەی کورد بەتایبەتی کوردەکانی ئێران لە بڕیاری حکوومـەتی ئێـران دەربارەی نەدانی ئیـمـتـیـازی نەوتی باکـۆور، بێزارە و بە هیچ بارێک موافقتی ئەم بیرەی حکوومەت ناکا». [38]

سەبارەت بە کێشەکەی دیکە واتە ڕاپەڕینی بارزانییەکان، هەرچەند باڵی راست نەیدەویست خـۆی تێکەڵ بکا بەڵام لایەنگرانی بەشـداری لەم ڕاپەڕینەدا زۆربیان بە سـەر باڵی راست دا شکا، نەک هەر پشـتیـان گرت بەڵکوو مەلا مستەفایان لە دەستبەسەری لە شاری سلێمانییەوە بردەوە بارزان وچەند ئەفسـەری لێـهـاتوویان ناردە ناو بارزانیـیـەکـان و لوجنەی ئازادیان پێکهێنا. [39] ئەم بار و دۆخـە لە ناو کـۆمـەڵەی (ژ.ک) یشـدا ڕەنگی داوەتەوە. لە نامـەیەکی نهـێنی دا هەینـەتی شـاری ٦. خ. لە ١٣٢١/٦/٦بە ژمـارەی ٢٠٧ بە ناوی کـۆمـەڵەی (ژ.ک)ەوە کـە بۆ مەلامـستەفـای نارد شوێنی بیر و باوەڕی دوو باڵی چەپ و راست لە ناو کۆمەڵەشدا دەردەکەوێ، بەڵام پێویستە سووربین لە سەر ئەوە کە(ژ.ک) زۆرتر بە لای سۆڤـیـەتەوە شکابووەوە. لە نامـەی ناوبراودا سـیـاسـەت و بیـروباوەڕی ناوەکی و دەرەکی(ژ.ک) بە باشی دەردەکـەوێ. لەم نامـەدا لەگـەڵ ڕێزێکی زۆر بۆ مـەلا مـسـتـەفـا داوایان لێکردووە کـە هۆی ڕاپەڕینەکـەی خـۆی بۆیان ڕوون بکاتەوە کـە ئایا هەر داوای ئازادی بۆ کوردستانی عێراق دەکا یا بۆ گشت کوردستان. هەروەها داوای ئەوەیان لە مەلامستەفا کردووە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ئینگلیس دەربخا و دەریان بڕیوە ئەگەر هاتوو ئێوەیان تەنگەتاو یا ڕازی کرد ئایا هەر درێژە بە شۆڕش دەدەن یان نە ؟ لەوێدا نووسـراوە ڕای (ژ.ک)ئەوەیە کـە ئەو ڕێگای ئێـوە ناوێکی گشتی وەربگرێ واتە بانگاشەی ئازادی هەموو کوردستان بکەن و دەبێ هەمـوو کوردێک بەشـداری تێدا بکات و یارمـەتییـان بدات و لە ژێر قیادەی ئێوەدا لەشکرێکی کوردی لە هەمـوو ناوچەکانی کوردستان پێکبێت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویسـتە کۆبوونەوەیەک بکرێ، لەم کۆبوونەوەدا دەبێ نوێنەرانی ئێـمـە و ئێـوە هەڵبـژێردرێن، جـێگای ئەم کـۆبوونەوە جا با خاکی کوردستانی عێراق بێ یا کوردسـتانی ئێران. لەم کۆبوونەوەدا هەموو داوخوازییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی پەیمانێکی میللیدا دەستنیشـان دەکرێ و لە لایەن هەمـووانەوە ئیـمـزا دەکـرێ و هەر لەم کـۆبوونەوەدا ڕەوت ونەریتی لەشکری کورد پەسند دەکرێ و واجبـاتی بەشداری هەمـوو لایەک لەم شۆڕشەدا دیاری دەکرێ. هەروەها داوا لە مەلا مستەفا کراوە مەوقفی جەنگی خۆی ودوژمن و عـەشایری کوردی کوردستانی عێـراق بەرانبەر بە خۆی بۆیان ڕوونبکاتەوە. ئەوەشیان بە مەلا مـسـتـەفا ڕاگەیاندووە کە بۆ ئازاد بوونی کورد دەبێ سیاسەتی یەک لە دەوڵەتەگەورەکانیان لەگەڵدا بێ، بە ڕای (ژ.ک) ئەم دەوڵـەتە دەوڵەتی شـوورەوەییـە داوایان کـردووە ئەویش لەم بارەوە ڕای خۆی دەربڕێ. لە درێژەی ئەم نامەدا هاتووە کە مەلا مستەفا بە زووترین کات ڕای دەوڵەتی ئینگلیس بەرانبەر بە شۆڕشەکەی بۆ (ژ.ک) بنێرێ و بڵێ چ گفتـوگۆیەکیان پێکەوە کردووە. بە ڕای (ژ.ک) ئینگلیس نابێ خۆی تێکەڵی ئەم شۆڕشە بکات. لە دوایی نامەکەدا نووسراوە «ئێوە زەعـیمی ئازادی پەرستن، هیچ نەبێ مکافحی زوڵم ئەکەن بۆ عـەشیـرەتی خۆتان و کوردی ئێران بە ڕۆحی برایەتی کوردایەتی زۆر ئیشتیاقی هەیە بۆ موەفەق بوونی ئێوە بەهەر چی نەوعێک بێ، و ئامادەیە بۆ یارمەتی ئێوە بە گوێرەی مسـامحەی زرووفی سیاسی مەملەکەتمان و ئەم سوئالانە ئەکەین مەقـسوودمان ئەوەیە کە تەئمین یارمـەتیەکی زۆر گەورە بۆ ئێـوە بکەین و حەرەکـەتی مـوبارەکی ئێوە بکەینە حـەرەکـەتی مـیللی عـومـوومی تاکوو لە تەئریخ دا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ». [40]

بەداخەوە هەموو چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی (ژ.ک) لەبەردەستدا نین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تێـروتەسـەل، سـەرەڕای ئەمـە ئەگـەر بە وردی سـەیری ژمـارەکـانی گـۆڤـاری نیـشـتـمـان بکەین زۆر لایەنی فکری و سـیـاسی وکـۆمـەڵایەتی (ژ.ک)مـان بۆ دەردەکـەوێ. بۆ نموونە ٦.ک.ع. مرۆ(حـاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی) لە وتارێکدا لە دوا ژمارەی نیشتماندا بە ناوی مـوسکوا، واشنگتـون، لوندون؛ لایەنێکی دیکەی بیـروباوەڕ و سیاسەتی(ژ.ک) ڕوون دەکاتەوە. لە بەشێک لەم وتارەدا هاتووە:

«کـوردیش کـە یەکـیـک لە گـەلانی بەشـخوراو و زورلیکراوە لە سـەر ئەو بڕیارە لە ئازادی و سـەربەسـتی و رزگـاری خـوی دلنیـا و هیندەی هەمـوو دونیـا بەم بڕیارە دڵخـوشـە و شـانازی پیـوەدەکـا، چونکە هیـچ مـیللەتی وا ژێرچەپوکە و سووک و چرووک و بەشخوراو نەبووە.

دراوسیەکانی ایمە (تورک، عـەرەب و فـارس)ایمەیان لە ناو خویاندا بەش کردوە و بە چاوی دیلی و یەخسـیری تەمـاشـامان دەکەن و هیچ چاکیکمان پی رەوا نابینن و لە هیچ خـراپیـک دەربارەمـان خـو ناپاریزن. بو ئەوە وردەوردە لە ناو خویاندا بمانتـوێننەوە نایەلن بە زمـانی خۆمـان بخـوینین و نووسین. تەنانەت لە قـوتابخانەکـاندا دەبی آخاوتنمان بە زمـانی وان بی، نایەلن خوبەخو ریکبەکەوین. ئەگـەر دوو کەس پیکەوە کوبینەوە بە ناوی سیـاست دەمـانگرن ودەمـانکوژن. خـەریکن لە لای ایوە کـە بڕیاری ژیانی

سەربەخوتان بو هەموو نەتەوەیکی پچووک داوە، رەگەزمان بەرنەوە سەر خویان بە (تورک، عەرەب و فارس)مان بناسێن تا هاوارمان نەگاتە پیشگای عەدالەتی ایوە. خو ایوەش دەزانن میژوش گەوایی دەدا کە کورد نەتەوەیکی جیاواز و بنەمالەیکی سەربەخو و پاکە نە عەرەب نە تورک ونە فارسە نە دەش بیتە هیچ یەک لەوانە. کورد بە هیچ باریک لەو نەتەوانەی کە دە ژیر سایەی ایوەدا آزاد و مستقل دەژین کەمتر نین. تکامان وایە ایمەش لە قەومانی تر هەل ناویرن و زیادە لەو هەموو نەتەوە گەورە و پچووکانە کوردان دل شکاو و جەرگ براو نەکەن و آە و نزوولەی ئەو هەموو ژن ومندالە بی کەس و هەژارانە مەهیننە سەر خوتان. ئەوەندەش بزانن عەرەب و تورک و فارسەکانیش تیبگەهێن کە کورد چاویان کراوەتەوە ودەزانن زەمانی یەخسیری و بەندەیی نەماوە. ئەو هەموو شەر وکوشتارە لە پیناو وشەی پیروزی (رزگاری ـ آزادی)یە و تازە ناچیتە ژیر باری ئاغا و نوکەری هیچ کەس، هەرکەس بە تەمای داگیرکردنی کوردستان بی لازمە سەر و لەشی سەربازانی خوی و کوردان بکاتە پردەباز و کەشتی تا لە زریەی خوینی خوی و کوردان پریتەوە بەری کوردستانی گەورە.

کورد گەلیکی گەورە، دارای ولاتیکی گەورەی پر خیروبەرەکەتە کە بە خوین کراوە وپاریزراوە. رستەیکی کوردی هەیە کە هەموو کورد باوەریان پی هەیە و دەلێن:" ژین وەک لییان کردوتە هەرا وا خوش نیە، مردنیش وەک لییان کردوتە هەرا واناخوش نیە". پیداویستە(عەرەب، تورک و فارس)ەکان چاک بیر لە داوای میللی ایە(کوردان) بکەنەوە وچی دیکە خومان لی گیل نەکەن و لیمان نەبنە (وشتری ناو پەمو) دەستی ایە و داوینی ایوە ئەی حکوومەتە گەورە دادپەروەرەکانی گیتی». [٤١]

(ژ.ک) لە بار و دۆخی ئالۆزی ئەو کاتەی ئێران دا بە گشتی، زۆر باش توانی خۆی لە دەستی دوژمنانی بپارێزی. لایەنگریی دڵسۆزانەی جەماوەری خەڵک و کاری نهێنی و تیکۆشانی بێ ووچان لە چوارچێوەی لق دەری هێنابوو و کردبووی بە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ و کاتێ کۆمەڵەی هیوا تووشی پرش و بڵاوی بوو، (ژ.ک) پتەو تر و بەگوڕتر لەم لاوە خەریکی کار و باری خۆی بوو و توانی چەند لق لە شارەکانی پێنجوێن، سلێمانی، قەڵادزێ، رانیە و کۆیە دامەزرێنێ. [٤٢] لقی شاری سلێمانی برایم ئەحمەد بەرپرسی بوو و هێندێ لە ئەندامەکانی بریتی بوون لە عوسمان دانش، ئیسماعیل شاوەیس و فایق بێکەس. ئەم لقە گۆڤارێکی نهێنیان بە ناوی «دەنگی ڕاستی» بڵاو دەکردەوە [٤٣] هەر لەم لقەداچەند ئافرەتێک ئەندام بوون و شان بە شانی پیاوان دەوریان هەبوو.

هەروا کە پێشتر باسمان کرد باقرۆف لە بیری ئەوەدا بوو خەونی ئازەربایجانی گەورە بێتە دی و ئەو دابەشکردنە جوغرافیاییە دەسکردەی کە بە دەست دەوڵەتی ئێران کرابوو و کوردستانی موکریانیان کردبووە بەشێک لە ئازەربایجان قەبووڵ بوو. دوای دامەزراندنی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان لە تەورێز، چەند کەسێکی وەکوو: عەبدوڵلاێیف، هاشمۆف و ئەسەدۆف و سەلاحەددین کە بە کاک ئاغا بەناو بانگ بوو بە سەرۆکایەتی ژێنێرال سەلیم ئاتاکشیۆف ناردە ناوچەی موکری. ئەوانە بەم ناوەدا دەسووڕانەوە کە گوایە دەبێ مافی ڕەوای کوردیش چارە سەر بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە پێوەندییان بە ژمارەیەکی زۆر ئاغا و شێخ و مەلا و مالێکەوە کرد. ئەمانە بە هیچ کلۆجێک ڕوویان لە (ژ.ک) و ئەندامەکانی نەکرد، یەکەم لەبەر ئەوە کە (ژ.ک) بە تەواوی نهێنی بوو و ڕووسەکان ئاگادارییەکی وایان لە کۆمەڵە نەبوو و پاشان بەو بیانووە کە گوایە(ژ.ک) لە خەتی ئینگلیس دایە. ئینگلیسیەکانیش (ژ.ک)یان بە لایەنگری ڕووس دەزانی. بۆ باشتر تێگەیشتن لە بیر و باوەڕی ئەم ئاغا و شێخ و مەلایانە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١ دا، سی کەسیان بۆ باکۆ بانگ کرد. [٤٤] کاربەدەستەکانی باقرۆف بە قەستی شێخ و مەلا و ئاغای عەشیرەتانی کوردیان هەڵبژاردبوو بۆ ئەوە گەلی کورد وەکوو کۆمەڵێک عەشیرەتی جۆر بە جۆر بە ستالین و بەڕێوەبەرانی یەکیەتی سۆڤیەت بناسێن کە ئەمانە ئێستاش لە چوارچێوەی ژیانی باوک مەزنایەتیدا دەژین و شیاوی ناوی گەلێکی سەربەخۆیان نییە و دیارە ناشتوانن بێن بە خاونی دەوڵەت. لەو لاشەوە لە حکوومەتی ئێران ناڕازین. باقرۆف لە گەڵ زیرەکەکانی ئەم وەفدە بە دوور و درێژی قسەی کرد و بە باشی تێیانی گەیاند کە مەبەست چییە، ناحاڵیەکانیشی بە گەڕان بە شاری باکۆ دا سەرگەرم کرد و پاشان بەچەند تا قەند و شەکر وچەند دانە تفەنگی تاپر و دەمانچەوە بەڕێیانی کردەوە. لە گۆڤاری نیشتمان دا گاڵتە بەم کەسانە کراوە. [٤٥] هێندێکی دی لەم میوانانە لە ژێر کارتێکردنی(ژ.ک) دا داوای سەربەخۆیی کوردستانیان لە باقرۆف کردبوو. کاربەدەستانی ڕووس هەستیان بە هەبوونی دوو ڕێبازی جیاواز لە سەر داهاتووی کوردستان کردبوو و هەوڵیان دەدا لایەنی باڵی خودموختاری خواز کە لایەنگری یەکیەتی لەگەڵ ئازەربایجان بوو، بگرن. ئەوەبوو لە پایزی ساڵی ١٩٤٥ دا دیسان چەند کەسیان بانگ کردەوە باکۆ کە هەم لە باری ژمارە و هەم کەسەکان لەگەڵ یەکەم بانگ هێشتن دا جیاوازی هەبوو. لەم سەفەرەدا باقرۆف وتبووی سەربەخۆیی تەواو لەم بار و دۆخەی ئێستادا هیچ ئیمکانی نییە بەڵام حکوومەتی رووسیا بێ مەیل نییە کە پشتیوانی لە کورد بکات بۆ وەرگرتنی مافی (خود مختاری ) واتە حوکمی زاتی بە مەرجێ بکەونە ژێر دەستەڵات و چاوەدێری (فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانی تورکەکانی تەورێز)... و ڕاسپاردەشی کردبوون کەدەبێ ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بگۆڕن بە (حیزبی دێمۆکراتی کوردستان). [٤٦] لەم لاشەوە سەرۆکی فیرقەی ئازەربایجانی ئێران، جەعفەر پێشەوەری کوردەکانی بە بنەماڵەیەک لە ئازەربایجان ناو دەبرد [٤٧] و بە بڕوای ئەوان ئازەربایجان بریتی بوو لە ئوستانەکانی سێ و چوار و ولاتی خەمسە [٤٨]، کە کوردستانی موکریانیشی دەگرتەوە و دەیانگوت ناوەندی کوردستانی ئازەربایجان شاری مەهابادە. [٤٩] لە بەڵگە ڕەسمییەکانی فیرقە دا کوردەکان بە کەمایەتی ناو براون. [٥٠] زۆر جار ئەم پرسیارە کراوە بۆچی ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لەم سەردەمەدا لە بیر کراون. گەلێک وەڵامی جۆر بە جۆر بەم پرسیارە دراوەتەوە کە هیچیان ڕاستیی ناپێکن. وەڵامی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە باری جوغرافییەوە لە سەقز بەم لاوە ناکەونە چوارچێوەی ئوستانی ئازەربایجانەوە. باقرۆفیش تەنیا کاری بە ئازەربایجان هەبوو و بەس.

لە دوای گەڕانەوەی وەفد بۆ ولات، قەرەنی ئاغای مامەش کە یەک لە نوێنەرانی وەفدی یەکەم بوو وتبووی من هیچ متمانەم بە حکوومەتی رووسیا نییە و ئەترسم ڕۆژی لە ڕۆژان بمانخەنە بازاڕی مامەڵەت و بمانفرۆشن. قاسمی حاجی بایز ئاغای دێبۆکریش لە سەفەری دووەم دا هەر ئەم قسەی کردبوو [٥١] هێندێ کەسی تر کەم و زۆر تێگەیشتبوون مەبەست چییە. بەڵام وایان دەزانی دەبێ لەم هەلەش کەڵک وەرگرن. مامۆستا برایم ئەحمەد لەم بارەوە دەڵێ: « حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، (ژ.ک)ی نەهێشت و هەموو چەشنە تیکۆشانێکی کرد بە شتێکی عەشیرەتی و ناوچەیی تەسک و تۆسک» [٥٢] و پاشان درێژە بە قسەکانی دەدا دەڵێ «تەنیا هەواڵ و داوخوازییەک کە بۆ ئێمەیان نارد ئەوە بوو کە دوکتور و برینپێچمان بۆ بنێرن و بەس ئیدی هیچی کە مەنێرن». [٥٣] مامۆستا برایم ئەحمەد لە وەڵامی بۆ وایان دەکرد، دەڵێ « ئەترسان لەوەی وەزیفەکەیان لە کیس بچێت. ئەیانگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ خۆمان کردووە خۆ بۆ ئێوەمان نەکردووە. بڕوا بکە ئەمە قسەی خەڵکی ئەوێ و قسەی کاربەدەستانی

ئەوێ بوو. واتە بوو بوو بە شاریەتی بوو بوو بە مەهابادیەتی و عەشیرەتی. هەر عەشیرەتێ دەیەویست خۆی لە پێش بێ و کار بۆ خۆی بکا»[٥٤]

تەواوی ئەم قسانە بۆ ئەوە بوو بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کە کۆمەڵەی (ژ.ک) بە خوێنی دڵ رواندبووی لە دڵ و مێشکی کوردەکاندا بسڕێتەوە و بەڕێوەبەری ئازەربایجانی گەورە بتوانێ بێ دەردی سەر کوردستانی ئازەربایجان قووت بدات. ئەمە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی (ژ.ک) بوو. دیارە هەڵوەشانەوەی (ژ.ک) بە ئاسانی نەدەکرا، لە پێشدا هاتن رابەران و بەرپرسانی دڵسۆز و لێهاتووی کۆمەڵەیان یا وەلانا، یا دووریان خستنەوە و لە جێگای ئەوان دیسانەوە چوونەوە لای ئاغا و مەلا و سەرۆکی عەشیرەت کە ئەوەندە بەتەنگ جووڵانەوەکەوە نەبوون. بۆ نموونە عەلی ریحانی بەرپرسی گەڕەکی بازاڕی شاری سابڵاغ، کە برایەکی لە رێگای ئامانجەکانی (ژ.ک)دا شەهید ببوو و خۆی سەردەمێک تاجر بوو لە شاری ڕەواندزدا و تجارەتخانەی هەبوو، زۆربەی زۆری ماڵ و سامانی خۆی لە رێگای (ژ.ک) دا سەرف کرد، وەلایان نا بەڵام هەتا ئاخر هەناسەی ژیانی نیشتمانپەروەر ما و دەستی لە خەبات لە پێناوی بەرژەوەندی گەلەکەی هەڵنەگرت.[٥٥] یا حاجی عبدولڕەحمان ئیلخانی زادە(موهتەدی) کە بە نووسین و بە پارە هەوڵی بۆ (ژ.ک) دەدا لە کاتی بڕیاردانی گۆڕانی کۆمەڵەی (ژ.ک)دا ئەویش بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی عێراق چووبووە سلێمانی و لەوێڕا چووبووە سەفەری حەج، هیچ پرس و مەسڵەحەتێکی پێ نەکرا، بە رواڵەت کرابوو بە وەزیری راوێژ بەڵام بە باشی دیار بوو ئەویش لە پلەی بڕیاردان وەلا نراوە.[٥٦] عەبدولڕەحمان زەبیحی سکرتێری (ژ.ک) و دڵشاد رەسوولی و قاسم قادری قازی سێ ئەندام و بەرپرسی ماندوویی نەناس بە دوای کارێک دا ناردران کە ئەرکی ئەوان نەبوو. کۆمەڵێکیش کە هەر نارازی بوون ناچار وازیان هێنا. هەژاری شاعیر هیچ وەخت نەبووە ئەندامی حیزبی دێموکرات و تا مردنیش پێی وابوو نەدەبا حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای کۆمەڵەی (ژ.ک) بگرێتەوە.[٥٧] پۆلێکی زۆر لە دڵسۆزە بەڕاستییەکانی (ژ.ک) هاتن دە حیزبی تازەوە و تەواوی حەول وتەقەلایان ئەوە بوو کە بەرنامە و پرۆگرامەکانی پێشوو لەو قالبە تازەیەدا بەڕێوە بەرن. داخەکەم حەول و تەقەلای بێ خەوشی وانە بەرهەمێکی کە چاوەڕوانی دەکرا، نەی بوو و نەی دا.[٥٨] چەند کەسیش تووڕە بوونی خۆیان لەم کارەساتە بە شێعر و نووسین دەربڕی. وەکوو خاڵە مین کە نووسی:

دەزانی ئەو سەفەرەش مامە کوردە خۆی خڕکرد
لە ماڵی میللەتی بێچارە کیسەکەی پڕ کرد
هەتاکوو مەنجەڵی حێرس و تەماعی جۆش بگرێ
بە شاقەڵێ وەبەری نیشت و ئاگری گڕ کرد
لە بەر چی حیز و دزی کۆنی ناردە پشت مێزی
لە سەر چی دەفتەری کورد خوازەکانی دڕ دڕ کرد

(ژ.ک) بە زۆر زیرەکانە سەر و بەری لێک بڕا و حیزبی دێمۆکرات جێی گرتەوە. ڕۆژگار وای لێهات ئەو مەلا مەستەفایە کە (ژ.ک) نامەی بۆ دەنووسی و کردبوویە زەعیمی گەورەی ئازادی هەموو کوردستان بە پێی خۆی هاتە سابڵاخ بە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەوە بەڵام لەم سەردەمەدا ئاوڕیشیان لێنەداوە و تەنانەت بە پیاوی ئینگلیسیان دەزانی. حیزبی دێمۆکرات وازی لە کوردستانی بوون هێنا و نەیدەویست لە ئێران جیا بێتەوە بە پێچەوانە مەبەستی پاراستنی ئێران بوو لەو جیاوازیخوازییەی کە ئامانجی (ژ.ک)بوو.

رەوڕەوەی مێژوو نەدەوەستا و ناوەستێ، دنیا ئاڵوگۆڕی سەیرسەیری بە سەردا هات. باقرۆف کە لە هەستی حەز و ئاواتی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کەڵکی وەرگرتبوو ئەو قەول و بەڵێنانەی وا پێیانی دابوو هیچیانی نەبردە سەر و پاشان بە تاوانی خەیانەت و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناسیۆنالیستی ناوچەگەری و کاری تەک ڕەوانەی جیا لە سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبی کومونیست گیرا و تیرەباران کرا و هێندێ لەو کەین و بەینانە وا شارابووەوە دەرکەوتن.

گەرچی هەموو بەڵگەکانی ئەم رووداوانە هێشتا لە بەر دەستدا نین، بەڵام دەکرێ بڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئەو سەردەمەی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران دا لە دوو کانالی جیا لە یەکدا بەڕێوە دەچوو. کانالی مۆسکۆ بە سەرکردەیی مۆلۆتۆف وەزیری کار و باری دەرەوە و کانالی حیزبی کومونیستی ئازەربایجان بە رابەری میر جەعفەر باقرۆف و یارمەتیدانی لاورێنتی بێریای گۆرجی وەزیری ئەمنی ستالین. مۆسکۆ کار و کردەوەی باقرۆفی بە هەڵە و پڕ مەترسی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت دەزانی و قەت بیریان لە سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان نەدەکردەوە نەکا بەرژەوەندییەکانیان لە تورکیە و ئێران و عێراقدا بکەوێتە مەترسی. بەڵام زۆریی بێریا و باقرۆف لە لای ستالینەوە لە مۆلۆتۆف زیاتر بوو. وەختێ کارەکەی باقرۆف سەری نەگرت، ستالین بە ئاگا هاتەوە و پەی بە هەڵەکانی خۆی برد. ئەوە بوو بڕیاری دا هێزەکانی خۆی لە ئازەبایجان و کوردستانی ئێران بکشێنێتەوە و وازی لە پشتیوانی هەر دوو کۆمار هێنا. ئەڵبەت زۆرهێنانی ئینگلیس و ئەمریکاش لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ستالینی مەجبوور کرد دەست بە کارێکی واوە بدا. مێژوو نووسانی ئێرانی ئەمە بە سیاسەت زانی و تێگەیشتوویی قەوامۆسەلتەنە دەزانن و چیرۆکی کڵاونانە سەر ستالینیان لە لایەن«قەوام»ەوە لە سەر دانی ئیمتیازی ئەوتی باکووری ئێران بە رووسەکان بەو شەرتە واز لە پشتیوانی دوو کۆماری ناوبراو بێنن، درۆست کردووە کە زۆر بێ بنچینەیە. کوردەکان ئێستاش گلەیی لە سۆڤیەت دەکەن بۆچی وا زوو پشتی کوردەکانی بەردا و یارمەتییەکانی خۆی لێیان درێغ کرد، بەڵام لە مێژووی نێوان کورد و رووسیا و پاشان سۆڤیەت هیچکات نابینرێ رووسەکان دڵسۆزانە یارمەتی کوردیان دابێ یا لە بیری چارەنووسی کورددا بووبێتن بە چەشنێکی مرۆڤانە.

کاتێ ئەرتەشی ئێران، ئازەربایجان و کوردستانی گرتەوە، یەکێ لە نوێنەرانی دەست راست لە مەجلیسی شوورای میللی دەورەی چواردەهەم بە سەدری قازی گوت : « ئاغای سەدر زانیتان حیسابەکانتان هەڵە بووە و دەوڵەت بەهێزە». سەدری قازی لە وەڵامدا پێی وتووە : ئەمە ئێمە نین کە دۆڕاندوومانە، ئەمە سیاسەتی شوورەوی لە ئێرانە کە لێکەوتووە».[٥٩]

**چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک)**

کۆمەڵەی (ژ.ک) وەک رێکخراوەیەکی سیاسی نەتەوایەتی دێمۆکراتیکی پێشکەوتنخواز لە پەرەپێدانی خەباتی دژی فاشیسم لە کوردستاندا، لە بەرزکردنەوەی بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕی و بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە زۆربەی گەلدا، لە دەرخستنی دیوی ئاوەژووی سەرۆک عەشیرەتان و شێخ و مەلای کۆن پارێز و پڕ و پووچی کۆمەڵایەتیدا دەورێکی زۆر گرینگی هەبوو. گەرچی (ژ.ک) زۆر نەژیا بەڵام لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا لە بواری رۆژنامەگەری کوردی و ئەدەب و زمانی کوردیشدا هەوڵێکی باشی دا. نۆ ژمارە گۆڤاری نیشتمان[٦٠] و دوو رۆژ

ئەژمێر (سالّی ۱۳۲۲/۱۹٤۳ و سالّی ۱۳۲۳/۱۹٤٤)ی بلاو کردەوە. ناوی دوانزە مانگەی سالّ بە زمانی کوردی بۆ یەکەم جار (ژ.ک) بە کاری هێنا. هەروەها دیاری کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ لاوەکانی کوردیشی لە سالّی۱۹٤۳/۱۳۲۲دا لە چاپ دا کە بریتیە لە سێ نامیلکە، دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، گولّ بژێرێک لە دیوانی حاجی قادر کۆیی و دەستە گولّێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمان پەروەری هاتووەتە بەرهەم و گەلێک بەیانی سیاسی بە بۆنەی رووداوی سیاسی و کۆمەلاّیەتی جۆر بەجۆرەوە. هەروەها پێشکەش کردنی شانۆگەری دایکی نیشتمان کە بۆ ماوەی نزیک پێنج مانگ لە شار و شارۆچکەکانی ناوچەی موکریان دا خەڵکی هێنابووە جۆش و خرۆش. هەروا کە پێشتر کوتمان ئەم شانۆگەرییە لە لایەن کۆمەڵەی هیواوە بۆ (ژ.ک) ناردرا. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی سلێمانی لە ئەستەمبولّ و شارەکانی دیکەی تورکیا دا بوون و لە تورکەکانەوە فێری کاری سیاسی کولتووری ببوون کە گەڕانەوە ئەم ئەزموونەیان هێناوە کوردستان. تورکە لاوەکان زۆرتر لە ڕێگای بیستن و دیتنەوە بیر و باوەڕەکانی خۆیان لە فێرگە و قوتابخانەکاندا بلاّو دەکردەوە. حاجی تەوفیق پیرە مێرد(۱۸٦۷-۱۹٥۰) کە لە تورکیا دەرسی حقوقی خوێندبوو، فیرکردن لە ڕێگای بیستن و دیتنی لە کوردستاندا کردە باو و بۆ ئەم کارە مەم و زینی ئەحمەدی خانی (۱٦٥۰-۱۷۰۷) کردە شانۆگەری و پاشان کۆمەڵە سیاسییەکان نیشانی خەڵکیان دەدا. وێدەچێ یەکەم جار کۆمەڵەی ئازادی بوو شانۆگەری مەم و زینی نیشانی قوتابیان و خەڵک دا[٦١]. لە کۆمەڵەی هیواشدا ئەم کارە درێژەی پەیدا کرد. شانۆگەری دایکی نیشتمان بەرهەمی ئەم ئەزموونەی هیوا بوو. لەو سەردەمەدا و پاشانیش دایکی نیشتمان یەکەمین و ئاخرین شانۆگەری کوردی بوو نیشانی جەماوەری کوردی ئێران درا.

(ژ.ک) سەرەڕای پەروەردەکردن و پێگەیاندنی چەندین کادری سیاسی کە پاشان هێندێکیان دەوری سەرەکیان گێڕا لە بەڕێوەبردنی حیزبی دێمۆکراتدا، ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و نووسەر و شاعیری پایە بەرزیش لە قوتابخانەی (ژ.ک) دا دەرکەوتن وەکوو هێمن و هەژار و خالە مین و سەید کامیل و حەقیقی و عەتری و دلّشاد رەسوولی و حەسەن قزلّجی و رەحمان زەبیحی و گەلێکی تر. لە (ژ.ک)ی لقی کوردستانی گەرمێنیشدا زانا و قەڵەم ئەخشێن زۆر پەیدا بوون وەکوو برایم ئەحمەد و فایق بێکەس و محەمەد عەلی مەدهۆش. ئەم زانایانە زۆربەیان رچەشکێن بوون و لە بواری کاری خۆیان دا وەک پێشەنگ و رابەر دەوریان گێڕا و بەرهەمەکانیان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگایەکی دیار و بەرزیان هەیە هەروا کە کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیش لە مێژووی سیاسی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد دا شوێنێکی پیرۆزیان پێدراوە.

### پەراوێزەکان

۳۱) سید محمد صمدی، *نگاهی دیگر به (ژ.ک)*، مهاباد، پائیز ۱۳٦۳، ص ۸.

۳۲) گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ۳و٤ سالّی یەکەم سەرماوەز و ڕێبەندانی ۱۳۲۲، ل ۲۰.

۳۳) وتووێژی نووسەری ئەم باسە لەگەڵ غەنی بلووریان لە شاری ستۆکهۆلم ۱۹۹٥/۷/ ۳۰. غەنی بلووریان لە شانۆی دایکی نیشتمان دا دەوری یەکێ لە منداڵانی دایکی نیشتمانی گێڕاوە. هەروەها سەیری گۆڤاری گزینگ ژمارە ۷، بەهاری ۱۹۹٥، ل ۲٤، برایم فەرشی، کورتەیەک لە سەر شانۆی دایکی نیشتمان بکەن.

۳٤) سید محمد صمدی، *ژێ کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟* مەهاباد، ۱۹۸۱، ل ۱۳.

۳٥) نیشتمان، ژمارە ۳و٤، ل ۲۷-۲٦.

۳٦) نیشتمان، ژمارە ۲، ل ۲٤ و ژمارە ٦، ل ۱۰.

۳۷) نیشتمان، ژمارە ۲، ل ۹.

۳۸) دەقی ئەم بەیانە لە لای نووسەری ئەم باسەیە.

۳۹) **دکتر اسمعیل اردلان**، *اسرار بارزان*، انتشارات روزنامه کوهستان، تهران ۱۳۲٥، ص.۱۱-۱۰.

٤۰) کۆپی دەقی ئەم نامەیە لای نووسەری ئەم باسەیە. دەقی نامەکە لە FOی ئینگلیستانە بەلاّم چۆن گەیشتووەتە دەست ئینگلیسییەکان ئەمەش لە نهێنییەکانی مێژووە. هێندێک دەڵێن مەلا مستەفا خۆی ئەم نامەی داوەتە دەست ئینگلیسییەکان.

٤۱) گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ۷، ۸، ۹، سالّی یەکەم بەهاری ۱۳۲۳، ل ٦-٥.

٤۲) **رۆژنامەی کوردستان**، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ۲۳۰، فێبروریەی ۱۹۹٦، ل. ۱٤ «عبدالقادر دباغی، یادێ لە ۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ی هەتاوی».

٤۳) **رۆژنامەی مەڵبەند**، ژمارە ٥۷، مارسی ۱۹۹٥، ل. ٦، «ئیبراهیم ئەحمەد، فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە».

٤٤) **عبدالله احمد رسول پشدری**، *یادداشتەکانم*، بەشی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بغداد ۱۹۹۳، ل. ٤٥. ئەم سەرچاوە گەلێک زانیاری بەنرخی تێدایە کە نووسەر ڕاستەوخۆ لەو کەسانەوە وەری گرتوون کە لە سەردەمی (ژ.ک) و کۆماری مەهاباد دا خاوەن دەور و دەسەلاّت بوون. وەک زێرۆ بەگی هەرکی، حەمەدی مەولوود، و حامیدی مازووچی. نووسەر بۆ خۆیشی لە کارەساتەکاندا بەشدار بووە و میرزا و بنووسی زێرۆبەگی هەرکی بووە.

٤٥) نیشتمان ژمارە ۳و٤، ل ۱۲.

٤٦) **عبدالله احمد رسول پشدری**، *یادداشتەکانم*، ل ٤۷.

٤۷) ۱۲شهریور، تاریخچه نهضت دمکراتیک آذربایجان، انتشارات بابک، ایتالیا، ۱۹۷۸، ص. ٤۰.

٤۸) هەمان سەرچاوە، ل ۱۲٤.

٤۹) هەمان سەرچاوە.

٥۰) هەمان سەرچاوە، ل. ۱۳۱. هەروەها بۆ زیاتر زانین لەم بارەوە سەیری ئەم کتێبە بکەن : *قیزل صحیفه لر*، (آذربایجان خلقینین ملی آزادلق یولوندا مبارزەسی تاریخندن)، تبریز علمیه مطبعەسی ۱۳۲٤/۱۹٤۷.

٥۱) **عبدالله احمد رسول پشدری**، *یادداشتەکانم*، ل ٥۱.

٥۲) وتوو وێژی نووسەری ئەم باسە لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد دا، لەندەن، ۱۹۹٤/ ۳/۲۲.

٥۳) هەمان سەرچاوە.

٥٤) هەمان سەرچاوە.

٥٥) **سید محمد صمدی**، *نگاهی دیگر به (ژ.ک)*، مهاباد، پائیز ۱۳٦۳، ص ۱۱.

٥٦) وتوو وێژی نووسەری ئەم باسە لەگەڵ رەحمەتی عەبدولرەحمان زەبیحی دا، مەهاباد، هاوینی ۱۹۸۰.

٥۷) **عبدالله حسن زاده**، *نیو سەدە تیکۆشان*، ستۆکهۆلم ۱۹۹٥، ل. ٤۱.

٥۸) **سید محمد صمدی**، *ژێ کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟* مەهاباد، ۱۹۸۱، ل ۱۸.

٥۹)) **نجفقلی پسیان**، *از مهاباد خونین تا کرانه های ارس*، ص ۱٦٤-۱٦۳.

٦۰) شەش ژمارە لە گۆڤاری نیشتمان لە لایەن جەمال نەبەزەوە لە چاپ دراوەتەوە. ناوبراو لە سەرەتای ئەم بەرهەمەدا گەلێک قسەی ناشیرینی داوەتە پالّ رەحمانی زەبیحی کە زۆر جێگای داخە، خوێندەوارێک مەیدانی عیلم و زانست بکا بە جێگای قین و رقەبەری شەخسی بێ بنچینە. لەمەش ناخۆشتر ئەوەیە دوای مەرگی مامۆستا زەبیحی ئەم قسە و باسانە هاتوونەتە گۆڕێ و مامۆستا نییە وەلاّمی پێویست بداتەوە. بڕوانن: **جەمال نەبەز**، گۆڤاری نیشتمان، *زمانی حالّی کۆمەڵەی (ژ.ک) و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا*، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ۱۹۸٥.

٦۱) **نووری شاوەیس**، *لە بیرەوەرییەکانم*، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە ۲، سالّی ۱۹۸۳، ل ۱۰.

■

# با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە

مەحمود مەلا عززەت

بەشی دووەم(درێژەی باسی یەکەم: ژمارە١٣، ل٤٢ تا٤٤)

## خودموختاری و سەربەخۆیی لە جەمهوریەتی کوردستاندا

پێش ئەوەی لەناو کرۆنۆلۆجی ڕووداو و وتار و دیدەنیی ڕۆژنامە و پەیمان و نووسینی (ڕ.ک)دا، بچینە ناو بەڵگەنامەسەلمێنەرەکانی خودموختاربوونی جەمهوورییەتی کوردستان، باش وایە لەوە بگەین و بزانین بیری «خودموختاری»و مەبەستی «سەربەخۆیی» چۆن پەیدا بوون و لە کوێوە سەریان دەرهێنا...

لە پێش دامەزراندنی جەمهوورییەتی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات و بگرە کۆمەڵەی «ژ.ک»یشدا بیر و دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لای خوێندەوار و بەشێک لە خەڵکی شار و ڕابەر و سەرکردەکانی کورد جێگەی خۆیان گرتبوو... تا ئەو سەردەمە ئامانجی سەرجەمی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەر سەربەخۆیی بووە...

بەڵام لەو پلەیەی سەردەمی داگیرکردنی ئێراندا، لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری دامەزراندنی قەوارەیەکی خودموختار هاتە ئاراوە وزیاتر لە ڕووسەکانەوە دەستپێشخەری کرا. هەرچەندە ڕیشەی بیری خودموختاری، بەگشتی بۆ کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢٤، دوای یەکەم جەنگی جیهانی ئینگلیزەکان، لە سەرەتادا دەیانویست کوردی باشووری کوردستان بەوە ڕازی بکەن تا دەستبەرداری سەربەخۆیی بێت، لە دواییدا لەوەش پەشیمان بوونەوە. ئیتر ڕووسەکان و ئازەرەکا، وەک بڕیارێکی سەقامگیر، سووربوون لەسەر ئەوە و، کوردیشیان پێ ڕازی کردبوو، وە کەوتنە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی و لەوەدا هەنگاویان بۆ نا... پێشەوا قازی محەمەد ئاماژە بۆ بوون و دامەزراندنی ئەو قەوارەخودموختارە تەمەن چوارساڵییە دەکات کە لە پێش دامەزراندنی جەمهوورییەتەکەدا پێکهێنرابوو، وەک لەداوییدا ئاماژەی بۆدەکەم، دیارە ڕووسەکان نموونەی کۆمارەکانی ناوسنووری یەکێتی سۆڤیەتیان بۆ ئازەربایجان دەخواست. ئەوەبوو دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر لەناو جەخت وسووربوونی یەکلایەنەی کورد خۆیدا... بۆ ئەمیش ڕەخسا. بەڵام لە ڕووی پراکتیک و یارمەتی، جۆرێکی تر بوو، ئەو خودموختارییە سەبارەت بەو هەلومەرجانە، بووە ئامانجی حیزبی دێمۆکرات، لە جێگەی ئامانجەکەی (ژ.ک) کە سەربەخۆیی هەموو کورد بوو.

لە سەفەری دووەمی وەفدەکەی کورددا بۆ باکۆ(سیپتامبری ١٩٤٥)، جەعفەر باقرۆف سەرەک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، زۆر هەوڵیدا لەناو کۆماری خودموختاری ئازەربایجاندا، کورد بە خودموختاری ڕازی بن، بۆ ئەوە نموونەی ژیانی گەل و نەتەوەکانی ناو سۆڤیەتی بۆ باس کردن[٢٦]... بێ ئەوەی ناوبراو بتوانێت نوێنەرانی کورد بەوە ڕازی بکات، وە کورد سووربوو لە سەر سەربەخۆیی بۆ کوردستان... کە مەبەست لەوە سەربەخۆیی بوو لە ئازەربایجان و قاییلبوون بوو بە خودموختاری لە ناو ئێراندا، هەر وەک خودموختارییەکەی ئازەربایجان. لە دواییدا لە ناو قسە و وتارەکانی سەرەک کۆماردا دێمەوە سەر ئەم لایەنە. بەڵام ئازەرەکان لە هەردوو دیوی سنوور، بە کردەوە خواستی خۆیان دەسەپاند، چونکە کوردیان ئەوقی کۆماری ئازەربایجان کردبوو،لە ڕووی ئابووری و یارمەتی چەک و لایەنی سیاسی وگفتوگۆ و هاتوچۆوە، بەرانبەر بەوە لە ڕووی قسە وهەڵوێستی سیاسییەوە کوردیش سووربوو لە سەر ئەو سەربەخۆییە تا سەردەمی وەرچەرخان...

## ڕاستییە هەڵهێنجراوەکان

لام وایە زیادەڕەوی نابێ ئەگەر بڵێم پێشەوا قازی محەمەد وەک یەکەم لێپرسراوی سیاسی وسەربازی، شارەزا وئاگادارکراو لە هەندێ لایەنی نهێنی، تێگەیشتوو لەگەڵێ گرفت وکۆسپ و لە ڕەوتی ڕووداوەکان و هەندێ لایەنی مانۆڤرە سیاسی و سەربازییەکان... دیپلۆماسییانە دەجووڵا و مامەڵەی دەکردن. لە ساتی گۆڕان و وەرچەرخاندنە بەزیانەکاندا، لە کاتی پێویستدا پاشەکشەی سەپاوی دەکرد، هەڵوێستی خۆسازاندنی بە ناچاری وەردەگرت، زیرەکانە دژەکرداری بەرانبەر هەنگاوی خراپی دۆستە هاوپەیمانەکە ئاشکرا دەکرد... وردەکاریی وشە و ڕستەکانی ناو وتارەکانی گەلێ مەسەلەی هاوپێوەند بەوانە و بەو خودموختاری و سەربەخۆییەوە ڕووندەکەنەوە... لە ڕاستیشدا هەندێ لەو ڕستانەی هاوپێوەند بەو باسەوەن، جۆرە تێهەڵکێشی و تێکەڵاوییەکیان تێدا هەیە کە هەڵێنجانی مەبەست لێیان ئاسان نییە.

بۆ پەنا بردنە بەر بەڵگەنامە و هەڵوێست و قسە و وتاری لێپرسراوان، بۆ سەلماندنی خودموختاری بوونی جەمهووریەتی کوردستان، باشتر وایە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەستپێبکەین کە، تەنها چەند مانگێک پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستان، پێکهێنراو(١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥) بووە ڕابەر و دامەزرێنەری ئەو قەوارەیە(٢٢-جانیوەری١٩٤٦)

ـ لە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حیزبەکەدا ئامانجەکەی وا داڕێژرابوو:

« نەتەوەی کورد لە داخلی ئێراندا بو هەلسووڕاندنی کاروباری مەحەللی خوی خودموختاری خوی بخاتە دەست خویەوە»

ـ بەرەبەرەش ئەو ئامانجی خودموختارییە لە ناو سنووری ئێراندا بەرەو

چەسپاندن دەچوو، تا لە بەرنامەکەشیدا بەمجۆرە دەستنیشان کرا:

«فەسڵی دووەم ٤- ئامانجی گەورەی حیزب لە قۆناغی ئێستادا پارێزگار کردنی مافەکانی خەلکی کوردە لە سنوری دەولەتی ئیران دا وە مسوگەر کردن و بە دەستهینانی دەبیت لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە بە درێژایی میژوو تیایا ژیاوە و زەحمەتی کیشاوە خودموختاری خوی هەبیت ئەبی لە کوردستاندادیموکراتیەت لە بنچینەدا بو دەستکەوتی خەلک بیت...هتد»[27]

بەوجۆرە ئامانجی حیزبەکە بە ڕوونی و بێ تەمومژ دەستنیشان کراوە...

لێرەوە تا ئەو کاتەی جەمهوورییەت دامەزرێنرا، هیچ جۆرە گۆڕانێک بە سەر ئەو ئامانجەی حیزبەکەدا نەهات و نەکرا. سەلمێنەری ئەو بۆچوونەش، ئەو دیداری ڕۆژنامەنووسییەیە کە خاوەنانی ڕۆژنامەی«ایران ما»و «فرمان»ی تارانی لەگەڵ پێشەوادا ئەنجامیان دا... کاتێ لێی دەپرسن: «لە تاران دەلین کوردان بە ڕەهبەری جەنابت جوی بوونەوە و استقلالی کوردستانیان دەوی؛ آیا راستە؟» لە وەڵامدا دەڵێ: «خیر راست نیە، لەبەر ئەوەی کەایمە لە دەولەتی ایران اجرای قانونی اساسیمان دەوی و دەمانەوی بە خودموختاری لە ژیر بەیداغی ایراندا بژین و خودموختاریشمان وەگیرکەوتووە.»

پ: چەند وەختە ئەنگو خودموختارن؟

و: چوار سالە خودموختاری داخلیمان هەیە...»[28]

تا ئێرە، ئەوەی ناوی سەربەخۆییە لە ئێران، ئەوەی ناوی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە، نە باسکراوە، نە بیری لێکراوەتەوە، بەڵکوو بەدرۆش خراوەتەوە، بۆیە لە بەردەم خۆ ئامادەکردن بۆ بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی ج.ک هیچ جۆرە گۆڕانێک نەکرا و نەهاتە ئاراوە.

لە دامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستاندا ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی درابایە وا دەبوو پێشەکی (ح.د.ک) پرۆگرامەکەی بگۆڕیبایە، یان دوای ئەوە ئەو گۆڕانە بکرابایە یاخود لە دووی ڕێبەنداندا سەرەک کۆمار بڵاوی دەکردەوە، یان لەو ڕۆژەدا بڵاودەکرایەوە، وە یا ڕۆژنامە وگۆڤاری کوردستان تۆماریان دەکرد. جگە لەوە، ئەو سوێندەی لەو ڕۆژەدا لەبەر دەم «قورئانی مقدس و نقشە والای کوردستان»دا پێشەوا و هەموو لێپرسراوان و ئامادەبووان سوێندیان پێخوارد.. جۆرێ لە ڕاگرتنی بەڵانسی سیاسی لە گەڵ ئازەربایجاندا وەبەرچاو دەگرێ کە بەمجۆرە بوو:

«ئەمن بە خودا، بە کەلامی عظیمی خودا، بە نیشتمان بە شەرافەتی ملی کورد، بە الای مقدسی کوردستان سویند دەخوم کە تا آخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی آخر تنوکی خوینم بەگیان و بەمال لە ری راگرتنی سەربەخویی و بەرزکردنەوەی الای کوردستاندا تی بکوشم و نسبت بە رئیسی جمهوری کوردستان و یەکەتی کورد و آزەربایجان مطیع و وەفادار بم.»[29]

لە بەرانبەر ئەو سەربەخۆییە ـ دیارە لە ئازەربایجان ـ ئەو «یەکیەتی و موتیعی و وەفادارییە بۆ ڕاگرتنی بەڵانسەکە پێویست وگرینگ بوو. چونکە ئازەرەکان بەردەوام خواستی خۆیان لە مەبەستەکەیان بەرانبەر بە کورد نەدەشاردەوە، ئەوەی سەرکردایەتی کوردی ناچار دەکرد بۆ ئەو جۆرە بەڵانس ڕاگرتنە، بەو جۆرە ڕستە و زاراوانە، بەستنەوەی کۆمارەکە بوو بە ئازەربایجانەوە لە ڕووی ئابووری، پارە و ئازووقە و چەک، وە تاڕادەیەکی زۆریش لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە ڕووسەکان زیاتر و ڕاستەوخۆ مامەڵەی تەورێزیان دەکرد ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە پێشەوا لە هەندێ بۆنەی تردا قسەی لەو جۆرە بابەتە بکات. بەرانبەر بەوە سەرکردایەتی ئازەربایجان بێ گوێدان بەوانە و بەردەوامیش لەناو قسە وکرداردا گوشاری خۆیان دەخستە سەر سەرکردایەتی کورد... هەر لێرەشەوە، وەدوای ئەو سووربوونە، پێشەوا ناچار بوو کە ئەو ڕاستی هەڵوێست و خواستەی کۆماری ئازەربایجان بە ئاشکرا بە جەماوەر بگەیەنێت و بە ڕوونی باسی سەربەخۆ و ئیستیقلالی کوردستان لە ئازەربایجان بکات، لێرەدا تەنها دوای دەڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوورییەت وە لە جێژن وبانگهێشتنی ئاغای جەعفەر کەریمی بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان(١٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) لە ناو وتارەکەیدا پێشەوا بەمجۆرە پەنجە بۆ ئەو مەسەلە سیاسییە درێژ دەکات:

«... ئەورو کە استقلالمان دەوی پیویستە کە هەموو کاریک خومان جی بە جی بکەین اولی ادعای خومان کرد کە لە حدودی دەولەتی ایراندا خودموختاریمان دەوی یانی ایران احتیاجی مە رفع بکا و ملت کاری بکا. دوو دفعە لە لایەن آذربایجانەوە بو تەوریزیان بانگ کردم کە لە آذربایجاندا گریمان هەبی ئەمن پیشنهادی وانم قبول نەکرد چون ملتی کورد چوارسالە کە خودموختارە و داوای استقلال وتیک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زورم پی گران بوو کە لەو حقەی دەست هەلبگیری و احساساتی ئیوە مانعی ئەوەی بو کە ایمە بە خودموختاری راضی بین چونکو کە مدەی ئەو چەند روژەی کە جیژن گیراوە احساساتیکی ایوە نواندوتانە وینەییکی حساس و کاملە دەبی دنیا بزانی کە کورد لیاقتی استقلال و سەربەخویی هەیە.»[30]

لێرەدا خواست و چاوتێبڕین و گوشاری ئازەرەکان بۆ گرێدانی کورد بە خۆیانەوە دیارە، بەرانبەر بەوە پێشەوا سوربووە لە سەر سەربەخۆیی، لێرەدا واتەی سەربەخۆیی و سەربەخۆبوون .... ڕوونە، چونکە ڕاستەوخۆ قسەکەی بەرانبەر ئازەربایجان و داواکەیەتی. خۆ ئەوەش دەزانین کە ئازەربایجان خودموختار بووە و داوای سەربەخۆیی نەکردووە، کوردیش هەردەم خۆی بە هاودەرد و شەریکی ئازەرەکان زانیوە. کاتێ باسی خودموختاری لە ناو ئێراندا دەکات هیچ جۆرە دژایەتییەک، ئەلترناتیڤێک یا گۆڕانێک باس ناکات، ئەمەش هەر نکولی نەکردنە لەو خودموختارییە. کە باسی یەکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکات... لە بەر ئەوەی خودموختارییەکەی ڕەتنەکردووەتەوە... بۆیە دەکرێ هەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنرێ. بەتایبەتی لە وتارەکانی ئاییندەیدا ئەو ڕاوبۆچوونانە زیاتر جەخت لەسەر دەکات، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبێ کە ... دیاردەیەکی گرینگ لە وتارەکانی پێشەوادا بۆ تێگەیشتنیان، ئەوەیە کە دەبێ ورد سەرنج بدرێتە پاش و پێشی ئەو ڕستانەی «سەربەخۆیی»و «استقلالی تام وتەمامی» تیا بەکارهاتووە، سەرنجی کۆی وتار و نوتقەکان بدرێ. ئینجا دەبێ بە وردی لە بارودۆخ و ڕەوتی ڕووداوەکان و هۆی قسە و نوتقەکانی بگەین، ئەوسا لە مەبەستی سەرەکی و مانای ڕستەکانی دەگەین.

یەکێ لە ڕووداوە هەستیار و گرینگەکانی ئەو پلەیەی مێژووی تەمەن یەکساڵەی جمهووریەتی کوردستان، بەستنی پەیمانی برایەتی ویەکیەتی نێوان کوردستان وئازەربایجان بوو کە تیایا خۆ بەستنەوەی کۆمار بە سنووری ئێرانەوە زۆر بە ڕوونی لە دیباجەی پەیمانەکەدا جەخت لە سەر دەکات:

«متنی پیمانی یەکەتیو برایەتی حکومەتی ملی کوردستان وآذربایجان».

«چونکو ملتی آذربایجان و کوردستان هەمو کاتیک لە قازانج و زیاندا پیکەوە شریک بوون و لە عینی حالیشدا... هتد».

ئینجا بەمجۆرە هاوپێوەندیی لە گەڵ ئێراندا باس دەکات:

«ئەو دو ملتە برایانە نەک هەر بو جیکردنەوەی آزادی خویان بەلکو بو دامەزراندنی آزادی لە سەرتاسەری ایران بو هەمو وەختیکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی جا لەبەر ئەوە لە روژی سی شەمو ٣ی بانەمەری ١٣٢٥ ساتی ٥ی ایواری لە شاری تەوریز لە عمارتی ملی آذربایجان بە حضوری سەرانی حکومەتی ملی کوردستان...

رئیسی حکومەتی ملی کوردستان جنابی قاضی محمد... هتد».[31]

دیارە ئەگەر جەمهوورییەتی کوردستان سەربەخۆ بوایە، خۆی نەدەبەستەوە بە ئازادیی سەرتاسەری ئێران، ئەم خۆ بەستنەوەیەش مانای ڕازی بوون بووە بەو خودموختارییەی بڕوای پێی هەبووە کە تەواو دوور بووە لە سەربەخۆیی

ئەو بەشەی ڕۆژهەلاتی کوردستان. دیارە مەبەستم سەربەخۆیی تەواوە لە ئێران و جیابوونەوەیە لە وڵات و دەوڵەت، مانای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی ئازادە لە هەموو ڕوویەکەوە.

کەمتر لە سێ هەفتە دوای ئەو پەیمانە، لە کۆبوونەوەی ١٣٢٥/٢/٢١دا جارێکی تر بۆچوونی تایبەتی پێشەوا بۆ «سەربەخۆیی»یەکە لەو وتارەی ئەوڕۆژەیدا بەمجۆرە دەردەخات:

«...دەنا لە پاش ئەوەی کە ئەمە اسقلالی تام وتەمامی خوشمان بە دەست هینابو وەلی لە حکومەتی مەرکەزی مەعلوم بکەین و بە دنیایەش نیشان بدەین کە ئەمە کە ئەو کارانەمان کردوە لە بەر مەخالەفەت لەگەل دەستگای دیکتاتوریە نە ئینکی کورد لە برایەتی فارسان حاشا بکا یا بە ایرانیەتی خوی افتخار نەکا...»[32]

حاشانەکرنی کورد لە برایەتی فارسان، ئیفتیخار کردنی کورد بە ئێرانییەتی خۆی، تەواو دوور و پێچەوانەی سەربەخۆیی بوون، وە ڕستەی «ئەمە استقلالی تام وتەمامی خوشمان بە دەست هینا» لەگەڵ ئەوانەدا نەک هەر یەک ناگرنەوە بەڵکوو تەواو دژ بە یەکن، ئەگەر مەبەست لەوە سەربەخۆبوون بووبێ لە ئێران. بۆیە لام وایە کە مەبەست لەوە هەر سەربەخۆبوون بووە لە ئازەربایجان... چونکە ناکرێ پێشەوا لە یەک وتاردا بۆ یەک مەبەست لە چەند ڕستەیەکی پێکەوە بەستراودا، دوو بیر و دوو واتا و دوو ڕستەی تەواو دژ بەیەک کۆبکاتەوە.

هێنانەوەی ئەو نموونانە بۆ سەلماندنی خودموختاربوونی جەمهوورییەتی کوردستان، تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ئەو قەوارەیە کە هەبووە. دیسان قسە لەسەر سەربەخۆنەبوونی کۆمارەکە لە ئێران هەر بەو نیازەیە، نەک بۆ مەبەستێکی تری پێچەوانە کە گوایا لابردنی دروشمی سەربەخۆیی و جێگیرکردنی خودموختاری، نابەجێ و ناڕەوا بووە! چونکە لەو سەردەمەدا، وە لە ناو ئەو بازنەی کێشە و ئاڵۆزیانەی دەوری قەوارەکەی کوردیان دابوو... هەر دەتوانرا ئەوە بکرایە و هەر بۆ ئەو ئامانجە خەبات بکرابایە. بۆ بەردەوامی تێکۆشان بۆ چەسپاندنی ئەو خودموختارییە، لە ناو کێشەکانی بەردەمی جەمهوورییەتەکە و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی نێودەوڵەتان کە ڕاستەوخۆ کاریان لە سەر ڕەوت وپاشەڕۆژی دەکرد. پێشەوا هەوڵی لابەلاکردنی ئەو کۆسپانەی دەدا کە دەهاتنە بەردەم سیاسەت ودیپلۆماسییەتی هاوپێوەند بەو ڕێبازەوە... تێگەیشتنی ئەو کۆسپانە و ڕێگەی خۆلادان لێیان لەم نامەیەی سەرەک کۆماردا باش یەکالادەبنەوە کە دەیەوێ کاربەدەستانی کوردی لێ حاڵی بکات:

«١٣٢٥/٤/١٣

آغای فرماندەی هیزی بوکان و منطقەی سرا

وە جواب نامە ژمارە ٤٧١ / ١٠-٣-١٣٢٥

هەر کاریکی جزئی ئەلان دەبی لە گەل ئەوضاع بین المللی تطبیق بکری چە جای کاری مە کە کلیە لە بو ئەوەی ئەمە مجبورین لە ری صلحەوە تا ممکن بی ناتوانین بە ری دی دا بروین، ئەو تاخیرە ای وەیە دەنا ئەمن لە تو بە پەلەترم...».[33]

بەوجۆرە پێشەوا قازی محەمەد لە گرێ وگۆڵی ناو و چواردەوری جەمهوورییەتی کوردستان گەیشتبوو.. دەیزانی کە کارە بچووک و گەورەکان ئەوقی بارودۆخی نێودەوڵەتان کراون، کێشەی کورد گشتیی بووە، دابڕاو و بێ پێوەندی نەبووە، بەستراوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزی خاوەن بڕیار بووە... بۆیە بە ڕێگەی گفتوگۆ بۆ خودموختاری لە ناو سنووری جوگرافی و سیاسی ئێراندا خەباتی خۆی درێژە پێداوە... کە شەڕ وپێکدادان ڕوویداوە، نەترس وئازایانە هەڵوێستی خۆی و لەسەرحەقبوونی هێزی جەمهوورییەتی کوردستانی ئاشکرا کردووە، بە ئامادەبوونەوە بۆ ڕاگرتنی ئارامی و ئاسایش و پێکهاتن لە بەرەکانی شەڕیشدا...

کەوابوو تا ئێرە خودموختاری و مانەوە لە ناو سنووری سیاسی و جوگرافی ئێراندا وەکوو خۆیان ماونەتەوە، بێ هیچ گۆڕانێک... با لێرەشەوە بچینە ناو ڕووداوەکانی هاوپێوەند بە گفتوگۆ و سەفەری پێشەواوە بۆ تاران.

لەکۆتایی مانگی ١٣٢٥/٤دا کاتێ ئەندامی هەیئەتی نووسەرانی «ڕەهبەر»دیدەنی سەرەک کۆمار دەکات ولێی دەپرسێ:

«چە رابطەیەکی مەعنەوی لە نیوان نهضتی کوردستان و آذربایجان دا هەیە؟ لە وەلامدا دەڵێ: هەردوک لامان بو ئامانجیک کە آزادی و سەربەخویی حقیقی و بەراستی ایرانە کار دەکەین»[34]

ئەم قسە وڕا وهەڵوێستە زۆر ئاشکرا وسنووردارە... ناکرێ لەگەڵ جەمهوورییەتێکی سەربەخۆدا یەکدی بگرن، بەتایبەتی پێش ئەم دیدەنییە لە ئوتقێکدا هەمان ڕا وهەڵوێستی بەمجۆرە دەرخست:

«... وە هەردوکمان خەریکی بەرقەراری آزادی لە سەرتاسەری ایرانین... و ئومیدەوارم کە بە یارمەتی خودای و فیداکاری عەشایر و کورانی کورد بە زوویەکی زوو آلای سی رەنگی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان و هەتتا تەواوی ایران بلەرێتەوە...»[35]

لێرەدایە دەسەلمێ کە مەبەستی پێشەوا لە تەواوی کوردستان هەر کوردستانی ژێر دەستی ئێران بووە. بەتایبەتی ئەوەش ڕوونە کە کوردستانێکی سەربەخۆی تەواو و بە مانای وشە، لە «سەرتاسەری کوردستان»وەک دەوڵەتی ئازاد و یەکگرتوو، لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ «تەواوی ئێران»دا یەکناگرنەوە. بەڵکوو تەنها وتەنها لە ناو مەبەستی خودموختاری و خۆبەستنەوە بە ئێرانێکی دیمۆکرات و ئازاددا یەکدەگرنەوە، وە هەر لێکدانەوە و بۆچوونێکی تر بۆ ئەوە بکرێ وا هەڵە دەبێ و دوور دەبێ لە ئەسڵی مەبەستەکانی سەرکردایەتی کورد و جەمهوورییەتی کوردستانەوە.

سەرەک کۆمار لە دیدەنییەکەی پەیامنێری «ئاژانسی فرانس پریس»دالە ١٩٤٦/٦/١دا لە وەڵامی پرسیارێکی ناوبراودا بەمجۆرە مەبەستەکانی زیاتر شیدەکاتەوە:

«... کورد راضی ئەبی ئەگەر حکومەتی ناوەندی بریاربدا قانونی دیموکراتی لە هەمو ایراندا جی بەجی بکری و دان بنی بەو قانونەداکە ئیستا لە کوردستان دا سەبارەت بە خویندنی کوردی و ئوتونومی بەریوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پی ئەکری...». «کیشەی کوردستان بە تەواوی مەسەلەیەکی ناوخوییە ئەبی لە نیوان کورد خۆی و حکومەتی ناوەندی دا لابەلا بکری ئەگەر ئیمە ئەمرو پی دائەگرین لەسەر داوای ئوتونومیەکی جوزئی بو ولاتەکەمان گوناهی حکومەتی ناەندی یە کە هیچی نەکردووە بو باشترکردنی وەزعی ئیمە بە راستی حەز نەکەین ریگای پێشکەوتن بگرین. ئیمە حەز ناکەین لاسایی ئەمریکا یا روسیا بکەینەوە، بەلام ئەوەش رەت ئەکەینەوە کە وەکو ئاژەلی ولاتانانی شارستانی بژین...»[36]

وا بزانم ئەو قسە و بۆچوون و هەڵوێستانە زۆر ڕوونن و پێویستیان بە هیچ لێدوانێکی تر نییە ئەوە نەبێ کە بڵێم ناکرێ ئەوەی چاوی بەمجۆرە ڕستانە کەوتبێ و بکەوێ، لەوە نەگات کە جەمهوورییەتی کوردستان بۆ خودموختاری خەباتی کردووە کە تەنانەت سەرەک کۆمار لە وێدا بە خودموختارییەکی جوزئیش ناوی دەبات. لام وایە ئەم ئاماژەکردنەشی هەر لە خۆوە نەبووە، بەڵکوو لەو تێگەیشتن و دەرککردنەوە بووە کە کورد وکۆمارەکەی لە ناو پلەی وەرچەرخاندا دەژی و مامەڵەی واقیعەکەی دەکات، پلەیەک کە کورد بەو خودموختارییەشەوە لە بەر دەم گێژەڵووکەی چاوەڕوانکراودا خۆی ئامادەی پاشەکشەی زیاتر دەکات. لام وایە وەدەکرێ سەردەمی تەمەنی کۆمار، تائێرە، بە ڕۆژگاری زێڕین و پلەی پڕ لە هیوا دابنرێ، چونکە ئیتر لێرەوە گۆڕان هاتە ئاراوە و سەردەمی هیوا ڕووە و بەسەرچوون دەچوو.

## پلەی وەرچەرخان

پلەی وەرچەرخان: مەبەستم لێی ئەو گۆڕانە ڕووداو وەرچەرخێنەرانە بوو کە ئیتر جەمهوورییەتی کوردستان لەوە دڵنیا بوو کە نە ئەو خودموختارییەی لە ناو چوارچێوەی ئێران و نە ئەو سەربەخۆییەی لە ئازەربایجان گەرەکی بوو یا هەیبوو، هەلومەرجی مانەوەیان لە ئارادا نەماوە، وردەوردە سەردەمەکەی بە سەردەچوو، مانەوە و پارێزگاریکردنیان دەبووە مەحاڵ. ئەمەش لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە کۆماری ئازەربایجان بە پێچەوانەی پەیمانی یەکێتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان جووڵایەوە... لە پەیمانەکەدا نووسرابوو:

«هەرکاتیک پیویست بی لە گەل حکومەتی تاران قسە بکری دەبی موافق نظری حکومەتی ملی آذربایجان و کوردستان بیت...»[37]

ئەوەبوو کاتێ وەفدێکی تاران بە سەرۆکایەتی «مظفر فیروز» گەیشتە تەورێز بۆ وتووێژ. . ئە وتووێژە نەک هەر «موافق نظری حکومەتی ملی کوردستان» نەبوو، بەڵکە تەواو پێچەوانەشی بوو، زیاتر لەوەش، لەناو (١٥) خاڵی پەیمانە ئیمزاکراوەکەی نێوانی تەورێز وتاراندا تەنها لە خاڵی (١٣) میندا بەمجۆرە ناوی کورد و مافەکانی هاتبوو:

«حکومەت موافقەت ئەکا کوردەکانی ئازەربایجان لە (مەزایای) ئەم ریکەوتنە کەلک وەربگرن، تا پولی پینجەمی سەرەتایی بە زمانی خویان بخوینن، کەمایەتییەکانی دانیشتووی ئازەربایجان، وەکوو ئاسوری و ئەرمەنی مافیان ئەبی تا پولی پینجەمی سەرەتایی بە زمانی خویان بخوینن...»[38]

بەمجۆرە خواست وتەماعەکانی ئازەربایجان ـ هەرچەند بە کاتی بوو ـ هاتەدی و کوردستان خزێنرایە ناو ئازەربایجانەوە، لە خاوەن جەمهوورییەتێکی «خودموختار» و «سەربەخۆ»وە خرایە ڕیزی کەمایەتییە بێ نیشتمانەکانی وەک ئەرمەنی وئاسوری، مەبەستم نیشتمانی نەتەوایەتییە لەو ناوچانەدا ـ لە بیر و هەوڵی یەکخستنەوەی سەرجەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شادبوونی بەو ئازادییە، کەوتە ناو تەقەلای پاراستنی ئەوەی دەلوێ و دەتوانرێ بهێڵرێتەوە.

لەوانەش خراپتر ئەوەبوو کە کورد هیچ ڕێگە چارەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو کە دژ بەو ڕێککەوتنە بوەستێ، تەنها ئەلتەرناتیڤ، ڕازی بوون وهەوڵی خۆ گونجاندن بوو لەگەڵ ئەم گۆڕانە پڕ لە مەترسییە، بوویە سەرەتای دژەکردار لە جەمهوورییەتی کوردستاندا بە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان دەرکەوت. لە یەکەم ژمارەی دوا ڕێککەوتنەکەی تاران وتەورێز کە ئەو ڕووداوەی تیا خرایە ڕوو، لە ژێر سەر دێڕی «حلی اختلافات لە نیوان نوینەرانی تاران وآذربایجان » دەنووسێ:

«شەوی ١٣٢٥/٣/٢٤ رادیو خەبەری دا کە اختلافات لە نیوان حکومەتی تاران و آذربایجان دا لە ١٥ مادەدا حل کرا و پەیمان لە لایەن آغای مظفر فیروز معاونی نخست وزیری تاران و آغای پیشەوەری سەرەک وەزیری آذربایجان شەوی نیوبراو بە امضا گەیشت و بەم بونەیە آغای مظفر فیروز لە رادیوی تەوریز نوطقی کرد...»[39]

بۆ ژمارەی ئاییندەی ڕ.ک لە یەکەم لاپەڕەدا لە ژێر باسی «دەنگ وباسی حەفتە»دا دوای ئەوەی باسی ڕێککەوتنەکە دەکات، بەشی یەکەمی دەنگوباسەکە وا کۆتایی پێدەهێنێ:

«... بە گوێرەی ئەم اتفاقیەیە حکومەتی خودموختاری آذربایجان لەشکری ملی خوی دەبی بەلام بە ناوی امنیە بو موحافظەی داخلی دەناسریت...»[40]

ئینجا بەشی دووەمی دەنگوباسەکە لە ژێر باسی «مسئلەی کورد»دا وا دەست پێدەکات:

«بینە سەروکاری مسئلەی کورد خویندەوارە خوشەویستەکان هەروەکو دەزانن مسئلەی کوردی بەرانبەر سیاسەتی دنیایی شتیکی بە ترسە پیشوای معظممان لە بەر ئەم نقطەیە بە سیاسەتی حەکیمانەی خوی مسئلەی کوردستانی ایران بە مسئلەی آذربایجانی بەستوە وە لەوەشدا ماعدای قازانج هیچ ضرریکمان نەکردوە چونکە میللەت آذربایجان هەروەکو میللەتی کورد لە ژیر چەنگالی استعمار وچەپوکی دیکتاتوری رضاخان دەنالی لە هەرچی ناحیەیک نقصانیان بوبی میللەتی آذربایجانیش نقصانیان هەبو لەبەر ئەوە رەهبەری دانامان پیشەوای خوشەویست هیچ مانعیکی نەدیوە بەلکو بە ضروری زانیوە امرو مسئلەی کورد دەبی[41] [بە] مسئلەی آذربایجان بکریت دەلیلیشم هەر وەکو دەبینین لە روژی ئەوەلی آذربایجان هەرچی شتیک بو میللەتی آذربایجان کرابی بو میللەتی کوردیش کراوە لە هەر قسمتیک دەست پرکردنەوەی نقصانیان کراوە...هتد، نووسینەکە لەسەر باسەکە دەڕوات تا دەگاتە «تطبیق قانون اساسی ایران و اصولی دیموکراسی مەزەنەی خویندن بە زمانی کوردی لە سنە و کرماشان، وە مەسەلەی ئەنجومەنانی ولایەتی کوردستان... هتد»کە «وا دەردەکەوی شارەکانی کوردستان چونکە هەموی بە زبانیک گفتوگو دەکات تابعی یەک مرکز دەبن... هتد»[42]

بەوجۆرە لەو پلەی وەرچەرخاندنەدا کە، بەرهەمی پیلانی فێڵبازانەی تاران و دۆستانی و دەستبەرداربوونی یەکێتی سۆڤیەت و بەڵێن و پەیمان شکاندنی ئازەربایجان بوو، بۆ دەستکەوتنی تەماع وخواستەکانی بوو، کورد کەوتە ناو داوی دوژمن ودۆست و ناحەزانییەوە، بۆیە بە ناچاری پاشەکشە و سازشی سەپێنراوی دەکرد، دەبوو بیکات. مەبەستی سەرەکیش پارێزگاریکردنی ئەوەی دەلوێ ودەگونجێ بۆ کورد هەوڵی بۆ بدرێ. ئیتر لێرەشەوە ناوی جەمهوورییەتی کوردستان، سەرەک جەمهوورییەت، سەربەخۆیی و خودموختاری تا دەهات کەمتر بەکار دەهێنران... چونکە لەگەڵ گۆڕانەکان یەکیان نەدەگرتەوە. ئەگەر سەرەنجێک بدەین لەو ڕۆژنامانەی کوردستان کە لەبەر دەست دان، ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەوەش زیاتر، لەوە بەدواوە لێپرسراوانی کۆماریش کەم و بە دەگمەن ئەو ناوانەیان بەکار دەهێنا، هەوڵ دەدرا لە ناو بارودۆخی تازەدا خۆ بگونجێنن، بە زاراوەی نوێ خۆیان ڕابێنن، زیاتر باسی ئەو بابەت و لایەنانە بکرێ کە پێوەندییان بە ئێران و یەکێتی ئێرانەوە هەیە.

سەیفی قازی کە لە هەموو لێپرسراوانی کۆمار زیاتر ناوی جەمهوورییەتی لە قسەکانیدا دەهێنا و باس دەکرد، لە ڕۆژی جێژنی چل ویەکەمین ساڵی مەشرووتەی ئێراندا نوتقێکی دا، بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد:

«برایانی خوشەویست بە سلامەتی پیشوای بەرز و برایانی خوشەویست جیژنی چل ویەکەمین ساڵی مشروطیتی ایران دەکەمەوە...» دوای ئەوە لە سەری دڕوات تا دەڵێ: «ایستا لە سایەی نهضتی مقدسی کوردستان و آذربایجان دا سەر لەنوی وەخبر هاتین مەشروطییتمان بە تەواوی معنا لە ایراندا دامەزراندوە... هتد» ئینجا بە دووروودرێژی لە سەر قسەکانی دەڕوات تا دەڵێ: «قانونی اساسی ایران مهمترین قانونی ئێمەیە کە بە هیچ وجهیک گورران قبول ناکا و حتی مجلسی شورای ملی و دەولەت و پاشاش ناتوانن هیچ یەک لە مواد و اصولی ئەو بگورن... هتد»[43]

زیاتریش لەوانە: پێدەچێ لەگەڵ مۆرکردنی پەیمانەکەی نێوان تاران و تەورێزدا، ئیتر ئازەرەکان کەوتبنە هەوڵی ئازەریکردنی ناوچە تێکەڵەکان کە جێگەی ناکۆکی وململانێی هەر دوو کۆمار بوون، پێشەوا لە وتارێکدا بە درێژی باسی سەردانی بۆ ئەو شوێنانە دەکات تا خەڵکەکەی ئارام بکاتەوە، کە دەبێ لە لایەن ئازەربایجانەوە فەرمانیان پێدرابێت کە ئیتر ئاڵای کوردستان بەرزنەکەنەوە. چونکە پێشەوا لە باسی سەفەرەکە وقسەی بۆ خەڵکەکە و وەڵامی دانیشتووان دەڵێ، خەڵکەکە گوتیان: «ئیمە الای مقدسی سی رەنگی کوردستانمان هەل کردوە کە لە سیبەری دا خومان و هەمو کوردیکی دیکە بحەسینەوە هەتا قطرەیەک خوین لە بدنی ایمەدا بی

ئالای مقدسی ایمه نابی نەوی بیت...» ئینجا پێشەوا لە سەر قسەکانی دەڕوات وباسی بینینی پیشەوەری و گلەییەکانی و وەڵامی خۆی دەکات کە چۆن «حدوداتی خارجی کوردستان و آذربایجان لە طرف کوردانەوە...»٤٤ دەپارێزێ.

ئا لەم ڕۆژگارەدا، وەک دەردەکەوێ. نەک هەر کۆماری سەربەخۆ، باسی کۆماری سەربەخۆ لە ئارادا نەما، بەڵکوو تەنانەت دروشمی خودموختاریش بەرەبەرە دەخرایە لاوە. قسەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە ڕوونی و ڕەوانی ئەوانەی یەکالاکردۆتەوە و بەڵگەی سەلمێنەری بێ مشتومڕن.

بۆ زیاتر ڕووناکی خستنەسەر هەڵوێستی کورد لەو بارودۆخە بە دواوە، باش وایە ئاماژە بۆ ئەو تەلگرافەی پێشەوا بکەین دەربارەی پێکهێنانی ئینئیتیلاف کە بەم جۆرەیە:

تاران ـ جنابی اشرف قوام ڕەهبەری حزبی دیموکراتی ایران.

ڕوونوس ـ جنابی آغای دکتور کشاورز ڕەهبەری حزبی تودەی ایران.

ڕوونوس ـ جنابی آغای صالح ڕەهبەری حزبی ایران.

ڕوونوس ـ تبریز جنابی آغای پیشەوری ڕەهبەری فرقەی دیموکراتی آذربایجان.

ڕوونوس ـ تاران آغای پادگان معاونی صدری فرقەی دیموکراتی آذربایجان.

بە احترامەوە حزبی دیموکراتی کوردستان آمادەیی خوی بو ائتلاف دەگەل احزابی آزادیخواز(دموکرات ایران، تودە ایران، دیموکراتی آذربایجان، حزبی ایران) رادەگەینی و ئەم ائتلافە موجبی سعادت وعظمتی ملت ایران دەزانم و بەم وسیلە جنابی آغای صدری قازی لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بو گفتوگوی پیویست و امضای ائتلاف نامە بە نمایندەیی معرفی دەکەم.

ڕەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان
محمد قاضی[٤٥]

بەوجۆرە لە دوا مانگەکانی کۆتایی ساڵەکە و بەرەوخواربوونەوەی شانسی مان وژیانی جەمهوورییەتی کوردستان، سەرجەمی هەوڵی پێشەوا قازی محەمەد و سەرانی هوشیاری حیزب و جەمهوورییەت، بۆ ئەوە چڕ دەکرا کە ئەوەی ماوە و دەتوانرێ بهێڵرێ بپارێزرێ، ئەو حکوومەتە خودموختارییە کە لەوەوبەر هەوڵ دەدرا وەک حکوومەتێکی «دی فاکتور» بهێڵرێ تا دەکرێتە«دیژور»، سەردەمەکەی تێپەڕ کرد. بۆیە ئەگەر هەوڵ بدرێ لە سنووری جۆرێ لە بەڕێوەبەرایەتی و زمانی کوردی بەکارهێنانیشدا بهێڵرێتەوە وا هەر لە بەرژەوەندیی کورددا بووە، وە لە پێناویدا پاشەکشەی ناچاریی دەکات بۆ دەستکەوتە لواوەکە و بۆ خۆلادان لە کارەسات.

بۆ سەلماندنی ئەوە، چاک وایە ڕووناکی بخەینە سەر سەفەرێکی تری پێشەوا بۆ تاران کە لە نیوەی دووەمی ئوکتوبەردا بوو:

«لە ١٦ی ئوکتوبەر حکومەتی ئیران چەند کەسیکی لە پیاوە ناسراوەکانی موکریان بو گفتوگو لە سەر هەلومەرجی ئەوسای کوردستان بانگ کرد... قازی بە هیوابو حکومەتی ئێران هەندی کاری باش لە کوردستان بکا وەکو: کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی، نەخوشخانە و ریگاوبان...»[٤٦]

وەک دەشزانین لەوە بەدواوە بارودۆخەکان ئاڵۆزتر، بێ ئومێدتر دەبوون.. تاران بەو مافە سادە وئاساییانەش ڕازی نەدەبوو، ئیتر مەڵبەندەکەی جەمهوورییەت لاواز دەبوو، ژمارەیەک لە سەرەک عەشیرەتەکان ئاغاو خان و خەڵکانی لاواز، دوور دەکەوتنەوە و دادەنیشتن، هەبوو دڵسۆزیی خۆی و ئامادەی هاوکاریشی بۆ ئەرتەش نیشان دەدا.. بەڵام پێشەوا و زۆر لە سەرکردەکانی حیزب و جەمهوورییەتی کوردستان، بە هیواوە وبە ئۆمێدی

مانەوە، بەرگری، لە سەرهەڵدانی سۆڤیەت، هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجان، دەژیان و چاوەڕوانی ئاییندەیەکی نادیاریان دەکرد.

لە باسی سەربەخۆ یا خودموختاربوونی جەمهوورییەتی کوردستان ـ دەبێ ئەوەش بڵێم کە دامەزرێنەر و میراتگرەکەی، مەبەستم حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، زۆر بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا خودموختاربوونەکە دەسەلمێنێ. لاشم وایە ئەو حیزبە نە دۆینێ ونە ئەمڕۆ نەیویستووە و هەوڵی نەداوە ڕاستییەکانی هاوپێوەند بەم باسە بشێوێنێ و بە جورێکی تر لە سەری بنووسێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی دەلیل و بەڵگەیەکی گرینگە بۆ ئەو باسە و بۆ گەیشتنە مەڵبەندی ڕاستیی.

لە قسەکردن لە سەر ئەو باسە و نەبوونی بڕیارێکی ڕەسمی و یاسایی بۆی، وە لە ناو بیری تۆ بڵێی لە سەرەتای دامەزراندنەکەدا بڕیارێک لە سەر سەربەخۆبوون ـ بە مانای جیابوونەوە لە ئێران ـ درابێ و تا ئێستا نەکەوتبێتە بەر دەست یا فەوتابێت وە یاخود بڕیارێکی زارەکی هەبووبێ و تۆمار نەکرابێت، ئەوەم وەک پرسیارێ ئاراستەی مامۆستا «شێخ عززەدین حوسەینی»کردکە بەمجۆرە ڕاکانی دەرخست:

«لە ڕاستیدا بیری سەربەخۆبوون کۆنە، بەتایبەتی لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵلاوە بەرەبەرە جێگەی خۆی دەگرت. کاتێ ئەرتەشی سوور هاتە ناوچەکە و دامودەزگای ڕەزاشا ڕووخا فەزایەکی ئازاد خولقا و خەڵکی بە ئاشکرا باسی سەربەخۆبوون وئازادییان دەکرد، کە کۆمەڵەی (ژ.ک)یش دامەزرا زیاتر جێگیر و بەربڵاوتر بوو، چونکە ئامانجی (ژ.ک) سەربەخۆیی هەموو کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی یەککگرتووی کوردستان بوو، ئەوە تەئسیرێکی گەورەی لە سەر بیری دامەزرێنەرانی جەمهوورییەتی کوردستان کرد، لە ناو دڵ ودەروونی خەڵکدا جێگەی خۆی کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆبوون بە مانای جیابوونەوە لە ئێران نەبووە، چونکە دامەزرێنەرەکەی کە(ح.د.ک)بوو، هەر لەسەرەتاوە لە بەیانی دامەزراندن و لە پرۆگرامەکەشیدا ئامانجی خودموختاریی تەسپیت کرد. لە هیچ کاتێکیشدا ئەو ئامانجەی نەگۆڕیوە، ئەو ئەسلانەی لە سەرەتاوە گوترا گۆڕانیان تیادا نەکرا، بەڵام حیزبی دێمۆکرات و جەمهوورییەتەکەش بە دوایدا، لە ناو دوو ئەندێشەی کۆن ونوێ، سەبارەت بەو ئامانجە دەژیا و لەگەڵیشیدا بەردەوام بوون، ئەوەش هەر سەبارەت بە گۆڕینی ئامانجی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی یەککگرتووی کوردستان بوو کە(ژ.ک) کردبوویە ئامانجی خۆی وخەباتی بۆ دەکرد وە کە کرا بە خودموختاری لە ناو سنووری ئێراندا».

دوا وشەی باسەکەم بۆ ڕووناکی خستنەسەر هەڵوێست و دید وبۆچوونی جیاجیای یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی خۆرئاوا تەرخان دەکەم: لام وایە سۆڤیەت بۆ ئەوە کاری دەکرد کە لە ئێراندا بمێنێتەوە، کە گوشار وفشاری تاران و هەردوو زلهێزە هاوپەیمانەکەی، هێنایانە سەر بڕیاری چۆلکردن.. تەقەلای لە سەر بەرژەوەندیی نەوت بۆ مۆرکردنی چڕکرد، ئەم ڕاستییە لە دامەزراندن و ڕووخاندنی جەمهوورییەتی کوردستان باش ڕەنگ دەدەنەوە. خۆ ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت جۆرە بەرژەوەندییەکی لە کوردستان ولە سەر مەسەلەی کورددا هەبووبێ، کە بەلای منەوە ئەگەر هەشیبووبێ وا هەر لە خەیاڵدا بووە ـ وا وەک دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان بۆی دەچوون لە کوردستانی تورکیا و عێراقدا بووە. هەر وەک نموونە ئەم دوو دیپلۆماتە لە سەردەمەکەدا باسی جموجۆڵی سۆڤیەتەکان دەکەن، لەو دوو تەلگرافەی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان ناردیان:

١) لە تەلەگرامی کونسولی ئەمریکایی(Rossow) لە تەورێز بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی نارد، دوای ئەوەی باسی جموجۆڵی هێزەکانی سۆڤیەت دەکات، دەگاتە سەر:«سەرەڕای ئەوەش لە مەهابادەوە ڕاپۆرت هاتووە کە کوردەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئیعلانکردنی مافی خۆیان لە کوردستانی تورکیادا وە پلان دادەڕێژن بۆ دەستپێکردنی کاری سەربازی بەم

زووانه...»[٤٧]

به لای ئەوەوە، تەقەلا و خۆ ئامادەکردن هەر بە دەستی ڕووسەکان بووە.

٢) دیسان بەڕێوەبەری کاروباری سەفارەتی ئەمریکا لە یەکێتی سۆڤیەت (kennen) لە تەلەگـــرامی ١٧ ئازاری ١٩٤٦یدا بۆ وەزیری دەرەوە دەڵێ:

«... دەربارەی عێراق، هەڵوێست زۆر ڕوون نییە، لێرە چەند بەڵگەیەک هەن کە نیشانی بوونی جووڵانەوەیەکی کورد دەدەن کە لە لایەن سۆڤیەتەوە ئاراستە کراوە و چەکی پێدراوە، ئەمەش بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵە لەگەڵ هێزە ئامادەکراوەکانی سۆڤیەتدا بۆ پشتگیریکردنی یاخی بوون لە هەلومەرجی لواو دا... هتد»[٤٨]

زۆری تر لەو دیپلۆماتانە لە نامە وتەلگرامەکانیاندا ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە چۆن ڕووسەکان لە سەرەتادا گوێیان لە هیچ جۆرە داوایەک نەدەگرت کە پێوەندی بە ناردنی ئەرتەشی تارانەوە هەبووە بۆ هەندێ لەو ناوچانەی کوردستان.

بێگومان بۆ ئەم باسە، دەیان بەڵگە و نموونەی تر بەدەستەوەن و بە پێویستم نەزانی نووسینەکە لەوە درێژتر بێت. زیاتر لەوە سەرجەمی پرۆسەی وتووێژ لە گەڵ تاران تەنها لە ناو داوای مافی کورد لە ناو سنوور و چوارچێوەی ئێراندا بووە. وە لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا پێچەوانەی ئەو ڕاستییە باس نەکراوە و نەبینراوە کە ئەمەش خۆی باس و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە.

مەبەستم لەوە دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە سۆڤیەت بۆ کورد، وە ئەمریکا و بریتانیا و ئێران بۆ یەکێتی ئەرز ومیللەتی ئێران، خاوەن بڕیاری چارەنووسساز بوون کە هیچ کامیان ئامادە نەبوون ئەو خودموختارییەش قەبوڵ بکەن، نەک سەربەخۆیی، بگرە دژیشی بوون و هەرئەوانیش هۆی سەرەکی و ڕاستەوخۆی ڕوخاندنی کۆمار بوون. کەوابوو باسکردنی سەربەخۆیی کۆمارەکە بەدەر لەوانە، بێ مانا و دوور لە ڕاستی دەبێت. وە هەروەک لە ناو کرۆنۆلۆجی ڕووداو و باسەکانی لەمەڕ خودموختاری لە ناو سنووری ئێران و سەربەخۆیی لە ئازەربایجان خەباتی دەکرد، بێ ئەوەی بتوانێت هیچ کامیان بە دەست بهێنێ. جگە لە ژیانی ئەو ماوەیە نەبێت کە زیاتر بۆشایی ئیداری و بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە و داگیرکردنی ئەو بەشانەی ئێران سەپاندبوویان. ■

## تێبینییەکان:

٢٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

William Eagleton, *The Kurdish Repablic 1946*, London 1963, p.44.

مەحمود مەلا عززەت، ک. م. م. ١٩٨٤، ١٩٨٦، ل ٩٤.

٢٧) بڕوانە:

ـ مەحمود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧ و ٧٩.

ـ عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، ١٩٨٥، ل ٢٣.

ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٧.

٢٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕ.ک، ژمارە ١و٢، ١١و١٣-١-١٩٤٦.

٢٩) ڕ.ک، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦.

٣٠) ڕ.ک، ژمارە ٣٠، ١٢ خاکەلێوەی ١٣٢٥.

٣١) گۆڤاری هەلاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥، ل ٤-٧.

٣٢) ڕ.ک، ژمارە ٥٠، ٦ جوزەردانی ١٣٢٥.

٣٣) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، د. ج. ک، بەرگی ١، بەڵگەنامەی ژمارە ١٣٢، ل ١٤٩. مێژووی نامەکە ١٣-٤-١٣٢٥ بووە. نامەکە ئاراستەی جەنەراڵ حەمە ڕەشید خان کراوە کە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی بوو، یەکێک بوو لەو کاربەدەستانەی کە لە سەر یەک خەت دژی کاربەدەستانی تاران بوو چونکە هیچ جۆرە متمانەیەکی پێیان نەبوو.

٣٤) ڕ.ک، ژمارە ٦٩، ٢٠-٤-١٣٢٥. پێشەوا بۆ وتووێژ سەفەری تارانی کردبوو، بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥دا لە (دەربەند) دیدەنییەکە کرابوو، تەواوی گفتوگۆی دیدەنییەکە هەر لە ناو بازنەی پێوەندی کورد بە ئێران و ئازادی و دیمۆکراتییەوە بووە.

٣٥) ڕ.ک، ژمارە ٤٧، ٦ جوزەردانی ١٣٢٥.

٣٦) بڕوانە:

ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٣٤-٢٣٣.

-Howell, Jr. Wilson N. *The Soviet Union and The Kurds A study of National Minotry*, 1965; p. 188

ـ ڕ.ک، ژمارە ٥٢، ڕۆژی ٢ ژوین ١٩٤٦ باسی «پەیام نوسی ئاژانسی فرانس ـ زیکیل ناپلیون ی کردووە بە بێ ئەوەی دیدەنییەکانی پێشەوا و ئەو باسەی بلاوکردبێتەوە، تەنها ئاماژە بۆ دیدەنییەکانی پێشەوا و لێپرسراوان دەکات.

٣٧) بڕوانە: گۆڤاری هەلاڵە، ژمارە ٣،ساڵی یەکەم بانەمەڕی ١٣٢٥، ل ٧.

٣٨) بڕوانە:

ـ جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنه، تهران، چاپی دوم، تابستان ١٣٦٦، ل ٣٣٩.

ـ نەوش3یروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل٢٢٧.

٣٩) ڕ.ک، ژمارە ٥٩، ١٨ ژوین ١٩٤٦.

٤٠) ڕ.ک، ژمارە ٦٠، ٢٠ ژوین ١٣٢٥.

٤١) وشەکە هەر ئاوا نووسراوە.

٤٢) ڕ.ک، ژمارە ٦٠.

٤٣) ڕ.ک، ژمارە ٧٥، ١١-٨-١٩٤٦، ل ١و٢و٤.

٤٤) ڕ.ک، ژمارە ٧٦، ٢٢ گەلاوێژ ١٣٢٥.

٤٥) ڕ.ک، ژمارە ٨٥، ٢١ خەرمانان ١٣٢٥(١١-٩-١٩٤٦).

٤٦) بڕوانە:

ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٣٢.

ـ فریدە کوهی ـ کمال دیهکردی، کوماری کوردستان، دامەزران وڕووخانی، ١٩٨٦، ل ٤٥-٤٦، ئەمانیش لە ئەرکیڤی بریتانیا دەریان هێناوە.

٤٧) ژمارەی تەلەگرام: 761-9/3-546، تەورێز، ٥ی ئازار، ١٩٤٦، ١ی دوای نیوەڕۆ [٦ی ئازار، ٦,٢٥ی پاش نیوەڕۆ].

٤٨) ژمارەی تەلەگرام: 24591/3-1746 ,861، مۆسکۆ، ١٧ی ئازار، ١٩٤٦، ٩ی دوای نیوەڕۆ [١٧ی ئازار، ٥,٣٧د.ن]

"Foreign Relations of The United States Diplomatic papers 1946, volume VII."

******

### ڕاستکردنەوە

لە بەشی یەکەم(ژمارە١٣، ل ٤٢ تا ٤٤)ی ئەم باسەدا هەڵەیەک ڕووی دابوو، لە گەڵ داوای لێبووردن، بەم جۆرە ڕاست دەکرێتەوە:

ـ لە لاپەڕەی ٤٣دا، کۆڵەکەی دووەم، لە خوارەوە دێڕی ٦و ٧، ڕستەی: «پەیمانەکەش لەگەڵ تاراندا بە بێ ئاگاداری کورد، شکاندنی بەڵێن و پەیمانی یەکێتی و برایەتی بوو لەگەڵ کورددا»، تکایە بۆ لاپەڕەی ٤٤، کۆڵەکەی یەکەم، دوابەدوای ئاکە وشەی دووەم دێڕ کە نووسراوە «دەکرد...»بگوێزرێتەوە.

**مەحمود مەلا عززەت**

# بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی

ئەمیری حەسەنپوور
و
حەسەنی قازی



دوکتور مستەفا شەوقی(قازی زادە): ئارشیوی تایبەتی حەسەنی قازی

نزیکەی بیست ساڵە لە چاپەمەنی کوردیدا باسی «دوومستەفا شەوقی» دەکرێ. یەکیان نێوی خۆی وەک«مصطفی شوقی» نووسیوە و خەڵکی خواروی کوردستان و دانەری گۆڤاری پەیژە (بەغدا، ١٩٢٧/١٣٤٥)بوو و بۆ ماوەیێک ئەفسەری جەیشی عوسمانی و عێراق بوو. ئەوی تر ناوی خۆی وەک«قاضی زادە مصطفی شوقی» نووسیوە، چەند پارچە شێعری لە گۆڤاری ژین ن(ئەستەمبوول ١٩١٩-١٩١٨) و ڕۆژنامەی کوردستان (ئەستەمبوول ١٩١٩-١٩١٨)دا بڵاوکردووەتەوە ولە سەر ساڵانی دوایی ژیانی زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە. ئەو قازی زادەیە، دوکتور مستەفای قازی خەڵکی سابڵاغ/مهابادی موکریانە.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا وێدەچێ کێشەی «دوو مستەفا شەوقی» تەواو بووبێ، بە بۆچوونی من هێشتا پێوەندی نێوان «قازی زادە مستەفا شەوقی» و د. مستەفا قازی تەواو ڕوون نەبووەتەوە. سەرچاوەی نووسراو کەمە و هێشتا لێکۆڵینەوەیێکی تێر وتەسەلیش بە شێوەی «مێژووی زارەکی» نەکراوە. پێموایە ئەو چەند بەڵگە نووسراوەی لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە ڕووناکێکی زۆر دەخەنە سەر بەسەرهاتی د. مستەفای قازی بەڵام، لە هەمان کاتدا، پرسیارێکی زۆریش سەبارەت بە ژیانی ئەدەبی و سیاسی و ئایینی ئەو دەهێننە گۆڕێ.

ئەو بەڵگانە لە گۆڤاری **کوردستان میشنێری**(*The Kurdistan Missionary*)دا بڵاوبوونەتەوە. گۆڤارەکە لە ساڵی ١٩١٠ هەتا ١٩٢٨ لە شاری مینا پۆلیس لە ئامریکا بە زمانی ئینگلیسی دەردەچوو(لە ساڵی ١٩٢٨ بەولاوە ناوەکەی گۆڕدرا). بڵاوکەرەوەی ئەو گۆڤارە میسیۆنێکی مەسیحی لووتری بوو کە لە ساڵی ١٩١٠ هەتا ١٩٣٨ لە شاری سابڵاغ نەخۆشخانەی دامەزراندبوو و بۆ پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی چالاکی دەکرد. ناوی میسیۆنەکە ئاوا بوو:

The Inter-Synodical Ev. Lutheran Orient Mission Society.

گۆڤارەکە زانیارێکی زۆری سەبارەت بە ژیانی خەڵکی سابڵاغ و موکریان تێدایە بەڵام تائێستە هیچ لێکۆڵەرەوەیێک کەڵکی لێوەرنەگرتووە. من لە ساڵی ١٩٨٧ کورتە باسێکم سەبارەت بەو گۆڤارە بە زمانی سویدی بڵاوکردەوە بەڵام تائێستە دەرفەتم نەبووە بە لێکۆڵنەوەیێکی تێر وتەسەل میسیۆنەکە و چاپەمەنییەکانی بناسێنم.[2] میسیۆنەکە چاپەمەنییەکی زۆری بە زمانی کوردی و ئینگلیسی بڵاوکردووەتەوە.ئەو کتێبە کوردییانەی ئەمن چاوم پێکەوتوون ئەوانەن: *انجیل یوحنا* (١٩١٩، ٥٣ لاپەڕە)، *انجیل متی*(١٩١٩، ٨٧ لاپەڕە)، *انجیل لوقا* (١٩١٩، ٩٤ لاپەڕە)، *انجیل مرقوس*(١٩١٩، ٥٣ لاپەڕە)، *کتێبی شعرانی روحانی*(١٩١٨)، *کتاب ارشاد المذنبین*(١٩٤٥، ٢٤٨ لاپەڕە). کتێبی *ارشاد المذنبین* وەرگێڕەکەی «عەزیززندیە مشهور بە المانی»یە کە لە ٧ی شەوالی ١٣٤٤(١٩٢٦) بە خەتی خۆی نووسینەوەی تەواو کردووە بەڵام بیست ساڵ دوایە لە ئامریکا چاپ کراوە. عەزیزی زەندی خەڵکی سابڵاغ بوو و دەورێکی گرینگی بوو لە فێرکردنی زمانی کوردی بە میسیۆنێرەکان و وەرگێڕەکانی ئەدەبیاتی ئایینیان.

چەند ساڵ لەوەپێش کاک حەسەنی قازی ومن، قەرارمان دانا کە ئەو نووسراوانەی کوردستان میشنێری کە باسی د. مستەفا قازی تێدایە وەربگێڕین و وێڕای لێکۆڵینەوەیەکی کێشەی دوو مستەفا شەوقی بڵاویان

بکەینەوە. بە داخەوە هێشتا دەرفەتی لێکۆڵینەوەمان نەبووە و ئێستەش بە بۆنەی سەدساڵەی لە دایکبوونی د. مستەفا قازی(١٩٩٦-١٨٩٦) ئۆتۆبیۆگرافیەکەی لەگەڵ چەند نامە پێشکێش بە خوێنەرەوە و لێکۆڵەرەوەی ئەو بابەتە دەکەین. ئەو نووسراوانە لە بەرگی ١٤ و ١٥ی (١٩٢٢ و ١٩٢٣) گۆڤارەکە هەڵبژێردراون و هیواداریین لە فرسەتێکی دیکەدا هەرچی بەڵگەی ترمان وەگیر بکەوێ بڵاوی بکەینەوە.٣

**پەراوێزەکان**

١) بڕوانە: * مومتاز حەیدەری، *مستەفا شەوقی و «پەیژ»ە*، هەولێر، ١٩٨٥.

* کەمال ڕەئووف موحەممەد، «دوو مستەفا شەوقی»، *کاروان*، ساڵی چوارەم، ژمارە ٤١، شوباتی ١٩٨٦، لاپەڕەی ٨٢-٩٥، و*کاروان*، ساڵی چوارەم، ژمارەی ٤٢، ئازاری ١٩٨٦. لاپەڕەی ٨٧- ٩٩.

* عبدالله محمد حداد، «شیعرەکانی مستەفا شەوقی قازی زادە»، *ڕۆشنبیری نوێ*، ژمارە ١١٢، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، لاپەڕەی ٧٥-٨٧.

* ئەحمەد شەریفی، دوکتور مستەفا شەوقی، سروە، ژمارە ٦٢، خەرمانان ١٣٧٠، لاپەڕەی ٢١-٢٣.

* عەلی ڕێبوار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، سروە، ژمارە ٨٦، خەرمانانی ١٣٧٢(september-1993)، لاپەڕەی ٢٠-٢٢.

دیارە نووسراوەی دیکەش هەن کە من ئەم دیون.

2) Amir Hassanpour, "Kurdisdtan Missionary"-unikt historiskt dokument, *Svensk-Kurdisk Journal*, Nr.8, 1987, 16-17.

٣) گۆڤاری کوردستان میشنێری مانگانە بوو و هەوەڵ ژمارەی لە ئۆکتۆبری ١٩١٠ لە شاری شیکاگۆ لە هەشت لاپەڕەدا دەردەچوو و دوایە ژمارەی لاپەڕەکانی گەیشتە ١٦. مەبەستی گۆڤارەکە ئەوەبوو کە هەواڵی چالاکی میسیۆنەکە بە لووترەکانی ئامریکا و وڵاتانی تر ڕابگەیێنێ و بەو چەشنە یارمەتی بۆ میسیۆنەکە کۆ بکاتەوە. گۆڤارەکە پڕە لە نامە و وێنە و ڕاپۆرتی کاری میسیۆنێرەکان (وەک دوکتور فۆسووم، مزداڵ/میس داڵ خانم، میس گودار/گودهارت، دوکتور شالک و ئەوانی تر) و وێنەی خەڵک ودیمەنی شاری ساباڵاغ و موکریان.

ئەو ژمارانەی ئەمن وەدەستم کەوتوون بریتین لە: ساڵی ١و٢ (١٩١٢-١٩١٠ چەند ژمارەی کەمە)، ساڵی ٦ و ٧ و٨(١٩١٧-١٩١٥ تەنیا حەوت ژمارەم هەیە) و ساڵی ١٠ هەتا ١٩(١٩١٨ هەتا ١٩٢٧).

ئەمیر حەسەنپوور

***

لە سایەی زەحمەت و خۆماندووکردنی برای بەڕێز کاک ئەمیری حەسەنپوور بە دۆزینەوەی بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی *کوردستان میشنێری*(*The Kurdistan Missionary*)، زانیاری زیادتر سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی (شەوقی) دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەرەوەی کورد، لەم ژمارەیەی «گزینگ»دا بەشێک لە نووسراوە کانی کوردستان میشنێری لەسەر ئەو زاتە بڵاودەکەینەوە. مستەفای قازی (کە بە مستەفای شەوقی ـ قازی زادە)ش ناوبانگی بڵاوبووەتەوە بەپێی ئەو نامەیەی کە بۆ کوردستان میشنێری ناردووە دەڵێ لە ساڵی ١٨٩٦ لە ساباڵاغ لەدایک بووە. شەوقی لە بنەماڵەی قازی و ئامۆزای باوکی پێشەوا قازی محەممەد و کوڕی قازی لەتیفە.ئەو لە نامە وپێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ The Inter-Synodical Ev. Lutheran Orient Mission Society دا دەڵێ کە باوکی پێشتر بۆ خوێندن ناردوویە بۆ ئاڵمان، بەڵام لە بەر بێ دەرەتانی نەیتوانیوە چیدی دەستی بگرێ جا بۆیە ناچار بووە بۆ خوێندن بگوێزێتەوە ئەستەمبووڵ و لەوێ تەبابەتی تەواو کردووە.

ڕەحمەتی خەلیلی فەتتاحی قازی کە خوارزای دوکتور شەوقی بوو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بە فارسی نووسیویەتی و لە ساڵی ١٣٧٠(١٩٩١) لە لایەن ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی لە ورمێ بە ناوی "*سالهای اضطراب*" ـ ساڵانی پەشێوی ـ چاپ وبڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە خاڵی ئاوا دەنووسێ:

«... چەند ساڵ دواتر، شەڕی یەکەمی دنیاگر دەستی پێکرد، نووسەری ئەم دێڕانە چلۆنایەتی و شوێنی ئەم شەڕەم لە سەر کوردستان، بەتایبەتی مهاباد، لە کاتی نووسینەوەی بەسەرهاتی خوداڵێخۆشبوو قازی فەتتاح دا باس کرد و کوتم میرزا فەتتاحی قازی لەلایەن ڕووسەکانەوە شەهید کرا و قازی لەتیف و برازاکانی قازی مونعیم (کوڕی قازی وەهاب) و عەبدوڕەحمان مەشهوور بە سالاری موکری و مەلا محەمەد و میرزا مەحموود و میرزا ئەحمەد(کوڕانی قازی فەتتاح) لەلایەن ڕووسەکانەوە بە تاوانباری سیاسی(لایەنگری لە دەوڵەتی عوسمانی) گیران و پاتراوی خاکی ڕووسیا کران. ئەوانە دوای چەندین مانگ یەخسیربوون و ناخۆشی چێشتنی زۆر کاتێک لە ڕووسیا شۆڕشی کۆمۆنیستی قەوما گەڕانەوە ئێران، بەڵام قازی لەتیف لە ڕێگەی لەهێستان و ئاڵمانەوە چووبووە ئەستەمبووڵ بۆ لای کوڕەکەی دوکتور مستەفای شەوقی. ئێوبراو دوای چەند ڕۆژ سەرگەردانی لە کاتێکدا کە نەخۆش بووە و برینیشی دە بەدەنیدا بووە، کوڕەکەی واتە دوکتور مستەفای شەوقی دەبینێتەوە.

قازی لەتیف دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و دامەزرانی ئاشتی، لەگەڵ کوڕەکەی واتە دوکتور مستەفای شەوقی کە هێشتا خوێندنی خۆی لە زانستی توب دا تەواونەکردبوو، گەڕایەوە ئێرانێ. خوداڵێخۆشبوو دوکتور شەوقی ماوەیەک لە مهاباد مایەوە و دیسان بۆ درێژەدان بە خوێندنی خۆی گەڕایەوە ئەستەمبووڵ. دوکتور شەوقی لە شەڕی یەکەمی دنیاگردا دڵخوازانە بە دەرەجەی سەروانی(کاپیتانی)یەوە لەگەڵ قشوونی عوسمانی کەوت. لەبەر ئەو فیداکارییانەی کە نواندی ، دەوڵەتی عوسمانی تۆڵەی بۆ کردەوە و بۆ ماوەی ٢ ساڵ ناردی بۆ ئاڵمان بۆ تەواوکردنی خوێندن. لەوێ لە بەشی نەخۆشی نێوەوەی لەش و منداڵان دا دوکتورای پسپۆڕی وەرگرت. چەند ساڵان لە تورکیا وەک سەرۆکی دەرمانگە لە ناوچەکانی ئەسکی شەهیر، سیور (سێوە ڕەگ) و وان و هتد خەریکی تەبابەت بوو.

دوکتور شەوقی لە ساڵی... گەڕایەوە زێدی خۆی مهاباد. پاش دووساڵ مانەوە لە مهاباد و کردنەوەی مەحکەمەی تەبابەت و خزمەتی شایانی بژشکی بە هاونیشتمانەکانی، لە بەر ئەوەی منداڵەکانی لە خوێندنگە بەرزەکانی تورکیادا خەریکی خوێندن بوون و خێزانیشی سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوبوو و ئامادە نەبوو بێ لە ئێران بژی! بۆیە دوکتور شەوقی ناچار بوو بگەڕێتەوە تورکیا. ئەو هەتا چەند ساڵان پێوەندیی نامەیی لەگەڵ خزم و کەسوکاری لە مهاباد هەبوو بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی پێوەندییەکانی پچڕا و چی دی نامەی نەهات. بە پێی قسەی ڕێبوارێک کە لە تورکیا هاتبووەوە دەرکەوت کە دوکتور لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ی زایینی) بە سەکتەی دڵ مردووە. هیچ دەنگ و باسێک سەبارەت بە خێزان و کچەکانی بە دەستەوە نییە.» (سالهای اضطراب، خاطرات خلیل فتاحی قاضی، ص ٣٣،٣٤ و ٣٥).

وەک دەردەکەوێ لەو بیرەوەرییانەی کاک خەلیل یشدا دیسان بەشێک لە ✍

ژیانی دوکتور شەوقی بە ناڕوونی دەمێنێتەوە. لایەنێکی دیکەی ژیانی دوکتور قازی بە بەراوردکردنی ئەو نامانەی بۆ کوردستان میشنێری نووسیوە و ئەو نامەیەی بە فارسی لە ٢٠[ی]رجب المرجب [ی]١٣٤٨ی (مانگی)بەرانبەر ١٩٢٨[ی زایینی] (بڕوانە عەلی ڕێبوار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، سروە، ژمارە ٨٦، خەرمانانی ١٣٧٢(september-1993)، لاپەڕەی ٢٠-٢٢) بۆ گەوەرتاج خانمی خوشکی ناردووە ئەوەیە کە دوای مردنی هاوسەری یەکەمی دیسان زەواجی کردووەتەوە و تا سالی ١٩٢٨ لەگەڵ هاوسەری دووهەمی سێ منداڵیان بووە. هەروەها نامە فارسییەکە ناوی کچی یەکەمیشی نهال(نەهال) ڕوون دەکاتەوە. دوکتور شەوقی ئەو نامەیەی لە سەر کاغەزی ڕەسمی نووسیوە و لە سەرەوەی بە تورکی و فەڕانسەیی تیترەکەی بەم جورە نووسراوە:

| | |
|---|---|
| KAZI ZADE | دینار حکومت طبیبی |
| D:M. CHEVKI | قاضی زاده |
| NO DU DIPLÖME 3570 | دوقتور مصطفی شوقی |
| MEDECIN DES MALADIES | دیپلومە ـ 3570 |
| INTERNES ET ENFANTS | امراض داخلیه و جوجق خستەلقلری حکیمی |

ئێستا چەند ساڵێکە لە شاری بۆن ی ئاڵمان خانمێک کە تورک زمانە و لەگەڵ چەند کەسێک لە بنەماڵەی قازی ئاسیاوی و هاتووچۆی هەیە، خۆی بە نەوە یان نەتیجەی دوکتور شەوقی دادەنێ.

لە گۆڤاری دوو زمانەی (تورکی ـ کوردی) ژین دا کە لە ٧ی نۆڤامبری ١٩١٨ تا ئۆکتۆبری ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە و مودیری مەسئوولی زانایەک بووە بە ناوی هەمزە، ٥ هۆنراوە و٢ پەخشانی مستەفای قازی و قەسیدەیەکی قازی لەتیفی باوکی و هۆنراوەیەکی داوەر ئەردەلانی کە پێشکێشی (مچەی قازی) کردووە بڵاوکراوەتەوە. (بڕوانە ٢٥ ژمارەی ئەو گۆڤارە وا لە ٥ بەرگدا لە نێوان ساڵانی ٨٥-٨٨ لەلایەن کاک حەمەدەمین بۆزئەرسلان کە بابەتەکانی هێناوەتە سەر خەتی لاتین و وەریگێڕاونەوە سەر زمانی تورکی، لە سوید چاپ کراوەتەوە). لە خوارەوە وەرگێڕاوی بەڵگەکانی کوردستان میشنێری پێشکێش دەکەم:

حەسەنی قازی

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٣، ژمارەی ٣، مارسی ١٩٢١، ل ٤٦**

**ساوجبولاغ(سابلاغ) لە ساڵی ١٩٢١دا**

ئەمن پێم خۆشە ئەو بەشانەی نامەی یای گودهارت(Miss Gud-hart) کە بە تەئریخی ٢١ ژانڤـــــیـــــەی[١٩٢١]لە کۆنستانتینۆپل(ئەستەمبووڵ) ڕا ناردوویە لە خوارەوە بگێڕمەوە. سەبارەت بە ڕاستی ئەو زانیارییەی بە دەستی وی گەیشتووە، ئەمن چ وەباڵ ئەستۆی خۆم ناگرم. [بەڵام]ئەوەی کە زۆربەیان ڕاستن، بڕواپێکردنی زەحمەت نییە.لە ڕاستیدا ئەوە[هەر ئەو شتانەن] کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد بیان بیستین. بلا هێشتاش هیوادار بین کە [وەزعی وێ] باشتر لەو خەبەرەی بێ کە ناردراوە!

«ئەمن کوردێکی خەڵکی سابلاغ، میرزا مستەفای کوڕی قازی لەتیف م دیوەتەوە. ئەم پیاوە گەنجە لێرە پزشکی دەخوێنێ. ئەو لە سێپتامبری ١٩٢٠دا لە سابلاغەوە هاتووەتە ئێرە و باسی زۆر خەفەتاوی سەبارەت بەو خەڵکەی کە ئێمە لە ساڵی ١٩١١وە زۆر چاکیان دەناسین بۆمن گێڕاوەتەوە. ئەو سابلاغەی کە کاتی خۆی [جێیەکی] گەورە بوو ئێستا نەماوە! لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ٥٠٠٠٠ گۆڕی تازە لە قوربانی




وێنەی بەرگی کوردستان میشنێری، ژمارە١، ژانوییەی ١٩١٨، ساڵی ١٠.

برسییەتی و تیفۆئید گلەبان کراوە (ئەمن پێموایە ئەو ڕەقەمە دەبێ ٥٠٠٠ بێ ـ ن.جێی. ل). گشت شارۆچکەکانی دەوروبەریش بە هەمان شێوە کەوتوونەتە بەر بەڵای قاتی وقڕی. قاتی و قڕییەکی ئەوتۆ کە کوردەکان پێشتر قەتیان بەخۆوە نەدیوە. گیا، سووزنەک و دڕک و دڕووی کە لە شاخان دەڕوێن بوونە خۆراکی ئینسان و گوێدرێژان وەکوو یەک! لەبەر ئەوەی کە لە زۆر جێیان تەنانەت گیا ودڕووش نەڕواوە، [خەڵک] گۆشتی کەر ، سەگ، پشیلە و ئینسانیشیان خواردووە. لە دنیای دەرەوەڕا چ خۆراک [و یارمەتییەک]بۆ ئەم هەرێمە نەهاتووە.

بەپێی قسەی مستەفا ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٦ هەموو داو دەرمان و کەلوپەلەکانی ناو خانووی ئێمەیان بردووە. خانووەکە وکلیساکە ئێستا بوونەتە کەلاوە، وەک زۆر لە خانووبەرەکانی دیکەی سابلاغ. ئێمە دەبێ دەست بە دروستکردنەوەیان بکەین کاتێک دەگەینەوە ئەوێ. لە سەرەتاوە دەبێ چادران بۆخۆمان پەیدا کەین بۆ ئەوەی تێیاندا بژین و دست بەکاربکەین. مستەفا پێشنیار دەکاکە مسیۆنێرەکانی ئێمە دەکرێ بە ڕێگای شاخاندا لەگەڵ وی بکەون کاتێک کە ئەو لە مانگی ئاوریل دا دەگەڕێتەوە سابلاغ. داخودا دیمەنی ولاتەکە چۆن بێ تا ئەو کاتەی ئێمە دەگـەینە ئەوێ نازانم. بەڵام ئەمن زۆر پەرۆشی ئەوەم وەڕێکەوم و لە ڕێگای خودادا شتێک بکەم لە جیاتی ئەوەی لێرە لە کۆنستانتینۆپل بم کە هەم کارێکی زۆر کەمتر هەیە بیکەم و هەمیش خەرجی ژیان هەتا بڵێی گرانە. قیمەتی[شت] لێرە دوو ئەوەندەی ئامریکایە، و وەکی باس دەکرێ لە ئێرانیش [وەزع] باشتر نییە.» ئەوە بەشێک بوو لە نامەی یای گودرهات.

دە بلا ئەو پەیامە بە تکا و نزای قووڵی خۆیەوە بیێتە هۆی (بە دەنگەوە هاتن) و پشتیوانیی دەستبەجێی سندوقی یارمەتی ئێمە.

دڵسۆزتان لە خزمەتی باریتەعالا دا،

ن.جێی. لۆر N.J. Løhre

مەیڤیل، ٢٣ی فێڤرییەی ١٩٢١

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٤، ژمارەی ٢، فێڤرییەی ١٩٢٢، ل ٢٥-٢٦**

**نامەی پەسندکردنی ئاغای م. قازی**

کۆنستانتینۆپل (قسطنتنیه)، ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٢١

ئاغای بەڕێز:

بەسپاسەوە ئەمن هەر ئێستا نامەی ئێوەم پێگەیشت. سەرنجی

دڵسۆزانەتان سەبارەت بە داهاتووی من کە زۆر بەجوانی لە نامەکەتانەوە دەردەکەوێ تەواوێک هەستی بزواندووم. دیارە وەکی بۆتان دەرکەوتووە ئاواتی یەکەمی من ئەوەیە کە خزمەت بە وڵاتی بوومی خۆم کوردستان بکەم، و ئەمن بەڕاستی زۆری پێ دەگەشێمەوە لەوێ حەقیقەت بە نەتەوەکەم ڕابگەیێنم. ئەمساڵ ئەمن لە پزشکیدا دەرەجەی دوکتوری وەردەگرم، وە هەر بە تەوابوونی دەرسەکانم ڕاستەوخۆ بەرەو سابلاغ وەڕێدەکەوم بۆ ئەوەی لەوێ لە ماڵێ خزمەت بە میسیۆنی خۆشەویستمان بکەم. هیوادارم سایەی ئێوەم هەر بەسەرەوە بێ، و ئەمن لەو بابەتەوە بەڕاستی زۆر سپاستان دەکەم. ئەمن داوام ئەوەیە ئێوە مێهرەوانانە لە ڕێزی من لە ئاست خۆتان ( کە ئینسانی)هەرە هەڵکەوتوون دڵنیا بن. خانمەکەشم بەوپەڕی حورمەتەوە سلاوتان بۆ دەنێرێ.

بەسپاسەوە (ئیمزا)م. قازی

خوێندکار لە کالیجی پزشکی زانکۆی حەیدەرپاشا، لەکۆنستانتینۆپل

*

ئەوە بە قازانجی میسیۆنەکەمان دەبێ کە ئەم پیاوە لە نزیکەوە لە چالاکییەعیساییەکانی خۆمان گرێ بدەین. بەئاشکرایی دەردەکەوێ ئەو لە سەر دینی محەمەدی نەماوە، بەڵام ئێمە زۆر دڵنیا نین کە ئەو مەسیحییەتی قەبوڵ کردبێ. شتێک دەزانین، و ئەویش ئەوەیە کە ئەو لە ئاست مەسیحییەت (بۆچوونی) دۆستانەیە. لەمەش زیادتر، کۆمەڵەکەمان ۲۵۰۰۰دۆلاری لە ماڵی ئینجیل(Bible House) لە کۆنستانتینۆپل بە مەبەستی یارمەتیی ئەو و ژنەکەی پاشەکەوت کردووە تا ئەو کاتەی کە خوێندنی پزشکی خۆی تەواو دەکا. ئێمە لە ئاست وی دەستەبەری هیچ شتێکی دیکە نەبووین. ئەمن تێدەکۆشم پێوەندییم پێیەوە هەر بمێنێ، وە هیوادارم بتوانین دۆستایەتی وی بە باشترین شێوە بەکار بهێنین.

ـ ن.جێی. لۆر N.J. Løhre

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٤، ژمارەی ٤، ئاوریلی ١٩٢٢، ل٥٧-٥٨**

**نامەی دووهەمی م. قازی بۆ لۆر**

کۆنستانتینۆپل (قسطنتنیە)، ٢٩ی ژانڤییەی ١٩٢٢

جەنابی ن. جێی لۆر: ـ

ئاغای خۆشەویست: ـ ئەمن نامەی ١٩ی دیسامبری ئێوەم پێگەیشت، و زۆر سپاستان دەکەم. ئێوە لە نامەکەتاندا دەڵێن ئەوە بۆ جاری یەکەمە کە لە کوردێکەوە نامەتان بۆدێ. وە ئێمەی کوردیش دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جارە دەکەوێنە بەر کەرەم و خۆشەویستی. ئامریکاییەکان زۆر بە گوڕ خەریکی چاککردنەوەی وێرانییەکانی شەڕن. بەڵام کوردەکان لە بەر نەزانی لە هەلومەرجێکی زۆر کاولکراوتردا دەژین. ئەمن خۆشحاڵم لەوەی ئێوە ئەوپەڕی حەولی خۆتان دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتی بە ئێمە بکەن.

ئەمن سێ شەهیدەکان دەناسم. بەتایبەتی ئاغای فۆسووم(Fossum) ئاواڵی من بوو. ئەمن یارمەتیم دا بۆ فێربوونی زمانی کوردی. ئەمن هاوکاریم لەگەڵ کرد بۆ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بە کوردی. بەدڵنیاییەوە ئەو شەهیدانە لە داهاتوودا لەلایەن گەلی ئێمەوە ڕێزیان لێدەگیرێ. ئێمە لە قووڵایی دڵەوە خۆمان بە قەرزداری میسیۆنێرەکان دەزانین.

بە ڕێی ئەو مەدرەسە و نەخۆشخانانەی دروستتان کردووە گەلی ئێمە وشیار دەبێتەوە بۆ ئەوەی قەدری کولتوور و ئایینی ڕۆژئاوا بزانێ. ئەوە لەبەر عەقیدە و بڕوام بوو کە ئەمن وڵاتی خۆم بەجێهێشت و ئەوپەڕی حەول دەدەم. (لێرەدا ڕایەڵەی بیر دەپسێ) ئەمن پێمخۆشە گۆڕانێکی تەواو لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دینی وڵاتەکەم و گەلەکەم دا ببینم.

ئەمن لە ساڵی ١٩١٣ بەو مەبەستە چوومە ئاڵمان؛ لەبەر گیروگرفتی ماڵی (بێ پارەیی)، باوکم نەیتوانی دەستم بگرێ. لە ساڵی ١٩١٦گەڕامەوە کۆنستانتینۆپل(ئەستەمبووڵ). بە تەواوی لەو بڕوایە دام ئەوەی بووەتە هۆی دواکەوتوویی ئەوتۆی کوردەکان لەبەر دینە عەرەبییەکەیانە. لەسەروبەندی پێش ئیسلامدا ئێمە زیادتر سەر بە دینی ئێرانی بووین، جا بۆیە بیروڕای دینیی من وردەوردە بەرەو مەسیحییەت گۆڕا، وە ئێستا خۆم بە مەسیحی دەزانم.

تا ئەو جێگەی بگەڕێتەوە سەر غوسڵی تەعمیدی من، ئەمن جارێ وەدوای دەخەم. ئەگەر ئەمن وەکوو دوکتورێک لە زێدی خۆمدا غوسڵی تەعمید بکرێم ئەوە تەئسیری زۆر زیادتر دەبێ، وە خەڵکێکی زۆر چاو لە من دەکەن و وەدوام دەکەون.

ئێستا ئاخر وەرزی خوێندنمە. تا چوارمانگی دیکە ئیمتیحانەکانم تەواو دەبن. دوای ئەوە دەبێ نزیکەی هەشت مانگ لە نەخۆشخانەیەکدا کاربکەم. دەبێ بە خۆڕایی کاربکەم. چ ڕێیەک شک نابەم بۆ ئەوەی بۆ خەرجی خۆم پارە پەیدا کەم.، وە لێرەش هەتا بڵێی گرانییە. نزیکەی ساڵێک دەبێ لە ماڵەوە چ پارەم بۆ نەهاتووە. جا بۆیە لە ماوەی ئەو دوازدە مانگەی داهاتوودا تا ئەو کاتەی دیپلۆمەکەم وەردەگرم هیوام بە یارمەتی ئێوەیە.***

ئەمن دڵم بە خودا دەسپێرم و ڕوو لە ئێوە دەکەم. هیوادارم یارمەتیم بکەن. وەک بیستوومە یای گودهارت بە ساغوسلامەتی گەیوەتەوە ماڵێ. لەگەڵ باشترین ڕێز وئیحتراماتم.

دڵسۆزتان مستەفای قازی

ژمارە ٢٣٥٥ ـ خوێندکار لە کالیجی پزشکی زانکۆی حەیدەرپاشا، لە کۆنستانتینۆپل

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٤، ژمارەی ٨، نووتی ١٩٢٢، ل١٢٧**

لە نامەیەکی تازەدا بۆ سەرۆک لۆر(president Løhre)، ئاغای قازی، ئەو کوردەی لە کۆنستانتینۆپل پزشکی دەخوێنێ ڕادەگەیێنێ کە ئەو وا چاوەڕێ دەکا خوێندنی پزشکی خۆی لە ماوەی چەند مانگی دیکەدا تەواو بکا ـ ئێستا نزیکەی ٦ مانگی ماوە. وە دوایە ئەو ئامادەیە خزمەتەکانی خۆی بە تەاوی بەختی میسیۆنی لووتری ڕۆژهەلات(Lutheran Orient Mission) بکا و لە ناو خەڵکی زێدی خۆیدا[کار]بکا. ئێمە بەم خەبەرە خۆشە زۆر گەشاینەوەتەوە و بۆ ئەمە شوکرانەبژێری باریتەعالاین.

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٥، ژمارەی ٢، فێڤرییەی ١٩٢٣، ل٢٦-٢٧**

**ئۆتۆبیۆگرافی(بەسەرهاتی خۆ نووسین)**

بە قەڵەمی مستەفای قازی

ئەمن ناوم مستەفایە. ناوی بنەماڵەم قازیە. خانەدانی قازی خەڵکی گورجستانن، و لە بناوانەوە بە "شازادەی تاتوولا" بەنێوبانگ بوون.

نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر باپیری بابەگەورەی من، شازادەی تاتوولا، گورجستانی بەجێهێشت و ڕووی لە ئێران کرد، و کاتێک لە تەورێز بوو لەوێ لەلای وەلیعەهدی ئێران هاتە سەر دینی محەمەد. لەبری ئەو لەدین وەرگەڕانە زەوی و زارێکی زۆری لە سابلاغ درایە. لەو ناوچەیەدا هێشتاش گوند و ئاوایی زۆر ماونەتەوە کە گشتیان ئی خانەدانی ئێمەن؛ بنەماڵە و خێزانی ئەوتۆ کە مەزرا و باغاتیان تەنانەت ئەمڕۆش بەنێوبانگن، بەڵام بەداخەوە ئەوانە گشتیان لە شەڕی جیهانی یەکەم دا بە دەستی ڕووسەکان

کاول کران. باوانی من دوایە دەستیان کرد بە خوێندن و لێکۆڵینەوەی دین و فەقیهی محەمەد، و وەچ لەدوای وەچ لەلایەن حکوومەتەوە کران بە قازی هەموو مەڵبەندەکە، هەر بۆیەشە بنەماڵەکە نێوبانگیان قازی یە.

ئەمن لە ساڵی ١٩٨٦ لە ساوجبولاغ لە دایک بووم و بڕێک لە لای باوکم و بڕێک لە لای مامۆستای سەر ماڵێ زمانی فارسی و عەرەبیم خوێند، کە زۆر چاکی فێربووم و بووم بە "دوکتوری فیقە"[ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت]. دواتر دەبوو جێی باوکم پڕکەمەوە و وەک قازی فەرمانڕەوایی بکەم. لە هەمان کاتدا چەندین میسیۆنێر(موبەشیر) گەیشتنە سابلاغ، وە لە ڕێگەی ئەوانەوە هان درام کە دەست بکەم بە فێربوونی کولتووری نوێ و وڵات بەجێبهێڵم، لە ساڵی ١٩١١ هاتم بۆ کۆنستانتینۆپل(ئەستەمبووڵ) بۆ لیسە(خوێندنگەی ئامادەیی)ی شایانەی تورکیا(Turkish Imperial Lyceum). لە ساڵی ١٩١٣ خوێندنی لیسەم تەواوکرد و چووم بۆ ئاڵمان بۆ تەواوکردنی خوێندنی پزشکی. باوکم وای دانابوو هەموو مانگێک ٧ پاوندم لیرەی ستێرلینگی ئینگلیسی بۆ بنێرێ، بەڵام لە ساڵی ١٩١٥ نەهاتییەکی گەورە تووشی بنەماڵەی من هات و باوکم چیدیکە لە وزەی دانەبوو پارەم بۆ بنێرێ. جا بۆیە لە ساڵی ١٩١٦ گەڕامەوە کۆنستانتینۆپل لە Rote Halle Mond دا بووم بە ئاسیستانت. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا کۆتاییم بە کار وخزمەتی خۆم لەوێ هێنا و وەک خوێندکار چوومە کالیجی پزشکی. ئەو دەمی ئەمن لەگەڵ خێزانێکی تورکی خەڵکی سالۆنیک هەڵسوکەوتم هەبوو، و لە ساڵی ١٩١٩ بەپێی دابوشوێنی ئورووپایی، کچە گەورەکەیانم مارەکرد. باوکی ژنەکەم لە ماوەی ساڵانی خوێندنمدا یارمەتیی بەرەو پێشچوونی دا بووم. ئەو لە ساڵی ١٩٢٠دا سەری نایەوە. لە یەکی سێپتامبری ١٩٢٢، ئەمن خوێندنی خۆم تەواوکرد و ئێستا لە نەخۆشخانەی ئێرانیدا ئینتێرنم. کچێکی نۆ مانگانەم هەیە، ناوی Gea-let(ئەهال)ە، ژنەکەم تەمەنی ٢٢ ساڵە و ناوی ئەدیدە یە. ئەو لە بنەماڵەیەکی چینی مامناوەنجییە، و لە سالۆنیک لە خوێندنگەکانی بەرزی پزشکی خوێندوویەتی. باوکی لە وەزارەتی خزمەتی گشتی (Public Department) تورکیادا کاربەدەست بوو. دایکی خێزانم هێشتاش زیندووە و دوای مردنی مێردەکەی شووی کردووەتەوە. هاوسەرم زۆر خوێندەوار و بە کولتوورە و فەرانسەییەکی زۆر باش دەزانێ. ئێمە زۆرجار بەیەکەوە ئینجیل بە تورکی دەخوێنینەوە. ئەمن زمانی کوردی فێر دەکەم و ئێستا هێندێک کوردی حاڵی دەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا هاوکارێکی بە نرخی من بێ بۆ پەروەردەکردنی ژنی کورد.

ئەم کاتە بەدەرفەت دەزانین و من وهاوسەرم سڵاوی مەسیحییانەی خۆمان بۆ ئێوە دەنێرین، هەروەها Gealet (ئەهال)ی وردیلانەش، کە بەگەرمی دەستتان ماچ دەکا. ئەو داخوازی کەرەمی باریتەعالا بۆ خۆی وگەلەکەیەتی.

دۆستانی دڵسۆزی ئێوە،

خانم و دوکتور مستەفای قازی

**کوردەستان میشنیری، ساڵی ١٥، ژمارەی ٨، نووتی ١٩٢٣، ل١١٦-١١٧**

**کۆچی دوایی یای قازی**

لە ژمارەی فێڤرییەی ساڵی١٩٢٣دا ئێمە ئەو هەلەمان دەست کەوت کە ئەو زانیارییە بیۆگرافییەی خوارەوە کە لەلایەن مێردە کەیەوە مستەفای قازی نووسرابوو بڵاوبکەینەوە:

«ژنەکەم تەمەنی ٢٢ ساڵە و ناوی ئەدیدە یە. ئەو لە بنەماڵەیەکی چینی



خوێندکار قازی و ژنی لەگەڵ میسیونێرێکی کۆمەڵەی سوێدی لە سەر دیواری ٥٠ پایی کۆنستانتینۆپل

مامناوەنجییە، و لە سالۆنیک لە خوێندنگەکانی بەرزی پزشکی خوێندوویەتی. باوکی لە وەزارەتی خزمەتی گشتی (Public Depart-ment) تورکیادا کاربەدەست بوو. دایکی خێزانم هێشتاش زیندووە و دوای مردنی مێردەکەی شووی کردووەتەوە. هاوسەرم زۆر خوێندەوار و بە کولتوورە و فەرانسەییەکی زۆر باش دەزانێ. ئێمە زۆرجار بەیەکەوە ئینجیل بە تورکی دەخوێنینەوە. ئەمن زمانی کوردی فێر دەکەم و ئێستا هێندێک کوردی حاڵی دەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا هاوکارێکی بە نرخی من بێ بۆ پەروەردەکردنی ژنی کورد.

ئەم کاتە بەدەرفەت دەزانین و من وهاوسەرم سڵاوی مەسیحییانەی خۆمان بۆ ئێوە دەنێرین، هەروەها Gealet (ئەهال)ی وردیلانەش، کە بەگەرمی دەستتان ماچ دەکا. ئەو داخوازی کەرەمی باریتەعالا بۆ خۆی وگەلەکەیەتی.»

لە نامەکانی ئەو ئاخریانەی دا دوکتور قازی باسی ناساغی یای قازی کردبوو و پەژارەی خۆی دەربڕیبوو لەوەی کە بە زوویی ژمارەی ئەفەسی هاوسەری ئاخرین دەبێ. لە قووڵایی دڵەوە هاودەردی خۆمان لەگەڵ دوکتور قازی و Galeی پچکۆلانە دەردەبڕین و کۆچی دوایی یای قازی کە ڕۆژی شەمۆ، ١٦ی ژووەن ماڵاوایی لێکردین ڕادەگەیێنین.

ئێمە دڵنیاین و لەو بڕوایەداین کە یای قازی جێگەی بەهەشتە. دەزگای میسیۆنی ئێمە هاوکارێکی وای لە دەست داوە کە ئێمە هومێدی ئەوەمان پێی بوو کەلکێکی زۆری بۆمان هەبێ. بەڵام ئەوە هەر خودا خۆیەتی کە دەزانێ کاری هەرە چاک چییە، و بە پشتیوانی وی چ ئێمە و چ دوکتور قازی هەوڵ دەدەین کە کاروبار بەباشی جێبەجێ بن بۆ چاکەی ئەوانەی کە ئەویان(خودایان) خۆش دەوێ.

*

دۆستانی خۆشەویستی میسیۆن

با لە نوێژ وپاڕانەوەی خۆماندا دوکتور قازی وGaleی پچکۆلانە لەبیرنەکەین، وە ئەگەر ئێوە پێتان خۆشە بەشەخسی هاودەردی خۆتانی پێڕاگەیێنن، دەکرێ بەم ئێونیشانەی خوارەوە نامەی لێ بنووسن:

Dr, Mustafa Kazi
Sultan Ehmed, Nachilbend 1-3
Constantinople, Turkey

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٥، ژمارەی ٩، سێپتامبری ١٩٢٣، ل١٣٦**

دەرگا ئاواڵەیە و ڕێگا کراوەتەوە دەی بەرەو کوردستان!

... لە نامەی دوکتور قازی دا کە بە تەئریخی ٢٩ی ژوویيەی(١٩٢٣) لە کۆنستانتینۆپل ڕا ناردوویە (ئەو بەشانەی خوارەوە باس دەکەین): «مانگێک لەمەوپێش ئەو سەد دۆلارەی بۆتان ناردبووم لە ماڵی ئینجیل(Bible House)م وەرگرت. تکایە سپاسی بێ پایانم وەربگرن! ئەمن بڕیارم داوە لە نیوەی دووهەمی مانگی سێپتامبردا بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم. بۆ ئەو مەبەستە ئەمن نیازم بە خەرجی سەفەر هەیە، هەروەها ئامرازی (پزشکی) و بڕێک دەرمان، چونکوو هەر دووکیان زۆر پێویست دەبن».

دوکتور قازی داوای مەبلەغێکی کەمی ٢٥٠٠٠دۆلاری دەکا و بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە نرخی گۆڕینەوەی دۆلاری ئامریکایی ئێستا زۆر لەبارە پێیوایە ئەو مەبلەغە بەش دەکا...

ـ ن. جێی. لۆر، سەرۆک

میسیۆنی لووتری ڕۆژهەڵات

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٥، زمارەی ١٠، ئۆکتۆبری ١٩٢٣، ل١٤٩–١٥٠**

**دوکتور مستەفای قازی لە ئاستارا یان ئەنزەلی لەگەڵ دوکتور شالک یەکدەگرنەوە**

لە ٥ی سێپتامبر ئەمن تێلگرامم بۆ دوکتور شالک نارد: «ستێندر» تێلگرامی بانکی نەتەوەیی، بێرلین(Stender cables National Bank, Berlin)، سێ هەزار دۆلاری ئامریکایی[م بۆ ناردی]. لەتەک قازی دا یەک بگرنەوە. "لە نامەکەی دوکتور شالک ڕا کە لە خوارەوەدا دێ دەردەکەوێ کە ئەو پەیامەی بە وەختی خۆی پێگەیشتووە بۆ ئەوەی بگاتە ئاخر کەشتی بە ڕێگەی پێترۆگرادا. ئەمن بە خوێندنەوەی نامەکەی شالک دڵم ئۆخژنی هات، دیارە ئێوەش ڕادەتلەکێنێ. با هەموومان شوکرانەبژێری باریتەعالا بین بۆ ئەوەی کارێکی ئەوتۆی کرد وەڕێکەوتنی کەشتییەکە وەدرەنگی بکەوێ تا ئەوەی شالک بتوانێ خۆی ئامادە بکا! با لە خودا بپاڕێینەوە کە سەفەرەکە هەم سڵامەت وهەم خۆش بێ بۆ میسیۆنێرەکانمان.

ئێمە لە ژمارەی مانگی ئووتی «کوردستان میشنێری»دا هەواڵی کۆچی دوایی مادی (Madi) ـ لە وێدا نەدیدە نووسراوە، تێبینی وەرگێڕ ـ ژنە تورکە گەنجەکەی قازیمان بڵاوکردەوە، لە نامەیەکی زۆر تازەتردا دوکتور قازی دەڵێ: «ئەمن دڵنیام کە ژنەکەم بە ودمی باوکمان [خودا]و کوڕەکەی[عیسای مەسیح] ژیانی ئەبەدی وەدەست هێناوە. بەڵام لەشی شیاوی مەرگی ئێمە بەرگەناگرێ، و وەک ئەوعی بەشەر لە خودا و باوک دەپاڕێتەوە و داوای جەزادان دەکا. لەبەر ناساغی و لەرز و تای ئەپساوە لە لایەن ئەخۆشخانەکەمانەوە دوو مانگم مۆڵەتی حەسانەوە درایە. جارێ لە کۆنستانتینۆپلم. ئەگەر ڕێبکەوێ بە جوورێک سەفەرێکی بروس (Brous) ـ بورسا ـ لە ئانادۆڵی دەکەم(لە نامەی تەئریخی یەکی سێپتامبر)

لە نامەکەی خۆیدا بە تەئریخی ٨ ی ئووت دەنووسێ:

«ئەمن بەم زووانە نامەیەکی گودهارت م پێگەیشت کە دەڵێ ئەوان لە تەورێز چاوەڕێی میسیۆنێرەکان و من دەکەن. ئێستا وەختی کارکردنە، وە بە ئیزنی خودا دەست بەکار دەبین».

لە باسی یای قازیدا دەڵێ: «تکایە ئەو پەڕی سپاس وپێزانینی من لەبەر وشەی مێهرەوانی هاودەردیتان قەبوڵ بکەن. لە ڕاستیدا، ژنەکەم هەتا بڵێی بە ئیمان و لە خوداترس بوو و هەتا ئاخر دەمی ژیانی هێمن و لەسەرەخۆ بوو». دیارە **"سزای گوناهان مردنە؛ بەڵام دیاری خودا ژیانی ئەبەدییە بە ڕێگەی عیسای مەسیح دا گەورەی هەموو لایەکمان"[سورەی]ڕۆم، [بەشی]٦: [دێڕی]٢٣.**

دوکتور شالک لە نامەی ١٩ی ئووتی ١٩٢٣ی خۆیدا دەنووسێ:

سەبارەت بە وەڕێکەوتنم بۆ ئێران، ئەمن ئەوە خەبەری ئەسەحتان بۆ دەنێرم. لە سایەی خودای مەزنەوە ئەمن دوو دۆستی چاکم پەیدا کردوون، بەڕێوەبەری شەریکەیەکی کەشتی ئاژۆتن، ئەگەرچی بە زەحمەتێکی زۆریشەوە، بەڵام توانیویانە ئیجازە لە حکوومەتی ڕووسیا وەربگرن کە دوکتورێک لەتەک خۆیاندا سوارکەن لە کەشتییەکدا کە لە هامبورگەوە وەڕێدەکەوێ بە پێترۆگرادا تێدەپەڕێ، بەرەو ڤۆلگا هەڵدەکشێ و بە ئاستەرخان (هەشتەرخان!!) و باکان(باکۆ)دا دەڕوا و دەگاتە ئەنزەلی لە ئێران. ئەوە ڕێگەی هەرە هێمنە، بەتایبەتی بۆ ئامراز و کەلوپەلەکانم، کە لە کیسچوونیان باسی سەرە. ئەمن ئێستا "ڤیزای ترانزیتی" حکوومەتی ڕووسیام هەیە و تا ٢ی مانگی ئۆکتۆبر بڕ دەکا. ئەمن هەروەها ئیجازەی تایبەتیم بۆ بردنی ئامراز وکەلوپەلەکانیشم بە دەستەوەیە. هەموو شت ئامادەیە جگە لە پارە نەبێ. ئەوەش بۆمن مایەی خەفەت وپەژارەی سەفەری ئەمساڵە، چونکوو ئاخر کەشتی هەڵم لە نیوەی یەکەمی مانگی سێپتامبردا وەڕێدەکەوێ بەر لەوەی ئاوی دەریا بیبەستێ. بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانم بە ساغی بگەنەجێ ئەوە تەنیا ڕێگەی سەفەرکردنە، ئەگەر ئەمن ئەمساڵ نەتوانم بەم ڕێگەیەدا بچم دەبێ ئامراز وکەلوپەلەکانم هەتا بەهارێ لە ئاڵمان بێننەوە، چونکوو شانسێکی دیکەمان هەیە کە لەوێوە بە ڕێگەی کۆنستانتینۆپل و باتووم دا بچین. ئەوە ڕەنگە گیروگرفتمان بۆ ساز کا. چونکوو لە "ڤیزا ترانزیتی"یەکەدا نووسراوە بە ڕێگەی پێترۆگرادا. ئەگەر بە بێ کەلوپەل و ئامراز بڕۆم هیوادارم لە تەورێز تا بەهار دەگاتێ لەگەڵ دوکتورەکانی پرێسبیتاری (Presbyterian) کاربکەم. ئێستا هەموو شت بە دەست ئێوە یە بەڵام تکایە ئامۆژگاری من لەبەرچاو بگرن، چونکوو ئەمن لێرەوە زۆر چاکتر لە هەلومەرجی ڕاستەقینە ئاگادارم. لەبەر خاتری خانمەکان ئەمن پێمخۆشە دەست بەجێ وەڕێکەوم، ئەگەرچی پێمخۆش نییە بە بێ ئامراز و کەلوپەلەکان بڕۆم و ئیمکانی ونبوون و لەکیسدانیان بە ڕێگەی باتووم و تفلیس دا یەکجار زۆرە.»

**کوردستان میشنێری، ساڵی ١٥، زمارەی ١٠، ئۆکتۆبری ١٩٢٣، ل١٥٠**

**دوعای چاکە بۆ دۆستانی میسیۆن بکەن**

هامبورگ ١٢ سێپتامبری ١٩٢٣

«تێلگرامەکەی ئێوە پێنج ڕۆژ لەمەوبەر گەیشتێ... ئەمن خەریکی خۆئامادەکردن بۆ سەفەر بووم، تا ئێستا ٤١ سندووقم پێچاوەتەوە، هتد... ئەمساڵ ئەوە ئاخر دەرفەت بوو. وەک دەزانی ئەمن هەر لە خەمی ئەوەدا بووم کە ئامراز و کەلوپەلەکانم بە ڕێگەیەکی هێمندا لەگەڵ خۆم بەرم، کەشتییەکی هەڵمی دی لە مانگی مای، ساڵی١٩٢٤ وەڕێدەکەوێ، وە ئەمەی دیکەیان ئەمڕۆ لە هامبورگەوە ڕێگە دادەگرێ! ئەمن ئامراز وکەلوپەلی ئەوتۆم پێیە ١٢٠٠دۆلارم پێداون و هێندێکیشیان لە سەر قەرزدارم کە دوای ڕۆیشتنم دەدرێ. بازرگانێکی ئێرانی کە لە بێرلین چاوم پێی کەوت پێی گوتم: "ئەگەر ئەتۆ بار وبەندیلەکەت بە ترێنی... بە ڕێگەی... (ڕێگەکەی تر)دا بنێری سندووقەکان دەگەنە مەقسەدی خۆیان بەڵام لە ئەنباران سەر دەردەهێنن.»...

... لەگەڵ قازی وا ڕێککەوتووین لە ئاستارا یان نووساتیک(؟)(Eusatic) یەک بگرینەوە.

(بەشێک لە نامەی دوکتور هێرمان شالک بۆ ن. جێی. لۆر)

□□□□

# «گزینگ»ی ژماره ١٣، نامۆ له ناوەرۆکی

**کەریم حیسامی**

**گۆڤاری** بەرێزی **گزینگ** لەژمارەی پێشوودا مزگێنی دابوو بەخوێنەرەوان کە ژمارە ١٣ی پاییزی، ژمارەیەکی تایبەتی دەبێ بۆیادی پەنجاساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان(یا بەقەولی کاک مەحمودی مەلاعزەت « جمهووریەتی کوردستان»ی ١٩٤٦).

دوکتور ئەمیری حەسەنپوور، ١٤ی ئاوریلی ٩٦ لە نامەیەکی دۆستانەدا بۆی نووسیبووم «...رەنگە لەژمارەی تازەی گزینگ دا خوێندبێتەوە کە ئەمن بوومەتە «سەرنووسەری میوان» بۆئامادەکردنی ژمارەی تایبەتی بیرەوەری پەنجاساڵەی کۆماری کوردستان. جادەمەوێ داوای نووسینی بابەتێکت لێبکەم، شتێکی چاپ نەکراو وتازە.»

بەداخەوە نامەکە کاتێ گەیشتبوە ستۆکهۆڵم کە من لەبولغاریا بووم. نامەکەیان بۆ ناردبوومە بولغاریا، تاگەیشتبووە سۆفیا من گەڕابوومەوە و نامەکە نەگەیشتە دەستم. تالەم ڕۆژانەدا کەمال نامەکەی بۆهێنابوومەوە وگزینگیش دەرچووبوو، بەداخەوە من لەبەشداریکردنی ئەم ژمارەیە بێ بەش بووم. ئێستا کەوا گزینگ دەرچووە، دەمەوێ بەشێوەیەکی تر بەشداری بکەم.

چاوەڕوان دەکرا ژمارەی تایبەتی گزینگ، بەراستی نێوەرۆکی وەڵامدەری یادی (یوبیلی ئاڵتونیی) ئەم ڕووداوە مەزنەی مێژووی نەتەوەی کورد ـ پەنجا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بێ، یا وەڵامدەری سەرخەتەکەی خۆی بێ.

باسەیرێکی بەرگی دەرەوەی گۆڤارەکە بکەین و سەرپێییش دەورێک بەنێو وتارەکانیدا لێبدەین و بزانین گزینگی ژمارە ١٣چەندە لەگەڵ داب وشوێنی(یوبیلی ئاڵتونیی) ڕووداوێکی ئاوا مەزن دێتەوە و چەندە ئەم ئەرکەی بەتەواوی بەجێ هێناوە؟

وەک دەزانین داب وایە و بووەتە باو، لە یادی (یوبیلی زێرینی) ڕووداوەکانی مێژوویيدا، وەک ٥٠ساڵە و١٠٠ساڵە و ڕۆژی ئاوا مێژوویی، سەرخەتی ڕۆژنامە وگۆڤارەکان بەخەتی سووردەنووسرێن و بەرگی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەم بۆنەوە دەردەچن، بەرەنگی شاد و وێنە ودیمەنی جوان دەڕازێننەوە. بەبۆچوونی من باشتربوو بەرگی دەرەوەی گۆڤاری گزینگی ژمارە١٣ بۆ یادی تێکچوونی کۆماری کوردستان(واتە بۆ١٩٩٧/١/٢٢)ڕاگیرابایە تاپەژارە و پەرۆشیی سەرنووسەری میوان و بەرپرسی گزینگی بەبۆنەی لەدەستچوونی ئەم دەسکەوتەمەزنەی کوردی نیشاندابایە. بەڵام بەداخەوە ئەوان دابی تازیە و پەژارەیان بۆ یادی ٥٠ساڵە(یوبیلی زێرینی) دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕەچاوکردووە.

چاوەڕوان دەکرا وتارەکانیش بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی گرینگی پێکهاتنی ئەم کۆمارە تەرخان کرابان. چونکە لەمێژووی چەند سەدساڵەی ژیانی کورددا، تائێستا کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نەبووە کە دوور بێ لەژێردەستی و بەستراوەیی و کۆمار و سەرکۆمار ودەوڵەت و ئاڵاو ئەرتەشی میللی ودام ودەزگای کولتووری وکۆمەڵایەتی خۆی هەبێ و چارەنووسی خۆی با بۆماوەیەکی کورتیش بێ بگرێتەدەست. ئەو ئەمیروحاکم وئەماراتی سەرنووسەری بەرێز لەسەروتاری گزینگدا باسیان دەکات، بەبۆچوونی من، (بە بابان و ئەردەڵانیشەوە) لەگەڵ ڕێزم بۆهەموویان ، بندەست وکوێخای ئیمپراتوری قاجار وعوسمانی بوون، بەزوڵم و زۆر لەکۆمەڵانی خەڵک، یا بەبەرتیل و نۆکەری بۆ پاشاکانی ئێران و تورک خۆیان ڕاگرتووە و هەرکاتێکیش دەرباری قاجار وعوسمانی ئیرادەیان کردبێ، لایان بردوون و یا گیراون و یا کوژراون. دەسەڵاتی ئەو ئەمیر و ئەمارەتانە نە شێوەی دابوڕەسمی دەوڵەتی هەبووە، نەهەڵبژێراوی خەڵک بوون ونەهیچیشیان بۆکوردوبەناوی کورد کردووە. دیارە زۆریش ئازابوون وبۆمانەوەی دەسەڵاتیان بەسەرعێل وعەشیرەت ویاناوچەی بەردەستی خۆیاندا، هەزاران کەسی ڕەش ورووتی کوردیان بەکوشت داوەوچەند ساڵیش وەک کاک ئەمیر دەڵێ خۆیان ڕاگرتووە. کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ لەکوردستانی ئێران لەگەڵ هەمووی ئەوانە فەرق وجیاوازی هەبووە و لەمێژووی خەباتی کوردیشدا تاقانەبووە.

### گەشتی نێو وتارەکان

لەپێشدا دەمەوێ بڵێم هەموو وتارەکانی ئەم ژمارەیە، هەریەک لەجێی خۆیدا پڕ بایەخ و زانستی و بۆ خوێنەر تام وچێژی خۆیان هەیە و سوودیان لێ وەردەگیرێ. زەحمەت وتێکۆشانی نووسەرانیان جێگای سوپاس و پێزانینە. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە هێندێ لە وتارەکان پێوەندییان بە یادی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کورددستانەوە نییە و دەکرێ ئەم جۆرە وتارانە لەهەرکات و ژمارەیەکدا بڵاوبکرێنەوە. هێندێکیشیان جێگای دم بەدمەی دۆستانەن و یا تێکهەڵچوونی بیروڕای جیاوازن.

با ڕوونتر بەسەریاندا بچینەوە و لەسەرەتاوە لەخزمەت بەرێز دوکتور گوڵموراد مورادی دا ئیستەیەک بکەین.

١) **بۆچوونەکانی** دوکتور مورادی کە بەچەشنی وتووێژ لەگزینگی ژمارە١٣دا بڵاوکراونەوە و ئەو بەشانەی پێوەندییان بە بواری مێژوویی خەباتی گەلی کوردەوە هەیە، هەرچەندە شتی تازەیان تێدا نییە، بەڵام بەگشتی بۆ خوێنەرەوە تام وچێژی خۆیان هەیە. بەڵام ئێمە باسەکەمان لەسەربۆچوون ولێکدانەوەی کۆماری کوردستانە. لەم بەشەدا ئەوەی جێگای شوکرە ئەوەیە دوکتور مورادی لەئاخافتنی وتووێژیدا، هەڵەکانی نێوکتێبەکەی ڕاست کردووەتەوەو وازی لە بەکارهێنانی واژەی(جمهوری مهاباد)هێناوە.

دوکتور موورادی لەکتێبەکەیدا بەزمانی ئاڵمانی کە زەحمەتێکی زۆری لەسەرکێشاوە و دانەیەکیشی بۆ من ناردووە وگزینگیش هەرلەم ژمارەیەدا ناساندوویەتی، هەرلەسەرەتای ناولێنانی کتێبەکەوە تووشی ئەم هەڵەیە بووە کە زۆربەی نووسەرانی کورد تووشی هاتوون و ناوی کۆماری کوردستانیان بە(کۆماری مەهاباد) ناونووس کردووە. لە تەواوی نێوەرۆکی کتێبەکەشدا ئەم هەڵەیە دووپات کراوەتەوە. جگە لەوە دوکتور موورادی کوتوپڕ حوکمی (خودموختاری) بەسەرکۆماری کوردستاندا دەدا، بێ ئەوەی تاقە بەڵگەیەک لە بەڵگە ودوکۆمێنت و نووسراوەکانی کۆمار نیشانبدا، کەباسی خودموختارییان کردبێ.

ئەوەی کە هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران ودەزگای ڕاگەیاندنی ئیمپریالیستەکان، کۆماری کوردستانیان بەدەستکردی سۆڤییەت وکۆمۆنیست وجیاوازیخواز و ناووناتۆرەی تر ناوبردووە و دوکتور موورادیش لە وتارەکەیدا باسی کردووە، جێگای باسی ئێمە نییە.

ئەوەی ناکرێ مرۆڤ لەگەڵی هاودەنگ بێ، ئەم بۆچوونەیە کە دەنووسێ: «ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە نێو و بەکردەوەش حکوومەتی خودموختاری...»[۱]

وەک ئاشکرایە، دەزگایەک و قەوارەیەک بەناوی (کۆماری کوردستان) ڕاگەیەنراوە و لەمیتینگێکی بیست هەزار کەسیدا سەرکۆمار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەدوای ئەوەدا هەیئەتی دەوڵەت لە١٤وەزیر دیاری کراون. لەتەواوی بەڵگە و نووسراوەکانی کۆماریشدا ناوی( حکوومەتی میللی کوردستان) بەکارهاتووە. لەجێگایەک نەبێ سەید محەمەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان لەوتارێکی سەرزاریدا وشەیەکی خودموختاری لەزاری دەرپەڕیوە و بووەتە بەڵگەی شەرعی بەدەست کاک مەحمودی مەلاعزەت ەوە کەکۆماری کوردستان بکاتە خودموختاری. ئەگینا لە هیچ بەڵگە و نووسراوەیەکی کۆماردا (دووپاتی دەکەمەوە کۆمار، نەک حیزبی دێمۆکرات) وشە و زاراوەی خودموختاری بەکار نەهاتووە و نابینرێ. دیار نییە دوکتور موورادی بەڕێز( حکوومەتی خودموختاری) لەکوێوە هێناوە؟

سەرنج ڕاکێشترئەوەیە کە دوکتورموورادی بەڕێز دەنووسێ: «کۆماری کوردستان بەکردەوە (حکوومەتی خودموختار)بووە».

باُبزانین کردەوی کۆماری کوردستان چی بووە؟ کە لەگەڵ خودموختاری هاتبێتەوە؟ **پێکهێنانی حکوومەتی میللی، واتە هەیئەتی دەوڵەت، یا هەیئەتی وەزیران، پێکهێنانی ئەرتەشی میللی کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەپێچەوانەی ئاڵای ئێران، گۆڕینی ناوودەرجەی ئەفسەرانی ئەرتەش، پاککردنەوەی ناوچە ومەڵبەندی ژێردەسەڵاتی کۆمار لەدامودەزگای حکوومەتی ناوەندی تاران، پاراستنی دەسەڵاتی نیزامی و سیاسی و ئابووریی حکوومەتی میللی لەناوچە و مەڵبەندەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان، دانانی یاساوداب‌ورەسمی تایبەتیی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواری لەمەڵبەندی ژێردەسەڵات، بەستنی پەیمانی دۆستی وئابووری و نیزامی لەگەڵ حکوومەتی بێگانە...** ئەوانە کردەوەی کۆماری کوردستان بوون، تۆبڵێی ئەوکردەوانە لەگەڵ داب وشوێنی خودموختاری یەک بگرنەوە؟ باوەڕناکەم.

دوکتورموورادی بۆ پشت قایمکردنی(خودموختاری)کۆماری کوردستان ئیشارە بە وتووێژی ڕۆژنامەی شەهبازی تاران دەکا لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد کە «بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان»ی لێکداوەتەوە ولەکۆتاییدادەڵێ: «خەیانەتکاران بۆ حاشاردانی پیلانی ڕەشی خۆیان وە بۆ ئەوەی ئێمە بەزۆر لەناوبەرن دەڵێن کوردستان سەربەخۆیی گەرەکە. دەوڵەتی ناوەندی ئەوەندە ئازەربایجان وکوردستان بەجیاوازخوازی تاوانبار دەکا کە ئاخری...»[۲] دوکتور موورادی ( ئاخری)یەکە لێک ناداتەوە. بە بۆچوونی من، وشەی(کەئاخری...) یانی ئەوەندەمان بەجیاوازخوازی تاوانباردەکەن کە ئاخری جیادەبینەوە. ئەم وشەیە ناتوانێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێ.

بەڵام با بزانین قازی محەمەد کەنگێ و لەکوێ ئەم قسەیەی کردووە. جارێ دەبێ بزانین وتووێژی ڕۆژنامەگەریی ودەربڕینی سیاسی لەگەڵ بڕیاردان فەرقی زۆرە. پاشان ڕۆژنامەی شهباز ١٩٤٥/١٢/٣١ ئەم وتووێژەی بڵاوکردووەتەوە، واتە ٢٢ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان. بەڵگەیەکی دیکەی بەڕێز دوکتورموورادی و هەموو ئەوکەسانەی بۆ هێنانەخواری پایەی مێژوویی کۆماری کوردستان بە خودموختارییەوە نووساون، بەیاننامەی ٨ مادەیی( نەک بەرنامە، چونکە بەرنامە دەبێ لەلایەن ئۆرگانێکی ڕەوایییەوە پەسند بکرێ) حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە کە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ دا بڵاو کراوەتەوە.[۳] دیارە مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتیش کە دوای کۆنگرە لەدیسامبری ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە باسی خودموختاری دەکات. بەڵام لەسەرەتاوە دەڵێ: «لەسەردەمی ئێستادا»، سەردەم دەکرێ بە زۆرجۆر مانا لێکبدرێتەوە، سەردەم بۆ ساڵ و سەدە و ڕۆژ ومانگ وکاتیش دەبێ. گیروگرفتی ئەم نووسەرانە و ئەوکەسانەی کە بەخودموختاری بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتەوە نووساون لەوە دایە کەسەرنجی ئەم گۆڕانکارییانە نادەن کە لەماوەی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتەوە تادامەزرانی کۆماری کوردستان بەسەر بارودۆخی ناوچە و ڕووداوەکاندا دێن. لەم ماوەیەو لەژێر کارکردی ئەم گۆڕانکارییانە دایە کە بە سەر بەرنامەی خودموختاری و ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتیدا بازدەدرێ و ئەم دروشمە لەسەرکاغەز دەمێنێتەوە وکۆماری سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنرێت .

باسەیری هێندێ بەڵگە ونووسراوەی خۆیی و بێگانە بکەین.

«... ڕۆژی ١٢ی دیسامبری ١٩٤٥ هەوەڵین کۆبوونەوەی مەجلیسی میللی ئازەربایجان کرایەوە. قازی محەمەدیش چەند نوێنەری ناردە ئەومەجلیسە. بەڵام کاتێ کە نوێنەرانی کورد لە هەوەڵین کۆبوونەوەدا بۆیان دەرکەوت کە ئازەربایجانیان نایانەوێ سەربەخۆیی کوردستان بەرەسمی بناسن، بە دەستووری قازی محەمەد گەڕانەوە بۆ مەهاباد و قازی محەمەد دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستانی ڕاگەیاند و ڕۆژی ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ لەکۆبوونەوەیەکدا بە بەشداری حەشیمەتێکی زۆری شار و دێهات وەک سەرۆکی ئەوکۆمارە هەڵبژێردرا.[٤]

«...پاش بڕانەوەی قسەوباسی (سەیفی قازی) لەتەورێز لە١٢کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە لەسەرۆک عەشایرەکان و ئەهلی ناوشار وقوتابییانی قوتابخانەکان لەناوشاری سابڵاخ کرا، قازی محەمەد بڵاوی کردەوە کەوا لەم تاریخە بەدواوە سابڵاخ وکوردەواری لەحکوومەتی تاران جیابۆوە و لە ئێستە بەدواوە اعلانی سەربەخۆیی کرد.»[٥]

«...لەتەورێز پیشەوەری بە قازی دەڵێ: بۆچی لەکاتێکدا ئازەربایجان خودموختاری ڕاگەیاندووە، ئێوە دەوڵەتی سەربەخۆتان پێکهێناوە. قازی لەوەڵامدا دەڵێ: لەم بارەوە پێشتر لەگەڵ یەرماکۆڤ وتووێژکراوە و خۆشی لە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی جەمهووری دا بەشدار بووە.[٦]

با بزانین قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان لەوتارێکی خۆیدا دەڵێ چی؟

«... ئەورۆ کە ئەمە ئیستقلالمان دەوێ، پێویستە کە هەموکارێک خۆمان جێ بەجێی بکەین. ئەوەڵێ ئیدیعای خۆمان کرد کە لەحدودی دەوڵەتی

ئێراندا خودموختاریمان دەوێ یانی ئێران ئیحتیاجی ئەمە رەفع بکا ومیللەت کارێ بکا. دوودەفعە لەلایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزییان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ ئەمن پێشنهادی وانم قەبوڵ نەکرد. چون میللەتی کورد چوارساڵە کەخودموختارە وداوای ئیستقلال وتێک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بووکە ئێمە بەخودموختاری رازی بین چونکو کە مودەی ئەوچەند رۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نواندووتانە وێنەیەکی حەساس وکامیلە دەبێ دنیابزانێ کەکورد لیاقەتی ئیستقلال و سەربەخۆیی هەیە.»[7]

جگە لەوانە، بابزانین رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێمۆکرات رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چۆن باسدەکات:

«...جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان»[8]

پێشەوا قازی محەمەد لە وتاری رۆژی دووی رێبەنداندا دەڵێ: «... بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کردو ئیدامەمان بە فەعالیەتی خۆماندا تا ئیستقلال وئازادی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا...»[9]

«...جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان ــ بەبۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان»[10]

سەیرێکی وتاری ئەوکەسانە بکەین کە رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان وتاریان داوە. تەنانەت یەک کەسیش وشەی خودموختاری بەسەرزماندا نەهاتووە. هەموویان رۆژی ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان پیرۆزبایی دەکەن. تۆبڵێی وشەی خودموختاری یان نەزانیبێ باسی بکەن؟!

پاشان سوێندی قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان. پێشەوا لەسوێندەکەیدا دەڵێ: «... ئەمن بەکەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بەشەرافەتی میللی کورد، بە ئالای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرهەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخرین تنۆکی خوێنم بەگیان و بە ماڵ لەرێی راگرتنی سەربەخۆیی وبەرزکردنەوەی ئالای کوردستاندا تێبکۆشم»[11]

دوکتور مورادی هەڵکردنی ئالای کوردستان لەگەڵ فیدراتیڤی سویس وئاڵمانی فیدراڵ بەرئاورد دەکا کە هەرکامیان ئالای جۆربەجۆریان هەیە ولەژێردەسەلاتی دەولەتێکی ناوەندیدا دەژین. بەم بەرئاوردە ئالای کۆماری کوردستان بە ئالای (حکوومەتی خودموختار) دادەنێ.

پرسیارەکە ئەوەیە: داخواکانتۆنەکانی سویس و ناوچەکانی ئاڵمانی فیدراڵ ئەرتەشی جیاوازیان هەیە؟ بێگومان وەلامەکەی (نا)یە. پاشان ژێردەسەلاتی دەولەتی ناوەندی لەسویس و ئاڵمان بەگوێرەی دەنگدانی گشتی خەڵک و یاسا و رێ و شوێنێکە لەلایەن پارلمانەوە پەسندکراوە. خودموختاریش بەگوێرەی پەیمان و رێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و پەسندکردنی یاسا و رێ و شوێنی ناوچەی خودموختار دێتە کایەوە. کەوابوو فەرقی نێوان کانتۆنەکانی سویس و ناوچەکانی ئاڵمان لەگەڵ بارودۆخی کوردستان یەکجار زۆرە.

یەکەم: کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦لە کوردستانی ئێران، نەک هەر بەگوێرەی رێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی تاران نەبووە، بەڵکوو راست بەپێچەوانەی ویست ودەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی دامەزراوە ودەسەلاتی حکوومەتی ناوەندیشی لەکوردستانی ژێردەسەلاتی خۆی پاک کردووەتەوە.

دووەم: دامودەزگای کۆماری کوردستان هیچ ناوێکی (خودموختاری) یان لەسەر نەبووە.

دوکتور مورادی و نووسەرانی دیکەش کەلە خودموختاری زیاتر بەکورد رەوا نابینن، لەهەلومەرجی پێش ٥٠ساڵدا سنووری دیاریکراو وناسینی رێکخراوی دەولەتە یەکگرتووەکان( نەک نەتەوە یەکگرتووەکان) و خاوەنی دەسەلات بۆ بوونی دەوڵەت دیاری دەکەن ئەویش لەماوەی ١١ مانگدا!

پێویستە بگوترێ، لەهەلومەرجێکی ئاوا ئاڵۆزو پرکێشەی خۆجێیی و ناکۆکی نێوانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دەسەلاتدار بەسەر ئێراندا، سنووری دیاریکراو هەرئەومەڵبەندەیە کە حکوومەتی میللی کوردستان دەسەلاتی بەسەردا هەیە. دیارە پان و بەرینی وکەم و زۆری خاکی ژێردەسەلات مەرجێکی سەرەکی نییە. ئەگەر مەڵبەند و سنووری ژێردەسەلات مەرجی سەرەکی بوونی دەوڵەت بێ، بۆ خودموختاریش هەر وایە کە لایەنگرانی خودموختاری خۆی لێ بێدەنگ دەکەن. پاشان لەمێژوودا زۆرجاری وا هەڵکەوتووە کە نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی پێکهێناوە وچەندساڵیش پێچووە دەوڵەتە یەکگرتووەکان نەیان ناسیوە.

ناونانی کۆماری کوردستان بە(خودموختاری) شێواندنی واقعیەتێکی روون وئاشکرایە. چونکە کۆماری کوردستان بەکردەوە لەدەوڵەتی ئێران دابرابوو و رووبەرێکی فراوانی لەکوردستاندا لەبەر دەست دابوو، دەسەلاتی بەسەردا دەرۆیشت و یاسا و دامودەزگای خۆی تێدا دامەزراند بوو. ئەم وتووێژانەی کە دەکران، لەنێوان دووحکوومەت ودوودەسەلاتەوە بەرێوەدەچوون. کۆماری کوردستان، لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرا وجگە لەهێندێ دەرەبەگی خۆفرۆش، دوژمنی خۆجێیی نەبوو. گەلێک هەنگاوی لەباری لە بواری ئابووری وکولتووری وئاسایشدا بەگوێرەی توانا و ماوەی کەمی دەسەلاتی هەڵێنابوو. لەگەڵ حکوومەتی بێگانە پەیمانی سیاسی ونیزامی و ئابووری ودۆستایەتی گرێدابوو. دەزگای راپەراندنی کاروباری کۆماریش ناوی (حکوومەتی میللی کوردستان) بوو، نەک ( خودموختاری )!

خاڵێکی تر کە بۆ باسکردن دەبێ، ئاماژەی دوکتور مورادی یە بەنووسینێکی کەریمی حیسامی کە( کۆماری دێمۆکراتی کوردستان) ی بەکار هێناوە. ناچارم دووپاتی کەمەوە وشەی (خودموختاری ) کە دوکتورمورادی و هێندێ نووسەری دیکە بەسەر کۆماریدا دەبرن، لەهیچ بەڵگە و نووسراوەیەکی کۆماردا بەکار نەهاتووە. بەلام قەوارە ودامەزراوەکە ناوی (کۆماری کوردستان وحکومەتی میللی کوردستان)بووە. جائەگەر من وشەی ( دێمۆکرات)م لێ زیاد کردبێ، لام وایە نەک هەر بەهەڵە نەچووم، بەڵکوو ئەم وشەیە پربەپێستیەتی. کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ کۆمارێکی بەتەواوی دێمۆکرات بووە. پاش ٥٠ساڵ هێشتا لەرۆژهەلاتی ناوەراست حکوومەتێکی ئاوا دێمۆکرات ومیللی نەهاتووەتە سەرکار. پاشان بەر لەمن تێکۆشەرانی کورد وکەسانی تری بێگانەش وشەی(دێمۆکرات)یان بەهەق بۆکۆماری کوردستان بەکار هێناوە.[12]

ئێستا کە دوکتور مورادی هاتووەتە سەر ئەم بروایە لەجیاتی(کۆماری مەهاباد) کۆماری کوردستان بەکار بێنێ، لام وایە ئەگەر وشەی دێمۆکراتیشی لێ زیاد بکرێ، بۆ پەزی زیانی نابێ. (ئیحساسات وخەون وخەیاڵیش نییە )! ئەودێمۆکراسییە ئێستا لەئورووپا دەیبینی، رەوا نییە لەگەڵ ٥٠ساڵ پێش، ئەویش لەرۆژهەلاتی نێوەراستدا بەراوردی بکەین.

لەکۆتاییدا لە نووسینەکەی دوکتور مورادی دا، راست کردنەوەیەکی دیکەش بەپێویست دەزانم. ئەویش مادەی ٦ی یادداشتی کۆمەڵەی (ژ.ک)ە بۆخەلیلی فەهیمی وەزیری راوێژکاری حکوومەتی تاران، نەک (بەرنامەی شەش مادەیی کۆمەڵە). دیارە ئەم یادداشتە مادەی حەوتیشی هەیە کەدوکتوری بەرێز باسی نەکردووە.

کۆمەڵەی (ژ.ک) لە مادە ٦ی یادداشتەکەیدا دەنووسێ: «... ئەمە

داخوازی ئێستامانن. بەڵام کۆمەڵەی (ژ.ک) بڕوای تەواوی هەیە بەوە کە«هەقی دواڕۆژدانان» (حق تعیین سرنوشت) مافێکی ئەساسی وسروشتی یە بۆهەموو نەتەوەیەک. لەبەرئەوە پێویستە دوای کۆتایی شەڕی جیهانگیری دووەم لەم لایەنەوە گفتگۆ بکرێ، وە هیچ گومانی تێدا نییە کە کوردخۆی دواڕۆژی خۆی دادەنێ.

٧ - کۆمەڵە ئەم یادداشتە بڵاونەکاتەوە و نەتەوەی کوردکە چارەنووسی خۆی دانا، ئەوسا حکوومەتی ئێران بەدراوسێکی باش و بە وەزن دائەنێ.[١٣]

**٢) وتاری بەڕێزدوکتور ئەمیری حەسەنپوور**

کاک ئەمیری حەسەنپوور کە سەرنووسەری میوانی ژمارە ١٣ی گزینگ بووە، چاوەڕوان دەکرا، نووسین و بۆچوونی خۆی لە یادی (یوبیلی ئاڵتونی) کۆماری کوردستان بۆ شیکردنەوە وهەڵسەنگاندن وگرینگی کۆماری کوردستان و ئەخشی کۆمار وەک دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی وجێگای ئەولە بزووتنەوەی نیشتمانی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتەئسیری ئەو لەسەر بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ودەرس وەرگرتن لە هەستان و کەوتنی کۆمار و... هتد تەرخان بکا و ڕێبوارانی ئەم ڕێگاپیرۆزە لە بیروبۆچوونەکانی کەڵک وەربگرن.

کاک ئەمیر خۆی لەم باسە نەداوە. ئەو چووەتە سەر مەسەلەیەکی تیئۆری وکێشەی کۆنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و زیندوو کردنەوەی بیروباوەری مائۆییستی کە چینی یەکان خۆیان دەمێکە وازیان لێ هێناوە ولەکاتی خۆشیدا زیانێکی کەمی بە بزووتنەوەی جیهانی کۆمۆنیستی وبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی جیهان نەگەیاندووە. وتاری کاک ئەمیری حەسەنپوور هەرچەندی لەوانەیە لەنێو رەوت ورەوەندی کۆمۆنیستی دا جێگای دم بەدمە وتێکهەڵچوونی بیرورای جیاوازبێ، بەڵام چونکە پێوەندی بە یادی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوەنییە و زیندوو کردنەوەی ئەم باس و وردە تیئۆریانەش بە قازانجی بزووتنەوەی کورد نازانم، ئیتر بەسەرشیکردنەوە و وتاری کاک ئەمیری حەسەنپووردا بازد دەدەم ودەرۆم.

**٣) وتاری بەڕێز دکتور عەبباسی وەلی**

دوکتور عەبباسی وەلی لە ڕوانگەی تیئۆری و زانستی و باسی ئاکادیمیکییەوە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی لەکوردستانی ئێران، وەک کۆمەڵەی (ژ.ک) و لەبەریەک هەڵوەشانی و پێکهاتنی کۆماری کوردستان و دینامیکی بەڕێوەبەری سیاسیی و ئیداری و ئابووری وعەسکەری بەشێوەیەکی زانایانە خستۆتەبەر زەرەبینی لێکدانەوە وهەموو تاڵ وپۆی بەگرێوگۆڵی کۆمەڵی ئەودەمی کوردەواری شیکردوونەوە کەکۆماری تێدا پێکهاتووە. ناتەباییەکانی کۆمەڵی کوردەواری، سیستمی ناجووری عەشیرەتی ودەرەبەگی، هەلومەرجی نالەباری ئابووری، کە هەریەکە بەنۆرەی خۆیان کاریان کردووەتە سەر شێوەی بەڕێوەبەری و مانەوە وتێکچوونی کۆمار، لەوتاری دوکتورعەبباسی وەلی دا بەجوانی ڕوون کراونەوە.

ناتەواوییەکی لە وتاری دوکتور عەبباسی وەلی دا بەرچاودەکەوێ، بریتییە لەخۆ بواردنی لە باسی بارودۆخی نێونەتەوەیی وکارکردی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەسەر پتەوبوون و مانەوەی کۆمار کەئەودەم لەئێراندا خاوەن دەسەڵات بوون.

هەروەها کاک عەبباس لە ڕوونکردنەوەی شکڵ وشێوەی قەوارە ودامەزراوەی کۆماری کوردستان وگرینگی پێکهاتنی دامودەزگایەکی ئەوتۆی کوردی لەوسەردەمە ولەبەشێکی کوردستانی گەورەدا و تەئسیری ئەو لە سەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی رزگاریخوازی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان و ئەزموونی ئەم کۆمارە بۆ خەباتی ئیمڕۆی کورد لەم بەشەی کوردستان، خۆی بواردوە و بە سەر بواری سیاسی مەسەلەکەدا تێپەڕیوە. بە بۆچوونی من، لە یادی ٥٠ساڵەی کۆماری کوردستان هەق وابوو دوکتور عەبباسی وەلی قورسایی وتارەکەی پتر خستبایە سەر باس و شیکردنەوەی هەمولایەنی ئەم ڕووداوە مەزنەی مێژووی کورد. ناکرێ ئاماژە بۆئەم راستییەش نەکەم کە وتاری کاک عەبباسی وەلی، چونکە باسێکی تیئۆری و زانستییە، لەباری زمانەوە ئەوەندە قورسە پێموانییە هەمووکەس تێی بگات، هەروەک خۆم باشی تێنەگەیشتووم.

**٤) وتاری بەڕێز کاک مەحموودی مەلاعزەت**

وتاری کاک مەحموودی مەلاعزەت کەسەرەتاکەی بە هێندێ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی مامۆستایانە بۆ نووسەرانی مێژوو دەست پێکردووە و ئەنجام وکۆتایی باسەکەشی بۆ ژمارەی داهاتوو ڕاگرتووە، بەپێویستم زانی لە بەردووهۆ پێداچوونەوەی وتاری کاک مەحموود ڕابگرم بۆ تەواوبوونی باسەکەی خۆی.

یەکەم: بەدرێژەپێدانی باسەکە و تەواوبوونی لە ژمارەی داهاتوودا، مەسەلەکانمان پتر بۆ ڕوون دەبنەوە و دەتوانین پتر کەڵک لە نووسینەکەی کاک مەحموود وەربگرین وخوێنەرەوانی بەڕێزیش زیاتر لەسەر چەند وچۆنیی پێکهاتن و ناو و قەوارە وکردەوەکانی کۆماری کوردستان وبیرورای جیاواز ڕوون دەبنەوە.

دووەم: بەهاتنە سەرباسی ئەم وتارەی کاک مەحموود، نووسینەکە ئەوەندە درێژ دەبێ کە هەم خوێنەرەوە هیلاک دەکاو هەم بۆچاپکردنیشی دەبێتە مەسەلەیەک، بۆیە ڕایدەگرین بۆژمارەکانی داهاتوو.

**٥) بیرەوەرییەکانی بەڕێز مامۆستا برایم ئەحمەد**

بیرەوەرییەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد نەک هەر لەم بوارە ولەسەرئەم بابەتە، بەڵکووهەرچی بینووسێ و بیگێڕێتەوە هەمووی بۆخوێنەرەوانی کورد تام وچێژی خۆیان هەیە. بەڵام ئەم بەشەیان لێرەدا لەگەڵ ئامانج و ناو و نیشانی گۆڤارەکە و ڕووداوەکە نایەتەوە. لەم بیرەوەرییانەدا سەبارەت بە دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ.ک) و چۆنییەتی پەلهاویشتنی بۆکوردستانی خواروو، دنیایەک زانیاری بە نرخیان تێدایە. گەلێک گۆشەی نادیاری تێکۆشانی کۆمەڵەی (ژ.ک) دەخاتە ڕوو. گەلێک تێکۆشەری نەناسراوی کۆمەڵە دەناسێنێ. بەڵام وەڵامدەری بابەتی ژمارە ١٣ی گۆڤاری گزینگ نییە کەگۆیا بۆ یادی ٥٠ساڵەی کۆماری کوردستان تەرخانکراوە. دیارە مامۆستا برایم ئەحمەد چەندوشەیەکیش لەبارەی ناتەواوییەکانی کۆمار باسدەکا و سەرنەکەوتنی کۆمار بە(سەرشۆری) دادەنێ و گۆیا «سەرکردایەتی کۆمار وحیزب یارمەتی و هاوکاری خەباتکارانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان قەبوڵ نەکردووە بۆپاراستنی کۆمارەکە». بەڵام لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی ڕێبەرانی حیزب وکۆماری کوردستاندا «ئەندامانی ئەوان لەکوشتن وگرتن دەربازبوون (هەموویان نەدەگەیشتنە ١٠کەس: نووسەر) ڕوویان کردووەتەکوردستانی خواروو ڕایانگرتوون و یارمەتیان داون کە(**لەبەغدا وەک شاگردی چێشتخانە و شاگرد وێنەگری و شاگردخانچی بەبرسیەتی وژیانی سەرەمەرگی ڕۆژڕابوێرن**)و پاراستوویانن. هەروەک ئێستا ئاوارە وتێکۆشەرانی کوردستانی ئێران لە(کوردستانی ئازادبوو) لەدەستی پاسدارانی ئێرانی و تیرۆریستەکان دەپارێزن!

**٦) وتاری بەڕێز دوکتور عەبدوڵا مەردوخ: کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی هیوا**

کاک عەبدوڵا لەسەرەتاوە بارودۆخی دواکەوتوویی کولتووری و سیاسی و

ئابووری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگای سەرەتای سەدەی بیستەمی کۆمەڵی کوردەواری بەجوانی و بەبۆچوونێکی زانستی شیکردووەتەوەو نەخشی شێخ ومەلا و روناکبیرانی ئەوسا و زوڵم وزۆرداری خان وئاغاودەرەبەگی کوردی نیشان داوە و هۆیەکانی دواکەوتوویی و پێنەگەیشتنی بورژوازی خۆیی روونکردوونەوە. پاشان دێتەسەرباسی هاتنەسەرکاری حکوومەتی رەزاشابەدەستی ئینگلیزەکان ودەپەرێتەوە بۆ کوردستانی تورکیا و بادەداتەوە بۆ ناوچەی موکریان، سابلاخی سەردەمی قاجارەکان وحیکایەتی هەمزەئاغای مەنگور لە ساڵی ١٨٨١ و سەرێکی شارەکەی خۆی شاری سنە ناوەندی کوردستانی ئەردەڵان دەدا تەوە و تادەگاتە شەڕی دووەمی دنیادا‌گر. نووسینەکەی دوکتورعەبدولامەردوخ هەرچەند داهێنانێکی تازە و نەگوتراوی تێدا نییە، بەڵام دیسان تام وچێژی خۆی هەیەو خوێنەرەوەی کورد دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

دوای شەڕی دووهەمی دنیاگر و ئازادکردنی ئێران لەچنگ حکوومەتی رەش و دیکتاتوریی رەزاشا،(نەک داگیرکردن) کاک عەبدولا دێتە سەرباسی کۆمەڵەی هیوا وکۆمەڵەی (ژ.ک). بە بۆچوونی من، هێندێ جێگای ئەم باسە پێویستیان بەراستکردنەوە و روونکردنەوەی زیاترهەیە، بەڵام چونکو باسەکەی ئێمە پێوەندی بەم وتارانەوەهەیە کە بۆیادی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان تەرخان کراون، حەوجێ بەلێکدانەوەی ئەم بەشەی وتاری دوکتور عەبدولا مەردوخ ناکا و چاوەڕوانی بەشی دووەمی وتارەکەی دەبین.

۷) وتاری بەرێز س.ج. هێرش

ئەم وتارە بە تەواوی خۆی لە باسی دامەزرانی کۆماری کوردستان و یادی ٥٠ساڵە و بوون و نەبوونی ئەم رووداوە گرینگە بواردووە وچووەتە سەر چەند و چۆنی شێعری کلاسیکی کوردی و هێندێ شاعیری وەک وەفایی وعەلی بەگی حەیدەری ومستەفاشەوقی و باسی رەزاشا ولورین و شێخ خەزعەل و ستەمی نەتەوایەتی حکوومەتی رەزاخان و سەرهەڵدانی هێندێ شاعیری مەڵبەندی موکریان وکۆتاییەکەشی بۆ ژمارەیەکی تر ڕاگرتووە.

ئەم وتارە هیچ پێوەندی بە ناونیشانی ژمارە١٣ی گزینگەوە نییە و ئەم جۆرە نووسینانە دەکرێ لەهەموو شوێن و هەموو کاتێکدا بڵاو بکرێنەوە.

لەکۆتاییدا بەبۆچوونی من، گزینگی ژمارە١٣ نەک هەر نەیتوانیوە وەڵامدەری ناونیشانەکەی خۆی بێ کە(یادی پەنجاساڵەی کۆماری کوردستانە) بەڵکوو لە زۆربارەوە کورتیشی هێناوە. ■

**پەراوێزەکان:**

١) د. گوڵموڕادی موڕادی، گزینگ ، ژمارە ١٣ ، ل ، ٩.

٢) هەمان جێ ، ل ، ١١.

٣) گۆڤاری کوردستان، ژمارە ١ ، ساڵی یەکەم ، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ، دیسامبری ١٩٤٥.

٤) ئارچیباڵد رۆزڤێلت، *شرق مطالعه*، ترجمه صهبا سعیدی، ١٣٧١، ل، ٣٢٩.

٥) عەلائەدین سەجادی، *شۆڕشەکانی کورد*، ١٩٥٩ ، ل ، ٢٨٥.

٦) کریس کوچرا، *جنبش ملی کرد*، ترجمه: ابراهیم یونسی، تاران ١٣٧٠، ل ، ٢١٣.

٧) *ڕوانگەی پێشەوا*، گردەوەکۆیی حەسەنی قازی ، ١٩٩٤ ، ل ، ١٩.

٨) ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠ ، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ، ٤ ی فیوریەی ١٩٤٦.

٩) هەر ئەو ژمارەی پێشوو.

١٠) ڕۆژنامەی کوردستان، ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ، ٦ی مارسی ١٩٤٦.

١١) گۆڤاری هەڵاڵە ، ژمارە ١ ، ساڵی ١٩٤٦

١٢) کەریمی حیسامی، *پێداچوونەوە*، ١٩٩٦ ل ، ٢٤٥- ٢٤٦.

١٣) هەمان جێ، بە نەقڵ لەگۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ١ ، ١٩٦١.

## کورد لە کۆنفرانسی MESA دا

لە ٣٠هەمین کۆنفرانسی ساڵانەی "ڕێکخراوی دراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"(Middle East Studies Association) کە لە رۆدئایلەندی ئەمریکا لە ٢١ تا ٢٤ی نوامبری ١٩٩٦ پێکهات دوو پانێل وچەند وتار سەبارەت بە کوردستان پێشکێش کرا.

**پانێل: کێشەی کورد: گۆڕانکاری نوێ لە شەڕی کەنداوەوە تا ئێستە**

**مایکل گانتو**(تێنێسی، ئەمریکا). شەڕی ناوخۆیی کورد: پێکدادانی پ ک ک / پ د ک.

**رابرت ئولسن**(کینتاکی، ئەمریکا). کێشەی کورد و چێچینیا: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ڕووسیا لە شەڕی کەنداوەوە تا ئێستە.

**نادر انتصار**(سپرینگ هیل، ئەمریکا). سیاسەتی پێشگری دوولایەنەی ئەمریکا و بەدشانسی کوردان.

**ستێفن پێلێتیە** (کالیجی شەڕی ئەرتەشی ئەمریکا). کورد لە دەستکێشە ئاسنینەی تورکیادا: سیاسەتی کورد لە تورکیا و ئەوپەڕی تورکیا.

**پانێل: کورد و کوردستان**

**سەلاح عەزیز**(فلوریدا). پەنجاساڵەی هەڵسان و کەوتنی کۆماری کوردستان لە مهاباد ـ ئێران.

**نیکۆڵ واتس**(واشینگتن). «یا HEP یا هیچ»: دامەزراندنی حیزبێکی ئوپۆزیسیۆنی قانوونی کورد لە تورکیا.

**دێنیس ناتالی** (پینسیلوانیا). مەسەلەی هەویەت و حکوومەتی خۆماڵی لە کوردستانی عێراق.

**عەسمان عەلی**(زانستگای ئیسلامی نێونەتەوەیی لە مالێزیا). فاکتۆری کورد لە پێوەندی نێوان تورکیا و ڕووسیادا( ١٨٩٠-١٨٠٠).


### وتار لە پانێلی تر

**مایکل شایەت**(دەنگی ئەمریکا). ستانداردکردنی زمانی ڕۆژنامەگەریی نوێی کوردی .

**جانێت کلاین**(پرینستۆن). نەتەوەیی کردنی دیمەن: ڕوانگەی کوردستان لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی زوو دا.

**خالید سالح**(زانستگای یۆتەبۆری. سوێد). سیاسەتی ئیسرائیل سەبارەت بە کوردی عێراق: ڕوانگەیەکی کوردانە.

***



□ کردستان و کرد، دکتر عبدالرحمن قاسملو، ترجمه[ وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ فارسی]: طه عتیقی، تایپ ومونتاژ: کومیسیونی ئینتشاراتی حدکا، چاپی یەکەم: ١٩٩٦، APEC

# وەفایی و سابڵاغی سەردەمی ئەو

ئەحمەد شەریفی

وەفایی، یەگانە شاعیری کوردی هەرێمی موکریانە کە لە سەدەی ١٩ی زایینیدا لە شاری سابڵاغ ژیاوە.

سەبارەت بە سالی لە دایکبوون و مردنی وەفایی بیرو باوەڕی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام ئەوەیکە شک وگومانی تێدا نییە ئەوەیە کە لە سالەکانی ١٨٤٠ هەتا ١٩١٤دا ژیاوە و لە نزیکەوە زۆر ڕووداوی مێژوویی و خوێناوی نێوچەی موکریان و سابڵاغی بە چاو بینیوە.

بەڵان بەداخەوە، هیچیەک لەو ڕووداوە مێژووییانە و کارەساتە خوێناوییانە لە دیوانە چاپییەکەیدا، کە لەبەر دەستی ئێمە دایە، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان نییە. وا دیارە، کە ڕەنگە خۆی لە هەموو شتێ پاراستبێ، یان ئەگەر شتێکیشی لەم بابەتانەوە نووسیبێ، نەگەیبێتە سەردەمی ئێمە و لەبەین چووبێ، یان لە کەلێن وقوژبناندا هێشتا هەر تۆز بخوا.

بەداخەوە، لە ماوەی سالەکانی ١٨٤٠ هەتا ١٩١٤ کە دەکاتە (٧٠)سال هیچ بەڵگە ودەساوێژێکی کوردی یان کورد بەنووسینێ لە دەستدا نییە، ئەوەش وا دەگەیەنێ کە لەوماوەیەدا، بارودۆخی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کورد لە هەرێمی سابڵاغ زۆر کز بووە و هیچ کوردێک ئەو مشوورەی نەبووە، کە ئاوڕ وەسەر ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری شارەکەی بدا. هەر لەم ڕونگەوە، بۆ ساغکردنەوەی کورتە مێژوویەکی شاری سابڵاغ لە دەورانی وەفایی دا، ناچارین سەرنج بدەینە سەر سەفەرنامە و بیرەوەری ڕۆژهەڵاتناسانی بێگانە وهەندەری.

ڕاولینسۆن دێرینەناسی ئینگلیسی، لە سالی ١٨٤١، سابڵاغ بە ١٢٠٠مال بەرئاورد دەکا، کە نزیکەی ١٠٠ مالیان کەلیمی و ٣٠ مالیان ئاشوری بوون.[1]

پرۆفیسۆر دوکتور جەلیلی جەلیل، مێژوزانی کوردی هاوچەرخ، بە پێی بەرئاوردی بەڵگەکانی ئارشیڤەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، لە کتێبی «ڕاپەڕینی کوردەکانی سالی ١٨٨٠»دا، دیاردە دەکاتە سەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان و سەبارەت بە سابڵاغی ئەوکات دەنووسێ:

دەڤەری سابڵاغ بە موکریان ناودارە، ١٤٠٠ کەس[مال]ی دانیشتوو هەیە، کە ١٣٠٠ کەس[مال]یان سوننی مەزەبن و ٤٠ کەس[مال]یان شیعەیە و ئەوانی تر گاور و جوون.[2]

ژاک دو مۆرگان ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەیی لە سالی ١٨٩٠، لە دەورانی حوکمڕانی سەردار سەیفەدین خانی موکری دا، هاتۆتە سابڵاغ و بەم شارەدا چۆتە سەردەشت. لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژی ٢٠ی نوامبری ١٨٩٠یدا دەنووسێ: سابڵاغ ناوەندی سیاسی و ڕامیاری و بازرگانی نێوچەکەیە، لە کەنار چەمێکی گچکە هەڵکەوتووە کە پشکێکە لە چۆمی تەتەهو، شارێکی تەمیس و پاکیزەیە، بە نیسبەت شارەکانی تری ئێران، جوان داندراوە. نزیکەی ١٨٠٠ خانەوادەیە و ٩ هەزار کەسی حەشیمەت هەیە... خێوی پۆست و تێلگراف و کۆشکێکی جوانی بۆ حاکم تێدایە. لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە، باغ و دارستانێکی زۆری هەیە، ترێ و هەنگووری باشی هەیە، خەڵکەکەی بە گشتی، زۆربەیان کوردن، هێندێ ئێرانی وتورک کە چەند مالێک دەبن لەوێ دەژین.[3]

جەهانگەردێکی ئینگلیسی بە ناوی(بیشاب) لە سالی ١٨٩١دا دێتە سابڵاغ و دانیشتووانی شارەکە بە ٥ هەزار کەس بەرئاورد دەکا ودەبێژێ: ئەو شارە بیست مزگەوت و سێ گەرماو و چەند کاروانسەرا و قاوەخانەی هەیە.[4]

ئوسکار مان مردومشناسی ئالمانی، لە سالەکانی ٢-١٩٠١، لە سابڵاغ ژیاوە، زمانی کوردی لە لایەن فەقێ جەوادی قازی فێر بووە، کەرەسەیەکی زۆری لە سەر فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کۆ کردۆتەوە، دۆستایەتی لەگەل چینی ڕووناکبیر و باسەوادی شارەکە هەبووە، بەڵام ناوی وەفایی ناهێنێ.

واسیلی نیکیتین، کونسوولی ڕووسان لە ورمێ لە سالەکانی ١٩١٤ هەتا ١٩١٦ بۆ توێژەوانی، چەند جارێ دێتە سابڵاغ و زۆر شتی دەگمەن لە ڕووداوەکانی ئەو چاخە وەک لە سێدارەدانی شێخ بابا و محەمەد حوسێنخانی سەرداری موکری تۆمار دەکات.[5] لە باسی شێعر و شاعیرانی کورد، دیاردە بۆ زۆر گەورە پیاوی کورد وهەرێمی موکریان و سابڵاغ دەکات[6] و تەنانەت ناوی هێندێ مەدرەسە و مەلای مزگەوتەکانیش تۆمار دەکات[7]، بەڵام باسی وەفایی ناکات. تەنیا نووسەرێکی بێگانە کە ناوی وەفایی دێنێ«تۆما بووا»مامۆستای زمانی کوردی زانستگەی سۆربۆنی پاریسە، کە لە کتێبی«ژیانی کوردەواری»دا دەڵێ: وەفایی کە ناوی میرزا عەبدولرەحیمە. لە ١٨٣٦ هەتا ١٨٩٢دا ژیاوە.[8] مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناسی ناوداریش کە لە سالەکانی ١٩٠٤ هەتا ١٩٠٨ ئاموشۆی سابڵاغی کردووە و لە ڕاپەڕینی شێخی شەمزینان و کوژرانی هەمزە ئاغای مەنگووڕی کۆڵیوەتەوە، یادێک لە وەفایی ناکا.[9]

ئەسکەندەر غوریانس کە هەرمەنییەکی ڕووس بووە و لە سالەکانی ١٨٤٠ هەتا ١٩١٤ لە سابڵاغ ژیاوە، کتێبێکی لە سەر جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان و هەمزە ئاغای مەنگووڕ و ڕووداوەکانی تری سابڵاغ وموکریان نووسیوە، ئەگەرچی لە زۆر جێگا لایەنی بێلایەنی وەلا دەنێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر شتی بەنرخ و نایابی سەبارەت بە سابڵاغ

تۆمار کردووە.

سەیر ئەوەیە، لە هیچ کتێب و بەڵگە و دەساوێژێکی کە لەو ۷۰ساڵەی وەفایی تێدا ژیاوە، ناوی تۆمار نەکراوە و یادێکی لێ نەکراوە.

سەبارەت بە جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان و هەمزەئاغای مەنگوور نزیکەی ۱۵۰ بەڵگە و سەنەدی ڕەسمی، لە ئارشیڤی وەزارەتی ئومووری خاریجەی ئێراندا هەیە. لەم سەنەد و بەڵگانەدا، نە تەنیا ناوی زۆر کەس هەیە بەڵکوو زۆر ڕووداوی ئاشکرا و نهێنیان تێدا تۆمار کراوە. ناوی هێندێ لە مریدان و هەواداراانی بنەماڵەی شەمزینان و گەورەپیاوانی خێڵانی سابڵاغیشیان تێدایە، بەڵام ناوێک لە عەبدولڕەحیمی وەفایی نییە.

هەروەک گشت لا دەزانن شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان نە تەنیا پیاوێکی نیزامی وجەنگی بووە بەڵکوو مورشید و ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیش بووە، کتێبێکی گەورەی بە ناوی(مثنوی شیخ عبیدالله شمزینان) بە فارسی لە پاش بە جێ ماوە. ئەو کتێبە سەرجەم ٤۹۰ لاپەڕەیە. هەر لاپەڕەیەی ۱۳ دێڕ و بەیتە کە بەگشتی دەکاتە ۳۸٥ بەیت ودێڕ.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەم مەسنەوییەدا، باسی زۆربەی شەڕەکانی لە گەڵ ئیمپراتوری وەسمانلی و شایانی قاجار دەکات و دیاردە دەکاتەسەر هێندێ خەلیفە ومرید و پیاوەئازاکانی، بەڵام ناوێک لە وەفایی لە ئارادا نییە.

هەر وەک پێشتر باسکرا، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی وەفایی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزەئاغای مەنگوورە. ڕاپەڕینی هەمزە ئاغای مەنگوور لە هەرێمی سابڵاغ، بە هۆی زوڵم و زۆریی بێ حەد و سنووری کارگوزارانی شای قاجار و بەرتیل وەرگرتن و ڕیشوەخواردنەوە ڕوویداوە. سابڵاغ کەوتۆتە بەر پەلاماری زوڵم و بێدادیی حاکمەکانی شای قاجار. لە بەڵگەکانی وەزارەتی ئومووری خاریجەی ئێراندا، نموونەی زۆر لەم بابەتە هەیە. سەنەدی ژمارە (٥۷۰)ی ئارشیڤی وەزارەتی ئومووری خاریجەی ئێران، کە لە ڕۆژی ١٤ی ڕەمەزانی ساڵی ۱۲۹۳ی کۆچی مانگی دا نووسراوە، دەڵێ:

ئیقبالوددەولە، بە هێزی عەسکەری و تۆپ و سوارە و سەربازەوە پەلاماری نێوچەی مەرگەوەر و دێهات و گوندی شێخی دا، خەرمان و گژوگیای نەهێشتووە و هەموو گوندەکانی ئاگر تێبەرداوە. خەڵک لە ترسان هەڵاتوون، ژنێک مابوو، ئەویشیان کوشتووە.[10]

شازادە عەباس میرزای مەلیک ئارا، کە خۆی یەکێک لە شازادەکانی قاجار بووە، زوڵم وزۆریی کاربەدەستانی شایەکانی قاجار نیسبەت بە خەڵکی ئێران وەها باس دەکا: حاکمەکانی ئێران هیچکات دەست لە ڕەزالەت و تەماع هەڵناگرن، کات و وەخت ناناسن، لە هیچ شتێکیان خەبەر نییە. هەدەف ومەبەستی سەرەکی وان تەنیا پووڵ و پارەیە، بەتایبەت موزەفەرەدین شا، کە تازە بۆتە وەلیعەهد.[11]

عەباس میرزا، پاشان دیاردە دەکاتە سەر زوڵم و زۆریی کاربەدەستانی حکوومەتی قاجار نیسبەت بە خەڵکی سابڵاغ لە ساڵی ۱۲۹۷دا و دەنووسێ: لوتفعەلی میرزا، مەشهوور بە ئاقاشاهزادە، کوڕی تەهماسب میرزای موئەییدودەولە، کرا بە حاکمی سابڵاغ... هەرکە هاتە ئەو شارە، فەورەن فەیزوڵڵابەگ کە گەورە پیاوێکی شارەکە بوو، گرتی و ٥۰۰ تمەنی جەریمە کرد[12]. با لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ئەسکەندەر غوریانس دەڵێ حاکم، فەیزوڵڵابەگی ۱٥۰۰تمەن جەریمە کرد[13]. پاشان مینەئاغای کوڕی قادرئاغای دێبۆکرییشی گرت و ئەویشی ٥۰۰تمەن جەریمە کرد.[14] بەمجۆرە خەڵکی موکریانی بە گشتی شێواند و پەشێوی کردن. ئەم چەشنە کارانەی کاربەدەستانی شای قاجار، لە سابڵاغ دەبێتە هۆی جووڵانەوەی هەمزەئاغای مەنگوور و خێڵەکانی تری موکریانیش شان بەشانی خێڵی مەنگوور دژی حاکمەکانی قاجار دەجەنگن.

لە مانگی نیسانی ۱۸۸۷دا، هۆزی گەورکیش ڕادەپەڕن و نامەیەک بۆ حاکم دەنێرن و دەبێژن، هۆی هەستانی ئێمە، مالیاتێکی زۆرە کە حاکمی سەردەشت لێمان دەستێنێ.[15] لەوکاتەدا، کە خێڵەکانی مەنگوور و گەورک دژی شاکانی قاجار لە ئێران ڕادەپەڕن، لە کوردستانی تورکیاش شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان، دژی بێدادی ئیمپراتوری بەناو ئیسلامی و موسوڵمانی عوسمانی هەڵدەستێ و هەر سێ هێز یەکدەگرن و خەبات تەشەنە دەستێنن. بە پێی بەرناوردێکی کە کراوە، هێزەکانی ڕاپەڕیوی نێوچەی سابڵاغ بەم جۆرە بوون: مەنگوور ٥هەزار تفەنگ، مامەش ٥ هەزار تفەنگ، زەرزا ۸ هەزار، موکری و دێبۆکری ۱۰هەزار، گەورک و جاف و ئاکۆ و زوودی ٥۰هەزار کەس.[16]

ئەم هەموو جەماوەرە ڕادەپەڕێ و نێوچەی موکریان و سابڵاغ دەبێتە گۆلاوی خوێن. بەڵام داخۆ، وەفایی شاعیر و ڕووناکبیری ئەو سەردەمەی ئێمە چی کردووە؟ چ دەنگدانەوەیێکی لە شێعرەکانیدا دێتە پێش چاو؟

فەلەک خانەخرا بێ، بەزمی مەستانی وەها تێکدا

تەما داری لە سەر بەردی، بە دەردی سەر چ ئاواکەم؟

بەهەرحاڵ بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی سابڵاغ لە وان ساڵاندا. پاش یەکگرتنی، ئەو هەموو خێڵە کوردانە، لە ئەیلوولی ۱۸۸۰دا، لەشکری شێخ عوبەیدوڵڵا، بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزەئاغای مەنگوور دێتە سابڵاغ.[17] تەنانەت هەر لەوساڵەشدا، شێخ عوبەیدوڵڵاش لە سابڵاغدا بیندراوە. سولژنڤیسکی کاربەدەستی کونسوولخانەی ڕووسیە دەنووسێ:

لە ۲۰ی تەشرینی دووەمی ۱۸۸۰دا، ئەزاربەگ کە لە سابڵاغ بوو، چەند جار شێخ عوبەیدوڵڵای دیوە. لەم بارەوە سەنەدێکی ڕەسمیش لە ئارشیڤی وەزارەتی ئومووری خاریجەی ئێراندا هەیە، بەمجۆرە: ژمارەی سەنەد ٥۸۰، نامەی کارگوزاری سابڵاغ بۆ وەزارەتی ئومووری خاریجە، ژمارە٤، مانگی زیقەعدەی حەرامی ۱۲۹۸ی کۆچی.

ڕۆژی چوارشەمۆ ۲۳ی مانگی شەوالی ۱۲۹۷، بە فاسیلەی دوو ڕۆژان، شێخ عەبدولقادر و هەمزەئاغای مەنگوور، لە نیوەڕۆیەدا، لەگەڵ دووسێ هەزارکەس خاریجی وخودی هاتنە سابڵاغ و ڕۆژی پێنجشەمۆ ۲٤، خان باباخانیان کردە حاکمی سابڵاغ.[18]

لە ساڵی ۱۲۹۷دا، شێخ عوبەیدوڵڵا لە سابڵاغەوە، نامەیەک بۆ عەباس میرزای مەلیک ئارای قاجار، کە لە تەورێز دەبێ دەنووسێ. عەباس میرزا لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ڕۆژێک بە تەنیایی لە ماڵێ دانیشتبووم، دووکەس هاتنە حەسارێ، پەیجۆیی من بوون، نۆکەرەکانم هێنایانە لای من، کاغەزێکیان لە گیرفان دەرهێنا و دایانمێ. کە تێمڕوانی کاغەزی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، نووسیبووی وەرە ڕەگەڵ ئێمە کەوە، ئەو دوو کەسە یەکیان ناوی عەبدولڕەحیم بوو، ئەوی تریش ناوی حوسێن قوڵی و هەردوو برا بوون...[19] ئەوانەیان پاشان گرتن و مەحکووم بە حەپسی ئەبەد کران. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئایا بڵێی ئەو عەبدولڕەحیمەی نوێنەری شێخ عوبەیدوڵڵا، هەمان عەبدولڕەحیمی وەفایی نەبووبێ؟

پاش شەڕ و هەڵایەکی زۆر کە لە نێوچەی سابڵاغدا، ڕوودەدات، لە مانگی زیقەعدەدا، قاتوقڕیی سابڵاغ دادەگرێ[20] و هێزەکانی کورد لێک دەترازێن. شێخ عوبەیدوڵڵا دەچێتە تایف و هەر لەوێش وەفات دەفەرمووێ. سپای شای قاجاریش بەرەو سابڵاغ دازۆێ. پێش ئەوەی

سپای قاجارەکان بگاتە سابلاغ، حاجی سەید بایز و قازی و شێخولئیسلام دەچنە (لەج)ێ و لەگەڵ رەحیمخانی نایب الحکومە، وتووێژ دەکەن و لێی دەخوازن بە هێمنی بێنە نێو سابلاغ.[21] بەڵام سپای شای قاجار کە بۆ راووڕووت هاتبوو، گوند و دێهات ئاوردەدات و عیمارەت و خانووی ئاغاوەتی دۆست ودوژمن خاپوور دەکا.[22] کاتێ بەرەو سابلاغ دێن سوارەکانی چەلەبیانلوو هەرچی وەبەر دەستیان دێ دەیدزن و تالانی دەکەن.[23]

هەمزەئاغاش بێ هێز دەبێ و فریوی ئەمیر نیزامی گەڕووسی دەخوا و دێتەوە سابلاغ و دەکوژرێ. لەم بارەوە سەنەدێکی ڕەسمی لە ئارشیڤی وەزارەتی ئوموووری خاریجەی ئێراندا هەیە بەم جۆرە. نووسەری گوزارش کەسێکە بە ناوی (میرزا ئەبولقاسم). ڕۆژی جومعە دووەمی مانگی ڕەمەزانی ١٢٩٨، دوو سەعاتی مابوو بۆ نیوە ڕۆیە، هەمزەئاغا و سێ برازای، کە بە ئازایەتی لە ناوچەدا مەشهوورن، لەگەڵ ٥ نۆکەری چەکدار بە تفەنگی مارتین هاتنە نێو شاری. هەمزەئاغا تفەنگێکی تەکمەداری بە دەستەوە بوو، لەگەڵ میرزا قاسم بە هەنگاوی خۆش و گورجانە بەرەو چادری وەزیری فەواید [مەبەست ئەمیر نیزامی گەڕووسی یە]ڕۆیشتن... لەپڕ لە خێوەتی وەزیری فەواید، تەقەی تفەنگ و بگرە بگرە هەستا، لە ئانێکدا، سوارەکانی قوچبەگلوو و ئەفشار، دەماریان لە ڕۆژگاری هەمزەئاغا و ٨ هاوڕێی دەرهێنا و سەری گلاوییان لە لەش جیاکردنەوە و زەوییان لە بوونی ناپاکیان پاک کردەوە.[24]

نووسەری کتێبی جوغرافیای دارولسەلتەنەی تەورێز، نادرمیرزا، سەبارەت بە زوڵم و بێدادی لەشکری قاجار، تەنانەت دەرهەق عەجەمەکانیش دەنووسێ: لە چادری وەزیری فەوایددا، لە خزمەت ئیعتیمادولسەلتەنە دانیشتبووم، لەپڕ یەکێک لە خەوانینی قەرەپەپاغ بە پشووسواری وەژوور کەوت و بە دەنگی بەرز هەرای کرد، ئەوە چ بێ ئینسافییەکە، ئەوە چ ناپیاوییەکە لە گەڵمان دەکەن، خۆ ئێمە کورد نین، بۆ وامان لێدەکەن. سەرباز وەسەرمان وەربوون، تالانمان دەکەن. گوند ودێهاتمان هەمووی تالان کرا، چی وای نەماوە ژنەکانیشمان بە دیل ببەن.[25]

پاش کوژرانی هەمزەئاغا و گیرانەوەی سابلاغ، حاجی سەدروددەولە دەکرێتە حاکمی سابلاغ. حاجی کاتێ دێتە سابلاغی چۆل و هۆل و تالانکراوی ڕووخاو، دەڵێ: ئەمنیان کردۆتە حاکمی سابلاغ، بەڵام چ سابلاغێک؟! شارێک کە جگە لە دیوارەکانی نەفەسکێشی تێدا نییە.[26]

بەڵێ ئەوەبوو کورتە مێژوولکەیەکی سابلاغ لە سەردەمی وەفایی دا. وەفایی لە چاخێکی ئاوا پڕ شەڕوشوڕ دا ژیاوە و مریدی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان بووە، وەک خۆی دەڵێ:

**عبیدالله رئیس مرشدان و قطب ملت ها**
**ببزم خاص از رحمت نگاهی کرد بر دل ها**[27]

وە یا:

**دو هفت سال ریاضیات خاک شمدینان**
**مرید و خانقه و مرد بایزیدم کرد**[82]

بەڵام ئایا بەڕاستی وەفایی مریدێکی شایستەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان بووە؟ ئەوە پرسیارێکە، کە دەبێ زۆر بە وردی ئاوڕی وەسەر بدرێ. شێخ عوبەیدوڵلا و بنەماڵەی شەمزینان، تەواوی عومری خۆیان بۆ خەبات دژی زۆردارانی عوسمانی و شایەکانی قاجار تەرخان کردووە و هەر لەم ڕێگایەش دا گۆڕغەریب بوون، بەڵام داخۆ وەفایی ئێمە ڕێگای پیری خۆی گرتۆتەبەر؟

کاتێ سەرنج دەدەینە دیوانەکەی، لە لایەکەوە پڕە لە شێعری عیرفانی بێلایەن، لە کاتێکدا مورشیدەکەی شێخی شەمزینان هەرگیز عارفێکی ویشکی بێلایەن نەبووە. لە لایەکی تریشەوە، جارێک ئاشقی شیرین دەبێ و جارێک ئەوینداری گوڵئەندام و لە لایەکیش زارا دەخوازێ.

ئایا بڵێی، بەڕاستی وەفایی هێندە مریدێکی بێلایەن و کەمتەرخەم بووبێ؟! یان زۆر شتی نووسیوە و نەگەیشتوونە دەستی ئێمە و سەردەمی ئێمە؟* ■

* ئەم وتارە لە کۆڕێکدا کە بە بۆنەی بیرەوەری لە وەفایی لە ڕۆژی ١٣٧٤/٨/٢٩ لە شاری مهاباد گیرابوو، خوێندراوەتەوە.

### سەرچاوە و دەساوێژەکان:


١) مهاباد: دیروز وامروز، ناشر شهرداری مهاباد، ١٣٥١.
٢) ڕاپەڕینی کوردەکانی سالی ١٨٨٠، دوکتور جەلیلی جەلیل. وەرگێڕ: دکتور کاووس قەفتان، بەغدا ١٩٧٨.
٣) جغرافیا غرب ایران، ژاک دو مرگان، ترجمە دکتر کاظم ودیعی، ص ٤٢، تبریز ١٣٢٩.
٤) مهاباد: دیروز وامروز، ناشر شهرداری مهاباد، ١٣٥١.
٥) ایرانی کە من شناختەام، موسیو ب. نیکیتین، ترجمە فروەشی، چاپ تهران ١٣٢٩.
٦) کرد و کردستان، ب. نیکیتین، ترجمە:محمد قاضی، ص ٥٨٣، ١٣٦٦.
٧) هەمان سەرچاوە، ص ٦١٢.
٨) ژیانی کوردەواری، توما بوا، ئاواز زەنگەنە کردوویەتە عەرەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتە کوردی، ل ٢٦٠، سولەیمانیە ١٩٨٠.
٩) کورد، مینۆرسکی، دوکتور مارف خەزنەدار کردویەتە عەرەبی، حەمە سەعید حەمەکەریم کردوویە کوردی، ل ١٤٤، عێراق ١٩٨٤.
١٠) گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد٣، ص٦٣٠، از انتشارات وزارت خارجه جمهوری اسلامی، ١٣٧٠.
١١) شرح حال عباس میرزا ملک آرا، بە کوشش دکتر عبدالحسین نوایی، ص١٥٣، تهران ١٣٢٥.
١٢) هەمان سەرچاوە، ص١٥٤.
١٣) قیام شیخ عبیدالله شمزینان در کردستان، اسکندر غوریانس، بە اهتمام عبدالله مردوخ، تهران. جغرافیای دارالسلطنە تبریز، شاهزادە نادرمیرزا، ص٣٠٥، تهران ١٣٥١.
١٤) هەمان سەرچاوە.
١٥) خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ن. ا.خەلفین، وەرگێڕ: جەلال تەقی، ل ٢١١و٢١٢، سولەیمانیە ١٩٧١.
١٦) ڕاپەڕینی کوردەکانی سالی ١٨٨٠، ل ١٢٥.
١٧) خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل١٨١.
١٨) گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، ج٣، ص ٦٧٥.
١٩) شرح حال عباس میرزا ملک آرا، ص ١٥٧.
- ڕاپەڕینی کوردەکانی سالی ١٨٨٠، ل ١٢٥.
٢٠) جغرافیای دارالسلطنە تبریز، ص٣٢٥.
٢١) هەمان... ص ٣٣٤.
٢٢) هەمان... ص ٣٣٧.
٢٣) هەمان... ص ٣٠٨.
٢٤) گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، ص ٦٨١.
٢٥) جغرافیای دارالسلطنە تبریز، ص ٣٤٠-٣٣٩.
٢٦) گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، ص ٦٨١.
٢٧) دیوانی میرزا عەبدولرەحیمی سابلاخی(وەفایی)، لێکۆڵینەوەی:محەمەد عەلی قەرەداغی، ل ٢٢٤.
٢٨) هەمان... ل ٢٥٢.

# کارێکی سەرکەوتوو: پێداچوونەوەی کتێبی «سمکۆ...»

ئەنوەر سوڵتانی




**وا** کتێبی «سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد» نووسراوی مامۆستا محمد رسول **هاوار**، کەوتووەتە کتێبخانەی کوردییەوە. نووسینی کتێبەکە بە گوێرەی زانیاری دوور ونزیکی من، نزیکەی دوو ساڵی خایاند و ئەوە بۆ کەسێک لە تەمەنی مامۆستا هاواردا ئەویش لە دوورەوڵاتی و دووربوون لە سەرچاوە ڕاستەوخۆکانی بزووتنەوەی سمکۆ، کارێکی هاسان نییە. من نووسینی کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی کە هەر دێڕ و پاراگرافێکی پشتی بە دەستاوێژێک بەستووە، بە کارێکی سەرکەوتوو دەزانم و بۆ ئەوەش پیرۆزبایی لە مامۆستا دەکەم. بەتایبەت ئاوڕدانەوەی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگەی ڕێزە و بەم کارە، ویستوویەتی گەنج ولاوی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەختەوەرانە ژمارەیان کەمیش نییە، لەو ڕاستییە بگەیێنێ کە ئەرک و کار کەم نین و نابێ پشت گوێ بخرێن.

ئەم یادداشتانە، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی کتێبی «سمکۆ...»یە و من هەوڵم داوە وەک خوێنەرێکی کورد کتێبەکە سەنگ و سووک بکەم و تارادەی گونجاو، بێ لایەنی خۆم بەنیسبەت نووسەر و بابەتەکە بپارێزم.

نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە ٦٧ سەرچاوەی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی سەرەتا ڕاپەڕینی سمکۆی خستۆتە چوارچێوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئێرانەوە و لەم پێوەندییەدا، سیاسەتی زلهێزەکانی سەردەم، واتە ڕووس و ئینگلیز و ئالمان، هەروەها عوسمانی و ئێرانی لەمەڕ کوردستانی شیکردۆتەوە و چاری ناچاری کوردی لە نێوان سیاسەتی دوژمنانەی هەموو ئەو لایەنانە خستۆتەڕوو.

لە فەسڵەکانی دواتردا، چۆتە سەرباسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و ڕاپەڕینە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی لە سەرەتای ئەمارەتە کوردییەکانەوە تا ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە هەردوو بەری سنووری تورک و ئێرانی بەتایبەت سێ بزووتنەوەی بەدرخان پاشا، شێخ عوبەیدیللا و عەبدولرەزاق بەدرخانی ـ وەک پێشینەی ڕاپەڕینی سمکۆ، خستۆتە بەرلێکۆڵینەوە و لەم بوارەدا، گرینگی داوە بە دیاردەیەکی تایبەت کە بریتی بێت لە هەڵگیرساندنی شۆڕش لە نێو خاکی ئێراندا و ئەم کارەی بە هەڵەیەکی گەورە داناوە. نووسەر دەڵێ کورد نە دەبوایە بە فیتی «بابی عالی» و بێگانان و درەنگتر بە هاندانی کەمالییەکان، هەلومەرجی لەبارتری عوسمانی بەجێ بێڵێ و بە لێکدانەوەیەکی ساکار وەک لاوازبوونی حکوومەتی ئێران، خۆ بخاتە نێوان دوو بەرداشی عوسمانی و ئێرانەوە و لە ژێر زەختی هاوکاریکردنی هەر دوو نەتەویستدا بپڵیشێتەوە (بەشی چوارەم و پێنجەم).

دوای ئەو سەرەتایانە و کورتەباسێکی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران(١٩٠٥-٧)، چۆتە سەر باسی عێلی شکاک و بنەماڵەی سمکۆ و پێشینەی پڕ دەغا و دەغەڵی حکوومەتی ئێرانی لە کوشتنی باوک و برای سمکۆ و هەوڵدانیان بۆ کوشتنی خۆی، بە ڕێخۆشکەری خەباتەکەی دادەنێ (بەشی حەوتەم)، ئینجا ڕوخسارێکی نوێمان لە سمکۆ بۆ دەنەخشێنێ کە جیاوازە لە ڕوخسارێک کە دوژمنانی کورد، لێیان ڕەسم کردووە. سمکۆی نووسەر، نە چەتەیەکی دڵڕەقی تاڵانکەر، بەڵکوو ڕۆشنبیرێکی نەتەوە پەروەرە کە یارمەتی عەبدولڕەزاق بەدرخان دەدات بۆ دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانەی شێوازی نوێ بۆ منداڵانی کورد، گرینگی بە ڕۆژنامە و چاپەمەنی دەدات، لەگەڵ ڕووس و ئینگلیز و ئێران و عوسمانیدا پێوەندی نامەگۆڕینەوەی هەیە، لە ماڵەکەیدا لە ناوچەیەکی دوور و قەڵایەکی بەرزی سەرچیا، پیانۆی داناوە و شتی دیکەی لەم چەشنە (بەشی نۆهەم).

بەشەکانی دەهەم ویازدەهەم، تەرخانی پێوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵ ڕووس، ئینگلیز، عوسمانی، تورکە کەمالییەکان، ئاسۆری و کوردی خوارووی کوردستان کراوە کە تێیدا بێ بەقایی ئینگلیزەکان و بێباوەڕبوونی سمکۆ بە بەڵێنەکانی ڕوون کردۆتەوە. ئینجا کوشتنی مارشیمۆن و دەرپەڕاندنی ئاسۆرییەکانی لە سەر خاکی باو و باپیرانیان، بە گەورەترین هەڵەی کورد لەو سەردەمە تایبەتە داناوە.

نووسەر، بە بێ سێ ودوو، یاخود پاکانەکردن بۆ کەسێک، خەتای ئەم هەنگاوە هەڵەیە دەداتە پاڵ سمکۆ و ساویلکە بوونی لەوەدا فریوی پیلانی ئێرانییەکانی خوارد و بەکارێک هەستا «لە زیان گەیاندن و ماڵکاولی هەردوولا [واتە کورد و ئاسۆری]بەولاوە، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو(ل ٣٦٧)... لاپەڕەیەکی ڕەشی ئەو سەردەمە بوو(هەمان شوێن)... دوور لە ڕەوشتی کورد و... پەڵەیەکی چڵکن بوو بە تەوێڵی سمکۆوە... هەڵەیەکی یەکجار گەورە بوو کە ئەنجامەکەی بو بە هۆی گەیاندنی زیانێکی گەورە بۆ خۆی و بزووتنەوەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی و بۆ کورد بە شێوەیەکی گشتی» (ل ٣٩٠).

بەشی دوازدە تا حەڤدە، تەرخانی مەسەلەی تێکچوونی سمکۆ لەگەڵ ئێرانییەکان و شەڕ و پێکدادانی سوپای کورد و ئێرانییەکان کراوە کە تێیدا ڕووداوی کوژرانی سمکۆ لە زمان چەند سەرچاوەی جیاوازەوە دەگێڕێتەوە و بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ (بەشی هەژدەهەم) کۆتایی بە

باسەکە دێنێت.

ئەوەی ڕاستی بێت، کتێبەکەی مامۆستا هاوار، دارماڵی زانیاریی و ڕاگەیاندنە لەمەڕ سمکۆ، بنەماڵەکەی و بزووتنەوەیەک کە ڕێبەرایەتی کرد. بێگومان، تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی کوردی(و غەیرە کوردی)بەدەستەوە نییە کە سەبارەت بە سمکۆ ئەو هەموو زانیارییەی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە. خاڵی گرینگ لە پێوەندیی کتێبەکەدا ئەوەیە نووسەر، کەڵکی لە هەموو سەرچاوەیەکی گونجاو وەرگرتووە و سڵی لەوە نەکردووەتەوە کتێبەکە«مەلیکزادە» واتە ئەو ئەفسەرە ئێرانییە نووسیبێتی کە فەرماندەی سەرباز و جەندرمە ئێرانییەکان بوو لە شەڕی مهاباد و دوای یەخسیربوون، لەلایەن سمکۆوە بەرەڵلاکرا، یا کاک «ئەحمەد شەریفی»کورد کە لە نامیلکەیەکدا، ئەوسووکایەتییەی بە سمکۆی دەکات هیچ عەجەم و نەتەویستێک پێی نەکردووە، یا «مخبرالسلطنەی هیدایەت»کە حاکمی ئازەربایجان بوو و هێزەکانی ئێرانی بە فەرمانی ئەو دەنێردرانە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ سمکۆدا.

سەرچاوە عەرەبییەکان و هەروەها بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا کتێبەکەیان دەوڵەمەندتر و جێگەی بڕوای زیاتر کردووە. لەوان زیاتر، وتووێژ لەگەڵ«سەفیە خان»ی کچی سمکۆ و کەڵک وەرگرتن لە یادداشتەچاپنەکراوەکانی شێخ ڕئووفی شێخ مەحموود و بیرەوەرییەکانی «کەریمی بارام بەگی» بایەخی زیاتریان بە کتێبەکە داوە. بارام بەگی کە خۆی سمکۆی لە شاخی «داشامەجید»ی مهاباد لە کاتی کوشتنی سەربازە بەدیل گیراوەکاندا بینیوە، یەک لەو کەسانەیە بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار کردووە و بڕیارە ئەم یادداشتانە لەلایەن ئێدیتۆرەکەی(واتە کاک عومەر فارووقی)یەوە بڵاوبێتەوە.

نووسەر، ڕوانینێکی ئیجابی بەنیسبەت سمکۆ و بزووتنەوەکەیەوە هەیە بەڵام هیچ کاتێ دەوری لایەنگرێکی چاوقووچاوی دەمارگیر نابینێ. ئەگەر زوڵم وزۆریی حکوومەتی ئێران وەک ڕیشەو زەمینەی ڕق وکینەی سمکۆ ناو دەبات، ئەگەر پیلانی دوژمنانی ئێرانی و تورک بۆ کەڵک وەرگرتن لە سمکۆ دەخاتەڕوو، ئەگەر دەوری سیاسەتی ڕووس و ئینگلیز لە پرۆسەی لاوازکردن و هەرەسهێنانی بزووتنەوەکەدا ئاشکرا دەکات، لە عەینی کاتدا، لایەنی بێهێزی بزووتنەوەکە و لە ژوور هەموانەوە، هەڵە و پەڵەی ڕێبەرایەتی و خوو و خدەی عەشیرەتی، کوشتنی مارشیمۆن و بەگژداچوونی ئاسۆرییەکان لە قاو دەدات و نایشارێتەوە.

لە پێوەندیی مەسەلەی کورد وئاسۆرییدا، نووسەر ئەو ئەرکە بەڕێوەدەبات کە پێشتر لە مەسەلەی پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەنیدا، د. کەمال مەزهەر بەڕێوەی بردووە و فەسڵی پێنجەمی کتێبەکەی خۆی(مێژوو)ی تەرخانی ڕوونکردنەوەی زەمینەکانی کێشە و نێوان ناخۆشی ئەو دوو گەلە و بەشداری کورد وسوارەی حەمیدییە لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا کردووە.

نووسەر لە زمان هەندێ سەرچاوەی وەک موستەفا پاشای یامولکی یەوە، مەسەلەی کوشتنی یەخسیرە ئێرانییەکان لە دوای شەڕی مهاباد هەڵدەسەنگێنێ و بۆ ئەو کارە هەڵەیە لە سمکۆ خۆش نابێت. سەبارەت بە پێوەندیی گرتنی بە ئینگلیز وتورکیشەوە لۆمەی دەکات کە بۆچی تووشی ساویلکەیی هاتووە و بڕوای بە بەڵێنی پووچی تورکە گەنجەکان و مستەفا کەماڵ هێناوە، بە درێژایی هەموو لاپەڕەکانیش سەرکۆنەی ئینگلیز دەکات بۆ ناوڕنەدانەوەیان لە سمکۆ و ئەم هەڵوێستە ناپاکە، بە هۆیەکی گەورەی هەرەسهێنانی بزووتنەوەکە دادەنێت.

لاوازیی سەرەکی بزووتنەوەکە، واتە خیسلەتی عەشیرەتی ڕێبەرایەتی و نەبوونی ڕێکخراوە و ئامادەنەبوونی پرۆگرام و بەرنامەش لەبەر چاوی نووسەر دوور نەکەوتۆتەوە، چەند جار گەڕاوەتەوە سەر ئەم کەم و کووڕییانە و تەرکیبی عەشیرەیی کۆمەڵگای ئەوددەمی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی شکاکان هەروەها دەوری گڵاوی سەرەک هۆزەکانی ناوچە ــ وەک عەمەرخانی شکاک و عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد(عەلیار)، عەلیخانی سەردار موکری و ئیقبال الدولەی سەرداری ماکۆی لەم پێوەندییەدا خستۆتە بەر تۆژینەوە.

بەگشتی، مامۆستا هاوار لە بەرهەمهێنانی کتێبەکە و بە دەستەوەدانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنی کەسایەتی سمکۆ و هۆگەلی سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی بزووتنەوەکەدا سەرکەوتووە و توانیویەتی کەلێنێکی گەورەلە بۆشایی ناو کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە. با کاری مامۆستا ببێتە نموونە و سەرمەشقی هەموو لایەکمان و بارودۆخی لەباری ژیانی ئورووپا بۆ کاری تۆژینەوەی زانستییانەی مێژوو و کەلەپوورمان بەکاربهێنین.

بە خوێندنەوەی وردی کتێبی «سمکۆ...»، جگە لە لایەنی بەهێزی نووسین و توێژینەوە، هێندێ لاوازیشی تێدا بەدیدەکرێ کە دەمەوێ لێرەدا ژمارەیەکیان دەستنیشان بکەم:

١) کەم و کووڕی سەرەکیی کتێبەکە، شێوەی داڕشتنیەتی. دووپات بوونەوەی چەندین و چەند جارەی بابەتەکان، خوێنەر تووشی ماندوویی و وەڕەزی دەکەن. نوسەر دوای ئەەی لە زمان سەرچاوەیەکەوە. ڕووداوێکمان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ دەگێڕێتەوە، دەچێتە سۆراغی سەرچاوەی دووهەم و هەمان ڕووداو، بە هەمان شێوە(و دیارە بە هێندێک جیاوازییەوە) دووپات دەکاتەوە. کارەکە، هێندێ جار بە دوو کەڕەت وسێ کەڕەت تەواو نابێ و وا هەیە بگاتە کەڕەتی حەوتەم وهەشتەمیش. داستانی کوژرانی جەعفەرئاغا و بۆمبا ناردنی عەجەم بۆ سمکۆ لە زمان«ابراهیم صفایی»یەوە ڕادەگەیێندرێ، ئینجا لە زمان د. جەمال نەبەز، ئیگلتن، برۆڤینسن، میر بەصری، مەسعوود بارزانی، کریس کۆچێرا، د. عەزیز شەمزینی، مستەفا پاشا یامولکی، نصرالله شیفتە، محۆیان، د. کەمال مەزهەر، وەلید حەمدی، ئەحمەد شەریفی، ئەحمەدی کاویان پوور، کەریمی حیسامی و صالح محەمەد امین ەوە(بە گشتی ١٧ سەرچاوە) دووپات دەبێتەوە. دیارە بۆچوونی ئەو کەسانە، هێندێ جار لەگەڵ یەک جیاوازن، بەڵام دەکرا بو نموونە داستانەکە کە لە زمان کەریمی حیسامی یا ئیگلتن یا کەسێکی دیکەوە ڕابگەیێندرێ ئینجا بۆچوونی جیاوازی سەرچاوەکانی دیکە بخرێتە بەرچاو و بەم شێوەیە، ڕشتەی ڕووداوەکان نەپچڕێ و خوێنەریش تووشی سەرلێ شێواوی ووەڕەزی نەبێت. ئەم شێوە داڕشتنە، لە کارەکەی پێشووی مامۆستا هاوار:«شێخ مەحموودی قارەمان»یشدا ڕەچاوکراوە و بە بڕوای من گەورەترین لاوازیی کاری نووسەرە. نموونە بێنمەوە: لە لاپەڕە ٤٦٦دا، باسی"شۆڕشەکانی دیکەی سمکۆ دوای شەڕی مهاباد" دەکرێ وعینوانی فەسڵەکەش هەر ئەوە دەگەیێنێ بەڵام لە زمان هێندێ سەرچاوەوە، دیسان دەگەڕێتەوە سەر باسی سەرەتاکانی ڕاپەڕینی سمکۆ و سەرلەنوێ باسی کوژرانی جەعفەرئاغای برای دەکات وئەم کارە لە لاپەڕەکانی دواتریشدا(٤٩٧، ٥٠٦، ٥١١، ٥١٨و٥٢٣) دووپات دەبێتەوە.

٢) کەم وکورتی دیکەی کارەکە، زمانی نوسینەکەیەتی. لە کوردیدا، زمانی فصحە و شەعبی یا ڕەسمی وغەیری ڕەسمی لێک جیا نەکراوەتەوە و سنووری ڕوونیان بۆ دانەندراوە، لە کاتێکدا زمانە پێشکەوتووەکانی ئورووپایی ئەم سنوورەیان بە باشی دیاری کردووە.

زمانی گێڕانەوەی داستان و ڕووداو، گەلێ لە زمانی باسێکی جیددی سیاسی و مێژوویی جیاوازە. یەکەمیان خۆمانە و لە دڵ نزیک و پڕ لە

مەتەڵ و قسەی نەستەق و شێعرە، بەڵام دووهەمیان گۆچان قووت داو و ڕەق و ڕەسمییە. زمانی ڕەسمی یا فصحە لە کوردیدا پێشینەی ئەگەر هەبێت، زۆر کەمە و هێشتا نەعەملاو و ناتەواوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بێ نموونە نییە و پەخشانی د. کەمال مەزهەر و مامۆستا مەسعوود محەمەد و هاشم کۆچانی، ئەو سنوورەیان تاڕادەیەک پاراستووە لە کاتێکدا، نووسینی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، هەژاری ئەمر، و مامۆستا هاوار نامێتەیەکن لەو دوو زمانە و بەتایبەت زمانی نووسینی مێژوو لای مامۆستا هاوار بە تەواوەتی غەیری ڕەسمی واتە شەعبییە.

٣) کەم و کورتی دیکەی کاری نووسەر، شارەزا نەبوونیەتی لە ناوی کەسایەتییە ئێرانییەکان و هەروەها ناوی شوێنە جوغرافیاییەکانی ئێران. نووسەر لە زمان سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکانی بەردەستییەوە، گەلێک لەو ناوانەی بە هەڵە نووسیوەتەوە و تەنانەت هێندێ هەڵەی زەقی سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکانی ئێران کردووە و بە بڕوای من، ئەگەر کتێبەکە پێش بڵاوبوونەوە، بە یەکدوو کوردی شارەزا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدرایە، زۆربەی زۆری ئەم ناتەواوییانە چارەسەردەکران. وا من لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو هەڵە و خەتایانە دەست نیشان دەکەم:

ـ شێوە زمانی «ابستاق» دەبێ زمانی ئاڤێستایی بێت و «شێوەی زەندی کۆن» دەبێ تەرجەمەی ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی بێت(ل ٦٨).

ـ «دینخورگان» هەڵەیە و دەبێ «دیهخوارقان» بێت کە ناوی کۆنی شاری (آذرشهر)ی ئێستایە لە نزیک تەورێز(ل ٣١).

ـ «ئەخمینیەکان، ئەسکەندەری مەکدونی و دووبارە ئەخمینیەکان» هەڵەیە و دوای هێرشی ئەسکەندەر، ئیتر ئەخمینی(واتە هەخامەنشییەکان) نەهاتنەوە سەر حوکم(ل ٣٣).

ـ زەرزە، ماکوڕ، سۆمی وسیبران کە لە زمان وەلید حەمدی العظمی یەوە نووسراون هەڵەن و دەبێ زەرزا، ماکۆ، سۆما، و شپیران بن(٣٨و٣٩).

ـ عەشیرەتی قەرەپاپاغ بە کورد داندراوەو ئەوەش هەڵەیە(هەمان لاپەڕە).

ـ مەسەلەی تورک و ئازەری لە هێندێ لاپەڕەی کتێبەکەدا(بۆنموونە:٧٩و١١٨) بەهەڵە ڕاگەیێندراوە. ئازەربایجانییەکان بەڕەگەز ئێرانین نە تورک، بەڵام زمانەکەیان لە پرۆسێسێکی دوور ودرێژی مێژوویی دوای سەلجووقییەکاندا، لەو زمانەوە کە ئێستا بە ئازەری کۆن، دەناسرێ (و یەکێک بووە لە زمانە ئێرانییەکان و گەلێک نزیکایەتی لەگەڵ کوردیدا هەبووە) گۆڕاوە و بووەتە تورکی ئازەربایجانی.

ـ هیچ نیشانەیەک بە دەستەوە نییە کە هێزی شێخ عوبەیدیللا، ناوچەی موکریانی تێپەڕ کردبێت و گەیشتبێتە ئەردەڵان لە کاتێکدا نووسەر هەواڵی ئەم گەیشتنەمان لە لاپەڕەی ١١٨ دەداتێ.

ـ لە لاپەڕە ١٢٤دا باسێک لە مەڕ میرزا سەعیدخانی وەزیر و میرزا موحسین خانی باڵوێزی ئێران لە ئەستەموڵ کراوە، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی ڕاگەیێندرێ.

ـ شاهین قەڵا و شاهین دژ، بە دوو شوێنی جیاواز داندراون لە کاتێکدا هەر یەکن، ئەوەی وا کوردی موکریان بە«سایین قەڵا»ی ناو دەبەن، پێش ڕەزاشا، لە سەرچاوە ڕەسمییەکاندا بە«صائین قەلعە»ناودەبرا و پاشان بوو بە شاهین دژ. ئەم شارە مەرکەزی هەوشار و ناوەندی هۆزی «چواردۆلی»یە و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری بۆکانەوە(٥١٦).

ـ لە زمان «خەلفین»ەوە باسی هۆزی «دەشت»دەکات(ل ١٢٦) و دەڵێ دەشت دەبێ شاری سەردەشت بێت. لە کاتێکدا دەشت هیچ کارێکی بە




* شوێنی پێکدادانی سوپای سمکۆ و ئێرانییەکان

سەر سەردەشتەوە نەداوە و بریتییە لە گوندێک لە نێوان تەرگەوەڕ ومەرگەوەڕ و «دەشتەبێڵ»یش ناوچەیەکە لە باکووری شنۆ وباشووری ورمێ. (حەسۆ بەگ) و(بەدری بەگ)یش سەرەک هۆزی ئەو ناوچەیە بوون نەک سەردەشت. ئەوە شکاکەکانن ناوی حەسەن دەکەنە «حەسۆ» نە سەردەشتییەکان.

ـ هەر لە زمان «خەلفین»ەوە دەڵێ عەزیزخان فەرمانداری سەردەشت بووە و سەیفەدین خان «سەرۆکی کاروباری حکوومەت لەو ناوچانە» (ل١٢٧). لە ڕاستیدا عەزیز خان هەمان «سەرداری کولل»ی سەردەمی ناسرەدین شایە کە دوای لابران لە سەر ئیش و کاری دەوڵەتی، نێردرایەوە سەردەشت و حکوومەتی ئەوێی پێدرا. سەیفەدین خان کوڕی عەزیزخان بوو و تەنیا دوای مردنی باوکی، کاروباری حکوومەت لە موکریانی بە دەستەوە گرت و بە ناوی (سەردار موکری)یەوە ناسرا. حەمەحوسێن خان کوڕی سەفەدین خان و عەلی خان کوری حەمەحوسێن خانیش هەر(سەردار)ی ناوچەی موکریان بوون. بە کورتی، حکوومەتی عەزیزخان و سەیفەدین خان هاوکات نەبووە.

ـ «مێژووی هەژدەساڵەی ئازەربایجان»بە کتێبی عەلی ئازەری ناوبراوە(ل٦٧٩) لە کاتێکدا هەڵەیە و «ئەحمەدی کەسرەوی»نووسیویەتی.

ـ لە زمان کاپیتەن «کلیتۆن»ەوە باسی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی(١٨٨٠) دەکات کە دەڵێ «... هەردوو بەشەکەی کوردستان» وئینجا قسەکانی کلیتۆن ڕاست دەکاتەوە و دەڵێ «لە ڕاستیدا ... هەر سێ بەشەکەی کوردستان». دیارە ئەگەر نیازی نووسەر خوارووی کوردستان بێت کە دواتر لە سەدەی بیستەمدا خرایە سەر عێراق، ئەو باسە بۆ ساڵی ١٨٨٠ هەڵەیە(١١٧).

ـ ڕووباری (تاتاو) هەڵەیە و دەبێ «تەتەهوو»بێت.

٤) دوو نامەی موفەتتیشی ئیدارەی بریتانیا لە بەغدا و صالح بەگی ساحەبقران بۆ سەید طە شەمزینی لە لاپەڕە ٥٩٨ تا ٦٠١دا کۆپی کراون کە خوێندنەوەیان هاسان نییە و باش وابوو بە شێوەی ئەمڕۆییش بنووسرابانەوە تا خوێنەر توانیبای کەڵکی لێوەرگرتبێ. ئەم بۆچوونە لەمەڕ

نامەیەکی دیکەش ڕاستە کە لە لاپەڕە ٨-٣١٧دا بڵاوبووتەوە. نووسەر، ئەم نامەیەی لە صفیەخانی کچی سمکۆ وەرگرتووە و بە نامەی «ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا بۆ سەید طە»ی داناوە. هۆی ئەو بۆچوونەش نووسرانی نامەیەکە لە سەر کاغەزی ڕەسمی حاکمی گشتی بریتانیا لە بەغدا، بەڵام بە بڕوای من ئەم بۆچوونە هەڵەیە و نامەکە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن ویلسنەوە نەنووسراوە. بۆچی؟

ـ یەکەم، گەلێک دۆستانە و برادەرانە نووسراوە و شێوەی موعامەلە کردنی ویلسن لەگەڵ کورددا وا نەبووە.

ـ دووهەم، نووسەر لە ناوەڕاستی ڕاپەڕەی دووهەمدا دەڵێ:«من لە ڕەواندز و جەنابی حاکمی گشتی لە بەغدا...» کە دەردەکەوێ نووسەری نامەکە، جیاوازە لە حاکمی گشتی و چەشنە پێوەندییەکیشی بە شاری ڕەواندزەوە هەیە.

ـ سێهەم، لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە: «دەترسم تا ماوەیەک نەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ڕواندز...» کە ئەویش وا دەگەیێنێ نووسەرەکەی ڕاوێژکارێکی سیاسی بریتانیا بووبێت لە ڕەواندز.

ـ چوارەم، لە دوا دێڕەکانیدا، دیسان دووپاتی جیاوازبوونی خۆی لە ویلسن دەکات و دەڵێ:«من لە بەغدا و جەنابی کۆلۆنێل ویلسن، نامەمان بۆ حکوومەت[ی بریتانیا] نووسیوە...» بەم پێیە نووسەر دەبێ حاکم یا ڕاوێژکاری سیاسی بریتانیا لە ڕەواندز بووبێت و لە کاتی نووسینی نامەکەدا، بە سەفەر چووبێت بۆ بەغدا. نامەنووسینی کەسێکی ئەوتۆ لە سەر کاغەزی ئیدارەی حاکمی گشتی بریتانیاش شتێکی ئاساییە و ئەویش وەک هەموو کاربەدەستێکی تر، بۆی هەبووە لە سەر کاغەزی ڕەسمی ئیدارەی ناوەندی، نامە بۆ کەسێک بنووسێ بەتایبەت کاتێ کارەکە پێوەندی بە ئەرک و وەزیفەی ئیدارییەوە هەبوبێت. بە بڕوای من ئەگەر مامۆستا نامەکەی بە یارمەتی کەسێکی شارەزای زمانی فارسی ساغ کردبایەوە، ئەو هەڵەیە ڕووی نەدەدا.

٥) ناتەواوییەکی کاری دیکەی نووسەر ئەوەیە خەریتە(نەخشە)یەکی بۆ ناوچەی دەسەڵاتدارێتی سمکۆ و شوێنی شەڕ و پێکداهەڵپڕژان لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی پێکنەهێناوە و خوێنەری بە ناوچە ناشارەزا، کە نازانێ چەهریق(چاری) لە کوێ هەڵکەوتووە، هێزە دەوڵەتییەکان کە بنکەیان لە شەرەفخانە دا بوو چەندە لێی دووربوون و شەڕی شەکەریازی و تەسووج لە کام ناوچە ڕووی داوە، بەندەری گولمانخانە کەوتووەتە کوێ و گەلێ پرسیاری دیکەی لەم چەشنە. من وا بە شێوەیەکی سەر پێیی نەخشەیەکی ناوچەکەم پێکهێنا کە هیوادارم بتوانێ یارمەتی خوێنەری کتێبەکە بدات(بڕوانە: ل٥٧).

٦) کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لە هێندێ نیشانەی ستانداردی نێونەتەوەیی بۆ نووسین وەک کەوانە(...)کاری تێگەیشتن لە دەقی کتێبەکەی تووشی هێندێ تەنگ وچەڵەمە کردووە. زۆرێک لەو وشە و ڕستەی کتێبەکە، وا کەوتوونەتە نێو کەوانەوە، دەبوو بخرێنە نێو تەلبەند[...] یاخود دوو کەوانۆکەوە «...». نەک هەر مامۆستا هاوار، بە گشتی هەموو نووسەرانی کوردستانی خواروو تووشی ئەو هەڵەیە دێن کە بە ڕواڵەت دەبێ چاولێکەرییەکی زمانی عەرەبی بێت. بە گوێرەی زانیاریی من هیچ نەتەوەیەکی دیکە ـ جگە لە عەرەب ئەم کارە ناکات و شوێنی دووکەوانۆکە و تەلبەند لە گەڵ کەوانە ناگۆڕێتەوە. بۆ نموونە سەیرێکی پاراگرافی دووهەم لە لاپەڕە ٤٧٢ی کتێبەکە بکەین. مامۆستا دەنووسێ:

«تاقمەکەی سمکۆ گەیشتە(گولمانخانە) و هەر شتێک لە ناو عەمارەکانی ئەوێدا بوو، هەموویان گواستەوە بۆ چهریق(چاری). بێجگە لەوە تاقمێکی تری کورد ڕوویان کردەشار(مەبەستی ورمێ بووە)بۆ ئابلۆقەی شارەکە...» (ل٤٧٢). وەک دەبینین لە سێ شوێندا، کەڵک لە کەوانە وەرگیراوە لە کاتێکدا پێویست بوو یەکەمیان واتە «گولمانخانە» بخرێتە ناو دووکەوانۆکەوە، دووهەمیان لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە واتە وشەی«چاری» لە ناو کەوانەدا بێت و سێهەمیان واتە عیبارەتی(مەبەستی ورمێ بووە) بکەوێتە ناو تەلبەندەوە[...]. بە بڕوای من برادەرانی نووسەری کوردستانی خواروو کە لە ئورووپا دەژین و چاویان بە ڕۆژنامە وکتێبی ئێرە دەکەوێ دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست کەنەوە بەتایبەت کە کوردی تورکیا و ئێرانیش بە شێوازی ئەوان ئاشنا نین و لێی تێناگەن.

٧) نەبوونی پێڕستی ناوی کەسان و شوێنەکان لە کۆتایی کتێبێکی پڕ لاپەڕەی وەک«سمکۆ...»دا، ناتەواوییەکی گەورەیە و من ئەوە بە هەڵەی «ناشر»دادەنێم تا نووسەر. وا هەیە ئەم کارە بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی کتێبەکە یا بەرگری لە زیادبوونی نرخەکەی کرابێ بەڵام بۆ هەر ئامانجێک بووبێت، ئەم کارە، بەرێوجێ نییە و پێویست بوو ناوی شوێن و کەسەکان و ژمارەی لاپەڕەی پێوەندیداریان لە کۆتایی کتێبەکە بنووسرابا.

٨) موشکیلەیەکی دیکەش هەیە کە هەر دەگەڕێتەوە بۆ ناشر، ئەویش هەڵەی زۆری چاپییە بە شێوەیەک کە من شوێنی زۆریانم هەڵگرتووە و نازانم نووسرانی بە هەڵەی ناوەکان خەتای نووسەرن یا لە چاپدا هەڵە کراون، ئەوەش بۆ کتێبێک کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئورووپا دەردەچێت جێگەی چاوپۆشی نییە.

لە کۆتاییدا، وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئەرکی خۆمی دەزانم سپاسی مامۆستا محمد رسول هاوار بکەم بۆ ئاوڕدانەوەی لە قارەمانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ بخوازم بۆ پڕۆژەی نووسینی کتێبە تازەکەی لە مەڕ «بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە باکووری کوردستان». ■

### ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپی (گزینگ، ١٣، ل ١٥ تا ٢٥)

| لاپەڕە، کۆڵەکە، دێڕ | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|
| ١٥، ک١، د ١٧ | لێکدراوەتەوە | لێکدراوەتەوە. |
| ١٥، ک١، د١٨ | لێکۆڵەرەوەی | لێکۆڵەرەوەی وڵاتە |
| ١٥، ک١، د٢٧ | «لێهاتووی ئێران» | «لێهاتووی» ئێران |
| ١٧، ک١، د ٤٠ | وڵاتدا | دەوڵەتدا |
| ١٩، ک١، د٥ | movment | movement |
| ١٩، ک١، د ٣٥ | ئە دوو وڵاتە | ئەو دوو وڵاتە |
| ١٩، ک١، د ٣٢ | عەملیات خافڵێنەر | عەملیاتی خافڵێنەرە |
| ٢٠، ک١، د ١٥ | سەروەزیری | سەروەزیر |
| ٢٠، ک١، د ٢٢ | ١) بەشەکانی | «١) بەشەکانی |
| ٢٠، ک١، د ٢٧ | پێپنیار | پێشنیار |
| ٢١، ک١، د ٣٥ | ١٦ی | ١٦ |
| ٢١، ک٢، د ١٨ | الاسلطنە | السلطنە |
| ٢٢، ک١، د ٤ | ئەرزێنی | ئەرزێنێ |
| ٢٣، ک١، د ١٧ | نووسیبووی: | نووسیبووی |
| ٢٣، ک١، د ٤٠ | لەسلاو پراندبوو | لەکلاو پەڕاندبوو |
| ٢٤، ک١، د ١٣ | خەبات)و باری | خەبات)باشەو باری |
| ٢٥، ک١، د ٢٤ | International" | International", |
| ٢٥، ک١، د ٢٦ | Massachustte | Massachusette |
| ٢٥، ک١، د ٤٢ | ١٣٧٢ص١٣٥. | ١٣٧٢،ص١٣٥. |
| ٢٥، ک١، د ٤٦ | سوئد ١٩٨٥ | سوئد، ١٩٨٥ |
| ٢٥، ک٢، د ١٢ | States | States. |

# گومان و مەملەکەتی سێو

حەمە شوان شەریف

لە سایەی مردنی«با»وە
ژووریَ گەلاَ دەبنە کێل و
دەبنە ئاسمانێکی داخراوی بێ پێکەنین،
ئەستێرەی پەنجەکانی ئەم بایەی من
مل دەسوون،
لە چەقۆی گیرفانی گومان!
دارستانی چاوەکانی غەریبیم دوو دارلقی شکاون،
دوو بەردی سووری ژێر لمین.
لە ولاَتێکەوە... دەنگم بولبولی قەفەزی ژوورێکە و
بەستەڵەک هەناسەی بەستووم!
کاتژمێری دڵم دوو خولەکی لاداوە لە بارانی تەمەن،
تافگەی شەپۆلی نیگەرانیم
لە نێو باوەشی هەورا ڕێ دەکات.
لە مەملەکەتی هەورا...،
چەند ڕووبارێ، چەند جۆگەلەی ئاوی چاوی ولاَتێ
گوڵ ئاودەدەن، تا ڕەنگی ڕەنگ بن.
نا ببوورە... ڕەنگی ڕەنگ و ڕەنگی ڕەنگ!
تابووتێکی ئەوسن بوون
لە مەملەکەتی هەورا.
لە هەورەوە ترس و لە منەوە کەناری قووڵ.
نا ببوورن... لە منەوە گوڵەگەنمی چاوەڕوانی! تا لە
ئەستێرەی بەفرا گوڵ دەڕوێ،
لە (بارەکیا)وە تا دوا دێ،
خۆر لە دیوەخانی لێڵبووندا دانیشتووە و
پێکەنین لە دووکانی مردن دا
شیرینی بە منالاَن دەفرۆشێ!
مۆم لە نێو سەری تاریکیدا دادەگیرسێ و
گوڵ لە نێو مشتی باران دا دەڕوێ،
ئێوە خەوتووی ژێربالَی هۆبەن،
چاوتان ناکەنەوە تا ببیدەنە هەتاوی ئەم سەرمایە،
ڕۆحتان نادەنە بەر سێبەر و
دەستتان ناکەنە کلێتەی هەتاوی هەتاو
تا لە گەرمای بێدەنگیدا
وەک گوڵی ژوورەکەم تا جێمهێلاَ بێ هەناسە دەمرن،
دەستم لە برینی ئەو ولاَتە هەڵناگرم
بە خوێن دەڕشێمەوە،
تا گۆڕی هاوڕێکانم دەدۆزمەوە.
پرسەی هەڵپەڕین لە شادی گریان
دەکەمە گوڵی دەستی مەم و
لە گۆڕی زینا دەینێژم
دارستانی تفەنگ لە نێو ڕووبارێکی قووڵا
دەشارمەوە،
تا ئەهەنگ لە زمانی نهێنی ماسیم
نەکات.
گوڵ لە سەر دەریا دەڕوێنم،
لق و پۆپی گوڵ ناشکێ
بە ڕەهێڵە و تەرزە... ئەگەر گوڵ بێ!
«با» هەر تۆ ئاگات لێی بێ!
کچە نێرگز بە ئاشکرا گولاَڵەی ڕەش
ماچ دەکات
کەچی دەشت وەک تۆ توانج ئاگرێ وناچێ
بۆ شاخی بگێڕێتەوە...،
ئەڤین دڵی بە بارانەوەیە
منیش لە بای هاوڕێم
«با» هەر تۆ ئاگات لێی بێ!
ئەمرێ... و... بمرێ گولاَڵەی ڕەنگ.
سنووری شوێن پێکانی
بە دەست دەسڕێ تا وێنەی ڕەنگ
لە سەر پشتی بەرد و دەریا نخرۆ بکات!
نووح هەر نخرۆ نەبوو!

لێت تێناگەم...
دەم دەم تەمەن دەدەیتە بەر گڕ و
دەم دەم تەمەن دەدەیتە بەر باران!
چیمەنی گومانی سەرتان
بۆنی سێوو دەدات،
بیرتان دەخەمەوە،
منالاَنی هەڵەبجە سێو و سێنان
قەراخی برین... باوکتان
هەر بەو بۆنی سێوە نەمرد!
چۆن بوونەوە بە قوربانی دارستانی
سێوتان؟!
هەگبەی شانم نامەتان بوو
وەک ئاوێنەی ئەستێرەیەک
دام بە بەردی ناوچەیەکی ئەو خەرەندەی
ئەیوب سەبر تیایدا ناکاو خۆی دەکوژێ،
دەستتان مەخەنە ژێر چەنە!
مێژووی سنوورتانم بە بەفر نووسیوە،
قورئان ڕێ نادات بۆ بارانی بخوێنمەوە.
چرام داوە لە پێچ لق و بە زمانی ئێوە
لە سەر گڕم نووسیوە،
هەتاوی ژێر دەریا نامرێ،
تاریکی ڕێم پێنادات بۆ هەتاوی بنووسمەوە
بەڵگەنامەم پێ یە، بە برووسکەی هەورا
بۆتانی دەنێرم.
تا لەوێندەر...
شەپۆل گۆڕ بۆ کەنار لێدا
تاڤگەش بۆ تەم.
نامەی بەخێرهاتنم
بە با دا ناردووە
بۆ ئاو... بۆ خۆر
بۆ باران... بۆ تاریکی،
گوایە دەڵێن...
چوار شاخ لە ئەندامانی گۆڕ
لە سنوورا تابووت دروست دەکەن
بە منالاَنیشم وتووە بە ڕووتی
لە بەر باراندا
سەمای زۆربا بگێڕن
بە گریانەوە خۆڵ بکەنە خۆڵستان
تا شاخ دادەپۆشرێ، ئەودەمە،
بە چرکەیەک..
بۆنی گومان و مەملەکەتی سێوو دەمرێ،
بە چرکەیەک..
بۆنی گومان و مەملەکەتی سێوو دەمرێ.

پاییزی ١٩٩٦

****

بارەک: لادێیەکی نزیک ڕواندوزە
خەرەند: دۆڵێکی گەورەی ناوچەی ڕواندوزە

## خەونەکانی حەقیقەت

**پشکۆ نەجمەددین**

وەردەدەن پەنجەی حەز لە بسکی کەسکی بەستێن
شەپۆلانی تینوو
خۆدەشۆن لە تاڤگەی زێوینی مانگدا
ماسییانی ئاشق
دەئاژۆن ئەستێرانی ماندوو
بەچاوی رەشی ئاسماندا گالیسکەی تیشک.
دەچڕێ سترانی تەنیایی بەهەناسەی سەفەری ـ با ـ
ژیان لەسەر کەوشەنی بوون.
تەنیایی: جەستەیەکە بێکۆتایی
هەموو مەوداکان دەپسێنێ.
تەنیایی: زەمەنێکی هەزاررەهەند
لەودیو ڕەهەندی پەیڤەوە
لەپشت سنووری ماناوە... تەنیایی!

دوا چرپەی ماڵئاوایی
بەگوێی هەوردا دەچرپێنێ باران
وە کوانووی ماچێکی ئاگرین لەسەر جەستەی
تەزیوی رووبار پێدەکات!
رەگ لە ریشەی زەمین دەکاتەوە رووبار
وە تاوڵی غوربەت لەهەواری دڵی زەریادا هەڵدەدات.
کێ لەخەمی سەفەری باران دەگات و
خەونە وەنەوشەییەکانی شەوانی غوربەتیی شەتاوەکان راڤە دەکات؟!

هەڵدێم بەڕاکردن بەسۆمای تۆزاویی هەتاودا
وە لەژێر سەیوانی پرچی خەنەیی و ئاڵۆزکاوی زەردەپەڕدا دەڕازێم.
تاپۆی نەبینراوی تێهزرینی خەونە ئەم جەستەی بزێوی سەفەرە
نە رەنگی مەییوی خوێنی دێوجامەی فەلسەفەکان.
زایەڵەی زەنگی کاروانی بێرەهەندی خەیاڵە ئەم سەدای ئارامبەخشی ناخە
نە ریتمی مارشی درووشم و بڵاچەی شمشێری خوداکان.
بەگردی خۆڵەمێشیی گۆڕستانی زیندوواندا
هەڵدەگەڕێن بە بەرمیلی بەتاڵەوە باجگرانی هەناسە و خوێن
وە ئاوێنەی شکاوی هەنیسکەکان و
باڵای دووکەرتبووی فرمێسکەکان و
مەمکۆڵەی کچۆڵانی تازەپیاکەوتوو
لە ئارەزووی ژەنگاویی پیاوێتیی خۆیان دەپەستێون و
بەکۆڵانی پێچاوپێچی مێژوودا پیاسەدەکەن!

تەرمی گرۆیی ئەم مێژووە سۆزانییە
لەژێر تەختی سۆزانییەکی مێژوودا سەنگەسار دەکەم
هەتا {کۆلۆمبس} ەکان، بۆ کشوفاتی نهێنیی کیشوەری شەڕی براکان
سەر بەکۆشیدا نەکەن و
گەڵای کەسکی درەختی خەونەکانمان نەخەزێن.

خەونەکان!
ئەی خەونە چەسپیوە بەزەبری فرمێسکی سۆز و
گورزی غوربەت نەبزوواوەکان!
ئێوە کە رنووی بەفری زەمان داتان ناپۆشێت و
کڵاوی رەشی تاراوگە و مێزەری گومان و پرس لەسەر نانێن!
ئێوە کە لە میحرابی چ ئەشقێکدا
بزە بەگریان و ژیان بەمەرگ ناگۆڕنەوە
ئێوە... نە تاوێک جێمدەهێڵن و نەساتێکیش
دەبمە فریشتەی ئامێزتان...
ئێوە کە هەمیشە لەوسەری تونێلی بەهەشتێکی چڵکنەوە داگیرساون
ئێوە... ئەی خەونەکانی حەقیقەت!... تەنیا ئێوە، ئێوە ڕەهان!

٩٦-٧-١٩

◆◆◆

## گۆڤاری کۆچ

**لاوژۆ ڕواندزی**

چ بەهارێکی نەزۆکە
باران کوڵمی
دەریای بێداری تەڕدەکا ،
چ ڕازێکی لەزەت تاڵە
بنار
پۆستاڵ بۆ یادگار بدا بە شار.
دە ڕامێنە لە فرمێسکی
ئەم دێرینە ،
ئەمە خەونە مێژووی
باڵکراوی کام سەدەیە
بۆنی کام خەبات و
بەرهەمی کام ئەشکەنجەیە.
لەم دوورگەیە
چنگێ مێژووی ئەفسووس
ئامێزدەدا
بە پای تەختی دووکەڵ!
چیایەک خەم
لە سەر پێڵووی کەنار ئەبرۆی
وڵاتەکەم هەڵکورماوە.
شەقامەکان چاو دەگێڕن
ناونیشانی گۆڤاری کۆچ بخوێنەوە
درەختەکان جەستەی ئاڵیان
داوەتە دەست دریای خوێن و
چەقۆ ژان و
ئازار تامە...،
دیوارەکان شوێن هەڵگری
فیشەکدانی ئەو دەستانەن
نای لە بێ ئابڕوویی ئەم چەرخە
چەپکێ گوڵیان
داوەتە دەست گوللە...و...
تا دیرۆکی ئەم دیوانە
بنەخشێنێ!
ئەوەی کە هەن هەموو شەوێ
ئا ، لە مەزاتخانەی
ئەم دیوانە چیرۆکێکی
پڕ لە ئەشک
لاشە بە برین
بۆ مناڵانمان دەنووسنەوە...

١٩٩٦/٨/٣٠

◆◆◆

## کێها ڕێگە؟

**هێدی**

«ئەسپێک بە چل ساڵ فێرە غار کرابێ، بۆ مەیدانی قیامەتێ باشە!»

ـ پەندی پێشینیان ـ

بۆ پێتوایە لە پێ کەوتووم
لە سەر چەقی ڕێگەی ئامانج
ڕێبوارێکی مات و نووستووم؟!

لۆمەی «پێڵاو»ی من مەکە!
خۆشت لە مەنداوان مەدە!

ئەو پێڵاوانەی دامکەندوون
بۆمن بوونە کۆڵێک ئەزموون:
ئەسپی مە فێرە غار نەبوو!
چاوساغی مە زلکوێر دەرچوو!
هەر دەگلێین و نابینە سوار!
ئەمامێن و نابینە دار!

با ئەو ڕێگایە بگۆڕین
لە نیشتمان دەریکردین!
با ئەو ڕێناسە بگۆڕین
بەرەو ئاشبەتاڵی بردین!

ئەتۆ ڕێبواری ڕێی دووری؟
ئەتۆ هیوای، بەرەو نووری؟
ئەوە ڕێگا و ئەوەش ئەزموون
مەچۆ بەرەو بازی ونبوون!

هەر بە «شیر» بۆت ناچێتە سەر
ئەوجار ڕێگەی «بیر» بگرە بەر

١٩٩٦/٨/٩

## تاسە

ئامێزی لە دار و بەردی
ئەم وڵاتە دەکەم.
نیشتمانم کرابێ بە جەهەننەمیش
تاسەی دەکەم.

با نامەت بێ و
بەرامەی نیشتمانم بۆ بێنێ!
با تەلەفۆن زەنگ لێبدا و
بە بیستنی زمانی زگماکم
بژێمەوە!

مەهێڵە لەو بەهەشتە بەرینەدا بژاکێم،
دەرکەی جەهەننەمێم لێبکەوە!

زستانی ١٩٩٦

## شەکر

**حەمە سەعید حەسەن**

لەو ساوە
بە ئاوی ڕەوانی کانیاوی ژیانی
زاری تۆ
لێوانم تەڕ بووە،
لەو ساوە
لە شانەی هەنگوینی دەمی تۆم خواردووە،
لەو ساوە
نۆبەرەی ماچی تۆم کردووە،
من شەکر ناکەمە چا ـ وە.
لەوساوە.

١٩٩٦/٩/٢٩

## دانپیانان

تیرۆژی ئەوینت
بە جۆرێ بووغی سمیوە،
من لەسەر سپێنەی چاوانم
ناوی تۆم بە دەرزی نووسیوە.
شارەزای کۆمەڵێ زمانم
کەچی ئەو کاتانەی دەمەوێ
نهێنی دەروونم دەربڕم،
وشەیێ نازانم.
ئاشیلم یەکەمین دیمانە
پاژنەمت پێکاوە،
شەکەتم تینوومە چواردەورم سەرابە
ئامێزت کانیاوە.
ئەگەرچی پێکەوە نەژیاوین
دەنگێکی یەزدانی پێمدەڵێ:
بۆ یەکدی خوڵقاوین.

١٩٩٦/٩/٩

## پێشنیار

ساڵانێ بوو
خاوەنی دوو خووی دزێو بووم:
بادەنووشی و سیگارکێشان،
ئێستا هێندەی زەوی و ئاسمان
دوورم لێیان.
ساڵانێکە خاوەنی دوو خووی پۆخڵێ:
خۆفرۆشی و براکوژی،
من دەڵێم پیر بووی تۆبە کە
دەنا بەو دوو پەڵەیەوە
دەچیتە بەر قاپی یەزدان،
دەنا هەواری دواڕۆژت
سەرەنوێڵکی دیرۆکە وەک:
موشیری حەمەی سلێمان.

١٩٩٦/٩/١٨



# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ رەشید فەیزنەژاد دا لە ڤێستەرۆس

## وێنە و تێکست: گۆشان سەرکۆ

**گۆرانیبێژ رەشید فەیزنەژاد**

☐ ناو: ناوی راستیێ خۆم «رەشید فەیزنەژاد »ـە، بەڵام لە باشووری کوردستان بە « رەشیدی فەیزی نەژاد » ناسراوم.

☐ شوێنی لە دایک بوون: گوندی«عەرەب ئۆغڵوو »ی نزیک شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان .

☐ شوێنی ژیان: شاری «هێلسینگفۆش» پایتەختی ولاتی فینلەندا.

☐ ماوەی ژیان لە هەندەران: پێنج ساڵ.

☐ تەمەن : نهێنییە ، نامەوێت بیدرکێنم ، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە لە ساڵەکانی پەنجاکاندا چاوم بە دنیاهەڵێناوە.

☐ خێزان: خۆزگە ئەوەش نهێنی بوایە، من سێ ژنم هێناوە ، لەگەڵ ژنێ یەکەم و دووەمدا ماوەیەکی کورت بەیەکەوە ژیاوین، لە یەکێکیان کوڕێکم هەیە ناوی «شۆڕش »ە و تەمەنی حەڤدە ساڵە و لەگەڵ دایکیدا لە کوردستان دەژێ. ئێستا لەگەڵ هاوسەری سێهەمدا لە هەندەران لە ولاتی فینلەند بەیەکەوە ژیان دەبەینە سەر.

☐ ئارەزوو: گۆرانی و موسیقا .

☐ پیشە: گۆرانیبێژ

☐ پلەی خوێندەواریی: من پۆلی نۆهەمم تەواو کردووە ، بەڵام بە شازدە ساڵ، هۆکەشی ئەوەبوو من بەتایبەتی لە ریازیات[ماتماتیک]دا زۆر تەمەڵ بووم.

☐ قورسیی: « ٦٥ » شەست و پێنج کیلۆ.

☐ درێژیی: « ١٦٥ » سەدوشەست و پێنج سانتیمەتر.

☐ دوا کتێب کە خوێندووتەوە ؟ «مێژووی ئافرەتانی کورد »،وەرگێڕانی قادری ئەلیاسی.

☐ ڕقت زۆر لە چییە؟ ڕقم هەر زۆر لە «جاش »ـە هەڵبەتە مەبەستم زۆڵە کوردە، کوردی خۆفرۆش ، لەراستیشدا بەزەییم بە ئاژەڵێکی وەک جاشەکەردا دێتەوە کە وەک ئاژەڵ زۆر بە سوودتر و بە نرخترن لەو کەسانەی مرۆڤن و بۆ پارە بەدوژمنی میللەتەکەیان خۆیان و ویژدانیان دەفرۆشن، هەق بوو ناوێکی تریان لێ بنرێ.

☐ کەی دواجار گریاویت؟ زۆر دەمێک نییە، ماوەیەک لەمەوبەر لە کاتی سەردانێکمدا بۆ ولاتی نەرویژ، بە ماشێن دەرۆیشتم و گوێم لە گۆرانی دەگرت، سروشتە جوان و دڵڕفێنەکەی نەرویژ و بیستنی گۆرانی «مامە شوانە » بە دەنگە بەسۆز و خۆشەکەی حسەینی شەریفی، بەخەیاڵ بەرەو کوردستانیان گەڕاندمەوە ، بۆیە کاتێ کە گۆرانییەکە تەواو بوو ڕێژنەیەک فرمێسک لە چاوەکانمەوە داباڕین، دڵم و شووشەی چاویلکەکەمیان تەماوی کرد.

### رەشید فەیزنەژاد و شەوناهەنگێکی کوردی لە شاری ڤێستەرۆس

ئێوارەی رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ / ١٠ / ١٩٩٦ گۆرانیبێژی دەنگخۆش فەیزنەژاد شەوناهەنگێکی کوردی بە هاوکاری کۆمەڵەی کورد لە شاری ڤێستەرۆس سازکرد، کە زیاد لە دووسەد و پەنجا کوردی شاری ڤێستەرۆس بە دیدار و دەنگە نەرم و بەسۆز و هەست بزوێنەکەی فەیزنەژاد شادبوون، شەوەکە بریتی بوو لە دوو بەش لە سەرەتای بەشی یەکەمدا فەیزنەژاد چەند گۆرانییەکی نەرمی لەسەرخۆی کلاسیکی پێشکەش کرد، بەشداران و گوێگرانی شەوەکەی لە دەریای خەیاڵ و ئەندێشەدا بێدەنگ کرد، پاشان وردە وردە بەرەو ئاوازی هەڵپەڕکێ، بۆیە هەر کاتێک زانرا، بەشداران دوو دوو و سێ سێ دەستێ یەکیان دەگرت و بەرەو شوێنی هەڵپەڕکێ دەچوون، کورسییەکان چۆڵ بوون، لەبەردەم فەیزنەژاددا چەند ڕیزێکی هەڵپەڕکێ بەسترا، ئاوازی هەستبزوێن و پاڵپێوەنەری لەش، دەستێ تینوو بۆ ناو دەستێکێ گەرم، حەزی تێسوونی شانێک لە شانێکی نەرم، ئەوسا شان شلکردن و خۆهەڵسانەوە، هەڵچوونی لەش بەرەو ئاسمان، چەمانەوە و پێ داکوتان ، شان هەڵتەکان، قریوە و هەیهەی و وەیوەی، خۆ نواندنی جلوبەرگ و بەژن و باڵا و لێزانینی هەڵپەڕکێ دەبنە خۆراکی چاو و لەش و وزەی بەتین بۆ گەرمکردنی شەوەکە، ڕیزی هەڵپەڕکێ تادەهات درێژتر دەبوو جار جار نەزانێک یا زۆرزانێک ڕیزیان دەپچڕاند، نەزان دەکەوتە گاوانی و زۆرزان چۆپی لێدەگرت. تا ئەو دەمەی گۆرانیبێژ بێدەنگ نەبێ، هەڵپەڕکێ هەر بەردەوامە و دەست بەرنادرێ، مەگەر ئارەقە چۆڕچۆڕ بە دەموچاودا بێنە خوارێ و ئاوشانە کەف بکا و هیلاکیش هەناسە سواربکا، ئەوسا بە مەبەستی پشوودانێک دەست بەردەدرێ. تا کاتژمێری یەکی شەو و کۆتایی شەوئاهەنگەکە هەڵپەڕکێ هەر بەردەوام بوو.

### گۆرانیبێژ رەشید فەیزنەژاد و چەند پرسیارێک:

● سەرەتای دەستپێکردنی گۆرانیگوتنت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

– زۆر کۆنە دەتوانم بڵێم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێ منداڵیم، کاتێ کە دەستم بەخوێندن کردووە لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە گۆرانی دەڵێم.

● بۆ ئەوەی ببیت بە گۆرانیبێژ یەکەم هاندەرت کێ بووە؟

– یەکەم هاندەر و مامۆستام لەو بوارەدا خوالێخۆش بوو باوکم بووە، کە نزیکەی بیست و حەوت ساڵە مردووە ، لەگەڵ باوکمدا چەند گۆرانییەکمان بەیەکەوە تۆمارکردووە، کە ئەو گۆرانییانە خۆشەویسترین و بەنرخترین یادگار و دیاریێن وەک چاوەکانم دەیان پارێزم و هەمیشە گوێیان لێدەگرم.

● دەتوانیت ناوی چەند گۆرانیبێژێ کورد کە کاریان کردۆتە سەرت و

**□ گۆرانیبێژ ڕەشید فەیزنەژاد یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی بە بێ یارمەتی تیپێکی موسیقا خۆی دەتوانێت بەتەنیا شەوئاهەنگێک سازبکات، بەوەی کە خۆی هەم گۆرانی دەڵێ و هەم موسیقاش بۆ گۆرانییەکانی لێدەدات، بۆ لێدانی موسیقای گۆرانییەکانی زیاتر ئامێری کیبورد بەکار دەهێنێت، کە زۆر شارەزایی لە لێدانیدا هەیە و دەتوانێت هەموو ئاوازەکانی پێ لێبدات.**

دەنگیانت لا خۆشە بڵێیت؟

ـ ئەو گۆرانیبێژانە زۆرن لەوانە محەمەدی ماملێ، سەیید عەلی ئەسغەر، حەسەن زیرەک، خالقی ، محەمەد عارف جەزراوی، عەلی مەردان ، تاهیر تۆفیق ، عومەر دزەیی و مەریەم خان، لە گۆرانیبێژە تازەکانیش دەنگی بەهجەت یەحیا و حەسەنی دەرزیم زۆر لا خۆشن.

● لە هەندەران دەچێتە کۆنسێرتی گۆرانی، سینەما و شانۆ؟

ـ نەخێر چونکە هیچ تام و چێژێکی ئەوتۆیان لێنابینم بەهۆی ئەوەی بەتەواوی لە زمانەکەیان تێناگەم، بەڵام بەم چوار ساڵە هەوڵێکی زۆرم داوە لەگەڵ فێربوونی زمان و تێگەیشتن لە کولتووری میللەتی فینلەندی.

● کام گۆرانی خۆتت زۆر بەلاوە خۆشە؟

ـ گۆرانی« مژدە یاران بەهار دێتەوە »، لە موسابەقەیەکی گۆرانی و موسیقادا لە ئێران ئەم گۆرانییەی من یەکەم دەرچوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە بتوانم سەفەری ولاتانی دەرەوە بە ئاسانی بکەم.

● زۆر گرینگە گۆرانیبێژ شارەزایی و لێزانی لە ئامێری موسیقادا هەبێت، ئایا لەو بوارەدا تا چ رادەیەک شارەزاییت هەیە؟

ـ لەڕاستیدا من زۆر لە ئامێری جۆراوجۆری موسیقا دەزانم و دەتوانم بە کاریان بهێنم، لەوانەی زۆر شارەزاییم هەیە ئۆرگۆن، کەمان و کیبورد، زۆربەی کاری موسیقالێدان بۆ گۆرانییەکانم هەر خۆم جێبەجێیان دەکەم .

● بۆچێ گۆرانی دەڵێیت؟ گەر گۆرانیبێژ نەبوویتایە، پێت خۆش بوو چی بیت؟

ـ بۆیە گۆرانی دەڵێم چونکە هەست دەکەم ئارەزوویەکی دڵ و دەروونم بەجێ دەهێنم، لە کاتی گۆرانی گوتندا هەست بە خۆشییەکی بێ پایان دەکەم، گەر گۆرانیبێژ نەبوومایە پێم خۆش بوو وێنەکێش بوومایە و ئەو شتانەی لام جوان بوون و سەرنجمیان رادەکێشا وێنەم بکێشانایە.

● ڕەوتی گۆرانی و موسیقای کوردی لە کوردستان و لە هەندەران لە چ ئاستێکدا دەبینی؟

ـ هەر میللەتێک خاوەنی ولاتی سەربەخۆی خۆی نەبێت، زۆر گرانە زمان و کولتوورەکەی بە ڕەوتی ئاسایی پێشبکەوێت، گۆرانی و موسیقای کوردی دەتوانم بڵێم ماوە و خۆی لە لەناوچوون دەپارێزێت، هەرچەندە کۆمەڵێ گۆرانیبێژی لاو و تازە لە هەوڵدان دان بۆ پێشخستنی گۆرانی و موسیقای کوردی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

● ئایا لە گۆرانییەکانتدا زیاترشێعری شاعیرەکان بەکاردەهێنی یا فۆلکلۆر؟

ـ من زیاترفۆلکلۆر لە گۆرانییەکانمدا بەکاردەهێنم، لەبواری فۆلکلۆردا گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوومان هەیە.

● زۆر جار لە گۆرانیدا ئەم دێڕە فۆلکلۆرە بەرگوێ دەکەوێت: «سەر ڕێگەکەت لێ دەگرم وەک حەمە تاڵی بانە. حەمە تاڵی بانە کێیە؟

ـ حەمە تاڵی بانە ڕۆژگار کردبوویە چەتە و ڕێگر، دەچووە سەر ڕێگای خەڵک و پارە و سەرانەی لە خەڵک دەسەند، بەڵام گۆرانیبێژ مەبەستێکی تری هەیە لە چوونە سەر ڕێگای کیژاندا، ئەویش خۆشەویستی و سەندنی سەرانەی ماچە.

● «غەریب ماوم لەناوتانا کیژی سلێمانی...»، ئایا بۆ گوتنی ئەم گۆرانییە کیژێکی سلێمانی هەستی بزواندوویت؟ وشەی سەرچنار و کانی ئاسکان لە هەندێ گۆرانیتا بەکاردەهێنیت، ئایا سەردانی شاری سلێمانیت کردووە؟

ـ دەربارەی گۆرانی «غەریب ماوم...» ماوەیەک کۆمەڵێک لە خەڵکی سلێمانی ئاوارەی شاری سەقر بووبوون و منیش سەیری ئەوانم وەک خاوەماڵ دەکرد و خۆشم لەناویاندا بە غەریب دەزانی، ئەو هەستکردنەم بوو بە مایەی گوتنی ئەو گۆرانییە. بەداخەوە تەنیا بە وێنە شاری سلێمانیم بینیوە، زۆر پێم خۆش بوو ئەو ئاواتەم بەدی بهاتایە و بمتوانیایە سەردانی سلێمانی بکەم و بەنیازیش بووم، بەڵام باری ئاڵۆزی باشووری کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شەڕی براکوژی هیوای سەردانەکەی کوشتم، لەهەمان کاتیشدا، بوو بە هەوێنی گوتنی گۆرانییەک دژی شەڕی براکوژی بەو هیوایەی ئەوگۆرانییە کارێکی بچووک لەسەر مێشکی سەرکردەکان و پەنجەی هەڵخەڵەتێنراوی سەر پیلکەی چەک بەدەستەکان دابنێ، بەڵام هەزار داخ و مخابن نەگۆرانی من و نە نووسین و شێعری نووسەر و شاعیرەکان و نە پاڕانەوە و لاڵانەوەی دایکان و نە هەوڵ و تەقەلای دۆستان و دڵسۆزان، تۆزێک لە ڕق و قینەی ئەوانی بەرامبەر بە یەکتر کەم نەکردەوە.

● کۆمەڵێکی زۆر لە گۆرانیبێژی هەموو پارچەکانی کوردستان ئاوارەی هەندەران بوون، ئایا هیچ جۆرە کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی هونەریتان هەیە بۆ ئاگاداربوون لە یەکتر و هەوڵدان بۆ پێشخستنی گۆرانی و موسیقای کوردی؟

ـ نەک دوو گۆرانیبێژی کورد بەڵکوو دوو پینەچی کوردیش ناتوانن یەکبگرن و ددانی خێر بەیەکدا بنێن، لەڕاستیدا دەمێکە هەوڵدانێک بۆ ئەو مەبەستە لەئارادایە، بەڵام بەداخەوە هیچ ئەنجامێکی نەبووە، هۆکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەش وەکوو کورد تووشی ئەو نەخۆشی دووبەرەکی و ناکۆکییە بووین، هەندێ هۆی لاوەکیش هەیە وەک دووریمان لە یەکتر و پەرەوازەبوومان لە ولاتانی جۆراوجۆردا، بێگومان گرانیی هۆی هاتووچۆکردن و باری ئابووریش تەئسیری خۆی هەیە، لەهەمانکاتیشدا من لەو باوەڕەدام پێشکەوتنی تەکنیکی ئەمڕۆ گەر مرۆڤ بیەوێت، لەهەر گۆشەیەکی جیهاندا بێت دەتوانێت لە یەکتر بگات و پەیوەندی هەبێت و لەگەڵ یەکدا کاربکات.

● دەتوانیت یادگارێکی خۆشی خۆت لەگەڵ بیستەرانی گۆرانییەکانتدا بگێڕیتەوە؟

ـ بۆ نا، گەر ئاگاداربوون هەر ئەم شەو دوای تەوابوونی شەوئاهەنگەکە سوپاس و ماڵئاواییم کرد، بەشداران داوایان کرد کە دوا گۆرانییان بۆ بڵێم، یەکێک هاواری کرد وگوتی: توخوا کاک ڕەشید گۆرانییەکی خۆشمان بۆ بڵێ! منیش گوتم: لە ئێوارەوە گۆرانی دەڵێم هیچیان خۆش نەبوون؟!

● گەر ڕێکخراوێک یا کۆمەڵەیەکی کوردی بیەوێت ئاهەنگێک بە بەشداری تۆ سازبکات چۆن دەتوانرێت پێوەندیت پێوە بکرێت؟

ـ من وەک گۆرانیبێژێک هەمیشە لەخزمەتدام و ئامادەی هەموو هاوکارییەکم لەپێناوی خزمەتی گۆرانی و موسیقای کوردیدا، هەر کەس دەیەوێت پێوەندیم پێوەبکات دەتوانێت بەم ناونیشان و ژمارەی تەلەفونەوە پێوەندیم لەگەڵ بکات و پێشەکی سوپاس و ڕێزم هەیە بۆ هەموو لایەک.

ناونیشان :

Fayeznejad Rashid
Poste Restante : 980
Helsinki, Finland
Tel. 00358 - 40 - 5000703 ■

# من یەخسیرەکەی دەستی دێوم!

## بۆ یادی ژیلا حوسێنی

ژیلا حوسێنی، ئەدیب و شاعیرێکی ڕوح سووک و زانا و ئازادە و تێکۆشەر بوو. هاواری بەرەی ئافرەتانی کوردستان و دنەدەری هێزی گەل بوو. ژیلا، هاواری یەخسیرەکانی دەستی هەر ئەو دێوە بوو، کە جیهانی هەژارانی لەژێر پەپکەی قورسی خۆیدا چەماندۆتەوە و ڕێی بزووتنەوەی پووکاندۆتەوە. شێعرەکانی ژیلا، کلیلی کردنەوەی دەرگای بەند و زیندانی کۆیلەکانی کوردستان بوو، ڕووشێنەر و پسێنەری کۆت و زەنجیری دەست و پێی ژنی کورد بوو.

هاوارە، کە ئەم خاوەن دەنگ و هاوارە چ زوو جێی هێشتین و ڕۆیی ! هەیاران گەر دایکی خانەنشینی کورد بیهەوێ بۆ ئازاد بوون لە بەندی ژێردەستی و بۆ نەجاتی میللەتەکەی ببزوێ، دەبێ لە کوچە و کۆڵانەکانی سەقزی سەربەرز و بۆکانی کۆڵنەدەر دا، بەشوێن کێ دا بگەڕێ؟! خۆ کۆترە سپیلکەکەی ئاشتی و پەیکەرسازەکەی شێعری شۆرش نەماوە ئالا هەڵکات! ئەی چ کەردەن؟... ژیلا نەماوە، بەڵام شێعرەکانی ژیلا ماون و بە شێعر، هەزاران ئافرەتی ئالا بەدەست گۆش دەکا. یادی ژیلا بەهارێکی هەتا سەرە و لە دەراوی مژی و بیری پاکی ئافرەتانی کوردستان، وەنەوشەی ئازادی دەڕوێنێ. خەمی نەمانی ژیلا، قورسەکێکی گەلێ گرانە بە دڵی شێعر دۆستانەوە.

ئەم کورتەداستانەم کاتێک بۆ گزینگ نارد بوو، کە ژیلاـ مان مابوو. ئەم کورتە چیرۆکەم هەر ئەودەم پێشکەش بە ژیلا، شاعیری داهاتوو ڕوونی کورد، کردبوو. بەڵام هەزار داخ و هەزاران مخابن، ئێستێ شینێکە و بەشوێن کۆچەکەی گیان تاسێنی ژیلاـ دا دەچێ.

**پاییزی ٩٦ . کوردان**

لەدەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی:

... بەخۆم نییە؛ لێم بۆتە خوو؛ ئێوارە کە دادێت و کوڵ وکۆی گەرما دادەمرکێت، ژێر باڵی سایەبانی بەربێلاکەم جێ دەهێڵم و دەخزێمە سووچی هەرە بەلاوەی لاشانی دیواری ماڵی دراوسێی مەنزڵگەکەم و گوێ بۆ ئاوازەکەی ڕادەگرم. بەبێ ڕۆژ بوێر، هەموو ئێوارەیەک ئەمە کارمە؛ لە هەمان دەم و کاتدا ئەو دەنگی دێ و من بۆی دەخزێم و بۆی دەچم. ئەو بە وردە ورینگە دەست پێدەکا ومنیش بەئارامی دەکەومە سووچی هەرە بەلاوەی لاشانی دیواری ماڵەکەیان و گوێ بۆ ئاوازەکەی ڕادەگرم. من بوومەتە ماشێنێکی قورمیش کراوی دەستی دەنگی ئەو، دەنگی ئەویش مۆتۆڕ و قورمیشی هەنگاوەکانی منە. دەنگی ئەو شیلە و ڕەواقێکی خەستی هەنگوینییە ومنیش مێشێکی چڵێسی پەروەردەکراوی شیلەی شەکراوی دەنگەکەی ئەوم.

ئێواران کە هەتاو بەرەو ڕۆژاوای شاری( ط... ) دادەکشێت و کاتی ئاوپژێنی گوڵ وباخچەی حەوشە وحەساران دێت، نارە و گمە و لەرینەوەی دەنگی گەرمی ئەویش دەست پێدەکات. بەدەم ئاوپژێنی دەمەو ئێوارانی دار وگوڵی حەوشەکەیان دەست پێدەکات و هاوسەفەری بەرامەی گوڵی وەنەوشە ومیخەک و شەوبۆ، وردەشەپۆلی دەنگی گەرمی بەرەو سەر دەنێرێ. دەنگ و ئاوازەکەی شتێکی سەیرە.

هەوای ستران و قام و ئاوازی ئەوتۆ لەنێو ئێمەی ڕۆژاواییدا لەمێژە باویان نەماوە، تەنانەت دایە پیرە و باوکە بەساڵاچووەکانیشمان هەوای کپ و پڕی کرووزانەوەیان بەبیر نەماوە. هەر نەک ئاوازی بەسۆز و دەنگی بەخەم، بەڵکە گەلێ شتی تریشمان لەدەست داوە و جێی بەتاڵیانمان بە شتی بۆش ئاخنیوە. بەڵام من وانیم... من لەنێوانی هەر دووک لا دا ڕاوەستاوم. نە ئەملا و نە ئەولا، هیچیانم بۆ غەریب نین. لەڕاستی دا پردێکی هەڵبەستراوی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوام و، درێژ ماوەیەکە بە هەمەچەشنە خورێنکی ئەم ڕۆژهەلاتە فێرم. بە دەنگ و ڕەنگەکەیان ڕاهاتووم، بەگەرمی و کەرامەتەکەیان ئۆگر بووم و بەشێکی هەرە مەزنی هەست و ویستی دەروونم بۆلای ئەوان داکشاوە. ئەم دەنگە و، ڕەنگی هەزاران دیمەنی ئەم بەشەی دونیا وەک ئاشنای لەمێژینەی گیانەکەی منیان لێهاتووە و خۆمیان تێدا دەبینم. بەکورتی، نامۆی هیچ لایەکیان نیم. لە ڕۆژاوا دەرس دادراوم و بە هەزاران چەم و خەمی نیزامی و بە دەیان چەشنە فەند و فێڵی سیاسی پەروەردە کراوم و بۆ مەبەستێک ڕەوانەی ئەمبەرەی دونیا کراوم. لەم لایەش بێبەری نەماومەتەوە و بەشێک لە کولتووری ڕۆژهەلاتی کاری تێکردووم. دەکرێ بڵێم ڕۆژهەلات نەرمی کردوومەتەوە، تەڕ و بڕی کردوومەتەوە و برژاندوومی. بێ ئەوەی بتوانم خۆمیان لێ لادەم، بەگەلێ شتی ئەم بەشەی دونیا ڕاهاتووم و بۆیان دەسووتێم و لەدەوریان دەگەڕێم. دەنگی (فەیروز)ی عەرەب دەمبزوێنێ، چوارخشتەکییەکانی خەیام دەستی مێشکم دەگرن و لەخۆم بێخودم دەکەن. شارستانییەتی کۆنی ڕۆژهەلات، پەنجەرەی کۆن و نوێم بەڕوودا دەکاتەوە و مانای کەون و نوێم پێ دەڵێت. (مەزدەک)ی مەزن دەرسی بەرامبەری و برایەتیم بەمێشکدا دەکێشێت و جارجاریش ئارەقی شەرمەزاریم بەڕوودا دەتکێنێت. بەکورتی، لەهەر دوو لایانەوە باری شانم قورسە؛ ئەوەندە قورسە، بۆم ناچێ بەڕێدا... پێم خۆشە لایەکیان لەشان دابەزێنم و خۆم سووکبار بکەم، بەڵام چۆن دەکرێ؟!... بەولا دەژیم و بەم لا بازم. لایەکیان لەبان شانم دابەزێنم و دەست لەیەکیان هەڵگرم، سەربەست و ئازاد دەبم. بەڵام ناکرێت... شەق لەپرۆگرامی کۆمپیوتەری مێشکی ناو کەللەم هەڵبدەم و خۆمی لە دەست بستێنمەوە، ئارەزوومە؛ بۆشم ناکرێ تان و پۆ و ڕایەڵەی ستەمی دەستم لەم ڕۆژهەلاتی هەژارخانەیە دا ببینم و بێدەنگ و بێ لایەن دابنیشم... نەخێر ناکرێت... بۆم ناکرێ هیچ لایەکیان لەبان شانم دابەزێنم و خۆمی پێ سووکبار بکەم.

ئێواران، هەموو ئێوارەیەک ئەو دەست پێدەکات و من بۆی دەچم. دەنگەکەی دەستی مێشکم دەگرێ و هەرچی چەوتیکاری و ئەلەم قەلەمی جێ پەنجەی پیسمانە پێمی دەنوێنێ. دەنگەکەی هەست و ویستی وریا و بەئاگام خەبەردارتر دەکاتەوە و بۆ ڕێبیەکم دەکێشێت کە خۆم وەیلانی ئەو ڕێیەم و بۆی دەسووتێم. دەنگەکەی دێت و خۆ لەجەستە و گیانم دەهاڵێنێ و دەگەڵم دەبێتە یەک. بۆم دەکرووزێتەوە، لەبەرم دەپاڕێتەوە و بانگم دەکا.

ئێمە لەڕۆژئاوا دا لەمێژە هەوای قام و سترانی پڕی کرووزانەوەمان بیر بردۆتەوە؛ کرووزانەوەمان هەر لەیادا نەماوە. بۆچ بیرمان بێنێت؟! گۆیا ئێمە

لە زۆر لان و لایەنانەوە باخەڵ پڕ و باوەش گەرم و کەڵتە و بۆشناغ و تێر و پڕین. دەڵێن کەمایەسیمان زۆر کەم ماوە؛ هەشمان بێ بۆی ناکرۆزێینەوە. هەوڵی بۆ دەدەین، فێڵی بۆ دەدۆزینەوە، کڵاوی ئەم لەسەر ئەو دەنێین و پێی دەگەین. کەم واهەیە ئارەزوومان لە دڵدا شکابێتەوە و پێی نەگەیشتبێن. هەر بۆیەشە هەوای بەستە و ئاوازەکانی لای ئێمە بێنیازی و دڵ و دەروون خۆشی و حەسانەوەیان لێدەبارێ؛ زۆربەیان هەڵمەتبەر و داگر و جووڵێنەرن. بەڵام هەوای قام و سترانی ڕۆژهەڵاتی وەکی ئاوازەکانی ئێمە نین. هی ئەوان خەمیان لێدەبارێ، کڕوزانەوە و پاڕانەوە و خەم و پەژارە و پەت پەتێنیان تێدا دەخوێندرێتەوە. هەوای لایی لایەی دایکە دەست بەلانک و لۆرەکان و گۆرانیی دەمی شەوگەڕە دڵتەڕەکان و چەمەرەخوانیی دایکە ڕۆڵە گوژراوەکان زۆریان جیاوازی تێدا نابیندرێت. هەر هەمووی بۆنی داکەوتن و داہران و داڕمانێکی کەون و قەدیمەیان لێ دێت. قورسایی ی گریانێکی لەمێژینەیان لەسەر بارە و بۆکزی سوتان و داپلۆخانێکی مێژووییان لێ هەڵدەستێت. ئاو وگڵی خۆیان و تان و پۆی شێعر و ئاوازەکەیان و ڕیشاڵی هەست و نەستیان لە یەک سەرچاوە گیراوەتەوە. هەر دەڵێی ڕەگ و ڕیشە و ڕەگەزی هەموو چاند وهونەر و کولتووری دیرۆکەکەیان لە ڕۆژی یەکەمەوە لە ئاوی هەژاری دا ڕواوە؛ هێستاش کە هێستایە هەڵمی خەمی لێ هەڵدەستێ، هاواری خەمی لێ دەنگ دەداتەوە و تۆوی خەمی لێ دەڕوێتەوە.

هەموو ئێوارەیەک لەهەمان دەم و کاتدا دەنگی ئاوازەکەی دێت و بەرەو خۆییم ڕەپێچەک دەدات. دەنگەکەی دەمکێشێ و دەزوولەی ئارەزووی بینین و دیدارم بەنێو ڕەگۆڵاندا هەڵدەکێشێ. قەت ئێوارەیەک دەسبەردارم نابێ. هەموو ئێوارەیەک بۆم دێت؛ بۆم دێت و دەستی هەست و هەناسەم دەگرێت و دەمکێشێ؛ بۆ دیتن و دیدار دەمکێشێ و مێروورەی ناو دەمارەکانم تێن پێ دەدا. وەسوەسە و کەلکەڵەی دیتن و دیدارەکەی یەکدەم دەسبەردارم نابێ. تەنانەت لەکاتی کار و لەهەرەتی هەرە گرینگی پێوەندییەکانی سەربازیشدا پەپکەی ماری ئەو بیرە، بەشێکی هەرە زۆری مێشکم دەگیر دەخات، لەئەرک و کارم دەکا و لەژێر فەرمانم دەردەہا.

دەنگەکەی شتێکی سەیرە. وەک ئەرمە شەپۆلی ئاوی ئەستێرکی دڵی بیابانان دەچێ، کە بەرەو بنارانی تینوو بێت و نەتوانێ بێت. وەک دەنگی ترپەی پێی کاروانە وشتری شەکەت و تینووی ناو لمی بیابانانی ئەوسەر نادیار دەچێ، کە بۆ دەرچوون لە شۆرەکاتی لمزار، دەگەڵ کپی و خامۆشیی ئەوسەر نادیاری بیابان سەرە سوونەی مان و نەمانی بێ. وەک زایەڵەی زەنگوڵەی قەتاری کاروانچییانی ڕێ لێگۆڕاوی ئاو لێ براو دەچێ، کە بەهومێدی بەسەر ئاو داکەوتنێک، دژ بە دەراوی درۆیینی تراویلکەکان بۆ شەڕ هەستابێت. بەڵام هەرچی بێ و هەرچی هەیە، دەنگی بەسۆزی گەرووی شووش و ناسکی ژنێکی ڕۆژهەڵاتییە و هەموو ئێوارەیەک بۆم دێت و دەمکێشێ. دەنگەکەی بۆمن، وەک ژەمە خۆراکی (بەنگ)ی پیاوێکی بەنگی و تلیاکیی لێهاتووە کە پێی بگا زیندووی بکاتەوە و پێی نەگا بەرەو نەمانی بەرێ؛ پێی گیرۆدەم و دەس هەڵگرتن و دڵ هەڵقەندنم لەجانتا دا نەماوە.

چوار ڕۆژ بوو لەبیابانەکانی خوار (جەبەل حەمرین)ەوە گەڕابوومەوە ئەم وڵاتە و، لە شارە خنجیلانەکەی (ط... )دا پەتی پۆستاڵەکانم کردبۆوە کە ڕایانگواستمە ئەم کۆشکە دڵگرە و هەر هەمان ئێوارەش دەنگەکەییم بەگوێ گەیشت. ڕۆژەکانی سەرەتا، ئەویشم هەر بەحێسێبی ئەریت وکولتووری خەڵکی ئەم وڵاتانە دانا و هەوڵی نەبیستن و بیر چوونەوەیم بۆ دا. بەڵام دووپات بوونەوەی هەموو ئێوارەی ئەو ئاوازە و، خزینی بێ هەوساری خۆم بەرەو لاشانی دیواری نێوانمان، بیر بردنەوە و خۆ لێدزینەوەی لەدەست سەندم. بۆ هەڵاتن و خۆدەربازکردنیش چەند ڕۆژێک لەگەڵ خۆمدا سەرە سوونەم کرد و شەڕم کرد، تەنانەت هاتمە سەر ئەم هەوایەش کە مەنزڵگەکەم بگۆڕم و شوێنێکی بێ دەردی سەرتریان لێ داوا بکەم، بەڵام نەمکرد؛ لەڕاستیدا دڵم بواری ئەمەی پێ نەدام و نەمکرد.

تووشی بگرە و بەردەیەکی سەیری کردووم ئەو دەنگ وئاوازە. داستانی (وەرە و نایەم)ی کوڕە ئاشق وکچە سۆدرەی ئاشق گوژم لێ بەسەر هاتووە و لە داستانەکەدا بوومەتە کوڕە ئاشقێکی تەواو دەستەوەستان. هەرکە شەپۆلی ئەهوەنی دەنگەکەی دەگەڵ شنەی شێداری حەوشەکەیان بەلاشانی دیواری نێوانماندا هەڵدەکشێت، ئیستێک خۆمی لێ بێ گوێ دەکەم. جار جاریش دەڵێم: (... لێم گەڕێ دەنگەکە!... نایەم!... بەخوای نایەم وگوێت نادەمێ!... لەدەستانت ڕادەکەم و دەڕۆم!... من پڕ بەپێستی لەشی خۆم دەگەڵ چارەڕەشی و بێ ئەنوایی ی خەڵکی بێ پەنای ئەم مەڵبەندە ئاشنام و یەکدەم لەدەستیان ئاسوودە نیم... نەخێر لەدەست ستەمی دەستی خۆمان ئاسوودە نیم. لابرژاوەکانی گۆڕەپانی شەڕ برژاندوویانم، منداڵە لەبرسان چاو دەرپەڕیوە ئاوارەکان چاویان دەرپەڕاندووم و لەماڵ دەرکراوەکانی سەرسنگی بیابانی ئەوسەر نادیاریش لەهەموو شتێکیان کردووم... ئەی تۆش بۆچ لێم دەبیتە دەردی سەرباری هەموو دەردان؟!... من گوێت نادەمێ و بەجەهەنەمت دەسپێرم... لەدەستانت ڕادەکەم و دەڕۆم... من گرێدراوی ئەرک وفەرمانێکی قورس و ڕەقم و، ناکرێ هێندە پێ لەخەت ڕاگوێزم. من خۆم هی خۆم نیم... هیچ مانگێک بەئاخر ناگات لەسەرانەوە دەنگم نەدەن و خەبەردارم نەکەنەوە و تەنانەت بەرگەی سووری خەتەریشم پێ نیشان نەدەن... نەخێر ئەو گشتە دەرد و ئازارە بەمنی ڕەبەن چارەسەر ناکرێ... نەخێرناکرێ... من چاو وگوێی خۆم لە هەر دەنگ و ڕەنگێک قەپات دەکەم و لەم وڵاتە پڕ تۆز و تەمە بار دەکەم و دەڕۆم!... )، ئەمە دەڵێم و گەلێ جارانیش دیڵێمەوە. تەنانەت دێمە سەرهەوای ڕاکردنیش، بەڵام بۆم ناکرێ و لە کەوی دەستەمۆ، دەستەمۆتر، خۆم بە ویستی گەرمی دەروون دەبەستمەوە و ڕادەوەستم.

شەڕ دەگەڵ هەموو شتێک ناکرێ. لایەکیان دەبێ لەسەرشانم وەلابەرم و خۆم یەکچاو بکەم؛ دوو قورسایی بەشانێک هەڵناگیرێت؛ گەر بەردەوام هەر دوویان هەڵگرم و بەشوێن خۆمیاندا بکێشم، پێی دەکەوم و هەڵناستمەوە. نەخێر هەڵناگیرێت... من خۆم سەرپشک دەبم و ڕێی خۆم بۆخۆم هەڵدەبژێرم. هەر چی بەچێژی ئارەزووی خۆم بێ،ئەو هەڵدەبژێرم... دەبێ دەست لە بەرێکیان بەردەم و بەوی ترەوە بنووسێم... من پرۆگرامی کۆپێ کراوی ناو مێشکی کەللەم دەشۆمەوە وشەق لە دیسپلینی وشکی سەربازیم هەڵدەدەم. ڕاستە ئەو لەمندا کۆپێ کراوە، بەڵام دێوەزمەیە و شەیتانە... دێوەزمە دەگەڵ پەریزادەی سەر تەختی بارەگای مێشکم یەک ناگرنەوە... خوداکەشیان یەک نییە... لەماڵێکدا پێکەوە ناگونجێن و قەرار ناگرن. من دێوەزمە لەخۆم دەردەکەم و بەشوێن پەریزادە نەرم و نیانەکەی خەوتووی ناو بێشکەی هەستم دا دەڕۆم... ئەم هەڵدەگرم و دەست لەو بەدەدەم... نا... ناکرێ؛ ئەدی بەچی بژیم؟!... نەخێر ئەو هەڵدەگرم وچاو لەم دەنووقێنم... ئەدی ئەو هەڵدەگریت و دەست لەم بەردەدەیت، پێم بڵێ بەچی دەسرەوێی و چۆنی ڕادەبوێری؟! بۆت ناکرێ!... کەس نەیزانێت، خۆت دەیزانی کە بەشێکی هەرە مەزنی ویست و خواستی دەروونت لەوخوێنە گەرمەدا دەگەڕێت کە لە دەمار و ڕەگی دایکتەوە پێت براوە. ئەم ویستە هاوزادی خۆتە و دەگەڵت لەدایک بەربۆتەوە. منداڵێکی شەش حەوت

سالآنه بووی که زۆرجاران باوکەکەی باوکت پێی دەگوتی: (ئەرنەست ! تۆ وەکی ڕۆژهەلاتییەکان دڵ نەرم و هەست گەرم و دەم پڕی کرووزانەوەی... پەلپ دەگری و دەتەوێ، بەلام نازانی چیت دەوێ، نازانێ چۆنی بۆ دەچیت و نازانی دەبێ کەی و کەنگێ بۆی بچیت. هەر دەڵێی لەم جەستە ساوا و باریکەڵەیەت دا دوو گیانی دژ بەیەکی تێدا خەوتووە و... )

هەموو ئێوارەیەک، لەهەمان دەم و کات دا دەنگەکەی دێت و سنوورم لێ دەشکێنێت. دێت و دەروونم دەکاتەوە و دەیکاتە گۆڕەپانێکی پڕی شەڕانخێویی. دەیکاتە مەیانی زۆرانبازیی هەر ئەو دووگیانەم، کە بابەگەورەم لەمنی دا دۆزیبۆوە و بەدەنگ بۆی ڕەسم کردبووم. دێت و دەگەڵ هەست و هەناسەم لێک دەدرێت و دەبێتە خۆم. هەر نەک ئێواران، بەڵکە بەدرێژایی ڕۆژ و تەنانەت لەکاتی کۆبوونەوەی نیزامی و لێکدانەوەی بار و دۆخی شەڕی کەنداویش دا بیری ئەو دەنگە، یادی هەزاران ڕەنگی تری ئەم سەرزەمینە بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات و دەیانخاتە بەرچاوم. دەسبەردارم نابێ و وازم لێ ناهێنێ. دێتە سوێم و بەمێشکمدا هەڵدەگەڕێت. لەخەویشدا دەست لەبەرۆکم ناکاتەوە. دەنگەکەی بانگم دەکا و دەستی هەستم دەکێشێ. دەنگ و ئاوازەکەی بەخەیاڵی من دەستی لێ دەڕوێت؛ یەکدەست و دوو دەست و سێ و چواریش نییە کە لێی بڕوێت... دەگەڵ هەر شەپۆلێکی ئاوازی، دەیان و سەدان دەستم بۆ دەنێرێت و هەر هەموویشیان بەرۆکم دەگرن و داوێنم بادەدەن... دەنگەکەی هاوارم لێدەکا، هانم دەدا و ڕێم پێ نیشان دەدا.

ئەو ڕۆژە، مایۆر دوکتور پاش پێداچوونەوەیەکی وردی هەمەلایەنی بەهەموو ئەندامەکانی لەشمدا، سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم و گوتی کە دەبێ بۆ ماوەیەکی نادیار ئەم وڵاتە جێ بهێڵم و لەگێژاو دوور کەومەوە. مایۆر دوکتور پێی وابوو دەبێ بڕۆم، دەبێ لەگێژاو بچمەدەر و لەگێژاو دوور کەومەوە. دەیگوت هەر مشتە خاکەی ئەم مەڵبەندە، بۆنی خوێنی تێمردووە و دار و بەردەکەی دەگەڵ تەرمی پلیشاوەوەی ژێر هەرەس بۆندار بووە؛ کەوایە کەسێکی کە خوێن گرتبێتی و بەم بۆنە داکەوتبێ، دەبێ جێگا چۆل بکات و بڕوات... کەسێکی کە خوێن گرتبێتی و بە بۆنی تەرمی هەڵوەشاوە دڵی کوڵی بێت، نەخۆش و زەدە دارە و دەبێ جێ چۆل بکا و بڕوات؛ نەڕوات، بۆ وڵاتەکەمان زیانی لە قازانجی پتر دەبێ.

من لە دڵدا بەوتەکانی مایۆر دوکتور پێکەنیم؛ ئەم گێژاوەم جێ بهێڵم و دوور کەومەوە و بڕۆم؟!... جێ پێی خۆم لێرە وەگوێزم و یەکێکی تر جێم پڕکاتەوە؟!... بۆ کوێ بچم؟... لەگێژاوێک لابدەم و خۆم لەگێژاوەکانی دەوراندەوری گۆی زەوی کاس و گێل بکەم؟!... ئەمە نەفامی و بێ ئەقڵی نییە مایۆر دوکتور؟!

دوکتور بۆی دەرکەوتووە کە لە قاپێلکەکەی مندا دوو گیانی لێک نامۆ دەژین. پێشی وایە، سەرتابەپای وجوودم بووەتە گۆڕەپانێکی تاپۆ و، دوو پالەوان لەتارمایی گۆڕەپانە لێڵەکەیدا بەشەکەتی خەریکی شمشێر لێدانن. خورپەی ترس و سڵەمینەوەی مەیدانی شەڕ نەبێ، هیچی تر نییە منی بەم دەردە بردبێ؛ کەوایە دەبێ ئێرە جێ بهێڵم ولەگێژاو دوور کەومەوە و بۆی دەرچم! دەستم ڕۆیبایە قەڵەمی سوورم بەسەر جەوازی کار وکەسبەکەی دادەکێشا و دوکانەکەیم لێ تەختە دەکرد. بەڵام نا... زانستەکەمان کزە، بۆیە پێمان وایە هەرچی خرە، هەر هەمووی گوێزە و لەهەمبانە دایە... ترسی چی و سڵەمینەوەی چی!... کێ ناترسێ؟!... ئەوەی لەشەڕ دایە و ئاگر و ئاسنی شەڕی بەسەرەوەیە، مەگەر هەڵاتووی پشتی پەنجەری ئاسنینی شێتخانە بێ و نەترسێ!... ئەوانیش دەترسێن و بێ زیاد و کەم دەترسێن. بەڵام دەردی من کوا لەخورپەی ترس مایەی وەرگرتووە مایۆر دوکتور؟!

مایۆر دوکتور پێی وایە و دەڵێ: « هەر سەربازێک کە لەشەڕگەی شەڕی بێ ئامانی ئەم ڕۆژهەڵاتەدا بەساغی ڕزگاری دێت و بەرەو ماڵ دەبێتەوە، دوو شت دەگەڵ خۆیدا دەباتەوە؛ لەش و لارێکی بێ زام و برین. بەڵام ئەوی تریان ڕوح و گیانێکی ناسازی پەرێشانی پەککەوتەی چاولەڕێی بەزەیی... » ئەی هەموو خەڵکی ئەم ڕۆژهەڵاتە چی مایۆر؟!... سەربازە مافنگییەکانی ئەم وڵاتە، کە بەچەخماغەی تفەنگی پاش سەریان بەرەو پێش هان دەدرێن و ئاگر و ئاسنی ئێمەش لەبیابانەکاندا هەڵیان دەگرنەوە و دەگەڵ شۆرەکاتی بیابانەکەیان لێکیان دەدەن، بەگوێی مامۆستامان و بەفیدای چاوەکانت دوکتورا... بەڵام... بەڵام ژن و ژاڵ و پیر و پەککەوتە ومنداڵەکانی ئەم وڵاتانە چی؟... ئەگەر لەم شەڕە و لەشەڕەکانی تردا لەش بەساغی دەربەرن و نەمرن، غەمخۆر و درمانکەری گیانی ناساز و پەرێشان و پەککەوتەیان کێ بێ و چ کەسێ بێ دوکتور؟!... دارێکمان هەیە، تاک لکێکی خورمای باغی بەهەشت بەر دێنێت، ئەویش ئێمەین. بەڵام سەرجەمی لک و پۆپەکانی تری هەرئەو دارە، بێ بەرە؛ داری بێبەریش بۆ بڕین باشە! خەم و پەژارەی بێ سنوور هەناویان ئاخنیوم و چیتر نابەم و چیترم پێ هەڵناگیرێت... من ڕێی کابووس لەخۆم دەگرم. خەیاڵ و بیرەخەویش لەخۆم دەتارێنم. بۆ دوور کەوتنەوە لە کابووس وخەون و زیندە خەون، گوستی خۆم دەبڕم و خوێی تێ دەکەم. من پێم ناسەلمێت و دەستم پێ لەمل نادرێت کە زۆردار شێرە و ژێردەستەی شێریش هەمیشە حیز.

مایۆر دوکتور دەڵێ: «بەبڕوای من، مانەوەت بەزیانی وڵاتەکەمانە... تۆ دوو گیانی دژ بەیەکت لە جەستەدا خەوتووە و بەهیچ لایەکیان ڕاناگەی... تۆ نیازت بە لاواندنەوەیەکی دەروونی هەیە و دەبێ یەکێک لە دوو گیانەکانی ناو قاپێلکی لەشت شار بەدەر بکرێ... دەبێ بگەڕێیتەوە سەر دۆخی جاران کە بتوانی قازانجی وڵاتەکەت بپارێزی... یان دەبێ لەم گێژاوە دەربچیت و بگەڕێیتەوە وڵات، یان دەبێ بت نێرمەوە لای دوکتورێکی ڕوحناسی خۆمان و بکەویتە باوەشی خەستەخەوێکی مغناتیسی و لەڕێی لاواندنەوەی گیانی ماندووت، جەستەی خەستەت دەرمان بکرێت و... »

نەخێر مایۆرا... من ئێرە جێ ناهێڵم!... من بەدەرمانی ئەم ڕۆژهەڵاتە فێرم و خۆمی پێ دەژێنمەوە... من خۆم بۆ دەرمانی دەردی خۆم هەڵدەستم و دەزانم دەرمانی دەردم چییە و لەکوێیە. من قارەمانەکەی کتێبی (جەبران خەلیل)م. من سەر و سەردەمێک و بە ژینێک لەم ڕۆژهەڵاتەدا لەدایک بەر بوومەتەوە و بە هەوپای هیوایەک ژیاوم... بەڵام پاشی مەرگ و بە باچوونی خاکی هیوا و خۆڵی لەش، دیسان لەڕۆژئاوا ڕسکاومەتەوە و لەقاپێلکی ئەرنەست ـ ێکی ڕۆژئاوایی، بەئارەزووی گەڕانەوە و بادانەوەیەک سەرم هەڵداوەتەوە... نەخێر مایۆرا... ئەمجار هەتا دەردم چار نەکەم، لێرە نابزووم و لێرە ناڕۆم.

چەند ڕۆژێک خرامە باوەشی گەرمی خەستەخەوێکی میغناتیسی و لەخۆم بیخود کرام. لەسەرەتای ژیانمەوە چیم لەخۆمدا کۆ کردبۆوە و چیم پێ بوو، بەچەند چرکەیەک لێم وەرگیرا و لە کاسێتێک دا کۆپی کرا... کێ دەتوانێ و کێ لە ئارایەتی خۆی لەم سیستەمە بشارێتەوە... چیم پێ بوو، ئەم سیستەمە کۆمپیوتەرە لێی وەرگرتم و لێی سەندم؛ کە لێشیان وەرگرتم، پێچایانمەوە و ڕایان گواستم. تەنانەت نەیانهێشت ئێوارەکەم بەسەردا بێێتەوە و بخزێمەوە سووچی هەرە بەلاوەی لاشانی دیواری نێوانمان و گوێ

بۆ ئاوازەکەی ڕابگرم. لەکۆشکە دڵگرەکەم دەریان کێشام و سواریان کردم و هەڵیان فڕاندم.

کاسێتێک و دەیان لاپەڕەی بەرهەمی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی دوکتورەکانیشم بەژێر باخەڵەوەیە و لەڕۆژهەلاَت بەرەو ڕۆژئاوا لەسەفەردام. بەرگی کاسێتەکە دادەدڕم و دەیخەمە گەڕ؛ کاسێتەکەش وەک من دەم بەهاوارە و، هەرا و هاوار و هەڕەشەی دوو دوژمنی خوێنزادی لەسەر کۆپی کراوە. دەنگەکان ئاشنای گیانی خۆمن و لەکاتی خەستە خەوی میغناتیسیم دا کۆپی کراون. دوو دوژمنی خوێنزاد بەسەر یەکدا دەخوێنن:

«دەنگی هاواری ژنە دێت ئەرنەست!... هەستە بۆی!... ببزوو بۆی!... بەهانایەوە بگە!... ئافرەتە لەبەند کەوتووە و بەدەنگ هاوارت بۆ دەنێرێ!... دەبێ بەهانایەوە بچی ئەرنەست!... ئەی تۆ بەهانایەوە نەچی و نەتوانی کەلەبچەی شان و باڵی ئافەرتێکی لەبەند کەوتوو داوەڕێنی، بۆچی هاتوویتە ئەم وڵاتە و لەسەر چی شەڕ دەکەی؟... نا، نەخێر پێم بڵێ بۆچی هاتوویتە سەر ئەم دونیایە و باری گرانی سەرشانت بە چ هەوایەک بەڕێدا دەبەی؟!... »

«... تۆ بۆ شەڕی مافی ژن نەهاتوویتە ئێرە ئەرنەست!... تۆ بۆ شەڕی نەوت هاتوویتە ئەم سەرزەمینە و لەڕێی قازانجی وڵاتەکەت دا ئەرکی پیرۆزت لەسەرشان دانراوە. تۆ هی خۆت نیت، تۆ بەستەی خواستی وڵاتەکەتی و... »

«نەخێر وانییە! من بەشێک لەموتوڕی مێشکی خۆمم داوەتە دەستی بالادەستەکەم و بەشێکی هەر هی خۆمە. گەر هەموویم لێ بستێنن، دەگەڵ چەکوش و دەزگا، دەگەڵ تانک و ڕوبۆت لێک ناکرێمەوە. من بەهاواری ئەم دەنگە و بەهاواری هەموو ئەو دەنگانەی کە لەئەو پەڕی بێ ئەنواییدا دەستی نیازم بۆ درێژ دەکەن، دەچم... دەچم و دەستیان دەگرم و لەچنگ جلەی نوختەپوسێکی کە پەروەردی دەستی خۆمە، دەیان ئەستێنمەوە... »

«بەم بارەدا نەبزووی باشە ئەرنەست!... ببزووی، لەبزووتن دەکەوی!... ئێمە دژی بزووتنەوە نین لەڕۆژهەلاَت دا. بەلاَم بزوتنەوەی ڕۆژ هەلاَت نابێ بەزیانی ئێمە بێتە دی... تێگەیشتی ئەرنەست؟!... »

«دەنگی ئافرەتە یان دەنگی دێلەگورگ، بەجەهەننەمی دەسپێرم! من ناردراوی خودای دەسەلاَتی سەرگۆی زەویم و بۆ ئەم پووش و پەلاَشە خۆم سووک ناکەم و داناکشێم... گەمێی ئەم جیهانە مەزنە لەسەر لێشاوی پارەی بەنرخی وڵاتە حەیاتەکەی من دەگەڕێ و باوەش باوەش خێر و بەرەکەت بەسەر وڵاتەکەم دا دەڕێژێتەوە. گەر من خۆم نزم بکەم و گوێ بدەمە کڕووزانەوەی دەنگی ئافرەتێکی شەیتانی، لێشاو لەتەنکایی دەدات و گەمێی وڵاتەکەم لەخۆڵ ولم دەنیشێت و قازانجمان دێتە سەر سفر... نەخێر من گوێی خۆم نادەمە دەنگ وئاوازێکی ڕەبەق شەیتانی. داستانی وڵاتی من و چیرۆکی ئەم وڵاتانە سەرچاوەکانیان گەلێک لێک دوورن... لەدەستانیان ڕادەکەم... نەخێر ڕاناکەم، لەم شارە دەڕۆم و هەر شوێنێکی کە بە دڵم بێت، بۆی دەچم. دەسەلاَتی ئەم وڵاتەش هەر بەدەستی خۆمانە و گەر بێتە سەرم و لەسەرم بدا، دەتوانم سەرانیشیان لێ بگۆڕم و... »

« ئافەرین ئەرنەست!... ئافەرین !... هەڵوێستی ئەم جارەت دەگەڵ ئەرکی سەرشانت یەک دەگرنەوە. تۆ دەرسی کۆمەڵناسیت لەزانکۆی نیزامیدا خوێندووە. ڕوومەت و ڕواڵەتی یاسا و قانوونی ئەم وڵاتانە و خەڵکەکەیانیشت بۆ ڕوون کراوەتەوە. سوێندت خواردووە و بەڵێنیشت داوە کە لەڕێی قازانجی وڵاتەکەتدا سەر دابنێی و لە فەرمان دەرنەچیت. مەزنایەتی و سەروەری و ئاغایەتیی وڵاتەکەت بیرنەچێت ئەرنەست! بیپارێزە!... ئەمەیە ئەرکی سەرشانت، نەکەی لێی لادەی و ئەرکەکەت لەهەرد بدەی و سۆز و پەیمان بشکێنی!... »

« نەخێرا... لاشانم نیشانی ئالاَی وڵاتەکەمی لێدراوە. هەموو دونیا دابڕووخێ، ئەم ئالاَیە دەبێ هەر شەکاوە بمێنێتەوە... هەزار و یەک لالاَنەوە و کڕووزانەوەی ئافرەتی یەخسیری دەستی دێویش بکاتە گوێم، پەکم پێی ناکەوێ... بەلاَم... بەلاَم لەکاتی حەسانەوە و ئاسایشی ئێوارانمدا چی؟... ئەرێ بۆم هەیە گوێ بۆ دەنگی خۆشی ئەم ئافرەتە غەیبییە ڕابگرم؟... من ناخوازم لێی بکۆڵمەوە و لەسەری بدوێم. ناخوازم لەمە زێتر بەخەم و پەژارەی ڕۆژهەلاَتییەکان داکەوم و ببمە شەریک و برابەشی دەردی ئەمەش... ئەمە کێیە و چییە، بابێت؛ چ دەرد و خەم و پەژارەیەکی هەیە، بۆخۆی بێت؛ من هەر بەس گوێ لەدەنگەکەی ڕادەگرم و بێدەنگ دەبم...»

« نە ء!... ئەرنەست نەکەی!... ببڕای ببڕا نەکەی! ئەمە دەنگی ئافەرت نییە بۆت دێت، دەنگی دێڵە شەیتانە بۆت دێ... گوێی بدەیتێ، ئارەزووی دیتنیشی دەکەی. بینین و دیدارەکەشی بۆ تۆ قەستی سەرە. پێی سووک دەبی. دەت خەڵەتێنێ و بەقەڵبەیەکی سامناکت دا دەخات... لێی لادە ئەرنەست!! »

« ناتوانم!... ئەمە ناتوانم... ئالاَی من و ئالاَی هەموو ئالاَدارەکان داکەون و وڵاتەکان دابڕووخێن، من دەست هەڵگرتنم نییە و ناتوانم... من هەتا ئەو خانمە نەبینم و پرێسکەی خەمەکانم بەدەم و دەنگە خۆشەکەی بۆ نەکاتەوە، دەست هەڵناگرم و دەسبەردار نابم... ناتوانم!... چیترم پێ هەڵناگیرێت... کوژران و سووتان و قەلاَچۆ کردن و ڕەواندنی خێڵی بێ هەژماری ژن و ژاڵ و پیر و زارۆکی ئەم بەشەی دونیایەم چیدی پێ هەڵناگیرێت... دەنگی ژن و کڕووزانەوەی ژنیش دەردی سەرباری دەردامە و ناکرێ هەتا سەر هەڵیگرم و دەگەڵی بڕۆم. ستەمی سەر ئەم ڕۆژهەلاَتە بەتەواوی ناخی ئاخنیوم و هەناسەم نایە. نەخێر من باری قورسی ستەمم پێ هەڵناگیرێت. من هەر بە بەرگ و بەری بەرم و بە ئەستێرەکانی سەرشانمەوە نیشانێکم لە نیزامیگەری و سەربازی هەیە. من دەگەڵ دیسیپلین و دەگەڵ هەڵوێستی وڵاتەکەم هەتا ملان دژم... ئەی هاوار!!... »

« ئەرنەست ! خوێڕی ! شەلکە ڕێوی ! هەستە لەم قاپۆڕ و قاپێلکە کز و بوودەڵەیە وەرە دەر! تۆ شێری ڕۆژاوای و قازانجی نیشتمانێکی مەزنت لەسەر پشت هەڵبەستراوە. دەنگی ئافرەتێک نەتگرێ ئەرنەست! نەکەی لەسەر ئافرەت بەجواب بێیت! لەسەر ئافرەت بەجواب هاتن لەم وڵاتەدا قەستی سەرە. لەم وڵاتەدا ئافرەت لە دێڵەسەگیش کەمترە؛ هەزاری لووسیان بە درهەم و دینار و دۆلاَر سەودا دەکرێن. هەر ئەمەی کە ئێواران دەنگی دێ و تۆی بە دەنگ و ئاوازەکەی لەدین دەرکردووە، دەزانی کێیە و چۆنە؟... دەخوازی بیبینی؟... دە لەخۆت وەرە دەر و سەیریکە و بیبینە... سەیری کە... ئەوە هات!... ئەرێ دەیبینی ئەرنەست؟!... »

« ئا... بەڵێ دەی بینم... دەی بینم... بەلاَم چ دەبینم!... ئەمە لەئافرەت ناچێت!... ئەمە هەر لەئینسان ناچێت... ئەمە پەریزادەیەکی نازەنینی ئەفسانەییە و ماڵی لە ئاسمانی حەوتەمی خەیالاَت دایە. وەی کە ئەم دەنگە و هاوار و ئەم ڕەنگ و نیگارە چ خاس لێک دەوەشێتەوە! لە بەژن وبالاَی بەرز و خۆش تەرزەکەیدا سنەوبەری لێواری چەم خۆی دەنوێنێ. لە ڕەعنایی و مەزەداری ولەنجە و لارەکەیدا ڤێنووسەکەی خودای جوانی دیارە... دوو چاوی گۆشەهەڵکشاوی کچی تورکمانی بۆچ کەوتوونەتە سەر ڕۆخساری کچێکی عارەب؟!... خۆمن (سادقی هیدایەت)یش نیم بۆ دووچاوی گۆشەهەڵکشاوی کەنیشکی تورکمانی لەخۆم جیا ببمەوە و بەقەڵەمی خەیاڵێکی ڕەبەق، دووچاوە گوشەهەڵکشاوە مەستەکانی بکەمە ڕەمزێکی ون و نەدیار... ئەمەی دەی بینم، هەر ئەوەیە کە سزارەکەی ڕۆمای

پەت کردووە و کردوویەتە پابۆس و بەندە و بەستەی بارەگاکەی خۆی...»

« بۆ پێکەنین دەبی و شیاوی گاڵتە و قەشمەر پێکردنی ئەرنەست... ئەمەی دەیبینی و بە دەنگ شێت و هاری کردووی، بەشەو هاوسەرینی زۆرەملی پیرێکی کەفتەکاری دارا و دەوڵەمەندە و، بە ڕۆژ ئەملان و ئەولان و دەستەملانی کورە هەژارێکی کۆلانگەڕی هاوتەمەنی خۆیەتی و خۆی بە باوەشی گەرمی دەسپێرێ... لێرە، پارە و دراو بایی هەموو شتێکە ئەرنەست؛ ژنیش شتە. ئافرەتیش وەکی حوشتر، بزن، مەڕ، پاتاڵ و مالآت بەپارە دەکردرێت و دەفرۆشرێت. گیرفانێک پارە هەڵگرە و بەچەشنی چەرچی و چارۆێدار بەگوند وشارۆچکە هەژارەکاندا بگەڕێ و کچ هەڵبژێرە... بەڵام هەرچی هەیە و هەرچی نییە، تۆ لەم خەت و پەتە دوور کەوەوە و لێی لادە ئەرنەست!... نەکەی!... چەندمانگێکی تریش سەبرت بێ و دەست ڕاگرە ئەرنەست... چەندمانگێکی تر ئاو لەئاش دەکەوێت و ئاش لەگەڕان دەوەستێت. چەند مانگێکی تر نەدەنگی دڵ بلاوێنی ئەو خاغە دەمێنێ و نە ڕەنگ و نیگارە دڵگرەکەی؛ هەر چی هەیەتی و هەرچی پێیەتی، هەر هەمووی دەکەوێتە ژێر بەردەبارانی یاساکەی خۆیان... سەبرت بێ ئەرنەست!... »

« لەچی دەدوێیت؟... لەکوێ خەبەر دەدەیت؟... لەکوێوە خەبەر دێنیت؟... بەردەبارانی چی و یاسای چی؟... »

« لەم خەزاڵە کەمەرتەنگەی تۆ دەدوێم، لەمە دەدوێم کە شەو هاوسەرینی پیرێکی کەفتەکارە... چەند مانگی تر، بەڵێ هەر چەندمانگێکی تر، ئەم نازدارە نازەنینە دووگیان دەبێ و هەر دووگیانەکەی دەکەوێتە بەر ڕێژنەی بەردەباران و کاری بە ئاخر دەگات... شووەکەی لە پێنج هاوسەرینی تا بەئێستای، هاشکە و واقەی هیچ منداڵێکی بەماڵدا نەگەڕاندووە... گەر ئەمجار هاشکەی منداڵێک لەماڵدا دەنگ بداتەوە، دیارە هی کێیە. ئیتر ئەودەم کار تەواوە و هەموو شتێک بەئاخر دەگات... »

« ئەی من چی؟... ئەی من بۆچ لێرەم و لێرە چ دەکەم و بۆچی دەژیم؟!... »

« بەڵێ تۆش لێرەی ئەرنەست... بەڵام تۆ سەربازی و بۆ ئەم بەزمە نەهاتووی... تۆ بۆت نییە خۆت لەقەرەی قانوونی ئەم کۆمەڵگایە بدەیت. یاساکەیان و کۆمەڵگاکەیان نابێ دەستی تێوەردرێت... دەبێ هەر بمێنێت ئەرنەست!... تێگەیشتی ئەرنەست؟... دەبێ هەر بمێنێت!!... گەر ئەو نەمێنێ، گەڵێ شتی تریش دەگۆڕێت و... »

« با بگۆڕێت!... من لەهیچ گۆڕانێک و لەهیچ ئاڵوگۆڕێک ناترسم... بۆچی بترسم؟!... دەگۆڕێ بابگۆڕێت... »

« شەق لەنان و ئاوەکەی خۆت هەڵ مەدە ئەرنەست!... بەشوێن کلاوی لار دا ئەڕۆی باشە... ڕۆیشتن بەدوای کلاوی لار، ئەهامەتی بەدواوەیە بۆت. تۆ بۆت نییە لینگ لە لینگی یاسای ئەم وڵاتە بکێشیت؛ گەر ئەمە بکەیت و ئەسرەوێیت، لینگت لەبن و ناخەوە هەڵدەقرتێت. هێم و بناغەی ئەم وڵاتە بەم یاسا وقانوونە هەڵچندراوە. ئەم یاسا وقانوونە بۆ هەر دوولامان بەرز و بەڕێزە ئەرنەست، کەون و قەدیمە و گران و سەنگینە... نانی ئێمەشی تێدایە ئەرنەست!... تێگەیشتی؟... ئەگەر ئەم یاسایە نەبێ و گەر ئەم ئاوە بەم جۆبارەدا تێپەڕ نەبێ، سەرچاوەی بەشێکی هەرە مەزنی داهاتمان وشکاویان دێت. کە ئەم سەرچاوەیەش وشکاوی هات، لەداهاتوودا بێکاری و بێ ئەنوایی سەری وڵاتە مەزنەکانمان دەخوا. بێکاری و بێ ئەنواییش سەری وڵاتە مەزنەکانمان بخوات، خوێن دێ و سەران دەبا وئەوەی لێی دەترسێین و نابێ ببێت، دێتە دی و بەرپا دەبێ... ئەم پێوەندییەی نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر دەبێ پایەدار و لەسەرجێ بمێنێتەوە ئەرنەست!... هەتا ئەم بالآنسە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پایەدار بێ، لەنگەری وڵاتە مەزنەکانی ئێمەش تێکناچێت و ئەو شتەی کە جێی ترسی ئێمەیە و زەندەقمان لێی چووە، نایەتە دی و بەرپا نابێت... تۆی کە ناهێڵێ ئەم پێوەندییە و ئەم بالآنسە، چەرخ و لەنگەری تێک بچێت. تەنانەت ئەگەر لایەکی ئەم جیهانە و بەشێکی هەرە زۆری دانیشتووانی سەرگۆی زەویش خاپوور و قەلآچۆ بکرێن، تۆ نابێ بهێڵێت ئەمە بێتە دی... لەفەرمان دەرنەچی باشە ئەرنەست!... لە فەرمان دەرب‌چیت و تووشی کەڵەوەکێشێ ببیت، بە فوویەک بەبا دەچی... تۆ گەڵێ بچووک و بنێسی ئەرنەست... »

«... دەست هەڵدەگرم... واز دێنم... دەمارەکانم لەم دوو ویستە مووکێش دەکەم و خۆم یەکچاو دەکەم... ئەولا دەگرم... نا، نەخێر ئەملا دەگرم... نەخێر ناکرێ... بۆمن ناکرێ!... دەست بەردان لەهێچ لایەکیانم بۆ ناکرێ... لە دوو دەستەکانی مێشکم، دەستێک بەم ئەسپە سەرەڕۆیە بەسراوەتەوە و بەهەموو تینەوە بەرەو ئاغایەتی و مەزنایەتیم ڕەکێش دەکات؛ باسکەکەی تری مێشکم بەم ئەسپە چڵکنە بەستراوەتەوە و لێرەم دەبەستێتەوە. ئەسپەکانی ویستی دەروونم ڕێباز و ڕێگایان یەک نییە، ڕەوتی ڕۆیشتنیشیان لەسەر یەک هەوا نییە. گەر چەکوش و دەزگا نەبم، من ڕێیەک دەگرمە بەر و لەویتریان لادەدەم... ئیدی بەسە خۆ ڕەنگ کردن!... بووکە سەماکەرە نیم ئالآ و والآم لێ هاڵێن و بە ئیشتیا و ئارەزووی دڵ هەڵم پەڕێنن... من بەشوێن دەنگی هاوارەوە هاتووم و بۆیان دەچم. لێبگەڕێ با سەر ومالّم تێدا بچێ، هەردەچم... »

« تۆ شێتی ئەرنەست!... شێت بووی و دەبێ لە شێتخانە وەرکەوی... گەلێکی تری وەکی تۆش بەم دەردە گرفتار بوون و دەبن... چیکڵدانەی هەموو کەسێک وەکی یەک نییە... »

« نا... نەخێر من تەواوم!... من تەواوم و هیچ نەگۆڕاوم... بەڵام لێکدانەوە... »

« لێکدانەوەی چی شێتە؟... تۆ سەربزێوی دەکەیت... تۆ سەرەڕۆیی دەکەیت... مانگ نییە چەند جارانت چرای سووری خەتەر نیشان نەدرێت... پێت وایە لەماڵی دایە گەورە دانیشتووی و بۆت هەیە بەئارەزووی دڵ ببزوویەوە؟... دەست و پێی خۆت کۆکەرەوە، ئەگینا... »

«ئەگینای چی؟... من باری خۆم بەشانم داداوە و بەهاواری دەنگی ئەم ئافرەتەوە دەچم... خوێن بێ و سەران بەرێ، من هەر دەچم و ناگەڕێمەوە... »

«چاوی خۆت خوردکەوە ئەرنەست! شێت مەبە!... ورد تەماشای ناخی کۆمەڵگاکان بکە و لێیان خورد بەوە!... ژن، دایکە... دایکی سەربەست و ئازاد، کۆمەڵگای سەربەست و ئازا ساز دەکا... گەر بەم نیازە هەستیت و ئەگەر بتەوێ بەهاواری ئەمەوە بچیت، خەیاڵی گۆڕینی بیچمی کۆمەڵگات بەمێشک ئەسپاردووە و بەنیازی کۆمەڵگاکانمان لێ هەڵتەکێنی... ئەمە زیانی ئێمەی تێدا بەستەیە... لادە ئەرنەست!... لادە !... »

« من و لادان؟!... من ڕێی کابووس لەخۆم دەگرم. خەیاڵ و بیرەخەویش لەخۆم دەتارێنم. بۆ دوور کەوتنەوە لە کابووس و خەون و زیندە خەون، گوستی خۆم دەبڕم و خوێی تێ دەکەم. من پێم ناسەلمێت و دەستم پێ لەمل نادرێت کە زۆردار شێرە و ژێردەستەی شێریش هەمیشە حیز... »

«کارت تەواوە ئەرنەست... ئیتر تۆ گەیشتوویتە ئاخری خەت و دەبێ دابەزی... مانەوەت بەزیانی وڵاتەکەتە و دەبێ بارکەی و بڕۆی... ئیتر تۆ داکەوتووی و خوداش تۆی پێ ناگیرێتەوە... »

« ئێواران کە هەتاو بەرەو خۆراوا دادەکشێت و سێبەرە خەمناکەکەی دەکەوێتە سەر شاری (ط... )، و کاتی ئاوپژێنی گوڵ و باخچەی حەوشەکانیان دادێت، نارە و گمە و لەرینەوەی دەنگی گەرمی ئەویش دەست پێدەکا و دەڵێ :« من یەخسیرەکەی دەستی دێوم !» ، ئەی کەوایە من و ئەو هەر دوومان هاودەردین... منیش لەم جیهانە پان و بەرینەدا سەربەست و ئازاد نیم... من لە چەکوش و دەزگا، لە تانک و ڕۆبۆت بێگیان ترم... منیش بەستە و یەخسیرەکەی دەستی هەر ئەو دێوەم... ». ■

# چاوەڕێ

ع. دیاکۆ

دوای ئەوەیکە ژوورەکەی گەسک دا، دەستی بە خاوێنکردنەوەی پەنجەرەکان و ڕاخستنی پێخەفەکان کرد. ئەمجا سفرەی دانا و لە بەرانبەریدا دانیشت. بەلام دەستی بۆ نەبرد. پالی وەدیوارەکەدا و چۆکی لە باوەش گرت و چاوی دە گڕە شینەکەی سەماوەرەکە بڕی. لە چاوئەترووکاندن بوو یان لە گەرمایی خەیال وچاوەڕێیی، دوو دەنک فرمێسک بوونە میوانی چاوەکانی و هاتنە خواری.. هەلوەران، سەرڕێژبوون.

وەک زەوییەکی ویشک، کاتێک تێر دەبێ لە ئاوی باران، کە باران وەک گۆزەی سەراوبن بە سەریدا دێتە خوارێ، سەرڕێژ دەبێ. تونێتی دەشکێ و کە شکا دەردی چاوەڕێیی لە بیر دەکا، دەیبەخشێ، دێتەخوارێ بە دۆل و دەر وەدەشتدا. جۆگەلە، کانی، تێکەلاوی، هاوار وگرمە و هەرا، بە ئاوات گەیشتن، هەلوەران.. فرمێسکەکانی ئەویش هەلوەران، هاتنە خوارێ، بوونە دەریا، دەریای فرمێسک، دەریای بێ بن، خوڕێن، هیچکەس نایوێرێتێ، کەس ناوێرێ بەلەمی تێدا بناژوێ. هیوایێک بۆ گەیشتن بە ویشکایی نییە،کێ تا ئێستا گەیشتووەتە ویشکایی لەم دەریایە. ناگاتێ، چاوەڕێیی، نەگەیشتن، چاوەڕێیی..

دەگاتێ. بەلام کاتی مەرگ. چەلێ وایە مەرگیش چاوەڕێیی دەوێ. فرمێسکەکانی پاک کردەوە. سەماوەرەکەی کە وەکول هات چایەکەی دەمکرد. بۆنی چای تازەدەم ژوورەکەی داگرت. لە پڕ وەک شتێکی لە بیرچووبێ، هەستا سەر پێ و چوو ژێرسیفارێکی هێنا ولە قولینچکی سفرەکەی دانا.

چاوی لە دەرگای ژوورەکەی بوو و گوێی لە دەروازەی دەرێ. دەنگ دێ.. خشپەی پێ دێ، چاوێکی لە ژوورەکە کرد و ڕای کردە دەرێ. بە کردنەوەی دەرگای حەوشە تاریکایی دەرەوەی لە باوەشی ڕەشایی ژوورێ هاویشت. دەرگای داخستەوە و شەوی لە باوەش گرتەوە. باوەشی چی؟! کوا خۆشە ئەم باوەشە، ئەگەر هەلت نەگوشێ، ڕێکت نەگوشێ؟ بە خۆوە گوشێنی.. کوا خۆشە باوەشی شەو بە بێ دەستەکانی؟!

چۆوە ژوورێ، لە سەر سفرەی دانیشتەوە، چاوی لە دەرگایە بڕی و گوێی لە دەروازە...

***

ـ منداڵ دا بزانن، دەنگی دەرگای هات؟

ـ پێموایە دیسان پیرێژن بوو دەرگای کردەوە ودایخستەوە.

ـ بەستزمانە!

ـ خوایە چارەیێک.. مەرگ، ڕەحیم ورەحمان هەر بۆ خۆتی.

***

ـ خەزال!

ـ ها گیانەکەم!

ـ بەیانی زوو دەبێ برۆم، پێش ئەوەی هەتاو هەلێ، دەبێ زووتر لە هەتاو بگەمە وێ.

ـ دەزانم، دەزانم.. کەی دەگەڕێیەوە حەیاتەکەم؟

ـ سبەینێ کە وەدەرکەوتم بە فکری تۆم تا دەگەڕێمەوە، بۆ سەر سفرەی شێوان لێرەم.

ـ عازیزەکەم.. (سەری بە سینگیەوە گوشی) زمانم لال، وەدرەنگی نەکەوی.. دەست بۆ سفرەی نابەم بێ تۆ...

ئەرمەی گوێی گرت وبە سینگی پیاوانەیەوە گوشی، دەتگوت هەزار دەست هاتوون لێی دەستێنن، بۆ نابنە یەک ئەو لەشانە.

ـ ... ئەگەر بێتوو زوو بگەڕێیەوە سەرێکی جیرانەکانمان دەدەین، کاتی وەی هاتووە ئێمەش بە سەریان کەینەوە. ئەوە دوو حەوتوو لە زەماوەندەکەمان تێپەڕ بوو.

ـ کوا دوو حەوتووە..؟! مەگەر هەر ئەوشۆ زەماوەندمان نەکرد(گالتەپێکی خۆشەویستانە) خەزالەکەم! شەوم لە بەر باوەشی تۆ پێخۆشە و ڕۆژیش بۆ تەماشەی تۆ. لە باوەشم گرە، سبەینێ باسی سبەی دەکەین.

لە باوەشی گرت، لە سەر سینگی خلیسکا، بە گەشایی چاوی شەوی ڕووناک کرد تا بە تەماشاکردنی پەیکەری تاماوی لە باوەشگرتنی سەدجار زیاتر بکا. بە شەو پێکەنی کە نەیتوانیوە بە تەواوی ڕەشبوونیەوە لە بەر چاوی ون بکا. لە چاولێکردنی تێر بوو بەلام تونێتی نەشکا، عارەقەی کرد، ماندووبوو. ماندووبوون، لێویان بەیەکترەوە دوریا. سەری ڕازاوەی بە چاوە جوانەکانی هەلێنا و لە کاتێکدا ئەرمایی گوێی بە لێویەوە بوو گوتی:

ـ بۆ باسی ئەو ئیشەت ناکەی حەیاتەکەم، چ کارێکی گرینگت هەیە، دلم، دل نیگەرانم..

ـ با بڕوا نیگەرانی.. پێم خۆش نییە غەیری من هیچ شتێک بە دلت ڕێ بدەی. نی منە نی من.. دەستت بۆ سفرەی شێوێ نەبردووە، ئەمن گەڕاومەوە.

ـ بێ تۆ هەرگیز دەست بۆ سفرە نابەم، تا ئەبەد..

لە نێو مەمکەکانی گرتەوە و دیسان لە بن گوێی بە سرتە گوتی: بێ تۆ تا ئەبەد...

***

ـ عافرەت، هیچت دا بە خەزال خاتوونێ یان نا؟ ئەهێلی لە مالی من بە دەستی بەتال بروا.

ـ دامێ دامێ بەلام بە خودای دەزانم هەر دەچێ کلی پێدەکرێ، یان دەیدا بە گۆشتی تازە وقەتیشی ناخوا.

ـ بە تۆ چی بەچی دەدا یان نایدا، بەس تۆ لە بیرت نەچێ بە دەستی پڕ ڕەوانەی کەی، نەشبیستمەوە لە مالی من کەس بێ حورمەتی پێ بکا. بە منداڵەکانیش بلێ ناگایان لە قسەکانیان بێ نەکا دلی بشکێنن یان ئازاری بدەن.

ـ سەدجارت ئەوە گوتووە پیاوەکە، پیرێژن هەموو ڕۆژێ خودای ئیشی ئەو مال و ئەم مال کردنە، کەسیش نازانێ بۆچی وپارەکەی بە چی دەدا،

پیرێژنی چارەڕەش...

پیرەمێرد چاوی پڕ لە فرمێسک بوو، چاوی لە دیواری ژوورەکەی بڕی و لەبەر خۆیەوە گوتی: «خەزاڵ، خەزاڵ.. بەندەی خوا خەزاڵ، تۆ چوزانی ژن، تۆ چ دەفامی لە پاکی خەزاڵ لە خۆشەویستی خەزاڵ. پاکە وهەموو شتێکی بە پاکی ماوەتەوە. تۆ چوزانی چەندە پاک بوو خەزاڵ، تۆ چوزانی سەتی وەک من لە شەوێوە هەتاکوو بەیانی لە کووچاندا دەخولانەوە تاکوو چاویان بە چاوی بکەوێ. چەندەم بەخیلی بە مێردەکەی دەهات. ئاوالی بووم، ئاواڵ بووم بەخیل! زوڵم بوو وەڵلا، یەک کەس دەڵی خەزال داگیر بکا. ئاخر مەگەر دەتتوانی چاوپۆشی لە خەزاڵ بکەی. ئەمن دەزانم چ دەکێشێ، ئەمن دەردی وی دەزانم. پێنج ساڵ چاو لە ڕێی بووم، هەر چاوم لە دەرگای بڕی تا بەشکەم بۆ کاتێکیش بێ سولەیمانی مێردی لەبیر بکا و سەرهەڵێنێ وچاوێکم لێبکا. بەخیلم بەخیل، ئێستاش بەخیلیم بە سولەیمان دێ، بەخیلیم بە خەزاڵ دێ. بۆ ئەو توانی چل ساڵ ڕاوەستێ. چل ساڵ چاوەڕوان بێ. بەڵام من نەمتوانی کە ئەو چاوە جوانانەییم تاوێک لە باوەشی چاومدا حەساندباوە، ئەگەر هاتبا و لە سەری ڕاوەستابام، ئەم چاوە چاو لە ڕێیبیانەی...

تۆ چوزانی ژن، شەو و ڕۆژ هاواری خوا و پێغەمبەرم دەکرد، خۆزیا کل بام ولە چاویدا بام. شانە بام بە سەریدا هێنابام. تۆ چوزانی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەو شار بۆ ئەو شار ڕۆیشتم بەشکەم هەوالی سولەیمانی بۆبێنم، ڕووم ڕەش بێ نە بۆ خاتری سولەیمان، بەڵکوو لە بەر خەزالێ تا لەفزی دەلەفزم بگەڕێ. چوزانی ئێستاش کە دەچمە ئەو شارە گەورانە هەر بە خاتری ئەو دەچم کە کلی چاکی بۆ بکرم. دڵم بە وەی خۆشە دەستم بەو کلە کەوتووە کە لە چاوی دەدا. چوزانی کاتێ بیر لە خەزاڵ دەکەمەوە، جحێڵ دەبمەوە، هەر وەک خەزاڵ کە بیر لە سولەیمان دەکا هەمان کچی هەژدە ساڵەیە. تۆ چوزانی ژن...»

دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگا پیرەمێردی لە بیر و ڕا هێنادەرێ و خەیالاتی ڕەواندەوە و چاوی پێ لە دیوار هەڵگرت.

***

چاوەکانی ڕشت، سەری شانە کرد، ئاوێنەی لێنەبوو، ئاوێنەی بۆ چییە! کاتێک هەموو شت دووپات دەبێتەوە. دەرگای ژوورەکەی کردەوە. چاوێکی لە حەوشە کرد، پشیلەیێک لە حەوشە بوو، گوتی باشە تۆ تەنیا نی. دەرگای داخستەوە، لە سەر سفرەی دانیشت. برسی بوو، بە سرتە گوتی بێ تۆ هەرگیز...

دەنگێکی گوێ لێبوو. دەنگی لاقی دێ.. بۆ خۆیەتی بەڵکوو هەوبێ. هەستا چوو دەرگای بکاتەوە. کردیەوە ودایخستەوە. دوو جحێڵ کە بە کووچەدا دەڕۆیشتن، بە بیستنی کرانەوە وداخستنی دەرگا قاقا پێکەنین، بە دڵی گرت و پڕ بەدڵ گریا.

***

کاکە، غەریبی.. لە کوێوە دێی؟

غەریبی کاکە، نیشتیات لە قسەی تازەیە، سلاوێک وبەخێرهاتنێک و گوێت هەڵدەخەی. گوێت لە شتی تازە دەبێ، بۆتی دەگێڕنەوە، باسی ئەو شارەت بۆ دەکەن، بەڵام کاکە بە قسەی برای خۆت ئەگەر دەکەی گوێ مەدە مندالان دەزانی دەڵێن چی! دەڵێن لەو شارە پێرێژنێکی لێیە کە شێتی شێتە. کاتێ پێی دەڵێن پیرێژن پێی ناخۆشەو پێی تووڕە دەبێ. نکا بە گوێرەی وان بکەی و پێی بڵێی شێت. ئەو خۆی پێ هەژدە سالانەیە!

خەیاڵ!

کاکی غەریب خەیاڵ، کوێت پێ خۆش بێ دەتباتە ئەوێ، چەنگیزی مەغولت بۆ دادێتەوە تا سواری ماینەکەت بی و کچی خاقانی چین هەڵگری و هەموو کۆشکەکانی دنیا تەویلەی ماینەکانت بێ. دەتوانی سەت قات هاسانتر لە ڕۆستەم، حەوت خان تێپەڕ کەی. هەرچی کێوییە مالی کەی. هەرچی لەمپەر بێ بیڕۆخێنی. دەتوانی کچی کافرۆش هەڵگری، جوانترین مرواری دنیای لە مل کەی و لە کۆشکی مرواریدا بیکەیە مەلەکەی خۆت. دەتوانی ببی بە مەلیک جەمشید و مەلیک بەهمەن.. خەیاڵ کاکی غەریب خەیاڵ.

غەریبی!

گوێرایەڵی!

بە قسەی کاکی خۆت دەکەی گوێ مەدە جحێلان، ئەوانیش دەڵێن لەو شارەدا پیرێژنێکی لێیە کاتێ کە ئێمە لە جحێلایەتی ماندوو دەبین، بەو کووچەیدا دەڕۆین کە ئەو تێیدا دەژی. لاقمان لە هەردی دەکوتین، پیرێژن بە پەلە دەرگای دەکاتەوە و ئێمەش پێی پێدەکەنین. جاری واشە کە دەرگاکەی دەکاتەوە هاوار دەکا سولەیمان گیان.. و ئێمەش لە خۆ دەبینەوە. بەڵام کاکی غەریب تۆ پێی پێمەکەنە، پێمەکەنە بەو چاولەڕێییە.

کاکە تازەی و هەموو حیکایەتێکی ئەم شارە بۆ تۆ تازەیە. گوێ لە کاکی خۆت دەگری گوێ مەدە پیرەمێردانیش، ئەوانیش دەڵێن:

کچێک لەو شارەی مە هەبوو کە زۆر زۆر جوان بوو.. بەڵام کاتێک باسی جوانی وی دەکەن کەمی دێنن. وشەی جوان کەمە بۆ وەسفی ئەو. کەماڵ و جەمالی وی بە وشەی جوانی ناگوترێ. یانی بەشی ناکا. یان پێت دەڵێن عاشق بوو. وشەی عاشق زۆر کەمە بۆ جێگابوونەوەی ئەو هەموو خۆشەویستییە، زۆر کەمە کاکی غەریب، بە من بێ بەشی ڕۆژێک چاوەڕێیی وی ناکا. ڕۆژێک لە کوێ و هەزار ساڵ لە کوێ؟!

ڕەنگە پێت بڵێن منداڵەوردکە دەگەڵ جحێڵی بەڕەڵا شێتیان کرد، گوێت لێیە کاکی برا؟ وشەی شێت بۆ بەری شێی شەیدایی وی نابێ. گوێت لێیە چی پێدەڵێن.

بە قسەی ئەو برا چکۆڵەت ئەگەر دەکەی، ئەمن دەروێشێکی دەناسم کە دەگەڵ شمشاڵەکەی هاوسەر وهاوڕازە. زمانی شمشاڵەکەی زۆر خۆشە، دەروێش هەر بە زمانی وی دەدوێ، وشیار بە کاتێ دەچێتە ئەو چیا بەرزەی، وەدووی کەوە و گوێبگرە لە شمشاڵەکەی، ئەوەی دەیگێڕێتەوە لە هیچ نووسراوەیێکدا نییە و بە هیچ زمانێک ناگوترێ. بەدڵ گوێی لێ بگرە.

***

فرمێسکەکانی سڕیەوە، دەستی کرد بە زەنگاڵ چنیننێ، هەر جار ناجارێک شیشەکەی لە قامکی دەکوتا. ماندوو بوو، وەلای نا وگوتی: هەتا زستان عومرێکی درێژ... بۆی تەواو دەکەم. باوێشکی هاتێ، لەبەر خۆیەوە گوتی بڵێی کاتژمێر چەند بێ، بریا کاتژمێرێکم هەبا. ئەرێ زۆر درەنگ نییە؟!

هەستا کێشتەکەی لە سەر سەماوەرەکەی دانا تا بە هەڵمی سەماوەرەکەی گەرم بێتەوە و بەشکەم سولەیمانیش بێتەوە. دیسان لەبەر خۆیەوە گوتی: بۆچی ئەو کابرایە بە منی نەگوت بۆچی دەڕوا و چ کارێکی هەیە، بریا نەمهێشتبا.. نیگەران مەبە دەگەڕێتەوە، بۆ خۆی گوتی دەست بۆ سفرە مەبە دەگەڕێمەوە...

چاوێکی لە جێگا و پێخەوەکانی خۆی و سولەیمان کرد، ئاخێکی هەڵکێشا، شیرنایی وخۆشیی لە باوەشگرتنی شەوی ڕابردوو...! نانا نازانم شەوی ڕابردوو یان هەزار شەو لەوە پێشی وەبیرهاتەوە، گۆی مەمکەکانی وەک خونشەی سوور پشکووتن، دەستێکی پێداهێنان، گوشینی، لێوی

خۆی مشت، برینداری کرد، چاوەکانی حاڵەتی خوماری دوای مەستییان گرت. لە کەسێک دەگەڕا، لە وی دەگەڕا، پاڵی بە دیوارەکەیەوە نا، داهاتەوە و سەرینەکەی سولەیمانی هەڵگرت و بە سینگیەوە گوشی، بۆنی ئارەقەی نێوقەدی سولەیمانی بۆهات، لە سەر جێگا دەگەڵ یەک خولانەوە، ژانێکی دە سینگی گەڕا، تەقەڵێک لە سرینەکە کرایەوە... پیر بوون ئەو سینگە وئەو سەرینە...

***

هۆی! کاکی غەریب هەستە!

دەروێش لە قـەدی ئەو چیـایەیە، پێش وەی هەتاو بیگاتێ، دەست پێدەکا، هەستە هەتاویش پەلەیەتی بیگاتێ، دەیبینی! دەروێشی دەبینی؟ لە سەر ئەو گاشە بەردە دانیشتووە و لێوی بە زمانی خاوێن دەکاتەوە، ئەوە شمشاڵەکەی بە لێویەوە دەنێ، خۆتی بگەیێنە و گوێی لێبگرە، کاکی غەریب پڕ بە دڵ گوێ لە شمشاڵەکەی بگرە!

«... خەبەرێک بەم وڵاتەدا بڵاو بۆتەوە، خەڵکێک هاتوون بڕنو لە شان، فیشەکدانی ڕەنگاوڕەنگیان پێیە، ئاڵاییکیان پێیە بە هەتاو ڕازاوەتەوە و بە دەوریدا دەخوێنن، شەوە، شەو ڕازاوەتەوە بە گورانی گوتنی وان شانازی بە خۆیەوە دەکا. ئەو چیا بەرز و بڵیندە کە هەوەڵین میوانداری وانە لە خۆشیان هەر سەر هەڵدەدا وگەورە دەبێ، لەو شەوە تاریکەدا شایی ڕووناکایی لە سەر دەگێڕدرێ، بەڵام لە شار، شەو هەمان شەوە، لە شەوی شاردا هەزار هەزار دێوەزمە کۆبوونەتەوە تا بچن ئەو نوورە کە هەزار هەزار چاویان تێبڕیوە بیکوژێننەوە، خەڵکی شار هەست بە کارەساتێکی دڵتەزێن دەکەن...»

ناکا ئەم ئاگرە بکوژێننەوە؟! دڵی شار لێدەدا، چاو دەگێڕێ، چاو لە دڵێکی گەورە و ڕێرەوێکی ئازا دەگێڕێ، زۆر مەحتەل نابێ، زوو دەیبینێتەوە.

سولەیمان بە شانازیەوە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەو تاقمەی کە ئاڵای شەکاوە و ڕازاوە بە هەتاویان پێیە وەڕێدەکەوێ.

– پێش وەی هەتاو بێانگاتێ بیانگەیە و پێیان بڵێ ئەوە هەزار هەزار دێوەزمە وهەزار هەزار چەکیان پێیە. خەڵکی شار هاوریان کرد.

ئەمن ئەو بەشەت بۆ ناگێڕمەوە کە ئەو شەوە چ گوزەرا لە نێوان سولەیمان وخەزاڵ. بەڵام سولەیمان دەگەڵ هەتاو گەیشتە سەر لوتکەی چیا کە ئەو هەزار هەزار دێوەزمە گەیشتنە داوێنی. گوێ بدە یە غەریب ئەمنیش وەکوو تۆ گوێ دەدەمێ. تۆ تازەی غەریبە. ئەمن بە قەرا عومری چاوەڕوانی خەزاڵە کە گوێ لەو شەمشاڵە ڕادەگرم. گوێت لێیە. سولەیمان هەوەڵ وهەتاو دوایین کەس بوون کە گوێیان لە وەڵامی میوانەکانی چیا بوو. هەتاو گەڕایەوە. هەموو کەس زانی کە هەزار هەزار دێوەزمەش گەیشتبوونە داوێنی چیا کاتێک سولەیمان لە هەرە بەرزاییەکەی بوو. هەموو کەسیش باوەڕی بە هەتاو کرد کە گوتی: هەر یەک لامان دەیتوانی دەرباز بێ و هەموویان ئەمنیان هەڵبژارد. هەتاو چاوێکیشی لە خەزاڵ کردبوو و گوتبووی سولەیمانیش هەر ڕای وابوو کە من دەرباز بم.

– بۆ کوێ دەڕۆی کاکی غەریب؟

– بۆ سەر لەتکەی ئەو چیایە.

– بەڵام بۆ؟!

– گوێ دەدەمە ئەو بەسەرهاتە لە زمانی هەتاویش.

– دەگەڕێیەوە؟

– ئەگەر سولەیمانم دیتەوە. من تاقەتی دیتنی خەزاڵم لەو شارەدا نییە.

***

دوای چل ساڵ ئەوشۆ، دوونەفەری چوونە نێو جێگایەوە. ڕاخەرەکانی چنگ لێدەدا و لەخۆیەوە دەپێچان، دەگەڵ سەرینی هەڵوەشاو دەخولایەوە. دەناڵا، فرمێسک، دەریای فرمێسکەکانی ویشک ببوو، گەیتشتبوونە ویشکایی، تەواو ببوون، تەواو.

هەستاوە سەرپێ، ڕاخەرەکانی ڕێکوپێک کردەوە، پاڵی وەدەرگای وەژوورەکە دا. چاوێکی لە سفرەکەی کرد. هیچی کەم نەبوو. دانیشتە سەر سفرەکە. لەپڕ هەستاوە سەرپێ. ئەمجار بۆ لای دەرگا نەچوو. ڕۆیشت سندووقێکی چکۆڵەی هێنا کە دایکی بۆی دەگەڵ جیازەکانی هاویشتبوو. کردیەوە. ئاوێنەیێکی چکۆڵەی تێدابوو. دەریهێنا و دوای چل ساڵ بە دیوارەوە هەڵیواسی. تەماشای کرد بەڵام خۆی تێدا نەدیت. یەک دوو کەڕەت چاوی قووچاند و هەڵیهێنایەوە و لە ئاوێنەکەدا لە خۆی دەگەڕا.

– زیزی!

دەزانم، خەریکم بێوەفا دەبم.

بێوەفام

خەریکم بەتەنێ بە جێی بێڵم. هەر چەند دڵم نایا. بۆ خۆت چاک دەزانی ئەو جارە ئیتر بە دەستی خۆم نییە. ئەو ئاخرین شەوەش چاوەڕێ بووم. تۆ خۆت ئاگاداری، دیسانیش دەزانم بێوفەفام بۆیەش من نیشان نادەی.

ئاخر ئەو پێرژنە کوا خەزاڵە. خۆ هەر لە ماڵی خۆمان ڕا هەتاکوو ماڵی سولەیمان هەزار جارم تەماشا کردبوو، بۆوەی نابی بڵێی قەتم نەدیوی. باشە باشە، بۆ ئەوەم دەرنەهێنای من نیشان بدەی، یان چاو لە خۆم بکەم. هێناومیەدەرێ پێت بڵێم ئەگەر هاتەوە کە دێتەوە پێی بڵێی ببووری کە ناتوانم لەوەی زیاتر چاوەڕێ بم. لاقەکانم هێزیان تێدا نەماوە لە سەریان ڕاوەستم. ئاخری ڕێگەیە، بەڵام پێشکێشی هەنگاوەکانی بێ ئەو ئاخرین ڕۆژەش، ئەو چاوەڕیی یە. ئەو چاوەڕوانییە لەو شەوە درێژەی کێشا، ئەو شەوە کە قەت نەگەیشتە بەیانی.

ئاوێنە گیان تۆ ئەو خودا گەورەیە لە زمان و ڕووخساری من لە گەڵی بدوێ و ماندوونەبوونی لێبکە، نەک لە زمانی ئەو پیرێژنەی. ئەگەر گەڕایەوە و ئەمن لێرە نەمابووم خواردنەکە گەرمە و سەماوەرەکەشم کز کردووە و بەڵام نەمکوژاندووەتەوە، جێگاکەشی پێدادراوە. ئاوێنە گیان بە تیشکی خۆت و و بە پاکی و چاوەڕێیی خۆم سوێندت دەدەم ئەگەر هاتەوە خەزاڵی لە باوەش باوێ، ئەو خەزاڵەی شاردووتەتەوە و بە منی نیشان نادەی.

کلی لە چاوان دە، عەترە پێشکێشییەکەت لە بیر نەچێ لە سەرپەنجەرەم داناوە... ئا...وێنە...گیان...

چاوێکی بە دیوەکەدا خشاند. هیچی کەم نەبوو، سفرەکە ڕازابۆوە، سەماوەرەکە بە ئاگرێکی کەم دائیسا، چایەکە دەم کرابوو...

کاتێک خاتر جەم بوو، هەستا، سووک وجوان و جحێڵ جلکی بووکێنی دەبەر کرد و بۆ ئاخرین جار چاوی لە دەرگا بڕی، ماینێکی سپی باڵدار چاوڕوانی بوو، لە یەکەم نیگادا هەناسەیێکی قووڵی هەڵکێشا و چاوی کل لێدراوی بە دەرگاکەوە ویشک بوو...

***

هیچکەس لە مەرگی ئەو پیرێژنەدا کە هەمیشەی خودا چایەکەی ئامادە و سفرەکەی حازر و جێگاکەی ڕاخراو بوو و قەتیشی چاو لە ئاوێنەی نەدەکرد، بە قەرا پیرەمێردی جیرانی نەگریا. پیرەمێرد هەتا ئاخرین دڵۆپی فرمێسکی گریا و سێ شەوی تەواو لە سەر قەبرەکەی ڕاکشا. ئاواتی نەگۆڕاوی چل ساڵەی پیرەمێردبوو کە بۆ تاوێکیش بێ لە تەنیشتی بحەسێتەوە. ■

# «کۆپی(جام)ی عودەی»

**وەرگێڕان لە سوێدییەوە: سەمەدی مەلا ئەحمەد**

**پێشەکی**

کورد دەڵێت: (خۆی نەبوو جامەکەی بوو)، بۆیە منیش وشەی(جام)م بەکارهێنا بۆ ئەو کەسەی ڕۆڵی کەسێکی تر دەبینێت و وەک قەڵغانی هەڵدەسووڕێت. هەر بۆ پتر ڕوونکردنەوە بۆ خوێنەر لەپاڵ وشەی (جام) وشەی(کۆپی)یش بەکاردەهێنم.

جا داهێنانی بەزمی (جام وکۆپی) لە عێراقدا لەلایەن «سەددام»ەوە دەستی پێکرد. ئەمکارەش سەرسووڕهێنەر و چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە کەسێک، تیرەیەک، کۆمەڵە خەڵکێک، ناوچەیەک، پارت ورێکخراوێک نەمابێت لە عێراقدا، ئەم خۆی نەکردبێتە دوژمنیان و زەکاتی خوێن و کەللەسەری لێوەرنەگرتبێ و هەروا بە سانی، بێبەڵا ناتوانێت خۆی لە دەستیان دەربازبکات و بە دڵنیایی و بێترس جرتوفرت بکات و خۆی نیشان بدات. ئەو هەر زوو بڕوای بە دەوروپشتەکەی خۆی نەما، بۆیە هەر وەک بەرگ و مۆبێلە کۆنەکان زوو زوو سکراپ دەکات (لەناویان دەبات)و دەستەیەکی نوێ دوای خۆی دەخات. پلەی بێبڕوایی ودڵنیایی نەبوونی لە کوشتنی هاوڕێیان و دەسەڵاتدارەکانی نێو پارتەکەی گەیشتە زاوا و ژنبراکەی. هەڵبەت خوانەکردە ئەگەر ما و لەناونەچوو ئەوا کوڕ و کچەکەشی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە (جام وکۆپی) شتێکی گرینگ و قەڵغانێکی بێهاوتان بۆی. ئەم نەریتەشی وەک ئیرس بۆ وەچەکەشی بەجێهێشتووە(کوڕەکانی).

ئەم نووسراوە، بەسەرهاتی کوڕێکی بەغدایییە کە وەک(جام وکۆپی)ی عودەی سەددام، ماوەی چوارساڵ لە تەمەنی، بەسەربردووە. لە پاشاندا هەڵدێت و ئێستە لە سووچێکی وڵاتی نەمسە(ئوتریش)دا بە نهێنی دەژی.

ئەم کوڕە «لەتیف یەحیا» بۆ یەکەمین جار بەسەرهاتەکەی لە ڕۆژنامەیەکی نەمساویدا بە زنجیرەیەک بڵاوکردەوە و پاشان ڕۆژنامەی ئێکسپرێس سەرجەمی چیرۆکەکەی بە یەک ژەم بڵاوکردەوە.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کە خەڵک لە بازنەی هاریکاریی ڕژێم هەڵدێن و هەریەک لایەنێکی شاردراوە لە ڕەفتارە نائینسانییەکانی ڕژێم هەڵدەماڵن بۆمان، ئەگەرچی زۆربەیان خۆیان لە قەرەی باسکردنی (تاوان و کردەوەکانی) خۆیان نادەن و زۆربەیان لە تەک خۆیاندا دەخەنە ژێرگڵ، بەڵام ئاشکراکردنی ڕەوشت و ڕەفتارەکانی ڕژێم ئەگەر بۆ مێژووش بێت کارێکی چاکە بۆیە گۆڕینی دەقە سوێدییەکەی ئەم باسە بۆ کوردی بە باش زانرا.

وەرگێر

**☐ دەکرا لەتیف یەحیای بیست و سێ ساڵە وەک کوڕە میلیۆنێرێک لە بەغدا بژیبایە ئەگەر شێوە و ڕوخساری لە ـ عودەی کوڕی سەددام ـ نەچووبایە.**

**☐ ناچار کرا ببێتە کۆپیی عودەی، ئەگەرچی لە فێرگەشدا پێکەوەبوون بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزیان لە چارەی یەکتر نەدەکرد.**

**☐ چوارساڵ ڕۆڵی عودەی بە سەریدا سەپێنرا بەڵام تەنها لە کاتە پرمەترسی و خەتەرناکەکاندا، نێردرا بۆ ـ کوێت ـ بۆ تاڵانکردنی ئاڵتوون، خشڵ وزێڕ و ماشێنە گرانبایییەکانی دەوڵەتی کوێت.**



عودەی سەددام حوسێن

**☐ لە کاتی جەنگی کەنداودا، وەک سەددام لە کونە تەیارەکاندا لە ژێر ڕەحمەتی بوردومانەکانی UN دابوو. لە گەرمەی شەڕدا نێردرا بۆ بەرەی پێشەوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ئازایەتی ـ عودەی ـ نیشاندات. چەندین جار بریندار کراوە.**

**لە کۆتایی شانۆگەرییەکدا فڕێ دەدرێتە گەرتووخانەوە بۆ ئێرۆکردنی تا مردن.**

**☐ بەڵام ـ لەتیف یەحیا ـ بەرگەی گرت وتوانی لە عێراق هەڵبێت.**

ئەوە لە بەیانی ٢٣ی سیپتامبری ١٩٨٧ دەستیپێکرد. لە مارسیدسێکی ڕەشی شووشە ئاوێنەییدا پاڵم داوەتەوە، شۆفیرەکە ورتەی لێوە نایە. ئێمە بە نێو ناوچەی دەسەڵاتداریی بەغدادا دەسووڕاینەوە. لێرەدا وەزەڕاتخانە، مەیدانی وەرزش، شانۆ، سینەما و نەخۆشخانە بە چیمەنگا، داڵانی هاتوچۆ و ئەستێری مەلە هەڵکەوتووە. شارێک لە نێو شارێکدا کە حەشارگەی دەسەڵاتدارێتی سەددامە. نە دەمزانی بۆ کوێم دەبەن، نە دەشموێرا پەرسیار بکەم. پێشووتر هەرگیز نەترسابووم، بەڵام ئێستا ئارەقی ترس ناوچەوانمی تەڕ کردووە. ئەگەرچی هیچ تاوانێکم لە خۆمدا شک نەدەبرد کە شایانی گرتن و لێپرسینەوە بێت. تۆ بڵێی جارێک لە جاران ڕەخنەم لە سەددام گرتبێت؟ ئایا ئەمە کۆتایی کارە؟ نەخێر. ئەوە سەرەتایە...

مارسیدسەکە لە بەردەم تەلاری(ئەسر)ی بەغدادا وەستا، کە هی عودەی سەددام خوسێنە، کوڕە سەربزێوەکەی سەددام. منیان بردە لای عودەی و ئەو بە زوویی سەری قسەی کردەوە.

ــ من دەمەوێت تۆ بۆ من کار بکەی، وەک کۆپی. ئەمەی بە لەخۆباییەکی تایبەت بە خۆی گوت.

ئەو چاو لە چاوم نابڕێ. لە دەستی چەپیدا چروتێکی هاوانایی، لە دەستی ڕاستیشی بەکوپی قاوەکەی خۆی بادەدا.

ئەمن لەکۆنەوە عودەی دەناسم. هاوڕێی فێرگەیەک بووین. حەزم لە چارەی نەدەکرد: کوڕێکی دووزمان، لەخۆبایی و سادیست. ئەوانی دیکە هاودەمی ئەویان پێخۆش بوو، هەموو چاویان لە یارمەتی ئەو بوو. ئەمن پێویستیم بە یارمەتیی ئەو نەبوو، بنەماڵەی ئێمە دەوڵەمەند و سەر بە یەکێک لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی بەغدا بوو.

هەر ئەودەمە باسی لە یەکچوونی من وعودەی دەکرا. لە پێشدا لە ئامادەیی و پاشان لە زانکۆ، ڕوومان بە ڕووی یەکتر بووەوە. هەر لەبەر ئەوە بەشی خوێندنەکەی خۆم لە کۆلیج گۆڕی. دەمەویست ببمە ئەندازیار. بەڵام کاتێک عودەی تەکنیکی هەڵبژارد، چوومە بەشێکی دی.

کچی ئێستا، بیست وسێ ساڵم و لەبەر دەمیا ڕاوەستاوم، داوام



لەتیف یەحیا (کۆپی عودەی)

**لێدەکا ببمە جام وکۆپی ئەو، «فیدایی»ئەو. ئەوە لە خۆبەختکەریش بەو لاوەیە ــ واتە پاسەوانێکی بەئیمان، نۆکەرێکی کۆڵنەدەر، تەنانەت ئامادەی هەر کارێک لە پێناوی ئاغاکەیدا تا مردن.**

سەددام حوسێن خۆی دوو جام(بەدەڵ)ی هەیە. دیکتاتۆرەکان هەموو کاتێک وایان کردووە. سەددام وێڕای مالیخولیایی خۆی، ئەو کولتووری کۆپی بوونەی بەو پەڕی کەماڵ گەیاندووە. لە هەر مەترسییەکی دەستوەشاندن بوایە سەددام یەکێک لەوانی دەنارد. یەک لە یەکەمین کۆپییەکانی ئەو لە ساڵی ١٩٨٤دا لە کەمینێکدا پێکرا و کوژرا. ئێستا تەنیا یەک لەوان ماوە، فەوواز ئەل عەماری.

من دوای پرسیاری عودەی تاوێک ڕامام و پاشان گوتم نا.

عودەی ڕەنگێکی هێناوبرد، نەیتوانی قینی خۆی بخواتەوە و گوڕاندی: «ئەوها، ناتەوێ ببیتە کوڕی سەددام حوسێن؟!»

ئەو مەبەستەی لە هەڕەشە دەچوو، بۆیە دڵمی ڕاچڵەکاند. هەتا ئەو ڕۆژە کۆپی وجامەکانیان لە نێو کەسوکاری خۆیان هەڵدەبژارد. کۆپی قوسەی (کوڕە بچکۆلەکەی سەددام)، ئامۆزایەکی خۆی بوو. بەڵام بۆ عودەی کەسێکی وایان لە نێو خزماندا بۆ نەدۆزرابۆوە، بۆیە منیان بۆ هەڵبژارد، هاودەرسێکی مەدرەسە.

کاتێک قسەکەییم بڕی عودەی ڕۆیشتە دەرەوە. هاوکات دوو کەس لە فیداییەکانی هاتنە ژوورەوە، بە قەڵسی جلەکانی بەرمیان دادڕی، چاویان بەستم، ڕاپێچیان کردم و دە ئوتۆمبیلێکیان هاویشتم. من بەرەو زیندانێک لە ناوچەی دەسەڵاتدارییتی دا بەڕێکرام، دە خانەیەک (سلۆل) ئاخنرام کە لە جورنەیەکی گەرماو گەورەتر نەبوو. نە پەنجەرەیەک، نە قەرەوێڵەیەک و نە ناودەستێک. تەنانەت نە ستڵێکیش. تەواوی ژوورەکە سوور دەچوو: دیوارەکان سوور، گڵۆپەکان سووری تۆخ، میچ هەر سوور. تیرۆرێکی دەروونی.

حەوت ڕۆژ لەو ژوورە ڕاگیرام. پاشان منیان گەڕاندەوە لای عودەی. پرسیارم کرد:

ـ چیت لە گیانی من دەوێ؟

ـ لە ئێستا بە دواوە تۆ بۆمن کار دەکەیت. ئەگەر ڕازیش نەبی سەگت تێبەردەدەم.

هەر بەرهەڵستێک بێ سوودە. عودەی لە سەر قسەی خۆی سوورە. ئەوە یەکەم جار نییە کە بە سەگە دڕەکانی بکەوێتە گیانی خەڵکی. یەک لەو قوربانییانە (ئەهلە ساهت) بوو، کچێکی قوتابی کە عودەی دەیەویست بیباتە باغەکەی خۆی لەدەرەوەی بەغدادا.

ئەو باغە وەک شوێنی ڕاهێنانی حەیوان بۆ سەگەکانی تەرخان کرابوو. دوای ماوەیەک عودەی کاتێک ئەهلەی لەبەرچاو کەوت، فڕێیدایە بەردەم سەگەکانی. تا ئێستاش ئێسک وپروسکی ئەو کچە نەدۆزراونەوە.

ـ کەوایە من هیچ ڕێگایەکی دیکەم نییە.

ـ نا، عودەی وەڵامی داوە. تۆ ئێستا هاوڕێی منی، برای منی، بەینی من وتۆ هیچ مەسەلەیەک نییە.

عودەی منی ڕەوانەی تەلارەکەی خۆی کرد. هەموو داوخوازەکانم جێبەجێ دەکران، ماوەی چوار ڕۆژان ژیانێکی ئەفسانەییم هەبوو.

پێنجەم ڕۆژ سێ جەنەراڵی بەشی پاراستنی سەرۆک هاتنە لام، دوانیان خزمی سەددام بوون. دوو دوکتوریش پێموایە ئەورووپایی بوون، منیان چاو لێکرد، دوای پێوانی قورسایی و درێژایی و سەرنجدانی پێست و چاو و ڕوخسارم، لە تەوای ددانەکانم وردبوونەوە.

پاش بیست و چوار سەعات جەنەراڵەکان و عودەی بە ئەنجامەکانەوە گەڕانەوە. ئێمە هەردووکمان ٨٣ کیلۆین، بەڵام من سێ سانتیمەترکورت ترم. ڕەنگی پێستی من توزێک کاڵترە، دەنا لە ڕوخساردا لە سەدا نەوەد لە یەکتر دەچین. ددانەکانیش دەگمەنن. دەنگیشمان لە سەداسەد وەک یەکە. بەڵام عودەی بە زەحمەت تیپی(ر)ێی دەگوت. جەنەراڵەکان گوتیان، «بەرزییەکە»بە پێڵاوی پاژ چارەسەر دەکرێ. جیاوازیی زمانیش بە زۆر قسەکردن لە بەین دەچێت. ددانەکان دەبێ دەستیان تێوەردرێت.» من بۆ نەخۆشخانەی تایبەتیی حوسێن بەڕێکرام. ئەحمەد ئەل سامەرائی دوکتورێکی جوانکاریی لەش کە لە ئەمریکا خوێندبووی، کەوتە دەموپەلم و هەموو ددانەکانی پێشەوەی بە بڕپەندکاری لێک کرد و ئینجا تاقمێکی خواری زەقی بۆ دروست کردمەوە.

پاشان دەبوایە من بە سەددام نیشان بدرێم. ئێستا عودەی بۆ باوکی باس دەکا کە «کابرا»ی دۆزیوەتەوە.

**بەر لەوەی بۆ شوێنی سەرۆک ڕەوانە بکرێم، دەبوایە بۆ دڵنیایی لە گرتنەوەی نەخۆشیی لاوان، تەولوی لەش و جلوبەرگیان لەشوێنی کۆنترۆڵ پشکنیبام. سەددام ترسێکی زۆری لە گرتنەوەی نەخۆشی هەیە. دوکتورێک کەوتە فەحسی لەش و چاو و تەنانەت لیکی دەمم. ئینجا هەردووک دەستمی بە دەوای پێشگیری (دیتۆڵ) شووشتەوە.**

سەددام لە پشت مێزێکی زۆر جوان دانیشتبوو. کاتێک منی بینی دایە قاقای پێکەنین و دەستی منی گرت و داوای کرد دانیشم:

« خوا دوو کوڕی دابوومێ، ئێستا بوونە سێ.» پاشان درێژەی بە قسەکانی دا: «مەرجی من ئەوەیە کە تۆ ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ بکەی. ئەودەمی بە تەواوی لێت ڕازی دەبم. من هەمیشە بۆ هەر مەسەلەیەکی چ بۆ تۆ و چ بۆ ئێوە ڕوویدا حازرم ــ تەنانەت بۆ گیروگرفتەکانی تۆ لەگەڵ عودەی. ئاگات لێبێ شتێک نەکەی ببێتە مایەی توڕەبوونم لێت». شتەکە بەمجۆرە بوو. منیش بە تەفسیلی وەڵامم داوە:

«هیوادارم بتوانم کارەکانم جێی ڕەزامەندی ئێوە بێت گەورەم،» پاشان باوکی تازەم منی جێهێشت. بێ هیچ لێکدانەوەیەک. تەنانەت بەبێ قسەیەک دەربارەی بنەماڵەکەم، کە هێشتا نەیاندەزانی من لە کوێم.

من تەنیا دەتوانم هەست بەوە بکەم کە عودەی بۆچی دروست ئێستا فیدایی دەوێ، ئەویش لە ئوکتوبەری ١٩٨٧دا. لەو دواین ساڵانەی شەڕی نێوان ئێران وعێراق، هاوکاری ڕێکخراوە ئیسلامییە دەمارگیرە نهێنییەکان پەرەی گرتبوو. مەبەستیش ئەوەبوو کە بنەماڵەی سەددام بکوژرێن. جا بۆ

عودەی کارێکی پێویست بوو کە بۆ پارێزگاری خۆی کۆپییەکی باش بدۆزێتەوە.

بەمجۆرە ڕاهێنانی من دستی پێکرد. لە حەوتووە سەرەتاییەکاندا فیلیم کایەکردن لەسەر عودەی فێردەبووم. من دەبوایە ڕابێم کە عودەی چۆن قسەدەکا، دەخوا، جگەرە دەکێشێ. چۆن چروت بەدەستەوە دەگرێ. چۆن دەڕوا. هەموو وردەکارییەکانم شیدەکردەوە. هەر حەوتوویەک بە تاقیکردنەوە کۆتایی دەهات.

هەروەها خۆم فێردەکرد چۆن عودەی ماشێن لێدەخوڕێ ـ ئەو سوکانی بە دەستی ڕاست دەگرت، جگەرەیەکیش بە دەستی چەپ، وەک میرغەزەب پاڵی دەداوە و ماشێنەکەی لە سەر ٢٤٠ کم/ س، بە نێو شاری بەغدادا بە هارەهار لێدەخوڕی.

عودەی خاوەنی پتر لە سەد ئۆتۆمبیل بوو ـ فێراری، مارسیدس، جاکوار...

ئەمن مەشقم لە سەر مارسیدسێکی متالیک و پۆرشەیەکی شینی کاڵ دەکرد. ڕەنگی ماشێنەکان بۆ عودەی زۆر گرینگ بوون ـ دەبوو لە ڕەنگی جلەکانی بێنەوە. ئەگەر قاتێکی خۆڵەمێشی لەبەرکردایە دەبوو ڕەنگی ئۆتۆمبیلەکەشی خۆڵەمێشی بوایە. وەرشەیەکی تایبەتی هەبوو بە کۆمەڵێک بۆیەچی و فیتەرەوە. مارسیدسێک لە حەوتوودا شەش جار ڕەنگ دەکرا.

گەورەترین گیرو گرفتی من شێوەی قسەکردنی عودەی بوو. خراپ درکاندنی دەنگی ـ ر، خاوقسەکردنی، قیژاندنی لە کاتی قەڵسیدا، پێکەنینەکانی. هەرجارێک هەڵەیەکم کردبایە، سزادەدرام. تەنانەت لە لایەن عودەی خۆی. ئەو بە کابڵی کارەبایی لە پشتی دەدام.

لە یەکی مانگی ئازاری ١٩٨٨ لە مەشقکردن بوومەوە. من ئێستا بۆم هەبوو بە ئیمزاکردن فیدایی بوونی خۆم ڕابگەیێنم.

کار دەستی پێکرد. عودەی کابرایەکی حولحولی بوو. لە ڕۆژدا چوار پێنج جار خۆی دەگۆڕی، ٨٠٠ تا ١٠٠٠ سەعاتی دەستی هەبوو (لە نێو ئەواندا یەکیان وێنەی باوکی تێدا نەخشێندرابوو). هەرچی زۆرتر لەگەڵ عودەی بام، پتر بە کارەکە شارەزادەبووم، کە لە ڕاستیدا سەرەڕای مەترسی، گوشارێکی تایبەتی نەبوو. سەر لە ئێوارە سێ کەس لە چاودێرە هەمیشەییەکانم سەبارەت بەوە کە کام لە جلەکانم بۆ ڕۆژ لەبەرکەم دەدوان. قاسم، لێپرسراوی جلوبەرگەکانی عودەی، هەردەم بەرەو فەرەنسا و سویسرا(سویس)سواری فڕۆکە دەبوو تا قات و کراس و کراوات وکەوش بکڕێ. هەم بۆ عودەی و هەم بۆ منیش.

لەپاش شەش مانگ، بۆ یەکەم جار دەبوو ڕۆڵی ئەو ببینم. لەسەرەتادا هەرچی ناسنامەم هەبوو لێم سەندرا. من ماوەیەک بوو وەک لەتیف یەحیا وجودم نەبوو. شەش ماشێنی لیمۆزین وەڕێ کەوتن، من وێڕای شەش گیانپارێزەر بەرەو مەیدانی تۆپێن ڕەوانەکرام.

**من وەک خاڵی سەرەکی تابلۆی نیشانە بۆ پێکان لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە نیشان درام. لەسەرەتاوە کاتێک پیاو زانی شتێکی وا ناقەومێ، من بۆم هەبوو بە دەرگای پشتەوەدا هەیوانی چاولێکەران جێبێڵم و قارەمانەکەم لە جێی من دانیشێ.**

ئەو ئەوارە هەروا لێدەدرێتەوە. عودەی وەزیری لاوان و وەزیری وەرزش بوو، هەروەها سەرۆکی کۆمیتەی ئۆلۆمپی عێراقیش بوو. حەوتووی سێ تا چوار جار دەبوایە لە وەفد و تیپی تۆپێنی ئەورووپی پێشوازی بکەم. پێشوازییەکە هەمیشە هەر وا بوو: لە هۆڵی چاوەڕوانی فڕۆکەخانە ڕادەوەستم، کە شوێنێکی پڕ لە مەترسییە بۆ عودەی. من گرووپەکان دەبەمە ژووری میوانان، کە دوو دەرگای لە پشتەوە هەیە. ئەمن لەگەڵ نۆکەرەکەی خۆم بە دەرگایەکدا دەچوومەدەر و عودەیش بە دەرگایەکەی ڕەدا دەهاتەژوور.

دوای دوومانگان ڕۆڵەکانم وەها بەجێهێنابوو کە عودەی تەواو متمانەی پێدەکردم.وەک ئەو خۆم دەپۆشی، وەک ئەو دەژیام ـ ئەمن ئەو بووم.

ڕۆژێک پێمی گوت:«کاتێک باوکم بمرێ، من دەبمە پرێزیدێنت. هەڵبەت ئەوە ڕووداوێکی غەمناکە چونکە هەموو هەست بە نەبوونی سەددام دەکەن.»

ئەمن عودەی دەناسم، وە دەشزانم ڕاست دەکا.

**سەددام زاڵم و دڕندەیە، بەڵام عودەی لەو خراپترە. ئەو کوڕی نۆبەرەیە، لە دایکێکی بەراز. ساجیدە حوسێن دایکی عودەی، کوڕەکەی دەلی بارهێناوە. سەددام جۆرێکی تر بوو: عودەی لە پێنج ساڵیدا فێرکراو بووە کاتێک سەددام یەکەمجار لەگەڵ خۆی دەیباتە ژووری ئەشکەنجەی ئۆپۆزیسیۆنەکان.**

سەددام و کوڕەکەی بەوپەڕی خۆشییەوە ڕۆژانی پشوویان بۆ سەیری فیلمی جۆراوجۆری سێکس و ئەشکەنجەتەرخان دەکرد. عودەی وەک کەسێکی بێهەست، ئینسان ئازاردەر پەروەردە کرابوو.

خۆشەویستی عودەی لە لایەن خەڵکەوە لە تەقەکردنی بەشێک لەوانڕا دەخوێندرێتەوە کە دژ بەمن[ بۆ کوشتنم]کراون، واتە فیداییەکەی. لە ماوەی چوار ساڵاندا ١٥-٢٠جارم تەقە لێکراوە. پێنج جار بەرکەوتووم و سەخت بریندارکراوم. شانی ڕاستم، دەستی چەپ و قولەپێی چەپم بۆ هەمیشە شوێنی برینەکەیان پێوەدەمێنێ. لەماوەی ئەو ساڵانەمدا لەگەڵ عودەی، من ٣١ ژن وکچم دەستنیشان کردووە کە عودەی تەعەدای لێکردوون وپاشان کوشتوونی. گزیرەکانی، کچی ١٥-١٦ساڵەیان لە شەقامەکان بۆ دەفڕاند.

تەنانەت لە ئاست ژنی بە مێردیش کە لەگەڵ پیاوەکانیان دەهاتنە دەرەوە هەروایان دەکرد. ئەگەر مێردەکە قسەیەکی بکردایە، بە تاوانی جنێودان بە سەددام ئەویشیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. بەڵام جارێک عودەی هەڕەشەی لێکرا: وەختێک کامیل حەننا ـ یەکێک لە نزیکەکانی سەددامی کوشت. سەددام ئاهەنگێکی بە بۆنەی کۆنەژنی سەرۆکی میسر موبارەک وەڕێخستبوو. عودەی زۆر سەرخۆش بووبوو. دوای ماوەیەک حەننا کلاشینکۆفێکی هەڵگرت وچەند فیشەکێکی بۆ خۆشی دەحەواکرد. عودەی داوای لە حەنناکرد «چیتر تەقە نەکا». وەڵام درایەوە: «من تەنیا فەرمان لە باوکت وەردەگرم».

عودەی کە لە دین دەهری ببوو، ڕاخوشی و چەقۆیەکی لە ملی حەننا دا. ئەوە هەمووی لە پێش چاوی کۆنە ژنەکەی موبارەک ڕووی دا، کە بۆ پاراستنی دوو ئەفسەر لەوێیان دوورخستەوە. عودەی، وەک کەسێک هەستی نەمابێ، لە لێدان و شەق تێهەڵدان ئەوەندە بەردەوام بوو تاکوو حەننا جوولەی لێبڕا. تەواوی دەرگاکان داخران و سەددام حوسێن ئاگادارکرا. عودەی لەترسی باوکی خۆی خزاندە نهۆمی سەرەوە ودەرگای لەسەر خۆی گاڵەدا. دە دەقیقە دواتر سەددام هات، قەڵس و تێکچوو. ئەو شێوە قەسابی کردنە بۆ خۆی و باوکی زۆر گران تەواو دەبوو. حەننا خرایە نێو ئامبولانس و سەددامیش لەگەڵی کەوت بۆ خەستەخانە. هەر ئەو ڕۆژە حەننا مرد و سەددام هەڕەشەی لە عودەی کرد: «خوێنی تۆش دەڕژێ وەک چۆن خوێنی ڕەفیقەکەی من ڕژا.»

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩دا، ئەوەندە وەڕەز و بێزار بووم بڕیارم دا کە دەبێ خۆم بکوژم. بۆیە شاڕەگی دەستی ڕاست و هەروەها گەرووی خۆم هەڵدڕی. بەڵام فیداییەکانی عودەی پێیان زانی و لە مەرگ نەجاتیان دام.

عودەی زۆر تێکچوو وەختێک زانی من هەوڵی خۆکوشتنم داوە.

ئەو پارێزەرەکانی منی بانگ کرد و بە کێبڵ گەلێکی لێدان. ئەم «خۆ تێهەڵقوتانە»ی پێوەندیی بە پەرۆشی سەبارەت بە ژیانی من نەبوو: ئەگەر من مردبام، باشترین دەستەبەری ژیانی خۆی لە دەست دەدا.

ئەوە بۆ عودەی لە حاڵی حازردا کارەساتێک بوو. دوای قەتڵی کامیل حەننا، خێزانە بەنفوزەکانی بەغدایی زیاتر لە جاران بەتایبەت لە عودەی بێزاربیوون. لەسەر ئەو حاڵەشرا کە دوکەڵی ئەو دەنگۆیە لە بانی کۆشکەوە بەرز دەبۆوە گوایە سەددام دەیەوێ کوێت «داگیر بکا»، ئەو بێزارییە زۆرتر دەبوو.

**تەنیا کەسێک کە توانیبێتی رەخنە لە سەددام بگرێت، وەزیری بەرگری: عەدنان خەیروڵلا، برای ساجیدەی ژنی بوو. سەددام ژنبراکەی خۆی بۆ بەسەرکردنەوەی ئەرتەش رەوانەی باکووری عێراق کرد. پاشان بە هۆی هالیکۆپتەرێک بانگی کردەوە. دەستبەجێ دوای هەڵکردن بۆمبایەک تەقییەوە( کە زڕکوڕەکەی سەددام: حوسێن کامیل* دایناِبۆوە).**

کاتێ خەیروڵلایان دەناشت باوکی واتە خەزووری سەددام گوتی: «سەددام کوڕەکەی منی کوشتووە، من تۆڵەی دەستێنمەوە.»

هەر بۆیەش ژنی سەددام لە مێردەکەی زیز بوو و لێی جیابووەوە.

ڕۆژی دووی ئاب(ئاگوست)ی ۱۹۹۰، لەشکری ئێمە پەلاماری کوێتی دا. ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ عودەی کە شەمەندەفەری دزێتی وەڕێبخات. وەک نەدیوبدی سەرەتا هەرچی ئۆتۆمبیلی کوێت بوو داگیری کرد.

دیارە دەوڵەمەندەکانی کوێت ماشێنی کۆنە بەکارناهێنن: مارسیدس، فێراری، ماسێراتی، بێ ئێم ڤێ و ماشێنە کەشخەکانی تری ئەمریکا و ئەورووپی دەناژوون. بە ترانسپۆرتێکی زۆر ڕێکوپێک عودەی هەموویانی ڕاگوێستەوە بۆ عێراق.

لە بەغدا دەبوایە کارێکی زۆر قۆڕ بەئەنجام بگەیێنم. ئەمن، فیدایی لەتیف یەحیا، لە عودەی فەرمانم وەرگرت کە ئۆتۆمبیلەکان بفرۆشم. ئەوان هەزار دانەیەک دەبوون. ئەو هەڕاجییە لە نێوەڕاستی بەغدا وەڕێخرا. ئەمن ماشێنی شوڤرلێتم بە ۵۰۰۰دۆلار( ۳۵۰۰۰کرۆن)دەفرۆشت، بێ ئێم ڤێیەک بە ۸۰۰۰ دۆلار( ۵۵۰۰۰کرۆن)، زۆر بە هەرزان. لەسەر ئەو حاڵەشرا عودەی ۲۵۰ میلیۆن(نزیکەی ۱,۵ میلیرد کرۆن)ی وەچنگ کەوت.

لەسەرەتاوە پێم سەیر بوو کە عودەی بۆچی ئەو کارەی بە من کرد. بەشێوەی ئاسایی ئەو جۆرە کارانە بە هۆی «دەبی»یەکێک لە نزیکەکانی خۆی بەڕێوەدەچوو.

بەکورتی دوای تەواوبوونی کاری مەزاتەکە، عودەی، من و ۱۵ کەس لە خزمەتکارە تایبەتییەکانی ڕەوانەی کوێت کرد. سەرجەم دە گەشتمان[ بۆ تالان] لێدا. چەک و تەقەمەنی قورس.

جارێک عودەی ئێمەی ڕەوانەی شوێنێک کرد لە کوێت کە دەبوایە ۶۰۰ کیلۆ زێڕ بدزین، سەرەڕای ئالتون، یاقووت وسەعات.

کاتێک خۆمان گەیاندە دوکانەکە، ئێمە دەگەڵ گرووپێک جەردەی تر ڕووبەڕوو بووین. جەواهیرفرۆشەکان لە پێشدا کوژرابوون. لە چەقی ژوورەکە تابووتێک داندرابوو، پڕکراو لە خشڵ. گرووپەکە سەر بە «عەلی حەسەن ئەلمەجید»بوو، پوورزای سەددام و موحافیزی «۱۹هەمین پارێزگا»، واتە کوێت.

پێشووتر موحافیزی شاری سلێمانی لە باکووری عێراق بوو. هەر ئەو کەسە بوو کە ساڵی ۱۹۸۸ فەرمانی دا، ۵۰۰۰ کورد بە گازی کیمیاوی لەناوبەرن. ئێستا وەزیری بەرگری عێراقە.

هەر ئەو کابرایە بوو لە جەواهیرفرۆشییەکە پاڵی پێوەنام. سەربازەکانم پێیان وابوو ئەمن عودەیم، بەڵام ئەو دەیزانی کە من تەنیا کۆپیەکەم. ئەلمەجید دەستی ڕەپێش خست و ئێمەی وەدەرنا.

تابووتەکە بە ئالایەکی عێراقی داپۆشرا، پاشان لەگەڵ ئەفسەرێک ڕەوانەی بەغدا کرا.

تالانەکە هەمووی وەبەر ئەلمەجید کەوت، ئەفسەرەکەش بە تاوانی دزی دادگایی کرا و لە سێدارە درا. تەرمەکەی ماوەی حەوت ڕۆژان لە بەغدا مایەوە هەتا ببێتە عیبرەت بۆ خەڵکی دیکە.

ئێستا ئەمن تێدەگەم کە عودەی بۆچی منی بۆ بەڕێوەبەری شەمەندەفەرەکە دیاری کرد. مەزاتە ئاشکراکانمان ژیانی ئێمەی لە بەغدا تێکدابوو. کردەوەی عودەی بەوپەڕی خراپی گەیشتبوو. بۆ ئەوەی لێی دەربازبێت ئەم پلانەی داڕشت: بۆ بەکوشتدانی من!

عودەی منی بانگ کرد تاله ڕۆژی ۱۱ی نەوامبری ۱۹۹۰ تێکستێکی لە سەر TV بخوێنمەوە:

**«من لەتیف یەحیا، لە وەیەکچوونی عودەی سەددام حوسێن کەڵکم وەرگرتووە تا بە ناوی ئەوەوە کەلوپەلەکانی کوێت بدزم ولە بەغدا بیانفرۆشم. ئەو کارانەشم تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆم کردووە، ئەوە منم کە بەوانە دەوڵەمەند بووم نەک عودەی. ئەو تەواو بێ تاوانە. ئەو دەستپاکترین ئینسانی سەر زەوی یە.»**

بۆ ئەوەی قسەکانم سەرنجڕاکێش بن چروتێکی هاوانابییان دابووە دەستم. نیو سەعات دواتر TV ڕایگەیاند: من دەستپاکی عودەییم لەکەدارکردووە. بەکورتی پاشان ڕاگەیێندرا: «لەتیف یەحیا دادگایی دەکرێ و سزادەدرێ.»

ئەمن بەڕەسمی مردبووم. لەتیف یەحیا ئیتر نەماوە، ئەو بە ڕیسوایی لە سێدارەدرا. ئەو نەنگە بنەماڵەکەشمی گرتەوە.

دوای ئەو شانۆگەرییەی TV، لە نێو کۆشکدا حەبس کرام ــ شەڕی کەنداو لە تەواوبووندا بوو. من چاودێری دەکرام، بەڵام وەزعم باش بوو. هەرچەند بە بوونی تایفەی سەددام، هەستم دەکرد بۆ ڕابواردنی ژیان ئیدی من داهاتوویەکم لە عێراقدا نییە. بۆیە بیری دەربازبوون کەوتە سەرم. ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

***حوسێن کامیل**، دوای ئەوەیکە ماوەیەک هەڵهات و ڕووی کردە ئۆردەن، لە لێبوردنێک لە لایەن سەددامەوە گڕایەوە و بەڵام هەر بە دەستی ئەو، خۆی و براکەی کوژران(۱۹۹٦). (وەرگێڕ)

**سەرچاوە:** ڕۆژنامەی ئێکسپرێس(Expressen) ۲۸ی ئاگوستی ۱۹۹۹٤. نووسین و ئامادەکردن: Johan Erslus.

---

## کۆنفرانسی کوردۆلۆژی

لە ڕۆژانی ۱۳و۱٤ و۱٥ی دیسامبری ساڵی ۱۹۹٦دا، لە ئەنستیتووی پاریس(Înstîtîta Kurdî) کۆنفرانسێکی کوردۆلۆژی(کوردشناسی) پێکهات کە کۆمەڵێک لە زانایان و لێکۆڵەرەوانی کورد، بەشدارییان تێدا کرد. بەشدارانی کۆنگرەکە کە نزیکەی ۲۰ کەسێک دەبوون، سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، وتارەکانی خۆیان بە پێی کاتی دیاریکراو پێشکێشی کۆنگرە کرد. ئەم کۆنگرەیە لەلایەن د. **عیسمەت شەریف وانلی** کرایەوە و بەرنامەی کاری کۆنگرە پێشکێش کرا. ■



## «موتزارتی شێعر»

□ «ویسلاوا شیمبۆرسکا» وەرگری خەڵاتی ئەدەبی نوبێل(١٩٩٦)

لە ڕۆژی ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦، لە لایەن ئاکادیمی سوێدەوە، خەڵاتی ئەدەبی نوبێل، بە نێوی «ویسلاوا شیمبۆرسکا» شاعیر و ڕەخنەگری ٧٣ساڵەی لیهستان(پۆڵەند)ی وەک نموونەی «موتزارتی شێعر»ڕاگەیێندرا. «ستووریٚ ئالێن»سکرتێر و ئەندامی دایمی ئاکادیمی سوێد لە بەرانبەر کۆمەڵێک ڕۆژنالیست دا کە چاوەڕوانی ئاکامی کۆبوونەوەی ئاکادیمی بوون، هۆی بەخشینی خەڵاتی ئەدەبی نوبێلی بە «ویسلاوا شیمبۆرسکا» بەمجۆرە لێکدایەوە: جایزەی نوبێل « بە شێعرێک بەخشراوە کە بە سەرنجێکی تانە ئاسا ڕێگای پێوەندی مێژوویی و ژیانشناسی لەپێناو ڕاستییەکانی ئینسانیدا خۆش کردووە».

ئاکادیمی سوێد کە ساڵی ڕابردوو خەڵاتی ئەدەبی نوبێلی بە شیموس هینی شاعیری ئیرلەندی بەخشی بوو، خەڵاتی ئەوساڵیشی هەر بە شاعیرێک بەخشی؛ کە بەگوێرەی وتەی زۆرێک لە نووسەرانی ناودار، ئەو لە باشترین شاعیرانی لیهستانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە حیساب دێ. شیمبۆرسکا لە نێو ژنانی جیهاندا نۆهەمین و لە نێو هاونیشتمانییەکانیدا چوارەمین کەس و دوهەمین ژنە شاعیری لیهستانییە کە خەڵاتی ئەدەبی نوبێلی وەرگرتووە. شیمبۆرسکا لە ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ١٩٦( سەدەمین ساڵی لە دایکبوونی ئالفرێد نوبێل) لەلایەن ئاکادیمی سوێدەوە لە ستۆکهۆڵم، ئەو خەڵاتەی لە چەکێکی ١,١٢٠ میلیۆن دۆلاری پێشکێش کرا.

ویسلاوا شیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٢٣دا، لە گوندی بنین ی لیهستان لە دایک بووە و خوێندنی ئاکادیمی خۆی لە زانستگای (یاگلوییان)ی کراکۆی تەواوکردووە و هەر لەوێش ماوەتەوە و درێژەی بە کار و چالاکی ئەدەبی و شێعری داوە. ئەو لە ساڵی ١٩٤٥ یەکەم کۆمەڵە شێعری خۆی بڵاوکردەوە و دواتر کە لە ساڵی ١٩٥٧ فشار و سانسۆر لە سەر نووسەرانی ناڕازی کەمتر بووەوە، توانی کۆمەڵە شێعرێکی گرینگتر و زۆرتر پێشکێشی لایەنگران وخوێنەرەوانی خۆی بکا. تا ئێستە نزیکەی ١٦ کتێبی(کۆمەڵە شێعری) چاپ و بڵاوکردووەتەوە. بەرهەمە شێعرییەکانی جگە لە زمانەکانی ئورووپایی، بە عەرەبی وعیبری وچینی و ژاپۆنیش وەرگێڕدراون. لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٨٩دا، دوو کۆمەڵە هۆنراوەی، یەکەمیان بە نێوی «ووجار هەرگیز» و دووهەمیان بە نێوی « ئوتۆپیا» بە زمانی سوێدی، لەلایەن ئینتشاراتی (نوردسترۆم) و FiB(کلوبی شێعر)ەوە چاپ و بڵاوبووەتەوە. لە پرسیارێکدا کە لەو بارەوە لێیان کرد، گوتی: من خۆشحاڵی خۆم دەبێ لە گەڵ وەرگێڕەوەکانی خۆم و لە سەرووی هەموویانەوە لەگەڵ کارل دێ دێسیوس دابەش بکەم، کە وەرگێڕانەوە ئاڵمانییەکانی ئەو منیان بە دنیا ناساندووە.

ویسلاوا شیمبۆرسکا، کە لە کاتی ڕاگەیاندنی هەواڵەکە، لە هەوارگەی کوێستانی(زاکوپان)ی باشووری لیهستان بوو، لە وتووێژێکی کورتی ڕادیۆییدا ڕایگەیاند کە: بیستنی ئەو هەواڵە بە جارێک شاگەشکەی کردووە و... بەڵام لەوەیکە کەوتووەتە نێو دایرەی سەرنجی ئەدەبی جیهانییەوە پەرۆش و نیگەرانە. ئەو وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی گوتی: بارودۆخێکی ئەستەمە، ئەمن بەتێکڕایی ئینسانێکی سادە و ساکارم، بەڵام پێموایە وەرگرتنی خەڵاتی نوبێل ئەرکێکی قورس و گران دەخاتە سەرشانی من، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەدەبی لیهستان گەلێک خۆشحاڵم هەرچەند شاعیرانی هاوپلەی من لە وڵاتدا زۆرن...

بە بۆچوونی گەلێک لە خاوەنڕایانی شێعر وشاعیری، هۆنراوەکانی شیمبۆرسکا وێڕای ساکاری و خۆمانەیی بوونیان، بە سەرنجێکی ورد و تەوساوییەوە دەڕواننە مەسەلەی بنیادەم وعیشق مەرگەوە. هەروەها لە بەیاننامەی ئاکادیمی سوێدیشدا گوتراوە کە: «موتزارتی شێعر وێڕای پڕی ئیلهام و جوان جێکەوتنی وشەکان لە شوێنی خۆیاندا، پێهەڵگوتنێکی زێدەڕەوانە نییە... بەڵام بێ لەوەش نیشانەیێک لە قین و هەڵچوونی بێتهۆڤێن یش لە شێعرەکانیدا بە دی دەکرێ».

بۆ ئاشنا بوونی کەم تاکورتێک بە شێوەی شێعری شیمبۆرسکا، ئەوا لێرەدا پارچە هۆنراوەیێک کە لە سوێدی (لە: کۆتایی و سەرەتا*دا، وەرگێڕانەوەی: Anders Bodegård) ڕا وەرگێڕدراوەتەوە سەر کوردی، پێشکێشی خوێنەرەوانی گزینگ دەکرێ؛ هەرچەند وەرگێڕانەوەی شێعر بەتایبەت کە لە زمانی دووهەمیش ڕا بێ ئەو تام و چێژەی نادا کە ماکەکە دەیدا و لەویش گرینگتر ناتەواوی وەرگێڕانەوەکەی منیش زیادی.

هێرش

## بێداری

**ویسلاوا شیمبۆرسکا**

هەڵاتنێک هەڵناگرێ بێداری
وەک خەونەکان کەوا هەڵدێن لە خۆیان.
نە زرمەیێک، نە زەنگێک
ناتوانێ بیڕەنجێنێ
هیچ قیژەقیژ و دەنگێک
بێداری ناشڵەژێنێ.

ناڕوونیی و شلوێیی
وێنەی خەون و خەیاڵن،
کەوا لێک دەدرێنەوە
هەرکام بە شێوەی جیاواز.
بێداری وریا بوونەو،
مەتەڵێکە چارەساز

خەونان کلیلیان هەیە.
بێداری ئاواڵەیە و

رێگەنادا داخرێ
لەویاندا دادەبارێ
کارنامە و ئەستێرە،
دادەوەرێ پەپوولە و
کۆنە شاولی ژەنگاوی
سەرکڵاوەی بێ مێشک و
ڕەوە هەوری تەماوی.
لەمیان خانەیێک پێکدێ
کە ناکرێتەوە ناوی.

بێ ئێمە نییە هیچ خەونێک.
بەڵام کەسێک ناناسێن
کە بێ هۆشیاری ژیابێ،
لە ئاکامی بێ خەوی
لە شوێنێک ڕاوەستابێ
یا کە لەخەو هەستابێ.

ئەوە خەو نییە کە شێتە،
بێدازی دیوانەیە،
لە سایەی خۆڕاگری
سەرگەرمی بەرەنگاریی
ڕووداوی زەمانەیە.

هێشتا لە خەونا دەژی
ئەوەیکە وا دەمێکە ئێمەی بە جێهێشتووە،
تاکوو لە جێژواندا
گەنجێتی بێنێتەوە.
دەچێتە نێو گیانی مردووی، بێداری
لە پێش چاوی هەمووواندا.
بێداری یە قەفێک نانوشتێتەوە.

خەونەکان زوو تێپەڕن
کە مێشک سووک دەتوانێ خۆی لێیان هەڵتەکێنێ.
فەرامۆشی هەڵناگرێ بێداری.
ئەو وەک ئەڵواری سەختە،
وەک نیر لە سەر ملمانە،
وەک بار لە سەر دڵمانە،
داکوتراوی لەشمانە.

ڕەوەک نابێ بێداری،
چونکە ئەو لەگەڵمانە.
شک نابەین سەرپەناییێک
بۆ سەفەری ڕێی دوورمان
نە کەسێک ڕاوەستاوە و نە کەسێک چاوڕوانە.

***

* داگنز نیهێتر، ژمارە ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦، کولتوور، لاپەڕەی B2.

## فەرەجی سەرکوهی هەروا بێ سەروشوێنە



بە گوێرەی هەواڵەکانی گەیشتوو، «فەرەجی سەرکوهی» نووسەر و ڕەخنەگری ئێرانی و سەردەبیری گۆڤاری مانگانەی «ئادینە»هەروا بێ سەروشوێنە. ئادینە یەکێک لە گەورەترین وگرینگترین گۆڤاری مانگانەی عیلمی، فەرهەنگی، دینی، هونەری، کۆمەڵایەتی یە کە لە تاران دەردەچێ و تا ئێستە ١١٣ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.
فەرەجی سەرکوهی وەک سەردەبیری ئەو گۆڤارە، ئەخشێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی ڕێزگرتن لە ئازادی «قەڵەم» و «بیر و ڕای ئازاد»دا هەبووە و دیارە بوونی کەسێکی ئاواش لە گۆڤارێکی مانگانەی پڕ تیراژدا، بۆ کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئێران زۆر جێگەی ڕەزامەندی نابێ. بێ لەوەش، فەرەجی سەرکوهی یەکێک لەو ١٣٤نووسەرانە بووە کە بەیاننامەی ناڕەزایەتییان دژ بە دەوڵەت لە ساڵی ١٩٩٤ ئیمزا کردبوو. هەر بۆیەش، ئەو وەک زۆربەی نووسەرانی خاوەن هەڵوێست، ماوەیێک بوو لە ژێر چاودێری دا بوو، تا ئەوەیکە لە مانگی نەوامبری ١٩٩٦، بە مەبەستی سەفەر بۆ ئاڵمان، لە فرۆکەخانەی تاران دەرفێندرێ و بۆ شوێنێکی نادیار بەرێ دەکرێ. دوای ئەوەیکە ماوەیێک لە بێسەر و شوێن بوونی فەرەج تێدەپەڕێ، دۆستان و یارانی ئەهلی قەڵەم، لێیان ڕوون دەبێتەوە، کە فەرەج لە کاتی سواربوونی تەیارەدا لەلایەن چەند ناشناسێک دەستبەسەر دەکرێ و بە پێی هەواڵێک، گۆیا ئێستا لە گرتووخانەی ئەوین ڕاگیراوە.
هەرچەند ڕێژیمی ئێران شتێکی لەوبارەوە بە ڕەسمی ڕانەگەیاندووە، بەڵام زۆربەی لێژنە وکۆڕوکۆمەڵانی ئەهلی قەڵەمی ئێرانی و جیهانی بەتایبەت لە ئاڵمان و سوێد و... تاوانی بێسەرو شوێن بوونی فەرەجی سەرکوهی دەخەنە سەر ئەستۆی ڕێژیم و داواکاری ڕوون بوونەوەی چارەنووسی ئەون. بۆ نموونە، ئەنجومەنی قەڵەم ــ ناوەندی ئەمریکا، لە نامەیێکی خۆیدا بۆ ئاغای هاشمی ڕەفسنجانی، نیگەرانی خۆی لە بێسەر وشوێن بوونی فەرەجی سەرکوهی سەردەبیری ئادینە دەربڕی و پشتیوانی خۆی لە نووسەرانی ئێرانی کە هەردەم گیانیان لە مەترسی دایە ڕاگەیاند.
گۆڤاری «گزینگ»یش وەک سەکۆی دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئازادی قەڵەم و بیر وڕا دەربڕین، هاودەردی خۆی لە گەڵ ئەهلی قەڵەمی ئەمەگداری ناوەوە ودەرەوە سەبارەت بە چارەنووسی نادیاری نووسەرانی خاوەن هەڵوێست دەردەبڕێ و وێڕای ئەوان خوازەری ڕوون بوونەوەی چارەنووس و ئازادکردنی فەرەجی سەرکوهی یە و هەروەها پشتیوانی خۆی لە هەر چەشنە چالاکییێک بۆ کەم کردنەوەی فشار و چەڵەمە لە سەر نووسەران ڕادەگەیێنێ. ■

## دەربازبوونی یاشار کەمال

یاشار کەمال نووسەر و ڕۆماننووسی بەناوبانگ، لە مانگی نەوامبری ١٩٩٦دا، ناچار بوو وڵاتی تورکیا بەجێبهێڵێ و لەگەڵ خێزانی بۆ ماوەیێک لە وڵاتی سوێد نیشتەجێ بێ.
یاشار کەمال ڕۆماننووسی ٧٣ ساڵەی تورکیایی،کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن دادگای ئەمنیەتی دەوڵەتی لە ئەستەمبووڵ بە ساڵێک وهەشت مانگ بە تاوانی «گێرمشێوێنی و وەرێخستنی دووبەرەکی لە نێوان کۆمەڵاتی خەڵک و پشتیوانی لە کوردان» حوکم درابوو، لەلایەن دیوانی بەرزی قەزاییەوە، بەجێگەیاندنی حوکمەکەی «بە دەلیلی ئەوەیکە ئەو نیازی هیچ تاوانێکی دیکەی لەسەردا نییە»! بۆ پێنج ساڵ وەدواخرا.
یاشار هەر لە دوای ڕاگەیاندنی حوکمی دادگا ڕایگەیاند کە: «ئەمن ئێوە مەحکووم دەکەم. کۆماری تورکیا و ئێوە لە دە ساڵی داهاتوودا، لە بەرانبەر دادگای نێونەتەوەییەوە مەحکووم دەبن». هەروەها لە شوێنێکی دیکە ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی و گوتی: «حوکمی دادگا هیچ نرخێکی نییە، ئەوانەی ئەمنیان حوکم داوە، لە داهاتوودا لە ڕوویان هەڵنایە چاو دە چاوی منداڵەکانیان ببڕن».
یاشار کەماڵ، بە گوێرەی بڕیاری ئیجازەنامەی شەش مانگە لەلایەن سەفارەتی سوێد لە ئەستەمبووڵەوە، ئێستا لە هوتێلێکی ستۆکهۆڵم دەژی و قەرارە بەزوویی شوێنێکی تازەی بۆ لەبەر چاوبگیرێ. ■

**OANE TRUST FOR KURDISTAN**

30 A Weston Park, Crouch End, London N8 9TJ, UK.
Tel. 44 181 880 1804 Fax. 44 181 802 9963

# ڕاگەیاندن

١٩٩٦/١١/٧

«تراستی سۆن بۆ کوردستان» لە مانگی مەی ساڵی ١٩٩٥دا، لەلایەن نووسەر و هەواڵبەری ڕۆژنامەکان «شێری لەیزەر»ەوە لە سەر بنەمای میراتی خوالێخۆشبوو «لێنێت لیندفیلد سۆن» - بیۆەژنی ئی. بی. سۆن ـ نووسەر، گەڕۆک و ئەفسەری سیاسی بە کێشە وەهرای بریتانیا لە کوردستانی عێراق(١٩٢٣ـ ١٩١٩) دامەزرا. وا هەیە باشترین بیرەوەریمان لە ئی. بی. سۆن، بە هۆی ئەو کتێب و وتارانەوە بێت کە سەبارەت بە زمان و شێعری کوردی و کۆمەڵگای کوردی نووسیوە و لە هەموان گرینگتر، واتە کتێبی «بەرەوە میزۆپوتامیا و کوردستان بەنهێنی»، لە ساڵی ١٩٠٨دا بڵاوکراوەتەوە.

ئامانجی تراست، بەرزکردنەوەی حاندی کوردی، پاراستن و بەرەو پێشبردنی ئەدەب و زمانی کوردی و هەروەها پشتگیری کردنی کولتووری ژێر مەترسیی کوردی یە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و لە چاپدانەوەی ئەو دەقە مێژووییانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە. تراست، هیوادارە کاتێ هەلومەرجی شەڕ لە کوردستان ئیجازەی پێبدات، لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی توێژینەوە لە مافی مرۆڤ و پشتگیری کردنی ئەرکی فەرهەنگی لە کوردستانەوە، ڕووی کارەکانی خۆی بکاتە ناوخۆی کوردستان.

تراستی سۆن، شانازی هەیە هەواڵی یەکەم چاپکراوی خۆی، بەم شێوەیە ڕاگەیێنێت:

**کەشکۆڵە شێعرێکی کوردی(گۆرانی)**

**گردەکۆیی: شێخ عبدالمؤمنی مەردوخی**

**ساغکردنەوە و سەرەتانووسینی: ئەنوەری سوڵتانی**

دەقی ئەم کتێبە ٤٥٠ لاپەڕەییە، بریتییە لە ڕەسمی هەموو لاپەڕەکانی دەستنووسی ژمارە or, 6444، کە ئێستا لە کتێبخانەی بریتانیا ـ بەشی هیند و ڕۆژهەڵات، پارێزراوە. شێعرەکان هەروەها بە ڕێنووسێکی نوێی کوردی نووسراونەتەوە و بە چەند وێنەی ڕەنگینی مینیاتۆر لە دەستنووسێکی شەرەفنامەی بدلیسی ـ پارێزراو لە کتێبخانەی «بوولیان» سەر بە زانستگەی ئاکسفۆرد، ڕازاونەتەوە. بابەتی دەستنووسەکە لە نێوان ساڵانی ١٧٨٢ و ١٧٨٤دا، لە لایەن شێخ عبدالمؤمنی دووهەمی مەردوخی ئیمامی جومعەی حەسەناوا و سنە(پێتەختی کۆن ونوێی ئەردەڵان)، کۆوەکراون. دەستنووسەکە، سەرجەم ٣٨١ پارچە شێعری ٣٩ شاعیری گۆرانی تێدا نووسراوەتەوە، کە هێندێکیان وەک مەحزوونی(بێسارانی)، خانای قوبادی و یۆسف یاسکە، بۆ خەڵک ناسراون و ژمارەیەکیان وەک عومەر ئەججاری، دەردین، پەشێو، محمەد قولی سولەیمان و عەبدی، هەر ناویشیان نەماوە. زۆربەی شێعرەکان بە هەورامی گوتراون، کە بن لەهجەیەکی شێوەی گۆرانییە. دەستنووسەکە، مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و پێشتر، میجەرسۆن، ڤلادیمیر مینۆرسکی و پرۆفیسۆر مەکەنزی، کاریان لەسەرکردووە، کە سەرەتا و پاشکۆی کتێبەکە، باسی ئەم کارانە دەکات. کتێبەکە، هەروەها لەلایەن پسپۆڕانی شێوەی گۆرانییەوە، پێشەکی بۆ نووسراوە و ئەم وتارانە لە هەر دوو بەشی کوردی و ئینگلیزی کتێبەکەدا، کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەر.

**ئێدیتۆر**

**ئەنوەری سوڵتانی**، نووسەر و لێکۆڵەری کورد، لە بۆکان ـ کوردستانی ئێران، لە دایک بووە، زیاد لە دە ساڵ ژیانی لەندەنی، ب ەکاری ساغکردنەوەی کەشکۆڵەکەوە تێپەڕ کردووە. کارەکانی دیکەی بریتین لە ژمارەیەکی زۆر وتاری نێو گۆڤارە کوردییەکان و سێ کتێب لە مەڕ دەستنووسی کوردی یا سەبارەت بە کورد، کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوببنەوە.

تکایە بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ کڕینی کتێبەکە یاخود بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەنوەری سوڵتانی دا، پێوەندی بە «**شێری لەیزەر**»ەوە بکەن:

Tel: 44 181 880 1804 Fax: 44 181 802 9963

# کۆنگرەی زانایانی کورد

لە ڕۆژەکانی ١٤ هەتا ١٦ مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥(٥-٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦)دا کۆنگرەیەکی گەورە لە شاری سنەدا، بۆ ڕێزگرتن و یاد و بیرەوەری سیزدە زانا وکەسایەتی عیلمی و فەرهەنگی و زانستی کورد، لە ژێر ناوی «کۆنگرەی فەرزانەکانی کورد»دا پێکهات.

لەم کۆنگرەیەدا زیاتر لە هەزار و پێنسەد کەسایەتی عیلمی و زانستی، شاعیر و نووسەر، وەرگێڕ و مامۆستای زانستگای کوردی بەشداریان هەبوو. لە ناو ئەم گشتە حەشیمەتەدا سیمای پاکی «محەمەدی قازی» گەورەترین موتەرجیمی ئێران دەبیندرا ...

بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی کۆنگرە، قەرابوو دەستەیەکیش لە شاعیران و نووسەرانی کوردستانی عێراق و کوردی نیشتەجێی ئوڕووپا بەشداری بکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەرشەڕی براکوژی، نەیانتوانی لە کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن، ئەگەرچی زیاتر لە بیست وتاریان بە کوردی و ئینگلیسی بۆ کۆنگرەکە شاندبوو.

ئەم سیزدە کەسایەتییە کە کۆنگرەیان بۆ گیرابوو بریتی بوون لە:

- هەژار، هێمن و ئەحمەدی تورجانی زادە، خەڵکی مهاباد
- قانع و مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، خەڵکی مەریوان
- مەستوورە کوردستانی، حەمەدی سنەیی و شێخولئیسلامی کوردستانی، خەڵکی سنە
- مەلیکولکەلامی مەجدی، خەڵکی سەقز
- سوارەی ئێلخانی زادە، خەڵکی بۆکان
- میرزا عەبدولقادری پاوەیی، خەڵکی هەورامان
- شێخ فازلی گەڕووسی، خەڵکی بیجار.

لە دوایین کاتی ڕۆژەی یەکەمی کۆنگرەدا، بیرەوەری لە ژیلا حوسێنی شاعیری ناکام کرا کە چەند ڕۆژ پێش پێکهاتنی کۆنگرەکە بە هۆی تەسادوفی ماشێنەوە جوانەمەرگ ببوو. هەر بەم هۆیەوە خوشکە کلسوومی عوسمانپوور، وتارەکەی ژیلای خوێندەوە.

لە کۆتایی کاری کۆنگەرەکەدا، لە لایەن کاربەدەستانی بەرزی وڵاتەوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە موافقەتیان لەسەر کرا و بڕیاردران:

١) ئەم چەشنە کۆنگرانە لە داهاتووشدا دەوامیان هەبێ و یارمەتیدەری کۆڕ وکۆبوونەوەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی کورد بن.

٢) ئەرکی چاپکردن وبڵاوکردنەوەی«قورئان»ە پیرۆزەکەی مامۆستا هەژار.

٣) گۆڤاری «ئاویەر»وەک گۆڤارێکی ڕەسمی بە دوو زمانی فارسی وکوردی لە سنەدا بڵاوبکرێتەوە و ببێتە دەستە خوشکی سروە و ئاوێنە.

٤) دانانی زانکۆی «هونەر» و کرانەوەی ئەم دانشکەدەیە لە چوارچێوەی زانستگای کوردستاندا.

لە ئاخرین ڕۆژی کۆنگرەدا، کتێبی(مجموعە مقالات کنگرە مولوی کرد)کە کۆنگرەکەی لە ساڵی ١٣٧٠(١٩٩١) دا پێکهاتبوو، بڵاوکرایەوە .

**ئەحمەد شەریفی**

**کتێبی ئەرزان، بە بۆنەی ساڵی تازەی مەسیحییەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆی پێشکێش دەکات.**

**لە بڵاوکراوەکانی ،کتێبی ئەرزان،**

ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەکردنی: ئاسر ئیبراهیمی
ـ ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان)، تەیفور
ـ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، گ. م. دنسکوی، ئـ . ئو. ئاکیبالوو، وەرگێڕ: د. حوسێنی خەلیقی
ـ چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابو، نازم حیکمەت، وەرگێڕ: نەژاد عەزیز سوری
ـ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا: حوسێن محەمەد عەزیز
ـ کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕ: حامید گەوهەری
ـ فۆنێمەکانی زمانی کوردی: کەمال فوئاد
ـ هێمن و من: هێرش
ـ کۆمەڵە شاخی بەرز... (ڕۆمان)، کوردان
ـ قەفەزی زێڕین(چیرۆک بۆ منداڵان): یاسین قادر بەرزنجی
ـ خوشکۆڵە نان فرۆشەکەم: یۆسف ئەحمەد
ـ بیرۆکەی ژین(شێعر): کاوە خوسرەوی
ـ نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی لاتینی(کۆمەڵە وتار)، ئەنوەر سوڵتانی.
ـ کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، حوسێن محەمەد عەزیز
ـ نیاکان باستانی کرد در تاریخ واسطورەها (فارسی، ٢جلد): ج. مفرد
ـ زندگی در باد(ڕۆمان ـ فارسی)، طیفور، ژیلا فرجی
ـ حیکایەت و پەندە شیرینەکانی مەلا نەسرەدین، کۆکەرەوە : جەعفەر مێهرەگانی، وەرگێڕ: هێرش
ـ سیکستن(چیرۆک بۆ منداڵان)، ئولف ستارک، وەرگێڕ: حەمیدی تەیموری.
ـ سکاندیناڤیا، دوورگەیەکی تر لە بخوور، هەندرێن.
ـ تجربە حکومت خودمختار کردستان، دکتر گلمراد مرادی
ـ بەڵێ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە نەک شێواندنی(وەڵامێ بۆ مەحموود مەلا عززەت): حوسێن محەمەد عەزیز
ـ فەلسەفە بە زمانی ساکار، ورگێڕ: د. حوسێنی خەلیقی
ـ بناخەکانی ڕێبازی شۆڕشگێڕی، وەرگێڕ: حوسێنی خەلیقی

**لە لایەن ،کتێبی ئەرزان،ەوە چاپ دەکرێ**

ـ دیوانی گۆران،(بۆ جاری دووهەم)، ئامادەکردن وپێشەکی: تەژی گۆران
ـ سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، کرمانج گوندی
ـ بنیاتی چێکەری(بندهشن)، کۆنترین کتێبی زەردەشت: مێهرداد بەهار، وەرگێڕ: تەیفور.
ـ ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژین(کۆمەڵێک کورتە چیرۆک)، بەدران ئەحمەد حەبیب لە ئینگلیسییەوە کردوویەتە کوردی.
ـ نامەکانی روا نیندان و نامەکانی مەرگ، ئارتور رامێر، وەرگێڕانی: هەندرێن و عەبداللە رحیم.
ـ ئەفسانەی ئەفراندن(شانۆ)، سادق هیدایەت، وەرگێڕ: سێمان.
ـ کورد و کوردستان( فارسی)، واسیلی نیکیتین، محمد قاضی.
ـ ٢١دەستنووسی کوردی وفارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سوڵتانی.
ـ لە پەرۆشەکانی ژیان، مەسعود محەمەد
ـ دەستەو دامانی نالی، مەسعوود محەمەد
ـ کوردەکان، تورکەکان و عەرەبەکان، نووسەر؛ سیسیل ئەدمۆندز، وەرگێڕ: حامید گەوهەری

**ئەو کتێبانە لامان دەست دەکەون:**

ـ «ئاغا، شێخ، دەوڵەت»، مارتین ڤان برۆینێسن، کوردۆ عەلی.
ـ سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)، ڕەسوڵ هاوار،
ـ کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتی یەکانی کورد. د. سادقی شەرەفکەندی. وەرگێر: تەها عەتیقی.
ـ ئافرەت لە مێژوودا، دوکتور کەمال مەزهەر.
ـ گەشتێکی دوورو درێژ(کرمانجی وسۆرانی)، چیرۆکی منالآن.
ـ کوردستان وکورد، دکتور ڕ. قاسملو(فارسی)
ـ فرهنگ کردی کرمانشاهی(کردی فارسی)، علی اشرف درویشیان.
ـ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، هەموو ژمارەکان.
ـ ڕێگوزەری بیری سیاسی: سڤێن ئێرک لیدمان، وەرگێر لە سوێدییەوە: ئاسۆس کەمال.

**بە زوویی بڵاودەکرێتەوە:**

ـ ئەواری فیلمی سینەمایی«گەلە گورگ»، کارگەردان: تەیفور.

**ئەواری گۆرانی:**

ـ شەتاو: نەجمەدین غولامی
ـ گوڵ نیشان، CD ی «کامکار»ەکان
ـ کۆمەڵە CD ی کوردی.
ـ مۆسیقای سوننەتی کوردی(CD و کاسێت): خالد ڕەشید

**فیلمی ویدیۆیی ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە: د عەبباسی ولی، سمیناری (کۆمەڵەی کوردستان) ئوپسالا**

**ئەدرێس:**

**KITAB-I ARZAN**
**Barnarps g 31 / 553 16 Jönköping / Sweden**
**Tel:+46 36 148031** (تەلەفۆنی پەیغام وەرگر)
**Mobil .Tel:070 4926924**
**Telefax:+46 36 710999**

کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش وزووترین کات، لە کتێبی ئەرزان

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
No;14, January 1997

